# مامۆستا تواناکانم مەکوژە

ئالان قەرەداغی

٢٠٢٠

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: مامۆستا تواناکانم مەکوژە

نوسەر: ئالان قەرەداغی

بابەت: ڕۆمان

ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٨٠٨)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە.

**ئەم ڕۆمانە لە چوارچێوەی پرۆژەی (فێربوون بۆ داهاتوو) چاپکراوە، لەژێر دروشمی**

*با خوێندکارەکانمان داهاتوویان هەبێ، تواناکانیان مەکوژن*

**بڵاوکراوەتەوە**

# پێشکەش بە

- خوێندکارەکانمان، **داهاتووی نیشتمان**
- ئەو خوێندکارەی بەهۆی دەربڕینی ڕای خۆی قسەی پێ وترا
- ئەو خوێندکارانەی کە هەڕەشەیان لێکرا و قسەیان بۆ دروستکرا لەلایەن مامۆستا نەخوێنەوارەکانەوە بۆئەوەی بەگوێیان بکەن
- ئەو خوێندکارەی بە دزی مامۆستا نەخوێنەوارەکانەوە کتێبی دەرەوەی قوتابخانە ئەخوێنێتەوە
- هەموو ئەو خوێندکارە لێهاتوانەی کە لەژێر چنگی مامۆستایەکی نەخوێنەوار گەورە بوون و توناکانیان کوژرا
- ئەو مامۆستایانەی لە گرنگی پەروەردەی سەردەم تێدەگەن و هەوڵی پێگەیاندنی دروستی خوێندکار ئەدەن

# پێشەکی

بەناوی خوای گەورە

قسەیەک هەیە کە دەڵێن

هەڵەی دکتۆرەکان ئەکەوێتە ژێر زەوی

هەڵەی ئەندازیارەکان ئەکەوێتە سەر زەوی

هەڵەی مامۆستاکان لەسەر زەوی ئەڕوات

ئەگەر ئەندازیارێک هەڵە بکات لەوانەیە باڵەخانەیەک بڕوخێت، ئەگەر دکتۆرێک هەڵە بکات لەوانەیە کەسێک بمرێت، بەڵام چ کارەساتە ئەگەر مامۆستایەک هەڵە بکات، هەڵەی مامۆستا لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەسدانی هەردوو دنیای کەسێک، چونکە ئیشکردنی مامۆستا ئیشکردنە لەسەر پەروەردە و پێگەیاندن، مناڵێک کە مێشکی پاکە و هیچی وەرنەگرتووە تۆ بەرنامەڕێژی ئەکەیت، کاتێک ئەندازیارێک کار لەسەر کۆمپیتەرێک ئەکا، ئەگەر هەڵە بکات لەوانەیە کۆمپیتەرەکە کێشەی بۆ دروستبێت، ئەوپەڕەکەی فۆرماتی ئەکەیت و چاکەبێتەوە، کاکە ئەوپەڕەکەی ئاگر ئەگرێت و ئەسوتێت، کاتێک دکتۆرەکە هەڵەی کرد ئەوپەڕەکەی کەسێک ئەمرێت بەڵام ئەگەر موسوڵمان و ئەهلی بەهەشت بێت ئەو دنیای هەیە، با ئەم دنیاشی نەمابێ، بەڵام ئەگەر مامۆستایەک هەڵە بکات، ئەو کەسەی هەڵەکەی لەسەر کراوە ناسوتێ، لەوانەشە نەمرێ، ئەژی، بەڵام چۆن ژیانێک، بە فکرێکی هەڵەوە کە مامۆستاکە فێری کردووە، لەوانەیە ئەو فکرەی ئەو دنیاشی لەسەر دانێت، بۆیە پەیام و پیشەی مامۆستای زۆر هەستیارە، زۆر کێشەیە ئەگەر مامۆستا نەتوانێ بە باشی ئەدای پیشەکەی

خۆی بکات و موچە یا هەر شتێکی تر بکاتە بیانوو تا پیشەکەی بە کـرچ و کاڵیێ جێبەجێ بکات، ئەگەر کێشەی مـوچەت هەیە یـا مەیـکە یـا کە کردت ئەبێ بە بەرپرسیاریەتیەوە بیکەیت.

ئەگەر دکتۆر یـا موهەنـدیس بومـایە ئەم کتێـبەم نەئەنوسـی، چـونکە ئەوکاتە ئەبوو بە ڕەخنەگرتن لە بەرامبەر لەکاتێکا خۆم لەنـاو وەزعەکەیـا نەبـوو، وەلـێ ئێسـتا تـا ڕادەیەکـی زۆر دەسـکراوەم لە نوسـیندا چـونکە ڕەخنەگـرتنە لە پیشـەیەک کە خـۆم بەشـێکم لەو پیشـەیە، واتە لێـرەدا لۆمەی خۆمان دەکەین وەک مامۆستا کە نەمانتوانیوە حەقی پیشـەکەمان بدەین، بە ژمارە کەمن ئەو کەسانەی کە جورئەتی ئەوەیـان هەیە ڕەخـنە لە خۆیان بگرن و لۆمەی خۆیان بکەن، بەپێچەوانەوە هەموو کات پەنجەی تۆمەت و ڕەخنەیان بۆ بەرامبەر ڕائەکێشن، هەموو کاتێک دەڵێن مامۆستا پێشـەنگی کۆمەڵگـایە هۆکـاری پێشـکەوتنی کۆمەڵگـایە بەس کەسـێک نەیوت هەر مامۆستاش هۆکـاری سـەقەتی و دواکەوتنـی کۆمەڵگـایە، نـا کەسیان ئەو حەقیقەتە ناڵێن، کاتێک ئیشێکی باش ئەکرێ ئەڵـێن ئـێمە وەک مامۆستا هۆکـارین چـونکە ئـێمە پەروەردەکـارین، بەڵام تەلەبەیەک کارێکی هەڵە بکات یا کۆمەڵگایەک توشی هەڵە بن، مامۆستاکان یەکسەر لۆمەی تەلەبە و کۆمەڵگاکە ئەکەن.

یەکێکی تر لە گرفتەکان کە بەشێکی زۆری مامۆستا هۆکارە بوونی بێ کاری گەنجانە، چونکە لە مەکتەبەکانەوە مامۆسـتا (هەمـووی نـا) تەلەبە هاندەدەن تەنها بۆ دەرەجە کۆکردنەوە و دەرچوون و پێناسە لەبەرکـردن، هیچ مامۆستایەک باسی بـازاڕی کـار و فێربـوون بـۆ کـار و دەسـکەوتنی

داهــات بــۆ تەلەبە ناکــات، کاتێــک خوێنــدکارێکی تــازە دەرچــوو بە شەهادەیەک و نمرەیەکی بەرزە و کۆمپانیا بە کۆمپانیــا ئەگەڕێ و ئیشــی دەسناکەوێ، ئێمە حەق وایە وەک مامۆســتا لــۆمەی خۆمــان بکەیــن کە نەمــانتوانی کەســێک پێبگەیەنــین فێربێــت نەک دەرچێــت، نەمــانتوانی کەسێک پێگەیەنین بۆ بازاڕی کار، تەنها دەرەجەمان لا موقەدەس کردن.

ئێمە وەک مامۆستا ئەوەنەی خەمــی ڕازیکردنــی مــودیر و موشــریف و لیژنە و پەروەردە بووین، ئەوەنە مەجالمان نەبوو، خوێندکارێک فێربکەین، ئەوەنەی خەریکی ڕۆتینات بووین، ئەوەنەی بۆ دەستخۆشیەکی موشریف و لیژنەکان نواندنمان ئەکرد، ئەوەنە گرنگیمان بە بازاڕی کار نەدا.

بــۆیە کاتێــک خوێنــدکارێک بە شــەهادەیەکی بەرزەوە ئەچێــت بــۆ دەســکەوتنی کــار و کــاری دەســناکەوێ، بــزانە هۆکــارەکەی ئەوەیە ئەو خوێندکارە فێری توانای کار نەکراوە، تەنهــا فێــری کــۆکردنەوەی دەرەجە کراوە.

کاتێ ئەچێتە دایرەیەکی حوکمی بۆ تەعینات، یا کۆمپانیایەکی کەرتی تــایبەت، خاوەنکــار پێویســتی بەوە نیــیە تــۆ بزانــی پێناســەی بەکتریــا و زیندەوەری پێشەنگی و قامچی و پەردەی خــانە چیــیە، خاوەنکــار ئەوەی ئەوێ بزانێ تۆ چ ئاسانکاریەک بۆ ئیشی ئەو ئەکەیت.

خاوەنکار لای گرنگ نییە تۆ چەند مەلزەمەی جاڤا و سی پلەس پلەس لەبەرکــردووە و ئەوائیــل بــووی، بەڵکــو ئەوەی لا گــرنگە تــۆ ئەتــوانی پرۆگرامێکی بۆ دروستکەیت؟!

ئەمە حەقیقەتە، ڕاستە ئـێمە لەسـەر جـادده بـووین دژی حکـومەت، ڕاستە ئەوانەی ئەچنە هەندەران و لە ئیجە تیائەچن، بەشێکی پێمان وایە حکومەت بەرپرسیارە، بەڵام بەشـێک لە بەرپرسیاریەتیەکەشـی ئەکەوێـتە ئەسـتۆی مامۆسـتاکان، قوتابخـانە و زانکۆکـان، کە نەیـانتوانی کەسـێک پێبگەیەنن کار بکات، نەک تەنها دەرچێت.

یەکێکی تر لە گرفتەکان کە بەشێک لە مامۆستایان دروستیان کردووە پێگەیاندنی جیلێکی نەزانە، نەزان لە پێشکەوتنەکانی سەردەم، بەشێک لە مامۆستا هەموو پێشکەوتن و کـرانەوەیەک لە خوێنـدکار قەدەغە دەکەن، وەک موبایل و تەکنەلۆژیا و کـۆمپیتەر، لەکاتێکـدا ئێسـتا سـەردەمی ئەو بابەتانەیە و پێویستە خوێندکار خۆی لەگەڵـدا بگونجێنێـت، چـونکە تەواو تێکەڵ بە هەموو بوارەکانی ژیان بووە، خۆی کێشەکە ئەوەیە مامۆسـتا کە ئەو شتانە لە تەلەبە قەدەغە دەکـات زۆریـان بەنـاوی پەروەردە و دیـنەوە قەدەغەی ئەکەن، کە نە پەروەردەیە نە دینیش وا ئەڵێ.

بەناوی دینەوە بە ناوی پەروەردەوە هەموو شتێکت لـێ قەدەغە دەکەن و ئەیانەوێت لە ژورێکا دانیشـیت و تەنهـا و تەنهـا بەس سـەعی بکەیـت پێناسە لەبەربکەیت، دوایش پێتەڵـێن بـۆ هـیچ نازانیـت، منـاڵی خەڵـک داهێنان ئەکات، مناڵی یابان ئەوە ئەکات تۆ بۆ نایزانی، بۆیە هەمـوو کـات ئەڵێم چۆن هۆکاری پێشکەوتنی یابـان مامۆسـتایە، هۆکـاری دواکەوتنـی هەموو وڵاتێکیش هەر مامۆستایە (هەمووی نا).

لەکاتی نوسینی ئەم کتێبەدا بـووم پرسـیاری دیزاینـی بەرگەکەیـم لە یەکێ لە چاتەکانی زیرەکی دەستکرد کرد، بە جوانی پێی وتـم پێویسـتە



چیبکەم بۆ دیزاینەکەی، پرسیاری کـاری ئـۆنلاینم لـێ ئەکـرد بە وردی هەنگاو بە هەنگاو پێی ئەوتم چۆن دەسپێبکەم و ئیشـەکان چـۆن بـکەم، تەنـانەت وێـنەی کارەکتەرەکـانی نـاو ئەم ڕۆمـانەم بە ژیـری دەسـتکرد دروست کـردووە (وێنەکـان لە کۆتـا لاپەڕەیە)، زانسـتێک کە بەو جـۆرە پێشکەوتوو بێت و لە داهاتوودا ببێتە شوێنگرەوەی زۆرینەی کارەکـان، لە ئێستادا پێویستە خۆتی لەگەڵ بگونجێنیت نەک قەدەغەی بکەیت، جاران یەکێک ئەندازیاری پرۆگرامسازی تەواو بکردایە ئیشی باشی دەسـەکەوت، یەکێک دیزاینەر بوایە ئیشی زۆر باشی هەبوو، کۆمپانیاکانی ڕیکلام چەند چرکەیەک ڕیکلامیان بەرهەم ئەهێنا بە کـۆڵێ پـارە، بەڵام ئێسـتا ژیـری دەستکرد هەموو ئەمانە ئەکات و زیاتریش، لە ئێستا چەندین کۆمپانیـا بە ژیری دەستکرد کارەکانیان ئەکەن، واتە چەندین کارمەند بێ ئیش بوون، گرنگە لە ئێستاوە مامۆستا و قوتابی لەبری خوێندنی مەنهەجێکـی کـۆنی چەقبەستوو، ژیری دەسـتکرد و تەکنەلۆژیـا و بەبـازاڕکردن لە مەنهەجـی خوێندنا شوێن بکەنەوە، خوێندکار فێرکەن لە داهـاتوو چـۆن لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە مەترسیدارە تەعامول بکات، تا کاری دەسکەوێت.

ئیتر سەردەمی خوێندنی پێناسە و بەکتریـا و قـامچی و لۆلۆییەکـان و ئەکەدییەکان و ناوەندەگوڕ بەسەرچوو، ئێستا کاتی ئەوەیە خوێندن بکرێتە پیشەیی و شتێک بێت کە لە داهاتوو خوێندکار ئیسفادەی لێبکـات نەک هەر بەرێکردن بێـت، ئەنجـامی بەڕێکـردن ئەوەیە کە سـاڵانە دەرچـووی بەشە بەرزەکانیش خۆپیشاندان ئەکەن بۆ تەعینات، ئەنجـامی فێربـوون و

لەگەڵ سەردەم ڕۆیشتنیش ئەوەیە کە خوێندکار وازیش لە مەکتەب بێنێت، ببێتە خاوەن کار.

چەندین ساڵە لەبواری بزنس و بازاڕ کاردەکەم، بۆ هەر سیمینار و خولێکی ئەو بوارە چوبێتم یا گوێم گرتبێ، زۆرینەیان تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بۆ داهاتووی خوێندکار گرنگترین شت بوونی توانا و سیقییە نەک دەرەجە و پێناسە لەبەرکردن، بۆیە وەک کەسێکی ناو دنیای کار جگە لە پیشەکەم کە مامۆستایەتییە، هەوڵەدەم خوێندن و بازاڕی کار تەواو ببەستمەوە پێکەوە، هەندێ بابەت هەیە لە مەنهەجی خوێندن زۆر گرنگە، بەڵام لە کتێب گرنگی زۆری پێ نەدراوە، بە پێچەوانەشەوە هەندێ بابەت هەیە زۆر گرنگ نییە، بەڵام گرنگی پێدراوە، ئەمە کێشەیە.

منیش وەک مامۆستا بێبەش نەبووم لەو ڕۆتیناتەی بەسەرمانا سەپێنراوە، بەڵام ئەکرێ تا ڕادەیەک فکری خۆت زاڵتر بکەیت، بابەتێک هەیە لە دەرسی زانستی یەکێ لە پۆلەکان، لە کتێبەکە بە تەنها دوو سێ دێڕ باسی ئەو بابەتەی کردووە، کە مامۆستا پێویستە بە یەک یا دوو دەقە باسی بکات، بەڵام بە نزیکەی سێ هەفتە ئەو سێ دێڕەم باسکرد، دوای تەواوبوونی خوێندن هەستەکەم یەکێکە لەو بابەتانەی کە ئیسفادەی تەواوی بۆ خوێندکار هەیە، کێشەیەکی تر کە بەشێک لە مامۆستا دواکەوتووەکان بەردەوامی پێ ئەدەن ئەوەیە کە تەلەبە لە خوێندن دائەبڕن بەبیانوی جیاواز، بەڵام هۆکاری سەرەکی لای ئەوان کچ بوونە، بە

هەر شێوەیەک بێت نایانەوێ کچ بخوێنێ، بەتایبەت کە تەمەنیـان گەورە دەبێت.

لەم کتێـــبەدا لەگەڵ ئەحـــمەد و ســـەردار و بینـــایی و خەنـــدە و خوێنـدکارەکانی تـر، گـوزەر ئەکەیـت بەنـاو ئەو پەروەردە سـەقەتەی کە بەسەرمانا سەپێنراوە، لێرەوە عەقڵێتی مامۆسـتای دواکەوتـوو لە سـەردەم ئەبینی، ئەو عەقڵێتەی کە بـۆتە هـۆی دواکەوتنـی کۆمەڵگـا و کوشـتنی توانای خوێندکار، ئەو عەقڵێتە دواکەوتووەی کە لای ئەو ئینسان یەکسانە بە شەهادە، ئەو عەقڵێتەی کە بە کردار درۆ فێری تەلەبە ئەکات.

ناتوانم بەتەواوی ئەوەی لە دڵمایە لەسەر بەشێک لە مامۆسـتا بینوسـم کە چەند لە سەردەم دواکەوتوون کە چۆن بونەتە بەڵا بـۆ قوتابخانەکـان، کە چـۆن توانـای خوێنـدکار ئەکـوژن و تواناکانیـان لە چوارچێـوەی مەنهەجێکا قەتیس ئەکەن، ناتوانم بە دڵی خـۆم ئەوەی ئەمەوێ بینوسـم لەبەر ڕێزی ئەو مامۆستایانەی کە لە مەکتەب و زانکـۆ مامۆسـتام بـوون، بەتایبەت ئەوانەی زانکۆ، چونکە ئەوان لە چینە تێگەشتووەکەی مامۆسـتا بوون، هەرچەن بەشێکیان بە ناچاری کەوتبوونە ژێر کاریگەری سیستەمە سەپێنراوەکە، بەتایبەت مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندیم.

کتێبەکەم بە زمانێکی سادە و بێ گرێ نوسیوە، زمانێکی بازاڕی و دوور لە جددیات و ئەدەبیاتێکی بەرز، چـونکە ئەوەی ئەیخـوێنێتەوە بەشـێکی قوتابییە پێمخۆشە زۆر بە سادەیی لە حەقیقەتی بەشیک لە مامۆسـتاکان تێـبگەن، بەشـێک لەوانەی تـر لەوانەیە مامۆسـتایەک بێـت کە بەنـاو مامۆستایە و ئاستی خوێندنەوەی یەک دەرەجە سەروو حونجە بێت.

نانوسم بۆ ئەوەی توانـای نوسـین و ئەدەبیـاتێکی بەرز لە نوسـینەکانم پیشانبدەم و بڵێن نوسەرێکی لێهاتووە، نانوسم بۆ ئەوەی چەند دێڕێـک و کورتەی چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەم بخرێتە ستۆری و سناپ و تیکتۆک، نانوسم بۆ ئەوەی تیجارەت بە کتێب و خوێنەرەوە بکەم.

ئەنوسم بۆ ئەوەی پەیامەکە بگات، بۆ گەیاندنی پەیامەکە هەنـدێ جـار پێویســتەکا زمــانێکی پەمەی بەکاربێنیــت، هەنــدێجاریش بە ناچــاری پێویستەکات زمانێکی زبر بەکاربێنیت.

سلێمانی

٢٠٢٥/٦/٣٠

ئالان قەرەداغی

-بەشی یەک-

ڕۆژێکــی گەرم و بێــدەنگە، کەس لە کــوڵان نــابینی مەگەر یەکێــک کارێکی زۆر گرنگی هەبێت، ئەویش تا پێــی بکرێــت دەمەو ئێــوارە دێــتە دەرەوە، هەمووی لە ماڵەوە لەبەر ســپلیت و موبەریــدە دانیشــتووە، تەنهــا مامۆستا و قوتابییە کە بەدەرەوەن.

هەمــوو ســاڵێ یەک دوو هەفــتەیەک پــێش کــردنەوەی قوتابخــانە و دەسپێکی ساڵی نوێ، ئەو گەنجەی خاوەن کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژی بــوو تەلەفونی بۆ ئەکردم و ئەیوت مامۆستا جانتا و تەرتیباتەکەم حــازرکردووە بەشی ١٥ کەسێک ئەکا، وەرە بیبە و پێویستی تریش چیتــان ئەوێ بــۆم بنوسە ئەگەر دەسەڵات بــوو ئەیکەیــن ئەگەر خۆیشــم نەبــووم دۆســت و برادەرم هەن بە هەموومان شتێکت بۆ هەوڵ ئەدەین.

ئەو گەنجە خاوەن کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژیا بوو، ٩ کارمەنــدی هەبــوو، حاڵی زۆر باش بــوو، خــانووی خــۆش و ســەیارەی ئــاخر مۆدێــل، لەگەڵ ئەوەشــدا کەســێکی زۆر خێــرکەر و ئینســان دۆســت بــوو، هەمــوو کــات یارمەتی خەڵکی ئەدا، هەموو ساڵێ بەشی ١٥ یا ٢٠ قوتابی جانتا و جل و بەرگ و دەفتەر و پێداویستی کاملی ئەکڕی و ئەیدا بە تەلەبەی مەکتەب ئەوانەی باری داراییان باش نییە، جگە لەوەش بەردەوام دەسی لە خێــر و چاکەیا بوو، ساڵانە پــێش وەرزی زســتان چەنــد لیتــر نەوت و ســەبەتەی خۆراکی ئەکــڕی و دابەشــی ئەکــرد بەســەر ئەو مــاڵانەی پێویســتیانە، بە هەموو شێوەیەک یارمەتی خەڵکی ئەدا، دایمە ئەیوت ئەم سەروەتەی خوا

لەم تەمەنە گەنجیا پێیداوم فەزڵی خوایە و ئەبێ ئاگامان لە خەڵکی هەژار بێت.

هەموو ساڵێک دوو هەفتە پێش کردنەوەی دەوام تەلەفونی بۆ ئەکردم، بەڵام ئەمساڵ تا ئێستا کە مانگێکە دەوام دەکەین، نە تەلەفونی کردووە نە ژمارە موبایلەکەشی ئیش ئەکا.

ئەمڕۆ هاتمە بازاڕ و وتم با بچم بۆ کۆمپانیا بزانم لەوێ نییە، تا گەشتمە کۆمپانیا بیرم لە هەزار شت ئەکردەوە، بۆ ئەمساڵ پێی نەوتوم بۆ پێویستی قوتابخانە؟ بۆ هەر تەلەفونێکی بۆ هەواڵ پرسین نەکردووە؟ بۆ ڕەقەمەکەی ئیش ناکات؟!

گەشتمە ئەو باڵاخانەیەی کە زۆرێک لە کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان ئۆفیسەکانیان لەوێ بوو، چوومە قاتی ٧ کە کۆمپانیاکەی ئەو گەنجەی لێبوو، بەڵام هیچ ناوێکی کۆمپانیاکەیم نەدی، لەبری ناوی کۆمپانیاکەی ئەو ناوێکی تر نوسرابوو، شوێنەکەی کرابوو بە ئۆفیسی ڕێکخراوێک، هەر لەو ڕێکخراوە پرسیارم کرد، وتیان دوو مانگ ئەبێت کۆمپانیاکەی لێرە نەماوە، هەر ئەو ڕۆژە بە پرسیارکردن لە کەسە نزیکەکانی بۆم دەرکەوت کە بۆیەکجاری کۆمپانیاکەی گواستۆتەوە و چووە بۆ ئیمارات و لەوێ ئەژی.

زۆرم پێناخۆشبوو، چونکە قوتابیە دەسکورتەکان و خەڵکە هەژارەکە کەسێکیان لێ ڕۆشت کە بەبێ ئەوەی بیبینن هەموو کات هاوکاری ئەکردن، زۆر بێتاقەت بووم، بۆ سبەینێ وتم ئەچمەوە سەرێک لەو

مەکتەبە ئەدەم کە یەکەم ساڵم لەوێـوە دەسـپێکرد و سـەرەتای پیشـەی مامۆستایەتیم لەوێ بوو، هەر لەوێشەوە ئەوم ناسی.

بەیانی ڕۆژی دوو شەممە بـوو، لەگەڵ هـاوڕێیەکی سـەردەمی زانکـۆم چووین بۆ لادێکە و چوومەوە بـۆ قوتابخـانەکە، بەڵام چ قوتابخـانەیەک چ کاتێک بوو وا زوو تێپەڕی، ئێستا لێرە کەس ناناسم قوتابیەکان هەموویان دەموچاوی تازە و غەریب، مامۆسـتاکانیش هەموویـان تـازە نە مـن ئەوان ئەناسم نە ئەوان ئەزانن من کێم، تەنها یەکێـک لە مامۆسـتاکان نەبێـت، چـونکە سـاڵێک پـێش ئەوەی مـن لەو قوتابخـانە نەقـڵ بـم، ئەو هـات، ئێستاش لێرە بەس ئەوی لێ ماوە کە هی سەردەمی خۆمان بێت، چوومە ئیـدارە و سـەلامم لە مامۆسـتا نەریمـان کـرد، دوای قسـەکردن لەگەڵ مامۆسـتاکان و باسـی دەوام و کێشـە و موشـکیلەی ڕۆژگـار، چـوومە پۆلەکـانەوە، هـیچ شـتێک نەگـۆڕاوە، تەنهـا دەموچـاوی تەلەبەکـان و مامۆسـتاکان نەبێـت، چـوومە سـاحەی مەکـتەبەکە هەمـوو شـتێ وەک خۆیەتی، گەنجینەی مەکتەبەکەش هەر وەک خۆیەتی تەنانەت ئەو تـۆپە دڕاوەش کە لای سەردار وەک باڵۆنـدۆر وابـوو هەر وەک خـۆی مـاوە، بە مامۆستا نەریمانم وت ئەم تۆپە هەر وەک خۆی ماوە؟ مامۆسـتا نەریمـان وتی مامۆستا سەردار ڕۆژێک پێش تەقـاوتبوونی تـۆپەکەی هەڵگرتـووە و وتویەتی ئەم تۆپە با هەر لێـرە بمێنێـتەوە سـی سـاڵە بەم تـۆپە تەلەبەم پێگیاندووە.

بە بینینی تۆپەکە و ڕەحلەی قوتابیەکان و خـانووە ڕوخـاوەکەی کـاک نەجات زۆر یادگـاری تـاڵ و بەسـەرهاتم بیـرکەوتەوە، لەگەڵ هـاوڕێکەم



چـووینە لای گـردەکەی بەرامـبەر مەکـتەبەکەوە و ڕووە و مەکـتەبەکە ئەمڕوانی، ئەو ڕۆژەم بیرهاتەوە کە یەکەمجار بـووم بە مامۆسـتا و هـاتمە ئێرە بۆ هاوڕێکەم گێڕایەوە.

کاتێک ناونیشانی لادێـکە و مەکتەبەکەیـان پێـدام بە هەزار پرسـیار و ئەمـلاولا لادێـکەم دۆزیەوە و لەنـاو لادێـکەش بە پرسـیار مەکـتەبەکەم دۆزیەوە، چونکە مەکتەبی لادێکان هەندێکی وەک خانوو وابـوو لە دورەوە نەئەناسرایەوە.

لادێکە خەڵکێکی باش و میواندۆستی هەبوو، بە ئاژەڵداری و زەرعاتەوە خەریکبوون، خەڵکێکی ڕووڵەخوا و دیندار بـوون، قوتابخـانەکەش لەسـەر تەختیەک بـوو، بەرامـبەرەکەی گردێکـی بچـوک هەبـوو، نێـوان گـرد و قوتابخانەکە کانیەک و سەرچاوەیەکی ئاو هەبـوو، دیمەنێکـی زۆر جـوانی هەبوو، کاتێ هاتمە قوتابخانەکە دیمەنی کانیەکە و گرد و قوتابخانەکە کە لەسەر یەک هێڵ بوون سەرنجی ڕاکێشام، نزیکی ١٠٠ مەترێک لە پشـتی قوتابخانەکەوە خانویەکی بچوکی لە گڵ دروستکراو هەبـوو، کە کرابـوو بە داخلی بۆ مانەوەی مامۆسـتا، ئەو مامۆسـتایانەی کە لە دەرەوەی لادێـکە ئەژین و لەوێ ئەمێننەوە، لەنـاو قوتابخـانەکەش چەنـد ژورێـک هەبـوون ئەویش هەر بۆ مانەوەی مامۆستا دروستکرابوون.

ئەوکاتەی هاتمە ئەم قوتابخانە قوتابخانەکە مامۆستای بیرکـاری نەبـوو، بۆیە بە ناچاری وانەی بیرکاری پۆلەکانی ٢ تا ٦ درا بە من.

یەکەم ڕۆژ چوومە پۆلەوە وانەی بیرکاری بڵێمەوە لە پۆلی ٤ عـادەتەن مامۆسـتای تـازە خـۆی ئەناسـێنێ، نـاوی تەلەبەکـانم پرسـی، ١١ تەلەبە

ئەبوون، هەریەکەیان هەستان و ناوی خۆیانیان وت، سەرتیپ، سامان، ئەحمەد، شەهیناز، شیراز، خەندە، سارا، ئامانج، ژیار، بانوو، بینایی، دوای ئەوان منیش خۆم پێناساندن و وتم کە ئەمساڵ من بیرکاریتان پێ ئەڵێم.

ڕاستە خۆم پسپۆڕیەکەم جیاواز بوو، بەڵام لەبەر نەبوونی مامۆستا ناچار هەر دەرزێک مامۆستای نەبوایە ئەمانوتەوە، لادێ بوو زۆر گوێی پێ نەئەدرا کە کێ چی ئەڵێتەوە کورد وتەنی هەر ئیش بڕوا باشە، قوتابخانەی لادێکان ئاوا پشتگوێخرابوون.

پاش ماوەیەک دەرز خوێندن ڕۆژێک شتێکی سەیرم لە یەکێ لە قوتابیەکان بینی، کاتێ چوومە پۆلەوە قوتابیەکان هەستانە سەرپێ و بەبێ دەنگی وەستان، یەکێ لە قوتابیەکان لە کورسی دواوە کتێبێکی بەدەستەوەبوو هی قوتابخانە نەبوو، بە شپرزەیی و بەپەلە خێرا کردییەوە ناو جانتاکەی و دەسی ئەلەرزی، زۆر گوێم پێنەدا وەمزانی حاڵەتێکی ئاساییە، چەند ڕۆژێک دەوامم کرد، هەستمەکرد ئەو قوتابییە لە کاتی پشووی نێوان وانەکان نە یەتە دەرەوە نە لەگەڵ قوتابیەکانی تر یاری دەکات، هەر لە پۆل ئەمایەوە.

ڕۆژێکی تر چوومەوە پۆل بە هەمان شێوە کتێبێکی پێبوو بە شپرزەییەوە کردیە ناو جانتاکەی، بۆمدەرکەوت ئەو حاڵەتە ئاسایی نییە، ئەم قوتابییە کێشەیەکی هەیە، بۆیە پرسیارم لێکرد.

**من:** ئەحمەد ڕۆڵە ئەوە کتێبی چی بوو خستەوە ناو جانتاکەت بێنە با سەرێکی بکەم.

**ئەحمەد:** مامۆستا تەواو بەخوا ئیتر نایهێنم بۆ مەکتەب بەس لێم مەسێنە.

**من:** باشە بەس با سەیریکەم بزانم چییە؟

**ئەحمەد:** مامۆستا توخوا بەس لە ئیدارە باسی مەکە بەخوا کۆتا جارمەبێ ئیتر نایهێنم.

کتێبەکەم لێ وەرگرت، کتێبێکی گەورەبوو ناوی (موعجیزەکانی عەشق) بوو، لام سەیربوو کە هەر ئەیوت بەخوا ئیتر نایهێنم بۆ مەکتەب، بۆ مەگەر کتێبی دەرەکی و خوێندنەوەی لەم مەکتەبە قەدەغەیە؟! ئەمانە و زۆر پرسیاری ترم بۆ دروست بوو، کتێبەکەم پێدایەوە و دەسمکرد بە وانە خوێندن، بەڵام مێشکم هەر لای پرسیارەکان بوو، کە بۆچی ئەم قوتابییە ئاوا ئەو کتێبەی ئەشاردەوە، بڵێی لێرە کتێب خوێندنەوە قەدەغە بێت؟

هاتمەوە بۆ ئیدارە و دەرزێ پێش کۆتایی بوو، لە پشووی نێوان دەرزەکان لە ئیدارە دانیشتبووین، وتم ئەوە ئەحمەد لەچی ئەترسێ وا بە دزیەوە کتێب ئەخوێنێتەوە؟

هەر وام وت و مامۆستا سەردار هەڵچوو و بە دەنگی بەرز **وتی:** ئەرێ ئەم کوڕە هەر عاقڵ نەبوو ئەرێ ئەمە هەر نەبوو بە بەشەر بەخوا ئەمجارە بەسەریەوە ناچێ جاری پێشوو چیم لێکرد ئەبێ ئێستا خراپتری پێ بکەم.

ئەوەنەم زانی ئەو کەرە بە دەم بۆڵە بۆڵەوە چوو بۆ گیانی ئەحمەد و دوای کەوتم، بەس تا من گەشتمە پۆلەکە گوێم لە گریانی ئەحمەد بوو،



ئەم مامۆستا دەماغ وشکە بە شەق و زلە کەوتە ئەحــمەد، بە زۆر دەســیم گرت و هێنامە دواوە و بە ئەحمەدم وت بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە.

لەگەڵ مامۆستا سەردار هاتمەوە بۆ ئیدارە و وتم چی بوو اوستاز بـۆ وا توڕەبووی ئەحمەد چی کردووە.

**مامۆستا سەردار:** چــی چــی بــووە مامۆســتا ئەمە جــاری یەکەم و دووەمی نییە لەباتی ئەوەی خەریکی سەعی خۆی بێت لە کاتی مەکتەبـا کتێبی تر ئەخوێنێتەوە خۆزگە کتێبێ باشــیش بــوایە کتێبــی دڵــداری و شت ئەخوێنێتەوە بەخوا ئەم جارە غەیری دەرزدەکانی کتێبێکی پێ ببینم بە زیندووی لەژێر دەستم دەرناچێ.

ئەوەنەم زانــی کتێــبەکەی پەڕە پەڕە کــرد و کریــدە زۆپــا دارەکەی ئیدارەوە تا سوتا.

**من:** کورە مامۆستا وازبێنە خۆ فەقیرە ئیشێکی خراپی نەکردووە کتێب خوێندنەوە کوێی خراپە خۆ خوا نەیفەرمــووە هەر ســەعی و ســەعی ئەی قەیچێکە با کتێبی تریش بخوێنێتەوە، ئەی هاوار بۆ ئەو کتێــبەو ســوتاند گوناحە هەر هیچ نەبێ پارەی پێداوە.

**مامۆستا سەردار:** کــورە توخــوا وازبێــنە مامۆســتا ئەم حوڕیــاتەی ئێستایە وای لە تەلەبە کردووە حساب بۆ مامۆستا نەکەن و سەعی نەکەن کتێبی غەیری مەکتەب ئیشی تەلەبە نییە بیخوێنێتەوە، بۆیە ئەیسـوتێنم تا عاقڵ بێت و جارێ تر کتێبی تر نەهێنێ بۆ مەکتەب.

هیچم نەوت و خواحافیزبوونم لە مامۆستا سەردار کــرد و هــاتمەوە بـۆ ماڵەوە، زانیم ئەو عەقڵێتەی مامۆستا هی ئەوە نییە قسە وەرگرێ.

مامۆستا سـەردار پیاوێـک بـوو کەمێـک لە قـژی ڕۆتـابۆوە، عەیـنەک لەچاوێک بوو، کەسـێکی بە هەیـکەل زل و بەخۆوەبـوو، بەڵام کەوچکـێ عەقڵ لە سەریا نەبوو، کەسێک بوو زۆر دژی پێشـکەوتنەکانی سـەردەم و تەکنەلۆژیا بوو، زۆر دژی کرانەوە و پێشکەوتن بوو، خۆی ئەیوت کەسێکی ئیسلامیم، بەڵام یەک تۆز ویژدانی نەبوو، نە دەرزەکـانی خـۆی بە باشـی ئەوتەوە نە لە کاروبارەکانی قوتابخانە هاوکاری مامۆستایانی ئەکرد، هەموو کارێکی کە ئەیکرد بەس بـۆ ڕازیکردنـی موشـریف بـوو، لەکاتێکـا خـۆی مامۆستای هونەر بوو، زۆر بەتـاڵ بـوو، چـونکە دەرزی هـونەر لە لادێکانـا نەئەخـوێنرا، هەر زۆر ئیجبـار بـوایە یـا موشـریفێک بهاتـایە لە ترسـی موشـریفەکە ئەچـووە پـۆل و شـیعری بە تەلەبە ئەخوێنـدەوە ئیتـر ئەمە هەموو چالاکی و هونەرەکە بوو کە مامۆستا سەردار ئەیـوتەوە، ئەیویسـت تەلەبە وەک موقەدەس ببینن و تەحیەی بۆ بکەن، ئەو وایەزانی ڕێزگرتن ئەوەیە تەلەبە لێت بترسێ، بە کوردیەکەی زۆر کەر بوو، مێشک وشک بوو لەو مامۆسـتا دواکەوتـوانە بـوو کە خـۆی لە سـەردەم دواکەوتبـوو و ئەشیویست تەلەبە لە سەردەم دواکەوێت و غەیـری مەنهەجـی مەکـتەب هیچ نەزانن، ئەمە لەگەڵ فکری منـا بەینـی عەرز و ئاسـمانی فەرق بـوو، لای مـن وابـوو کە ئەبـێ تەلەبە سـەنتەربێت و لەگەڵ پێشـکەوتنەکانی سەردەم بیگونجێنیت، ئەویش دەمارگیربوو بۆ فکرە سەقەتەکانی خـۆی و شانازی بە پەروەردەی کۆنەوە ئەکرد، کە بیرم ئەکردەوە من ئەبێ ئەمساڵ لەگەڵ ئەم کەرە بەڕێ بکەم زۆر قورس بوو.

ئەو مامۆستا کۆنانە شانازیان بە کۆمەڵێ شتەوە ئەکرد کە خۆی شایەنی گاڵتەجارییە نازانم چۆن لەڕوویان ئەهات شانازی بەوانەوە بکەن، بۆ نمونە ئەیانوت ئاستی زانستی تەلەبە لە کۆندا باشترە بوو وەک لە ئێستا لە کاتێکدا خۆیان پەروەردەی کۆنن و هیچ لە زانستی سەردەم شارەزا نین و تەنانەت پرسیاری تاقیکردنەوەکانیش لە بازاڕ ئەنوسن لە موبایلەکە جگە لە تەلەفونکردن هیچی تری لێ نازانن، یان یەکێکی وەک سەردار شانازی بەوەوە دەکرد کە مناڵ لە هاوینیش لە کۆڵان ئەیانبینێ لێیان ڕا ئەکا، بە هەموو عەقڵێکی خۆیانەوە بەمە ئەڵێن ڕێز، لەکاتێکا ترسە، ئاخر من ئاژەڵێکی درندە ببینم لێی ڕائەکەم خۆ ئەمە ڕێزم لێ نەگرتووە، نەخێر، بەڵکو لێی ترساوم لە پەلاماردان و وەڕینەکەی ترساوم.

شەو کە هاتمەوە بۆ ماڵەوە تا بەیانی بیرم لەو تەلەبانە ئەکردەوە کە لە چ دۆزەخێکدان، چۆن ژیانیان لێ تاڵکردوون بەناوی پەروەردەوە، چۆن تواناکانیان ئەکوژن و ناهێڵن لە مەنهەج لابدەن، بیرم ئەکردەوە منالانی تەمەنی ئەوان لە قوتابخانەکانی ئەوروپا و ئەمریکا داهێنان ئەکەن و توانای خۆیان پیشانی جیهان داوە، ئەمانەی ئێمەش کتێبێک غەیری دەرزەکەیان بخوێننەوە مامۆستای دواکەوتووە بێڕەحمانە پەلاماریان ئەدەن، بڕیارمدا کە هاتومەتە ئەم قوتابخانە فکر و شێوازی خۆم پیادە بکەم، بۆ ئەو دواکەوتوانە بە شانازیەوە فکری سەقەتی خۆیان جێبەجێ ئەکەن، بۆ من نەتوانم فکری خۆم جێبەجێ بکەم، بڕیارمدا لە سبەینێوە کار بکەم بۆ دۆزینەوەی توانای خوێندکارەکان و گەشەپێدانیان لە بواری خۆیاندا، هەرچەنە ئەمزانی قورسە هەم بۆ خۆم هەم بۆ قوتابیەکانیش، بۆ

خۆم قورس بوو چونکە لەگەڵ کەرێکا ئەبوو بکەومە پێشبڕێکێ و مناقەشە کە ئەلف و بێی پەروەردە لە مێشکیا نەبوو، جا مناقەشـەکردن لەگەڵ ئەو کەسانە بە هەموو شێوەیەک هەر دۆڕاوی، چـونکە وەک ئەوە وایە لەگەڵ کەرێکا پێشبڕکێ بکەیت، بیبەیتەوە ئەڵێن لە کەرێکی بردەوە، بیـدۆڕێنی ئەڵێن بە کەرێک دۆڕاوە، بەڵام لەبەر داهاتووی قوتابیەکان هەرچۆن بێـت ئامادەبووم بچمە ئەو پێشبڕکێوە لەگەڵ ئەو کەرەیا کە بە ناچاری کرابـوو بە مامۆستا.

سەردار چونکە لەو مامۆستایانە بوو کە خۆی بە تەعزیب و تێهەڵـدان و شەق و زلە پەروەردە کرابوو، بۆیە بە جۆرێـک تونـدوتیژی و ڕق چوبـووە نـاخی لە عەشــق ئەترسـا، تەنـانەت لە وشـەی عەشـقی سـەر بەرگـی کتێبەکەش ئەترسا، کەسێک کە بە ڕق پەروەردە بکرێـت بەجۆرێـک ئەو ڕقەی لا مــوقەدەس ئەبێــت، لە عەشــق ئەترســێ، تەنــانەت ڕقــی لە خۆشەویستیشە.

بەیـانی چــوومە مەکــتەب، دەرزی یەکەم و دووەمــم خوێنــد، جەوی مەکتەب زۆر خۆشبوو چونکە مامۆستا سـەردار لەوێ نەبـوو، چووبـوو بـۆ ئیشی پەروەردە، دەرزی سێیەم چومە پۆلەکەی ئەحمەد تا دەرز بڵێمەوە، ئەحمەدم بینی کتێـبەکەی دەرکـرد بە پەڕۆیەک دەسـی پێچـابوو، وتـم ئەحمەد ئەو چیتە ڕۆڵە؟

**ئەحمەد:** هـیچ نیـیە مامۆسـتا دوێنـێ لە سـاحەکەی مـامە حەمە یاریمان ئەکرد کەوتم لەجێچوو.

لەوکـــاتەی وای ئەوت بە دەموچـــاوی مناڵەکـــانی تـــرەوە دیـــاربوو کە ئەحمەد ڕاست ناکات دوێنێ یاریان نەکردووە، منـــیش زانـــیم مەســـەلەکە شـــتێ تـــرە زۆری لەســـەر نەڕۆشـــتم، تەنـــانەت واجبـــی ڕۆژانەشـــی حەل نەکردبوو، هیچم نەوت، تەنها وتم باشە ئەحمەد دوای وەرە بۆ ئیدارە.

جەرەس لێیدا و چومە ئیدارە دوو مامۆستای تری لێبوو، مامۆستا ئیسرا و مامۆستا بەناز، مامۆستا بەناز خێزانی مامۆستا سەردار بوو.

ئەحمەد هاتە ئیدارە، زانیم خێزانی مامۆستا ســەردار هەمــان عەقڵێتــی مامۆستا سەرداری هەیە، بۆیە ئەمویســت بچێــتە دەرەوە و بەتەنیــا قســە لەگەڵ ئەحمەد بکەم، ئەشمویست خێزانــی مامۆســتا ســەردار وا هەســت بکات کە لە ئەحمەد تورە ئەبم و منیش هەمان عەقڵێتــی خۆیــانم هەیە، هەر ئەحمەد هاتە ئیدارە تورە بووم و وتــم وەرە دانیشــە تــۆ ئــاوا بــکەی ئەمرۆ ئاخر ڕۆژتە لە مەکتەب واجب حەلناکەیت و ئاگات لە دەرز نییە.

**ئەحمەد:** مامۆستا بەخوا لەبەر دەســتم نەمتــوانی، ئەمــرۆ چــوومەوە وەعدبێت ئەوەی دوێنێش حەل ئەکەم.

**من:** درۆ مەکە ئەمە جــاری یەکەم و دووەم نیـــیە لەبەر یــاریکردن و گەشت و گەڕان هیچتان بیر نەماوە بەدرۆ یەن بۆ مەکتەب.

ئەحمەد هەر لە ئیدارە بوو، منیش وەرەقەیەکم دەرکرد و بە نوسینەوە خۆم مەشغوڵ کرد بۆیە وامەکــرد تــا جەرەس لێبــدا و ئەو دوو مامۆســتا بچنە دەرزەوە و ئەحمەد بە ڕاستی پێم بڵێ کێشەی چییە و بە مورتاحی قسە بکات، بە نوسینەکەوە خۆم مەشغوڵ کرد و وتم ئەمەت بــۆ ئەنوســم کە چویتە ماڵەوە بیدا بە باوکت با ئیمزای بکات و بــۆم بێــنەوە خۆیشــت

ئەبێ ئەم بەڵێننامە پڕکەیتەوە کە ئیتر دەرزەکانت ئیهمال ناکەیت، هەندێ شتم نوسی عەلاساس بۆ باوکی کە چاودێری بکات و واجبەکانی پێ حەل بکات، لەم کاتەیا جەرەس لێیدا، پێش ئەوەی دوو مامۆستاکە بچنە پۆلەکانیان پێم وتن، ئەم دەرزە پۆلی دووم هەیە، بەس تاوێ تر ئەبێ بۆ سیمیناری موشریفی بیرکاری بچم بۆ تەربیە، یەکێکتان پۆلی دوو لەگەڵ پۆلەکەی خۆتان دەمجەکەن یا بیانهێرنە ساحەکە با یاری بکەن.

دوو مامۆستاکە چوونە دەرزەوە و مامۆستا بەناز وتی هەر زۆر چاکە پێیان ئەڵێم حەوشەی مەکتەبەکە پاک بکەنەوە.

مەکتەبەکە فرۆشگای نەبوو، جار جار کە پیس ئەبوو پاشماوەی ماڵی مامۆستاکان بوو، بە تەلەبەیان پاک ئەکردەوە، ئیتر ئەوە ویژدانەکەیان بوو.

ئەبوو دوو سەعاتی تر من لە تەربییە بومایە بۆ سیمینارەکە، موشریفی بیرکاری سیمیناری ئەکرد بۆ مامۆستایانی بیرکاری ئەو پەروەردە، ئیجباری بوو کە لە سیمینارەکەیا بەشداری بکەی، کات مابوو هێشتا، دەسم کرد بە قسە لەگەڵ ئەحمەد.

**من:** عاقڵ جوان گوێ بگرە، ئەوە بۆیە تۆزێ خۆم تورە کرد تا ئەو دوو مامۆستا هەست نەکەن کێشەت چییە و تا بچنە دەرەوە، ئەینا لەسەر واجب و کۆمەڵێ شت من قەت لە تەلەبە تورە نابم و ئەشزانم تۆ تەلەبەیەکی ئیهمال نیت، ئەزانم ئەوەی ئەمڕۆ کە حەلت نەکردبوو، لە ماڵەوە کێشەیەکت هەبوو، ئەشزانم لە یاریا دەست وای لێ نەهاتووە، ئەحمەد بە درۆ نەبووم بە مامۆستا عاقڵ هەنێ شت ئەزانم تۆ جارێ

منداڵی هەستی پێ ناکەی کە قسە ئەکەن ئەزانم ڕاستەکەن یان نا، ئەزانم لە پشت قسەکانتان چی تر هەیە و ناتوانن بیڵێن.

**ئەحمەد:** هیچ نییە مامۆستا دوێنێ لە ئیشی دەشت چڵە دارێک بە دەستما خشا تۆزێ بریندار بووە.

**من:** ئەحـمەد ڕۆڵە درۆ مەکە، ئەزانـم وا نیـیە، بە چـی وات لێهـاتووە بیڵێ، ئەمڕۆش واجبەکەت حەل نەکردبوو، تورە نەبووم، جا بەڕاستی قسە بکە با منـیش بچـم بەلای ئیشـەکانمەوە، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەسـتم پێت کردبوو تۆزێ جیـاواز لە تەلەبەکـانی تـر دەرەکەوێ هەم ئەوەی کە کتێبی دەرەکـی ئەخـوێنیتەوە هەم ئەوەی کە بێـدەنگ و مـات دیـاری، لەگەڵ ئەوەشا ئەزانم کە زیرەکیەکـی سـەروو تەمەنـی خـۆت هەیە واتە زیرەکیەکی زیاتر لە ئاستی خۆت.

ئەحمەد هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و **وتـی:** مامۆستا نـازانم لەکوێـوە دەسپێبکەم و بۆت باسکەم، دوێنێ من لە مەکتەب و ماڵەوەش هەر بەشم تێهەڵدان بوو، دوێنێ شەو مامە عەلیم نەبوایە ڕەنگە باوکم بیکوشتمایە.

**من:** بۆچی ڕۆڵە چیبووە؟

**ئەحمەد:** مامۆستا دوێنێشەو دوای نوێژی عیشا دانیشتبووم ئەوەنەم زانی باوکم بە هاوارکردنەوە خۆی کرد بە ژورا و وتی "من تۆم ناردووە فێر خۆنەواری ببی یا بچی دڵداری بکەی بەخوا ئەبێ واو لێبکەم بە لۆکە ئـاو بکەن بە دەمتەوە" من هەر نەمزانی چی بوو بە دارێکەوە هـات لێـدانێکی باشی کردم بە دەنگی گریانی دایکم و هاوارکردنی منەوە مامە عەلی هاتە ماڵمان و خوا کردی بە سەبەبکار و ئەو منـی لەژێـر دەسـتی دەرهێنـا و

بردمی بۆ ماڵ خۆیان، شەو لەوێ بووم و مامە عەلـی خـۆی جانتـاکەمی هێنا و ئەمڕۆ لە ماڵ ئەوانەوە هاتووم بـۆ مەکـتەب نەچـومەتەوە بـۆ مـاڵ خۆمان.

ئەو مـامە عەلـیەی کە ئەحـمەد باسـی ئەکـرد پیـاوێکی زۆر بـاش و تێگەیشتوو بوو، برای کـاک ئەرسـەلان بـوو، واتە بـاوکی ئەحـمەد، بەڵام عەقڵ کراوە و تێگەشتوو بوو، ماڵیان ڕێک بە تەنیشت مـاڵی ئەحـمەدەوە بوو وەکو دوو ماڵ وابوون و بە دیوارێک جیـاکرابونەوە بە ئاسـانی دەنگـی یەکیان ئەبیست، ئەحمەد زۆرجار باسی ئەکرد کە زۆر یارمەتی ئەدا.

لە قسەکانی ئەحمەدەوە بۆم دەرکەوت کـاک ئەرسـەلان لەسـەر چـی شەو لە ئەحمەدی داوە و دەستی لەجێچووە.

تومەز مامۆستا نا سەردار لەکاتی نـوێژی عیشـا لە مـزگەوت چـووە بە کـاک ئەرســەلانی وتــووە کە کـوڕەکەت لە مەکــتەب کتێبــی دڵــداری ئەخوێنێتەوە و لەگەڵ کچەکان خەریکی پێکەنین و حیلکە حیلکە، ئـاخر بەڵا ســەردار ڕاســتە بەنــاو مامۆســتا بــوو بەس کەســێکی درۆزن و ئاژاوەدروستکەربوو بەس بۆ ئەوەی ڕێگـری لە تەلەبە بـکە لە خوێنـدنەوە هەموو شـتێکی ئەکـرد نەیەزانـی ئەو کتێبـانەی ئەحـمەد ئەیخـوێنێتەوە ئەسڵەن باسی چی ئەکا ئەم یەکسەر ئەیوت ئەمە هـی دڵـدارییە و نـابێ بیخوێنێتەوە چووبوو ئەم درۆیـانەی بـۆ کـاک ئەرسـەلان کردبـوو، کـاک ئەرسەلان خۆی پیاوێ خۆشباوەڕ و فەقیربوو، مامۆستای زۆر لا موقەدەس بوو بۆیە مامۆستا هەرچی بوتایە بە ڕاست وەریەگرت.





کێشـــەکە بەڵا ســـەردار بـــوو کە ببـــوو بە فیتـــنە لەنێـــوان تەلەبە و کەسوکاریان دایمەن گلەی لە تەلەبە ئەکـرد و دایـک و بـاوکی تەلەبەی هان ئەدا بۆئەوەی کە منداڵەکانیان تێکەڵ بە دنیای ئێستا و پێشـکەوتن و خوێندنەوە نەبن.

مـن پـێش ئەوەی بـبمە مامۆسـتا دیراسـەی دەرونـزانیم هەبـوو، تـا ڕادەیەکـیش لە ڕوخسارناسـی و کـۆمەڵێ بـابەت شـارەزا بـووم بە زووی تەلەبەم ئەناســی و ئەمزانــی کە زیرەکییــان چــۆنە، هەر زوو زانــیم کە ئەحمەد توانایەکی زۆری هەیە، کەسێکە زیرەکیەکەی لە سـەروو ئاسـتی تەمەنی خۆیەتی، ئەویش بە ڕوخساریا دیاربوو، خاڵێکی بچـوک لە بەشـی چەپی چەناگەی هەبوو، کە ئەوە لە ڕوخسارناسیا نیشانەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسە زیرەکیەکەی لەسەروو تەمەنی خۆیەوەیەتی، واتە بۆ نمونە کەسێک تەمەنی ١٨ ساڵە بەڵام عەقڵ و زیرەکیەکەی وەک هی کەسێکی ٢٨ ساڵ وایە، ئەحمەدیش ئەو خاڵەی چەناگەی هەبـوو، بەوەیـا ئەمزانـی زیرەکـی سەروو تەمەنی خۆیەتی، چەنـد نیشـانەیەکی تریشـی هەبـوو کە بەهـۆی ئەوەوە ئەمزانی کێشەی هەیە.

ڕۆژانەش کە لە وانەکاندا بەشداریم پێ ئەکرد بە قسەکردنیا دیاربوو کە ئەخـــوێنێتەوە و قســـەکردنی لە قســـەی تەمەنـــی خـــۆی نەئەچـــوو زۆر تێگەیشتوو و بیرفراوان بوو، قەت لە شوێنی خۆشـیەوە قسـەی نەئەکەرد ئەبوو بە زۆر قسەی پێ بکەی، بەگشتی تەلەبەیەکی بێدەنگ بوو.

دوای قسە و باس و تێگەشتنی کێشەکەی ئەحمەدم ناردەوە بۆ پۆل و وەرەقەکانم دڕاند ئەوەی کە بەحساب نوسیبووم بۆ باوکی، و خۆم کۆکردەوە و سەیارەم هەڵکرد و بەڕێکەوتم بۆ تەربێ.

دە دەقەیەک ئەبوو لە لادێکە دەرچووم نزیکی دراوسێ لادێکەمان بووم کە ئەویش لادێیەک بوو لەو لادێی کە من تیا مامۆستا بووم گەورەتربوو، ئەوانیش مەکتەبیان هەبوو، نزیکەی ٤٠ماڵێکی تیابوو، ئەو ڕێگایەی کە ئەچووە بۆ ئەو لادێ ڕێگایەکی خۆڵ بوو، لەسەر ڕێگا خۆڵەکە کوڕێکی مناڵکار دەستی لێ ڕاگرتم و وەستام، بە تەمەن ٢٥ساڵێک ئەبوو **وتی:** خاڵۆ ئەوە تا کوێ ئەڕۆی؟

**من:** وەڵا تا شارۆچکەکە ئەچم تۆ بەنیازی کوێیت؟

**کوڕەکە:** وەڵا منیش بۆ ئەوێ ئەچم خۆ نابمە ئەرک بۆت تا ئەوێ بێم، خۆ لەوکاتەوە وەستاوم سەیارەیەک نەوەستا.

**من:** نەوەڵا برا ئەرکی چی سەرکەوە با بڕۆین.

لەڕێگا کەوتینە قسەکردن و کە ئیش و کارمان چییە و بۆچی ئەڕۆین بۆم دەرکەوت ئەویش مامۆستای تازەیە و ئەمساڵ دانراوە، قەدەر وابوو ئەویش مامۆستای بیرکاری بوو بۆ سیمیناری بیرکاریەکە ئەهات بۆ پەروەردە، ئیتر کەوتینە قسەکردن و ژیانی زانکۆ و مامۆستایەتی و حاڵ و گوزەرانمان لەو لادێیانە چۆنە و تەعامول لەگەڵ مناڵ و دەرز و دەوام، بە قسەوە ڕێیەکەمان بڕی.

نیو سەعاتێک شتێ کەمترمان مابوو بگەینە شارۆچکەکە، لەڕێگا لە بەردەم دوکانێک مامۆستا سەردارم بینی هاتە سەرجاددەکە و دەستی لێ



ڕاگرتم، ئەی خوایە ئەڵێن مار ڕقی لە سیر بوو، سیریش لە بەردەرگای ماڵەکەی شین بوو.

دوای ئەوەی کە ئەحمەد لە مەکتەب ئەوەی بۆ باسکردم کە بەڵا سەردار چی بە باوکی وتووە و ئەو بەزمەی دروستکردووە و خۆیشم هەر خۆشیم لە مامۆستا سەردار نەئەهات و ئێستاش وەک مووی لوت لێم قوت بۆوە، خۆ ناشکرێ خۆمی لێ گێلکەم، بەو کوڕەم وت کە لەگەڵما بوو، وتم ئەمە مامۆستایە لای ئێمە هەر سەرکەوت و قسەی کرد بەڵێی بۆ بکە و حەق نەبێ خۆم زۆر لێی پەستم سەماعەکە ئەکەم گوێم با هیچ لەگەڵ من نەڵێ.

**کوڕەکە:** بۆچی مەسەلە چییە؟

**من:** برا تۆ بەس بەڵێی بۆ بکە و حەق نەبێ دوای خۆو تێئەگەیت.

**کوڕەکە:** لەوانەیە کە مەکتەبێ گیری خواردووە بەدەستیەوە؟ لە زۆر مەکتەبا ئەو جۆرە مامۆستایانە هەیە... خەم نەبێ ئەیانناسم.

سەیارەکەم وەستاند و مامۆستا سەردار مەرحەبایکرد و وتی ئەوە بۆ کوێ ئەچن تا تەربێ منیش ببە.

**من:** خۆیشمان بۆ ئەوێوە ئەچین سەرکەوە.

ئەو کوڕەی کە لەگەڵما بوو وەک ڕێزێک بۆ مامۆستا سەردار یەکسەر دابەزی و چووە دواوە دانیشت و بە مامۆستا سەرداری وت وەرە پێشەوە، مامۆستا سەردار یەکجار بە ساردی وتی قەینا دامەبەزە، بەس دابەزی و مامۆستا سەردار خۆی هاتە پێشەوە.

هەر سەرکەوت و دەسی کرد بە محازەرە دادان و نەسیحەتکردن و قسە دوبارەکانی، ئاخر ئەو واعیزانە ئولفەتیان بەوەوە گرتووە هەر بزانن لە شوێنێک کۆبونەوەیە و چوار کەس هەیە گوێیان بۆ بگرێت یەکسەر دەسکەن بە محازەرە دادان و نەسیحەتکردن و قسەی دوبارە و بێ عیلم، لە هەموویشی خراپتر ئەوەیە کە دایمەن خۆیان بە نوخبە ئەزانن.

مامۆستا سەردار ڕێک واعیزێک بوو بۆخۆی، واعیزەکان ئەو کەسانە بوون کە هەمووکات کاریان وەعز و ئامۆژگاری خەڵکە، و هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە سەروو خۆیان لێیان ڕازی بن، هەمووکات ئەوانەی لە خواروو خۆیانەوەن بە تاوانبار و هەڵە ئەزانن و هەردەم هەوڵ بۆ ئەوە ئەدەن سەروو خۆیان لێیان ڕازی بن، لە سەردەمی زوو واعیزەکان بە شان و باڵی سوڵتانەکانا هەڵیان ئەدا و هەر کێشە و خراپەیەک بڵاوبوایەتەوە ئەیانوت ئەمە غەزەبی خوایە بەسەر خەڵکا ڕژاوە بەهۆی خراپەکانیانەوە، هەرگیز لۆمەی سوڵتان و پاشاکانیان نەئەکرد.

لە سەردەمی ئێستاش واعیز زۆر هەن، لە مزگەوتەکان لە مەکتەبەکان لە فەیسبووک و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەس ئیشیان ئەوەیە نەسیحەتی خەڵک ئەکەن، هەر کێشەیەک ڕوو بدات دائەبارێنە سەر خەڵکە بێدەسەڵاتەکە و بە هۆکاری کێشەکانی ئەزانن، لە مزگەوتەکان بەشێک لە مەلاکان ئەو عادەتەیان هەیە، بێ بارانی ئەبێ ئەڵێن بەهۆی تاوانی خەڵکەوەیە، فەسادی زۆرەبێ ئەڵێن خەڵک هۆکارە، بەس کەسیان ناوێرن بۆ یەک جاریش بێت بڵێن هۆکاری فەسادی و خراپەکاری کاربەدەستەکانی وڵاتن یان وەزیری وەزارەتەکەیە چونکە ئەگەر وا بڵێن

ئەوا ســەروو خۆیــان لێیــان ڕازی نــابن، بــۆیە ئەوانــیش هەفتــانە لە مزگەوتەکانەوە دەسەکەن بە تاوانبارکردنی خەڵکە عـامەکە و نـاتوانن بـۆ یەکجاریش بڵێن بەشـێکی کێشـەکە بەرپرسـەکانن یـا دەسـەڵاتدارەکان، هەرچەن سوپاس بۆ خوا لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بانگخواز هەن کە ئەوان بەڕاستی بانگخوازن و مامۆستای ئاینین، ئەوان هیچکات خۆیان لە خەڵک بە باشتر نازانن و هەرگیز هەموو قسەیەکیان لۆمەکردن و نەسحیەتکردن و خۆبەباش دانان نییە، ئەوان بەڕاستی خەڵک بۆ مزگەوت و دینـی خـوا بانگ دەکەن.

لە مەکتەبەکانیشدا بە هەمان شێوە چەندین بەناو مامۆستا هەن دەوری واعیز ئەبینن واعیزێکی هەگبە بەتاڵ، من بیرمبێت مامۆستا دایمە گـلەی لە تەلەبە ئەکا لە دەرنەچوون لە پەروەردەی خراپ لە درۆکردن لە قـۆپی کردن لە هەموو شتێکی خراپ یەکسەر دەسەکەن بە داشۆرینی تەلەبە و هەموو خەتاکە ئەخەنە ئەستۆی تەلەبە، مامۆستایەکم نەدی بڵێ ئەمسـاڵ تەلەبەکـانم ڕێـژەی کەوتووەکانیـان زیـادی کـردووە مـن هۆکـار بـووم، مامۆسـتایەکم نەدی بڵـێ ئاسـتی تەلەبە دابەزیـوە بەڕێـوبەری پەروەردە هۆکارە و نـایەت بەدەم داواکـاری مەکـتەبەوە، مامۆسـتایەکم نەدی بڵـێ تەلەبەکانم ناتوانن بە ئینگلیزی و عەرەبی قسە بـکەن موشـریفی ئەو دوو دەرزە هۆکارە کە نەیتوانیوە وەسائیل و مەعریفەیەکی وا بداتە مامۆستا تـا ئاستی تەلەبە باشبێت، نەخێر هیچ واعیزێک ئەم ڕاستیانە ناڵێت، هەمووی خۆی بە باش ئەزانێ و دەسەکا بە داشۆرینی خوار خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو واعیزە مێشک بەتاڵانە هەموو کـاتێکیش خۆیـان بە تەلەبەی زیرەکـا

هەڵەواسن و ئەیکەن بە شانازی بۆ خۆیان، لەکاتێکا زیرەکی تەلەبەکە هی خـۆیەتی نەک ئـازایەتی ئەم، چـونکە ئەگەر ئـازایەتی ئەم بێـت ئەبـێ تەلەبەکانی تریش وا زیرەک بن، ئەی بۆ لە بیست کەس تەنها یەک دانە زیرەکە، ئەو دانەش ئەکەی بە ئازایەتی خۆت.

کاتێک تەلەبەیەک درۆ ئەکات ئەڵـێن لە منـاڵی گەڕەکەوە فێـری درۆ بووە، ئەی بۆ ناڵێن مامۆستا چەندین جـار بە کـردار درۆی لەگەڵ تەلەبە کردووە، تەلەبە لە ٧ ساڵیەوە چەندێک کات لە گەڕەک بەسەر ئەبا بەشی ئەوەش کات لە مەکتەب بەسەر ئەبات کە بتوانیت بە جـوانی پەروەردەی بکەیت، بەس لای ئێمە مامۆستا وا ئەزانـێ پەروەردە هەر نەسـحیەتکردنە وەک ئەوەی بەڵا سەردار ئەیکـات، وا ئەزانـن پەروەردە هەر ئەوەیە بڵـێن موبایل خراپە، سەعی بکەن.

هەرچۆن بوو من سـەماعەکەم لە گـوێ بـوو، بەڵا سـەرداریش هەر لە قسەکردن نەوەستا و جار جاریش ملی ئەکێشا بۆ دواوە بەو کوڕەی ئەوت تۆیش لە ئێسـتاوە خـوو مەدە موبایـل و ئەنتەرنێـت بەخـوا هەر ئەوانەیە تەلەبەی ئاوا سەرلێشـێواو کـردووە، ئەو کـوڕەش هەر بەڵێـی بـۆ ئەکـرد، مامۆستا سەردار وایئەزانی ئەو کوڕە تەلەبەیە نەیزانی ئەویش مامۆسـتایە، وەلحاڵ زۆری ئەڕێسا و قسەی دوبارە و مێشکی بردین، من خۆم زۆر لێی پەست بـووم، فکرێکـی سـەقەت، خـۆی بە نـوخبە ئەزانـی، ڕووداوەکەی ئەمـڕۆی ئەحمەدیـش کە بینـیم دەسـی پێچـابوو ئەوەنەی تـر تـوڕەی کردبووم، بۆ ئەوەی تۆزێ لە قسە بکەوێ بە ئەنقەست ئیستۆپێکم کـرد و

خەریبــوو ســەری بکێشــێ بە جامەکەیــا وتــم بەشــکم تێبگــات کە ئیتــر بێزاربووین با بیبڕێتەوە هەر نەیبڕیەوە.

گەشـــتینە بەردەم بینـــای پەروەردە و لەوێ دابەزیتـــین و ســـەیری موبایلەکەمم کرد و سەیرێکی ئەو کوڕەم کـرد کە لە ڕێگـا سـەرکەوتبوو، وتم باشە فریاکەوتین، لەم کاتە مامۆستا سەردار بەو کـوڕەی وت بـۆ تـۆ بۆچی هاتووی؟

**کوڕەکە:** مامۆستای تازەم و ئەمساڵ دانراوم هاتووم بۆ سیمیناری بیرکاریەکە، مامۆستای بیرکاریم.

هەر کە وتی مامۆستام، مامۆستا سـەردار کەوتە عوزرهێنـانەوە بـۆی و یەک دنیا خەجاڵەتی دەربڕی و ئەیوت مامۆستا گیـان خەجـاڵەتم تـۆ بـۆ چویتە دواوە نەمزانی مامۆستای بەخوا وەمزانی تەلەبەی ئەینا نەمەهێشت بچیتە دواوە دانیشی.

لەوکاتە من زیاتر پەستەبووم بەو عەقڵە دواکەوتوویەی مامۆستا سەردار، لای مامۆستا سەردار ئینسان بەس شەهادە بوو، لای ئاسایی بوو ئەو کوڕە شوێنی بۆ چۆڵ بکات و بچێـتە دواوە ئەگەر تەلەبە بێـت، بەس مامۆسـتا بێت ئەبێ لە پێشەوە دانیشێت، لای ئەو دواکەوتووە ئینسان یەکسان بـوو بە شـەهادە، بەو قسـانەی زیـاتر بۆمـدەرەکەوت کە مامۆسـتا سـەردار چ ئینسـانێکی دواکەوتـووە، هەر لەوێ ئیزنمـدا و وتـم مامۆسـتا مـن دوای لەوانەیە درەنگ بێمەوە بۆ لادێکە چاوەڕێی من مەکە، گوێم لێبـوو لەژێـر لێوەوە ئەیوت یەخوا ئینسان موحتاجی کەس نەبێ.







مامۆستا سەردار خۆی سەیارەی هەبوو، بەس نازانم هۆکار چی بوو ئەو ڕۆژە بەپێ هاتبوو تا نیوەڕێگا و لەوێ لە دوکانێک دانیشتبوو، لەوێشەوە من هەڵمگرت.

بەدەم قسەکردنەوە لەگەڵ ئەو کوڕە چوینەژورەوە بۆ پەروەردە، ئەو کوڕە وتی ئەرێ ئەو کابرا لە دەوامیش هەر ئاوایە، وتم لێیگەڕێ هەر نەیناسی باشترە ڕۆژێ بێ بۆلامان بۆو دەرەکەوێ چ جۆرە بەشەرێکە، بەدەم قسەکردنەوە خۆمان بە یەک ناسان و ناوی یەکمان پرسی.

**من:** ئەرێ ئوستاز ناوی خزمەت چی بوو.

**کوڕەکە:** ناوم ئارامە و پێرار زانکۆم تەواو کرد و ساڵێ ئیشم کرد دوای وتیان شتێکی وا هەیە با فۆڕم پڕکەینەوە مامۆستای تازە وەرەگرن.

**من:** دەی خۆشحاڵبووم ئوستاز گیان، منیش ئەمساڵ دانراوم، هەر وەک تۆ منیش یەک دوو ساڵ ئیشم کرد، بەس وتم با ئەم ئیشەش بکەم بزانم مامۆستایەتی چۆنە.

بەدەم قسە و باسەوە چوینە هۆڵی سیمینار و سیمینارەکە دەسی پێکرد و موشریفی بیرکاریەکە دەرزێکی نمونەیی شەرحکرد.

دوای تەواوبوونی سیمینارەکە لەناو شارۆچکەکە تۆزێک گەڕان و پیاسەمان کرد و دوای چوینەوە بۆ لادێکەی مامۆستا ئارم و لە داخلیەکەی ئەوان تا شەو مامەوە و شەو گەڕامەوە بۆ لادێکەی خۆمان.

هەتا خەوم لێکەوت بیرم ئەکردەوە کە مامۆستا چۆن ئەبێ وابێت بەحساب مامۆستا پێشەنگی کۆمەڵگایە و کۆمەڵگایەک پەروەردە دەکات چۆن ئەبێ خۆی ئەوەنە دواکەوتوو بێت و ئینسان لای ئەو هەر شەهادە بێت، بیرم ئەکردەوە ئەبێ لە چەند مەکتەبی تر تەلەبەی هاوشێوەی ئەحمەد هەبن و لە ترسی دواکەوتووی چەندین مامۆستای وەک سەردار نەتوانن برەو بە تواناکانیان بدەن، بەم شێوە تا خەوم لێ ئەکەوت بیرمەکردەوە.

ماوەیەک ئاوا دەوامامان دەکرد و بە ڕۆژ ئەچوینە قوتابخانە و دەرزی خۆمان ئەوتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بۆم دەرەکەوت کە مامۆستا سەردار چ فکرێکی دواکەوتوو و سەقەتی هەیە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناکۆکی من و ئەو زیادی دەکرد، لەبەرخۆیەوە دایمە بۆڵەی ئەکرد، هەموو کات ئەیوت بە هاتنی تۆ بۆ ئەم مەکتەبە شیرازەی تەلەبەکانت تێکداوە و وات لێکردوون سەعیان ئیهمال کردووە و خۆیان لێگۆڕاوە و جوابی مامۆستا ئەدەنەوە، ئەو ئەیویست تەلەبە هەر بەڵێ بکا و گوێ بۆ فەرمانی مامۆستا بگرێت، هەرگیز نەیەویست تەلەبەیک پێبگات کە کەسێکی زیرەک و چاوکراوەی لێدەرچێ، ئەیویست تەنها مەنهەجەکە بزانن و سەعی بکەن و دەرچن ئیتر ئیشیان دەسەکەوێ یان نا ئەو کێشەی نەبوو.

سێ مانگێک ئەبوو بەسەر دەوامدا ڕۆشتبوو، هەموو قوتابیەکان زۆر لەگەڵ مندا تێکەڵ بوون، چونکە پێشتر مامۆستا بەو جۆرە نەبوو لەگەڵیان، هەمووکات ئەیانوت، پێش ئەوەی تۆ بێی دەرزی وەرزش و هونەرمان هەر لە جەدۆلا هەبوو، مامۆستای دەرزەکانی تر وەریەگرت و

یاریمان نەئەکرد، ڕاستیشیان ئەکرد لە ترسی پەروەردە و موشریف لە جەدۆلا دەرزی وەرزشیان لە ناوەڕاستی دەرزەکان بۆ ئەنوسیتن، بەڵام بە واقع مامۆستایەک دەرزی کۆتای هەبوایە ئەچوو لە ناوەڕاستا وەرزشەکەی ئەخواردن و بۆ ئەوەی زوتر بچێتەوە بۆ ماڵەوە ئیتر تەلەبەش وەرزش ئەکا یان نا کەیفی خۆیەتی، پێش ئەوەی من بچمە ئەو مەکتەبە بەو جۆرەبوو، کە چووم هەرچۆن بوو، وەرزشەکەیانم بۆ کردن بە دەرزی سەرەکی بە هەموو پۆلەکانم ئەوت هەر مامۆستایەک دەرزی وەرزشی وەرگرتن بە من بڵێن مامۆستا ئەمڕۆ وەرزشەکەمان خوراوە، من خۆم دەرزەکەی خۆمتان ئەدەمێ و یاریتان پێ ئەکەم، چۆن پێویستە بیرکاری و زانست و ئینگلیزی بخوێنن ئاواش پێویستە وەرزش بکەن و لە دەرزی هونەر چالاکی هونەری بکەن بۆ ئارامی مێشک و پشوویەکیشە بۆ خۆتان، ناکرێ تەلەبە هەفتەیەک دەرزی قورس و وشک بخوێنێت یاریەک نەکات.

ڕۆژێک دەرزم نەبوو، یەکێ لە پۆلەکان دەرزی وەرزشیان هەبوو، لە ساحەکە یاریان ئەکرد، هەموویان ئەهاتن و ئەچوون و هەر تێیان هەڵەدا و تۆپ لە بەردەم خۆیاندا ئەچوو بە ئاسمانا و ئەهاتە خوارەوە، تۆپەکە نەئەڕۆشت، بە یەکێ لە تەلەبەکانم وت ئا ئەو تۆپەم بۆ هەڵدەن، تۆپەکەم لێ وەرگرتن و تەلەبەکانم کردە ژورەوە، تەلەبەکان لایان سەیر بوو چونکە من قەت یاریم لێ تێکنەداون و دەرزی وەرزشیانم وەرنەگرتبوو، هەموو کات حەزم ئەکرد یاری بکەن، مامۆستا سەرداریش کە ئەمەی بینی پێی خۆشبوو، بەڵام من بۆیە تۆپەکەم لێ سەندن بۆئەوەی سەیری بکەم بزانم بۆ بەم تۆپە یاری ئەکەن.

سـەیرم کـرد، تـۆپەکە دڕابـوو، بە پەتێکـی زەرد ئەوەی کە تەبەقـی هێلکەی پێ ئەپێچن بەوە دوریبویـانەوە و تۆزێـک چەسـپی لێـدرابوو، بە دورینەوە و چەسپەکەش هەر هەوای لێ ئەڕۆیشت، ئەبوو پێش یاری پڕی بکەیت لە هەوا، کە یاریت پـێ ئەکـرد دوو دەقەیەک بەرگەی ئەگـرت و وەک تۆپ یاری پێ ئەکرا بەس دوای ئەوە ئیتر شڵپەی ئەهات و ئەقوپا.

کە ئەوەم بینی وتم مامۆستا لەم سەدەی بیسـت و یەکە و سـەردەمی پێشکەوتنە ئەمە چییە ئەو منداڵانە یاری پێ ئەکەن.

**مامۆستا سەردار:** بۆچی مامۆستا، خۆ لە مۆندیال یاری ناکەن، ئینجا ئیشی منیش نییە تۆپ پینە بکەم لەسەر حسابی خۆم چەسـپم کڕیـوە و دوای دەوام دانیشتووم دوریومەتەوە، لەوە زیاتر چیبکەم.

**من:** وەڵا دەستخۆشبێ حەقە لەلایەن پەروەردەوە سـوپاس نـامەت بـۆ بکرێت.

ئەو قسەم تەقان بە ڕوویا و ڕۆیشتمە پۆلەوە بۆلای تەلەبەکان.

مامۆسـتا سـەردار زۆر بە مـنەتەوە قسـەی ئەکـرد، وایەزانـی کە ئەو چەسپەی داوە لەو تۆپە ئیتر هیچی نەهێشتۆتەوە.

چوومە پۆلەوە و بە منداڵەکانم وت سبەی تۆپی تازەتـان بـۆ ئەهێـنم و وەرزشێکی خۆش ئەکەین.

مامۆستا سەردار کەسـێک بـوو بە تەمەن لە مامۆسـتاکان گەورەتربـوو، بەڵام دواکەوتووبوو و فکرێکی زۆر وشک و تونـدی هەبـوو، مامۆسـتاکانی تریش زۆر لەگەڵیـا نەبـوون، بەڵام لەبەر تەمەنەکەی لەڕوویـان نەئەهـات هەنێ شتی پێ بڵـێن، منـیش سـەرەتا ڕێـزی تەمەنەکەیـم ئەگـرت و لە

هەندێ شــتا جــوابم نەئەدایەوە، بەڵام ئیتــر منــیش لە تەحەمولمــا نەمــا، لەدڵی خۆما دایمە ئەموت باشە ئەو بۆ پێی شەرم نییە و بە شتێکی باشی ئەزانێ ئەو فکرە دواکەوتوویەی خۆی لە مەکتەبا جێبەجێ بکا، من ئەگەر فکری خۆمم پێ ڕاستبێت بۆ جێبەجێی نەکەم، بــۆیە منــیش لەو ڕۆژەوە بەجددی کەوتمە جێبەجێکردنی فکر و پەیامەکانم.

کۆتایی هەفتە کە گەڕامەوە بۆ شارەکەی خۆم، دوو تۆپی چاکم کــڕی، تۆپی بالە و تۆپی پێ، لەگەڵ پەمپی هەوا و دەرزی تــۆپ و چــوار پێــنج دەست جلی وەرزشی، بۆ سەرەتای هەفتە هێنام بۆ مەکــتەب و بڕیارمــدا ئەو ڕۆژە دەرزی هەر پۆلێکم هەبــێ بۆیــان بــکەمە وەرزش و تیپیــان بــۆ جیــاکەمەوە و یــاری تــۆپی پــێ و بالەیــان پــێ بــکەم و بۆیــان بــکەمە بەرنــامەیەکی جێگیــر هەمــوو هەفــتەیەک لانــیکەم ڕۆژێــک وەرزشــە جیاوازەکان بکەن، جگە لەوەش عادەتم وابوو هەمــوو ڕۆژێ کە ئەچــوومە پۆل جانتاکەم نەستەلە و چکلێت و پسکیتی تیابوو، زۆریــنەی دەرزەکــان نەستەلە و چکلێتم ئەدا بە تەلەبەکان و ئینجــا دەســمان ئەکــرد بە دەرز خوێندن، ڕۆژێ پســکیتێکم پێــدان وتــم بیخــۆن و بەدەم خــواردنەوە بــا دەسکەین بە دەرزەکە، یەکێک لە تەلەبەکان وتــی مامۆســتا مــن نــایخۆم هەڵی ئەگرم بۆ ماڵەوە، وتم ڕۆڵە ئێستا بیخۆ، چونکە خواردن وا لە مێشک ئەکا هۆرمۆنی دۆپامین دەربدات و هەندێ جۆری شیرینیش بۆ مێشک و تێگەشتنی بابەتەکان باشتربوو، بۆیە هەموو کات خواردنم بۆ ئەبردن پێش دەرزەکان، بەڵام ئەو هەر سوربوو لەسەر ئەوەی کە لە پۆلا نەیخوات، وتم

بۆچی نایخۆیت، وتی مامۆستا بەخـوا لەبەردەم تۆیـا لەڕووم نـایەت شـت بخۆم، ئەوان بەو ڕادەیە بەڕێز و عاقڵ بوون.

کاتێک کە ئەم باسە ئەنوسمەوە ٢٢ ساڵ پێش ئێسـتا لە پـۆلی یەکـی سەرەتایی بووم، یەکەم ڕۆژی دەوام زرتە زەلامێک خۆی کـرد بە پـۆلا و وتی من مامۆستای بیرکاریم، ئەمسـاڵ مـن بیرکاریتـان پـێ ئەڵـیم و لە شوێنی خۆتان قسە نەکەن و ئیتر هەندێ قسەی بۆ کردین، ئینجـا وتـی دەفتەرەکانتــان دەرکەن و لاپەڕەی یەکەمــی بــیکەن بە سێگۆشــەیی و بینوشتێیننەوە (جاران وابوو ئەبوو پەڕەی یەکەم وا لێبکەین بـۆ ئەوەی کە لەوسـەرەوە پەڕەی لێبـۆوە ئەمەی ئەمسـەر هیچـی لەسـەر نەنوسـرابێ)، لەوکاتە کە وتی پەڕەی یەکەم بنوشتێننەوە و ئێستا سەیری ئەکەم، مـن لە ڕیزی لای پەنجەرەکەوە بووم لە ڕەحلەی یەکەم دانیشتبووم یەکسـەر هاتە لای من و منـیش فریـانەکەوتبووم بینوشـتێنمەوە و شـڵەژام، ئـاخر مامۆستا وەکو دێو وێنای کرابوو لای ئێمە، بە مناڵی هەرچیمـان بکـردایە ئەیانوت مامۆستا لێتەیا، وەلحاڵ مامۆستا هاتە لای من و بە هەموو هێزی خۆی یەک زلەی لێدام، بەڵێ یەکەم ڕۆژی دەسپێکی خوێندن و فێربوون بە تێهەڵدان دەسیپێکرد، تـا بـوومەوە بە مامۆسـتاش هەنـدێ پرسـیاری سادەی بیرکاری هەبوو هەر بە حاسیبە ئەمزانی حەلی بـکەم، چـونکە لە یەکەم ڕۆژەوە بیرکاریمان بە ترس و تێهەڵدان و ڕقەوە وەرگرتبوو، ئێسـتا مامۆستای ئەم جیلە تا ڕادەیەک باشترن و دەسپێکی ساڵی نوێ بە گـوڵ و شیرینی پێشوازی لە مناڵ ئەکەن، بەڵام لای ئێمە بە لێدان و ڕاوەستان لەسـەر یەک قـاچ و قەڵەم خسـتنە بەینـی پەنجەکانمـان سـەرەتایمان

تێپەڕاند، بۆیە هیچ فێرنەبووین ئەوەشی فێریبووین بە هەوڵی مامۆستا نەخوێنەوارەکان نەبوو.

بۆیە کە یەکەم ڕۆژ لە قوتابخانەکە موباشەرەم کرد و بەڕێوبەر وتی دەرزی بیرکاری بەتاڵە ئەبێ بیرکاری بڵێیتەوە، ئەوەم بیرکەوتەوە کە من **٢٢** ساڵ پێش ئێستا یەکەم دەرز بیرکاریم خوێند و بەو جۆرە پێشوازیمان لێکرا، بۆیە هەر لە سەرەتاکانی دەوامکردنم ڕۆژێ  دەفتەر ڕەسمم بۆ قوتابیەکان کڕی و دەفتەر ڕەسمم پێدان، هەر بەو جۆرە بەردەوام بووم و دەرزەکەم وا لێکردبوو لە ڕیتمێکی وشک و جددیات دەرمکردبوو، ئەنجامەکەشی بەجۆرێک بوو، زۆرجار تەلەبەکان ئەهاتن بەدواما ئەیانوت مامۆستا وەرە دەرزمان پێ بڵێ، ئەموت چیتان هەیە، ئەیانوت وەرزش، ناچینە دەرەوە وەرە بیرکاری ئەخوێنین، لەدڵی خۆما ئەمووت ئاخر نەگبەت کێ هەیە وەرزش بکا بە بیرکاری بۆ ئەوەنە نەگبەتن بچن بۆخۆتان یاری بکەن.

بەو جۆرە ڕۆژەکانی خوێندنمان بەڕێ دەکرد و کات گەشتە کاتی تاقیکردنەوەکانی نیوەی وەرزی یەکەم و تاقیکردنەوەکان بە سەرکەوتووی بەڕێوەچوو، و سەرەتای وەرزی دووەم دەسیپێکرد.

لەسەر بەرنامەکەی خۆم بەردەوام بووم، ڕۆژانە پرسیارم لە تەلەبەکان ئەکرد کە ئەم هەفتە یاریتان کردووە یان نا ئەگەر یاریان نەکردبێ یا مامۆستایەکی تر وەرزشەکەی خواردبێتن یەکسەر دەرزی خۆمم بۆ ئەکردن بە وەرزش، بەڵام ئەوەی لام سەیربوو و زۆرجار تێبینیم ئەکرد ئەوەبوو، نە یاری تۆپی پێ نە یاری بالە، هیچ یەکێک لە کچەکان بەشداریان نەئەکرد، مەگەر بە دەگمەن ڕۆژێک یەکەم دەرز یاریان بکردایە ئەویش کە مامۆستا سەردار خەوتبێت، چونکە سەردار بەیانیان زۆرجار درەنگ ئەهات بۆ مەکتەب، ئەو چەند ڕۆژە دەگمەنەی کە یاریان ئەکرد چەند تەلەبەیەکیان لەوانە سارا و شەهیناز زۆر لێهاتوو بوون، سارا بۆ یاری بالە و شەهینازیش بالە و تۆپی پێ، بەتایبەت لە تۆپی پێ و کۆنترۆڵکردنی تۆپ و یاری ورد زۆر لێهاتوو بوو.

لەگەڵ خەڵکی لادێکە و کوڕە گەنجەکان بەتایبەت تێکەڵبووین و سەردانی یەکمان ئەکرد، بەشێک لە گەنجی لادێکە پێشتر لەو مەکتەبە خوێندبوویان بەهۆی ئیش و کار و نەبوونی حەزی خوێندن هەرزوو زۆرینەی وازی لە خوێندن هێنابوو، هەندێکیان بوونەتە خاوەن ماڵ و منداڵ و خاوەن ئیش و کار و هەندێکیان لە دەرەوەی وڵاتن، بەشێکیشیان جار جار دێنەوە بۆ قوتابخانە بۆ پرسیاری منداڵەکان کە خوشکەزا و برازاکانیانن.

ڕۆژێک دەرزم نەبوو، لە ئیدارە دانیشتبووم هەموو مامۆستاکانی تر لە دەرسا بوون، مامۆستا سەرداریش بە ئیشێک چووبوو بۆ زاخۆ، ئەو ڕۆژە

جەوی مەکتەب زۆر خۆشبوو، هەر ڕۆژێک مامۆستا سەردار لە مەکتەب نەبوایە تەلەبەکانیش دڵخۆشی بە ڕوویانەوە دیاربوو، بەتەنها خۆم لە ئیدارە بووم، چاوم کەوتە سەر تۆپە دڕاوەکە، ئاخر مامۆستا سەردار زۆر شت خۆشەویست بوو، خۆ تۆپی تازەم کڕیبوو بۆ مەکتەب بەس ئەو تۆپە دڕاوەی هەر فڕێ نەدەدا، تۆپەکەم هەڵگرت و ویستم ڤیدیۆیەکی بکەم و بینێرم بۆ مامۆستا ئارام لەو کاتەیا پیاوێک هات بۆ ئیدارە، پیاوێکی هەیکەلی و چوارشانە، بە تەمەن لە سی بۆ سی و پێنج ساڵ ئەچوو ناوی کاک حەبیب بوو، یەک دوو جار لەناو لادێ بینیبووم بەس وەک تێکەڵبوون زۆر تێکەڵ نەبووین، ئەو پیاوە مامی یەکێک لە قوتابیەکان بوو، هاتبوو ئیجازەی بۆ بکات تا لەگەڵیا بچن بۆ شارۆچکەکە و دوو ڕۆژی تر بێنەوە، لەوکاتە کە قسەمان ئەکرد و باس بوو بە باسی خوێندن و تەلەبەی ئێستا و جاران و ئەو بابەتانە تۆپەکەم لای قەنەفەکان دانا، کاک حەبیب وتی: مامۆستا باوەڕ ئەکەی ئەو تۆپە من لەم مەکتەبە یاریم پێکردووە؟

**من:** چۆن.. چۆن؟؟ بۆ تۆ کەی لێرە خوێندووتە؟

**کاک حەبیب:** ١٠ ساڵ پێش ئێستا لێرەوە وازم لە خوێندن هێنا.

**من:** هەر بەجددی یەعنی ئەم مەکتەبە ئیتر هیچ گۆڕانکاری تیا ڕووینەداوە؟

**کاک حەبیب:** گۆڕانکاری چی نەوەڵا هەر وەک خۆیەتی کورە هەر بەڕێیان کردین (بەپێکەنینەوە).

**من:** دەی بەخوا گوناحن تەلەبەی ئەم لادێیانە ئەو تۆپە دڕاوەشیان پێ ڕەوا نەئەبینیتن نەیانەهێشت بەوەش یاری بکەن، ئەمەش مامۆستا سەردار دوریویەتیەوە وا ئەزانێ هیچی نەهێشتۆتەوە.

**کاک حەبیب:** ئۆۆ هۆو بۆ سەردار هێشتا لێرە ماوە ئەرێ هەر تەقاوت نەبوو؟!

**من:** نەوەڵا هەر لێرەیە.

**کاک حەبیب:** خواهاوار چۆن گیرمان خواردبوو بەدەسیەوە نیوەمان لەداخی ئەو وازمان هێنا، ئەو هەر ماوە؟! ناحەقیشی نییە واز ناهێنێ چی لەمە باشتری دەسەکەوێت مەکتەبێکی بچوک و خانویەک لەناو مەکتەبەکە و نە کێشەی ئاوی هەیە نە کارەبا نە هیچ، کورە نە دەرزێک ئەڵێتەوە، لەوە خۆشتر نییە شوێنی حەوانەوەت لە نزیک شوێنی ئیشەکەت بێت، هی ئەم لەپاڵ پۆلەکەیە.

**من:** وەڵا خۆ ئەگەر دەرز و دەوام حەقی خۆی پێبدەیت پیشەی مامۆستایەتیش ئەوەنە ئاسان نییە، بەس لێرە وا ئەزانن هەر بیرکاری و زانست و ئینگلیزی و عەرەبی دەرزن ئیتر ئەوانەی تر گرنگ نین، لەکاتێکا وەرزش و هونەر بەقەدەر بیرکاری و زانست گرنگن، وتت گیرمانخواردووە بە دەسیەوە بۆچی دەرزی چی پێ ئەوتن؟

**کاک حەبیب:** وەڵا دەرزی نەبوو بەحساب وەرزشی پێ ئەوتین بەس هەندێ جار ئەهات نەسیحەتی ئەکردین و قسەی بۆ ئەکردین و کاتێ دەوامیشمان بەیانیان بوایە کە وەرزشمان ئەبوو ئەچووین لە ماڵەوە خەبەرمان ئەکردەوە ئەمانوت مامۆستا وەرزشمان هەیە، هەر نەئەهاتە

دەرەوە لە پەنجەرەی خانوەکە تۆپەکەی بۆ هەڵەداین و ئەیوت دوای بـۆم بێننەوە، هەر ئەم تۆپەبوو، ئیتر ئەوە هەمـوو هەمـوو یـاریەکە بـوو کە بە ئێمەی ئەکرد، بۆ ئێمە وا باشبوو کە هەر ئاوا لە مـاڵ نەیەتە دەر چـونکە هەر بهاتایەتە دەرەوە وەرزشمان نەئەکرد لە دەرزی وەرزشەکە ئەهاتە پۆل و دەسیەکرد بە نەسیحەتکردن، بۆیە کوڕەکان ناویان نابوو بەڵا سەردار.

**من:** کەوایە ناحەقیـان نیـیە تەلەبەکـان ئەڵـێن ڕۆژێ ئەو لێـرە نەبـێ مەکتەبەکە جەوێکی خۆشتری هەیە.

کاک حەبیب هاتبوو ئیجازە بۆ محمد بکات، دوای قسە و باسـەکانمان محمدم بانگکرد و محمد و کاک حەبیب ڕۆیشتن.

هەروا ڕۆژ هات و چوو، من و سەردار زیاتر ناکۆکیمان قوڵ ئەبۆوە، من ئەمویست قوتابیەکان فێری ئەوە بکەم کە لە ژیانی ڕۆژانەیـان ئیسـفادەی لێ دەکەن، ئەمویسـت بەڕاسـتی خوێنـدکار فێربێـت و حەز بە فێربـوون بکات و لەگەڵ تازەگەریەکانی سەردەم بڕوات و ببنە کەسایەتی کاریگەر و بخوێننەوە، ئەویش تەنها ئەیویست سەعی بکەن و دەرچـن و دووربـن لە هەموو پێشکەوتنێکی سەردەم.

ڕۆژێک بەیانی زوو کە چوومە دەوام ئەڕوانم سـەردار لە ئیـدارەیە و تـا بڵێی مشەوش و شڵەژابوو و ئەهات و ئەچوو و وەرەقەی دەرەکرد و شـتی ئەنوسی و وەرەقەکانی هەڵەگرتەوە و سەر مێزی ئیدارەی پاک ئەکردەوە و ئەهات و ئەچوو و زیاد لە حەد شڵەژابوو، سـەلامم لێکـرد و بە دەنگێکـی شڵەژاوەوە جوابی دایەوە و قسەی تێکەڵ ئەکرد، نەمزانی مەسـەلە چیـیە وای لێهـاتووە، چـوومە دەرزەوە و دەرزی یەکەمـم خوێنـد و لە پشـووی

نێوان دەرزەکان بۆ تەلەفونێک هاتمە حەوشەی مەکتەبەکە، تەلەفـونەکەم داخستەوە، ئەحمەد هات وتی مامۆستا ئەوە ئەمڕۆ چی بوو؟

**من:** بۆ ئەپرسی؟ هیچ نەبووە.

**ئەحمەد:** مامۆستا ئەمڕۆ زۆر سەیربوو هەر هاتمە مەکتەب مامۆسـتا سەردار لە دەرگای مەکتەبەکە وەسـتابوو بەخێرهـاتنی کـردم ئەتـوت بـۆ میوانی هاتووم، دوای منیش بەخێرهاتنی تەلەبەکانی تری ئەکرد و دەسی بەسەریانا ئەهێنا، کورە لە هەمووی خۆشتر دوو جـار بەخێرهـاتنی کـردم نەیناسیمەوە.

بەتەواوی نەمزانی مەسەلە چییە، بەس بە ئەحمەدم وت وەڵا بڵێم چی دەی ئێوەش بۆ ئەوەنە لاتان سەیرە مامۆستا لەگەڵتانا باشبێت.

ئەمزانی ئەحمەد ڕاستەکا و هەڵسـوکەوتی ئەمـڕۆی سـەردار جیـاوازە، بەتایبەت بەیانیەکەی کە زۆر شڵەژابوو، وەلێ نەمزانی هۆکارەکەی چییە.

جەرەسـی دەرزی دووەم لێـدرا و تەلەبەکـان چـوونەوە پـۆل و مـن و مامۆستا ئیسرا دەرزمان نەبوو، لە ئیدارە دانیشتین، دوای تۆزێک مامۆسـتا ئیسرا چووە دەرەوە و گەڕایەوە وتی ئەرەوەڵا هاتن، وتم کێ؟

**مامۆستا ئیسرا:** لیژنەکەی پەروەردە و موشریفی مەکتەبەکەمان.

چـوومە دەرەوە سـەیرم کـرد سـەیارەیەکی ئـاخر مۆدێـل لە بەردەم مەکتەبەکە وەستا، بەڕێوبەری پەروەردە و چەند فەرمانبەرێکی کارگێڕی و موشریفی مەکتەبەکەمان لە سەیارەکە دابەزیتن و هاتن بۆ مەکتەبەکە.

بەخێرهاتنمان لێکردن و لە ئیـدارە دانیشـتین و دوای تۆزێـک چـووم بەشوێن مامۆستاکاندا و بانگم کردن بۆ ئیدارە، چوومە پۆلی سێ، مامۆستا

سەردار لە پۆلا بوو گۆرانی بۆ تەلەبەکان ئەوت و ڕەسمی بۆ ئەکێشان، کە لە دەرگامدا و دەرگای کردەوە زۆر شڵەژا، وتم مامۆستا دەرزی چیان هەیە، وتی هونەریان هەیە، ئەوەتا فێری ڕەسمکردنیان ئەکەم.

لە دڵی خۆما وتم ئەها شەقی موشریف چۆن دەرزت پێ ئەڵێتەوە و چۆن وات لێ ئەکا لەگەڵ تەلەبەیا باشبیت و وەک بنیام تەعامول بکەیت.

بانگم کرد وتم مامۆستا وەرە موشریف هاتووە، کە وام وت ڕەنگی تێکچوو و بە شپرزەییەکەوە هاتە ئیدارە و سەلامی کرد و دانیشتین و لەگەڵ موشریف و بەڕێوەبەری پەروەردە باس لە پێویستیەکانی قوتابخانە و کێشە و گرفتەکان کرا، بەڵام من کە هەڵسوکەوتی ئەمڕۆی سەردارم بینی، ساڵانی خوێندنی خۆمم بیرهاتەوە کە ئێمەش لە قوتابخانە ئاوا مامۆستا لە ترسی موشریف درۆی لەگەڵ ئەکردین.

سەردەمی ئێمەش وابوو، مامۆستاکان تەبعەن هەمووی نا، ئەوکاتەش مامۆستای چاک و بیرفراوان هەبوو، بەڵام بەشێکی زۆریان فێری درۆیان کردین! بەڵێ درۆ، بە کردار فێری درۆیان کردین، هەر سەرەتا کە چووینە مەکتەب و مناڵێکی پاکین لە پۆلی یەکی سەرەتایی، مامۆستاکان پێیان ئەوتین "من چۆلەکەم هەیە، هەرچی بکەن بۆم ئەگێڕێتەوە"، مامۆستا نەخوێنەوارەکە بۆیە ئەم قسەی ئەکرد تا لێی بترسین و لە ماڵەوەش نەوێرین بە ئسراحەتی خۆمان هەڵسوکەوت بکەین، تا لە کۆڵانیش نەتوانین یاری بکەین، بەو درۆکردنە ئەیترساندنین.

دواتر گەورەتربووین چووینە پۆلی سێ و چوار و پێنج، ڕۆژێک مامۆستا دەرزی پێ ئەوتین لەپڕ زرتە زەلامێک خـۆی کـرد بە ژووردا، ئەوەنەمـان زانی مامۆستا یەکسـەر دوو لاپەڕە گەڕاوە دواوە و دەرزی ڕۆژی پێشـتری بۆ شەرحکردین، تەبعەن بۆ ئـێمەش ئاسـانبوو چـونکە خوێنـدبوومان، کە دەرز تەواو بوو، دواتر زانیمان ئەم زرتە زەلامە موشریف بوو، مامۆستاش بۆ ئەوەی لای موشریف وای پیشان بدات کە دەرزەکەی باش شەرح کردووە و تەلەبەکان زیرەکن، بۆیە دەرزی پێشـووی شـەرحەکرد، بەڵـێ ئەوکـاتە مامۆستا یەکەمجار درۆی لەگەڵ خۆی کرد، دواتر درۆی لەگەڵ موشریف کرد، ئینجا بە کردار ئێمەی فێری درۆ کرد.

کاتێ ئێمە ئەمانبینی مامۆستا بۆ ئەوەی لێـی بترسـین بە درۆ ئەیـوت چۆلەکەم هەیە، کاتێک ئەمانبینی مامۆسـتا لای موشـریف درۆی ئەکـرد، ئێمەش وامان ئەزانی کە درۆکردن ئاساییە بۆ بەرژەوەندی خۆت بیکەیت، ئاخر ئێمە مامۆستامان زۆر لا گەورە بوو، پێمان وابوو مادەم مامۆستا لای ئاساییە درۆ دەکات کەواتە درۆکردن ئاسـاییە، بەڵـێ بەو جـۆرە مامۆسـتا درۆکردنی فێرکردین.

کاتێک بوومەوە بە مامۆستا ئینجـا زانـیم بەشـێکی زۆری مامۆسـتاکان لەسـەر درۆکـردن بەردەوامـن، بە دەم دەڵـێن ئـێمە هەمـوو شـتێک بـۆ خزمەتی تەلەبە و فێربوون دەکەین، بەڵام ڕاست ناکەن هەموو ئیشێکیان بۆ ڕازیکردنی موشریفەکان و سەروو خۆیانە، ئەوەی لایـان گرنـگ نەبێـت تەلەبە و فێربوون و داهاتووی خوێندکارە.

هەر درۆکردن نا، مامۆستا زۆر شتی ناشرینتریشی فێرکردین، بۆ نمونە فێری جاسوسی کردین، فێریکردین ببینە سـیخوڕ، کە منـاڵ بـووین زۆر دڵمان بەوە خۆشبوو کە مامۆستا ئەرکێکمان باتێ، بەوە وامان ئەزانـی کە لە هاوڕێکانمان باشترین بۆیە مامۆستا ئەو ئەرکەمان ئەداتێ، نەمان ئەزانی مامۆستای نەخوێنەوار لە نەزانین و بێ دەسەڵاتی خۆی فێری جاسوسی و سیخوڕیمان ئەکات.

کە مناڵ بـووین دەنگـۆ لە پۆلەکەیـا بـڵاو ئەبـۆوە کە مراقیبـی سـڕی دانراوە، کەس نەیەزانی کێیە مـراقیبە سـڕیەکە، بەڵام ئەوە ڕوون بـوو کە مامۆستایەکی نەخوێنەوار خوێنـدکارێکی بە نهێنـی کـردووە بە جاسـوس بەسەر هاوڕێکانیەوە و پێی وتووە چی ڕوویدا بۆم باس بکە.

خوێنـدکارەکەش بـۆ ئافەرینێـک و دەرەجەیەکـی مامۆسـتا ئامـادەبوو جاسوسی بەسەر هاوڕێکانیەوە بکات، بـۆ ئـافەرینێکی مامۆسـتا ئامـادەبوو هاوڕێکەی بفرۆشێت، هەر ئەم مناڵەیە کە گەورە دەبێت و دەبێتە خـاوەن پۆست و پلە و پایە ئامادەیە جاسوسی بەسەر شار و وڵاتی خۆیەوە بکـات بۆ ئافەرینێکی سەروو خۆی.

بەڵـێ لە منـاڵیەوە مامۆسـتایەکی نەزان کە پێیـان ئەڵێـین واعیـز یـا مامۆستای نەخوێنەوار وا فێریکردبووین کە جاسوسی بکەین.

وەڵا عەیب نییە ئەمە ئەڵێم ڕەنگە مامۆستای ئێستا پێی هەزم نەکرێ، بەس ئێمە هەڵە پەروەردە کراوین، مامۆستاکانمان نەیـانتوانی حەقـی ئەو پەیامە بدەن کە هەڵیان گرتووە، بە هەڵە ئێمەیان فێری زۆر شتی ناشرین کرد، ئێمەیان لە زۆر شتی باش مەحروم کرد بە نـاوی پەروەردەوە، بـۆیە

هەمووومان تا خوێندنیشمان تەواوکـرد ڕقمـان لە مەکـتەب و خوێنـدن و کتێب بوو.

هەر لە منداڵیەوە بە مامۆستا و مەکتەب ئەیانترساندین، ئەیـانوت فـڵانە شـت بـکەن مامۆسـتا لێتـانەدا، ئەوە نەکەی بە مامۆسـتا ئەڵـێم لێتبـدا، مامۆستایان وەک دێوەزمە لە مێشـکمانا وێنـاکردبوو، بـۆیە هەر بە ڕقەوە دەچـووینە مەکـتەب، لەکاتێکـدا لە وڵاتـانی تـر ڕۆژی یەکەم بە گـوڵ و شیرینی پێشوازی لە قوتابی ئەکرێت و مەکتەب و مامۆستا و خوێنـدنیان لا خۆشەویست دەکەن.

ئێمە بەجۆرێک مەکتەبمان لا شوێنێکی نـاخۆش و ترسـناک بـوو، کە دەرزی شەشەم تەواو ئەبوو، ئەمانوت (بەربووین)، وەک بڵێـی لە زینـدان بەربووین، تا ڕادەیەک واشبوو مەکتەب بۆ ئێمە وەک زیندان بوو، شوێنی جۆرەها سزای دەروونی و جەستەیی بوو، تەنانەت کەسوکارمان کە ئەهاتن بۆ مەکتەب بۆ هەواڵپرسینمان تا بزانن زیرەکین یان نا بە مامۆسـتاکانیان ئەوت گۆشتەکەی بۆ ئێوە و ئێسقانەکەی بۆ ئێمە ئاخر خۆ نامـانکەنە نـاو نۆکاو نا واتە بە ئارەزووی خۆتان تێیان هەڵدەن.

جۆرەها سزای دەروونی و جەستەیی لە مەکتەب بینیمـان، سـەردەمی زوو مامۆستای چەقبەستوو چۆن حەزی فێربوونیان لا دروست ئەکـردین؟ بە شـەق و زلە و لەسـەر یەک قـاچ وەسـتان و هەنـدێ جـاریش بـۆ شـکاندنمان لە پـۆلا لە تەنیشـت تەلەبەیەکـی ڕەگەزی بەرامـبەر دایـان ئەنایت.

ئێمە پەروەردەی ژێردەستی ئەو واعیزانە ئەوەنەی خەمی ئەوەمان بوو کە سبەی مامۆستا لێمان نەدات، لەسەر یەک قاچ نەمان وەستێنێ، لە پۆلا نەمانشکێنێ ئەوەنە خەیاڵمان لای ئەوە نەبوو کە چی فێرەبین و بۆ فێرەبین بۆ ئەبێ فێربین؟ لەژێر دەستی ئەو واعیزانە ئەوەی گرنگی پێ نەئەدرا حەزی فێربوون بوو، بەڵکو لەبری ئەوە بە زەبری شەق و زلە و دار و سوکایەتی بە زۆر فێری سرودی نیشتمان و زانستیان ئەکردین، تەنانەت وانەکانی ئاینیش هەر بە لێدان لێیان ئەپرسینەوە، مامۆستایەکی نەخوێنەواری ئافرەتمان هەبوو ئاینی پێ ئەوتین خۆی سفور بوو، بەڵام لەسەر ئەوەی وانەیەکمان باش لەبەر نەئەکرد ترسی دەرکردن لە پۆل و لێدان مێشکی داگیر ئەکردین ئیتر بەو جۆرە چۆن لە وانەکە تێئەگەشتین؟!

پەروەردە و فێرکردن لە سەردەمی ئێمە بەو جۆرە بوو، ئەوەی گرنگی پێنەدرایە حەزی فێربوون و تێگەشتن بوو، لەبری ئەوە مامۆستا بەس خۆی زاڵ ئەکرد و بەس بیری لە کۆنترۆڵکردن و ئەوە ئەکردەوە چۆن خۆی وا پیشان بدات کە تەلەبە لێی بترسێت.

نزیکەی سەعاتێک بوو بەڕێوبەری پەروەردە و موشریف و لیژنەکە لە ئیدارە دانیشتبوون و باسی چەند بابەتێک کرا، منیش هەر وا لە فکرا ڕۆچووبووم و بیری ئەوکاتانەی سەردەمی خۆمم کەوتەوە کە لە کاتی ئێمە مامۆستا چۆن بوو و ئێستاش سەردارەکان درێژەپێدەری ئەو پەروەردە هەڵەیەن، دوای سەعات و نیوێک لیژنەکە و موشریفەکە ڕۆیشتن و مەکتەبەکە هاتەوە باری ئاسایی خۆی و دەرزەکانمان خوێند و





کات بووە نیوەڕۆ و تەلەبەکان ڕۆشتنەوە و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ شوێنی حەوانەوەمان بۆ داخلی.

لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ دەوامم بەیانیان بوو، نیوەڕۆش ئیشێکم لە شار هەبوو و چووم و دەمەو ئێوارە گەڕامەوە بۆ لادێکە، شەو دوو برادەرم هاتبوون، تا نزیکی سەعات یانزە و نیو دانیشتین و دەمەتەقێمان ئەکرد، سەعات یانزە و نیو ئەوان ڕۆیشتین، منیش چونکە ئەمڕۆ دوای بەیانی هیچ نەخەوتبوومەوە زۆر هیلاک بووم، ڕاست لە شوێنی خۆما خەوم لێکەوت.

بە دەنگی دەرگا و هاوارکردنەوە خەبەرمبۆوە، یەکێک هاواری ئەکرد مامۆستا مامۆستا فریامکەوە... مامۆستا فریاکەوە.

بەپەلە چووم بەرەو دەرگاکە، لەودیو دەرگاکەوە بینیم سەردار بوو، خەریبوو دەرگاکەی لە بن دەرەهێنا لەسەر یەک پیا ئەکێشا و بانگی ئەکرد، دڵم داخورپا وتم ئەبێ چی بوبێ، سەیری موبایلەکەمم کرد سەعات یەک و چارەکی شەو بوو، وتم چیبووە مامۆستا؟

**مامۆستا سەردار:** مامۆستا کورە جارێ ئێوارەیە کەی کاتی خەوە، وەڵا شازادە دەسکاری موبایلەکەمی کردووە قفڵ بووە ناکرێتەوە تۆ دەسوپلی موبایل هەیە بزانە بۆم چاک ناکەی.

**من:** مامۆستا ڕەحمەت لێبێ وتم ئاخۆ چی بوبێ، ئێ خۆ موبایلەکەت دۆسیەی ئەتۆمی تیا نییە قوفڵ بووە قوفڵ بووە، چاوەڕێوکردایە سبەی بۆم چاکەکردی.

مامۆستا سەردار عادەتێکی خراپی هەبوو، جـا بڵـێن چ شـتێکی باشـی هەبووە تا خراپیەکانی بژمێرم، بەڵێ عادەتێکی خراپـی هەبـوو، کەسـێکی ئەنانی بوو کەسایەتییەکی نێرجسی هەبوو، وایەزانی ئەو عالەمە هیچ ئیش و کاریان نییە دانیشتوون ئیشی ئەو جێبەجێ بکەن، هەرچی بوتایە ئەبوو ڕێک لەو کاتەیا بۆت بکردایە دواخستنی نەبوو، خۆ ئەگەر بتوتایە نـایزانم یا کاتێکی تر بۆتەکەم، ئیتر لەژێر لێوەوە دەسی ئەکرد بە مینگە مینگ و تەعلیقدان.

شازادە کوڕە بچوکەکەی مامۆستا سـەردار بـوو، نـاوی سـیڤەر بـوو لە خۆشەویستیا پێیان ئەوت شازادە، بەجۆرێک خۆشیئەویسـت لای ئاسـایی بوو نیوەشەو مەلای مزگەوتەکە بنێرێ بۆ کڕینی چلورەیەک بۆ شازادە.

هەرچۆن بێ ئەمزانی ئەگەر بۆم چاک نەکردایە یا مینگە مینگی ئەکرد یا هەر نەئەڕۆیشت ئەبوو هەر بیکەم، موبایلەکەم لێسـەند و سـەیرم کـرد وتم بزانم چیەتی، خـراپ تێکیـدابوو، هەرچەن سـەرمهێنا و سـەرم بـرد ئەمویست لەڕێگەیەکەوە بیکەمەوە پێویستی بە کـردنەوەی قفـڵ و ڕەمـز نەبێ، زۆرێک لە بەشـەکانم تـاقی دەکـردەوە، لەو کاتەیـا سـەردار لـوتی هێنابووە بناگوێم، دەسم ئەبـرد بـۆ هەر بەشـێک هـاواری لـێ بەرزەبـۆوە ئەهـااااا مامۆسـتا ئەوە نەکەیـتەوە ڕەسـمی تیـایە، ئەهـاا مامۆسـتا ئەوە مەکەرەوە ڕەقەمـی تیـایە، وەیەزانـی ئەم خەڵـکە ئـیش و کـاری نیـیە دانیشتوون سەیری ڕەسم و ڕەقەم تەلەفونەکانی ئەم ئەکەن، پیاوێک بوو، تا بڵێی دڵی پـیس بـوو، هەمووکـات لەخـۆی بە گومـان بـوو، دوو کەس بەیەکەوە قسەیان بکردایە، گـوێی ئەگـرت بزانـێ چـی ئەڵـێن، هەمیشـە

وایەزانی هەموو کەس باسی ئەو ئەکەن، جا ئەو جۆرە کەسانە بەردەوام لە قەلەقـی و دوودڵـی ئەژیـن و هەرگیـز ئیسـراحەت نـاکەن، لە سـەیرانی مەکتەبـیش هەمووکـات تەلەبە کـوڕ و کچەکـانی جیـائەکردەوە، بەجیـا دایەنان و لەوێش دەسی ئەکرد بە نەسیحەتکردنیان.

لەوکاتەیا کە خەریکبووم موبایلەکەم بـۆ چـاکەکرد، وتـی ئـا مامۆسـتا تەلەفونەکەی خۆتم بەرێ تەلەفونێ بۆ ماڵەوە ئەکەم.

موبایلەکەی خۆمم پێدا و تەلەفونی کرد، دوای تۆزێک وتی نا حەوکـوڕ گیان ئێستا بابە یەتەوە ولی ولی ولی پتی پتی پتی هیـو هیـو هیـو ئەوە هاتمەوە.

تەلەفونەکەی داخستەوە، وتم مامۆستا ئەوە چی بوو؟

**مامۆستا سەردار:** قوربانی بم شازادە ئاوا نەبـێ خەوی لـێ نـاکەوێ ئەبێ هەموو شەوێ ئاوا یاری بۆ بکەم تا ئەخەوێ.

بیرمکردەوە ئەم کابرا لە مەکتەب چۆن کەوتۆتە گیـانی ئەو تەلەبـانە و جار جاریش لە مزگەوت مناڵ بە تێهەڵدان ئەیات و لای بـاوکی شـکاتی لێ ئەکا، بۆ مناڵی خۆیشی چۆنە؟! ئەمە چ ویژدانێکە؟! هەندێ جار ئەڵێم لە هەر شوێنێک ویژدان بوونی نەبوو بـزانە مامۆسـتایەکی لەو جـۆرە لەو شـوێنە هەیە، هەرگیـز لە شـوێنێکا مامۆسـتای نەخـوێنەوار و ویـژدان کۆنابنەوە.

وەلحاڵ زۆر خەریکی موبایلەکەی بووم کە شتەکانم تـاقی ئەکـردەوە و لەبەرخـۆمەوە ئەمـوت ئەمەیە ئەمە نیـیە و ئەمەی بـۆ وایە، جـار جـار



بەحسابی خۆی ڕائەبێرێ ئەیوت هههه مامۆستا بۆ تەلەفونێ بۆ کۆمپانیای موبایلەکە نەکەم بڵێم خەبیری تەکنەلۆژیاکەمان سەری لێ دەرناکا.

جا ئیتر ئەگەر وەک خۆی جوابی ئەدەیتەوە عەیبە بە تەمەن گەورەترە جوابیشی نادەیتەوە لە قسەنەئەکەوت، ئاسـاییە ئینسـان شـتێک نەزانـێ، بەس گێلێتیـیە نەزانیـت و هەوڵـی فێربـوون نەدەیـت و شـانازیش بە نەزانینەکەتەوە بکەیت و خۆت بە نوخبە بزانی، وەکتریش بتوتـایە خـۆت فێربکە تۆ مامۆستای پێویستە ئەو شتانە بزانی ئەیـوت تـۆ خـۆو بە شـت ئەزانیت و شانازی بەوەوە ئەکەیت کە لە موبایل ئەزانـی، یەکسـەر لـوتی ئەکرد و هەفتەیەک خۆی گرژ و مۆن ئەکـرد، ئەو کـابرا کەسـایەتییەکی نێرجسی هەبوو حەزی ئەکرد پشتگیری قسەکانی بکەیت و پێی نەڵێی تۆ هەڵەی، ڕەخـنەی قبـوڵ نەئەکـرد، هەمـوو کـات حەزی بەو شـوێن و مەجلیسانە بوو کە خۆی وەک سەرکردە و پاڵەوان تیا دەربکەوێ بۆ نمونە مەجلیسی پیـاوە بەتەمەنەکـان کە هەمـان فکـری پیاوسـالاریان هەبـوو، مەجلیسـی نەخوێنەوارەکـان کە ئەمیـان بە مـوقەدەس ئەزانـی، هەمـوو کـاتێکیش خـۆی لەو مەجلیسـانە دورەگـرت کە باسـی ئەکـادیمی و تەکنەلۆژی تیایە، حەزی ئەکرد نوقتەیەکی زوعف لە کەسێکا بدۆزێتەوە و بیکا بە ڕابواردن، وەکتر سوعبەتێک لەگەڵ خۆیا بکـردایە بەدڵـی نەبـوایە لوتی ئەکرد.

هەرچۆن بوو موبایلەکەم بۆ چاککرد و کـات نزیکـی دووی شـەو بـوو، خواحافیزبوونم لە مامۆستا سەردار کرد و چوومەوە ماڵ و خەوتم.

بەو جۆرە ڕۆژ هـات و ئەچـوو و لەگەڵ سـەردار زیـاتر ناکۆکیمـان بـۆ دروست ئەبوو، چەندین جار کە منی ئەبینی یـا لە مەجلیسـێکا بووینـایە ئەیوت ئێوە پێتان وایە بۆ تەلەبەی ئێستا هەمووی ئاسـتی دابەزیـوە مـن ئەڵێم هەموو هۆکارەکەی موبـایلە، بە ئاشـکرا ئەیویسـت قسـە بکەیـت و جـوابی بـدەیتەوە، پێـی شـەرم نەبـوو هەمـوو کـات بەرگـری لەو فکـرە دواکەوتووەی خۆی ئەکرد و هەندێ جاریش ئەیکرد بەنـاوی سـوعبەت و ڕابواردنەوە.

ڕۆژێـک بـۆ ئیشـی قوتابخـانە لە پەروەردە بـووین، ئەبـوو فۆڕمێـک پڕبکەینەوە بە موبایل دواتر بارکۆدێـک دەرەچـوو هەرکەسـە و بـارکۆدی خۆی پرینت بکات و بیباتە بەشی یاسا، بۆ داغڵبوونی فۆڕمەکە پێویسـتی بە دانانی جیمەیڵ و ئەکاونت بوو، ئەویش هیچی لێ نەئەزانی هەر لەوێ موبایلەکەی دا بە برادەرێکی وتی ئەو جێڵ و شتەم بۆ دروستکە کاکە من کاتم نییە خەریکی ئەمە بم.

دوبارە کەوتمەوە بیرکردنەوە و لە دڵی خۆما ئەموت، لە چ سەردەمێکدا ئەژین! کابرا بە دەمی خۆی باسی گێلێتـی و دواکەوتـوی خـۆی ئەکـا و شانازی پێوە ئەکا بەحساب ئیشێکی باشی کردووە کە لە سـەردەم خـۆی دابڕیوە، بەڵام کاتێک من پێی ئەڵێم مامۆستا ئەبێ لەگەڵ سەردەم خـۆی بگونجێنێت، بە من ئەڵێن خۆبەزلزانە و شانازی بەخـۆیەوە ئەکـات، بـۆیە هەموو کات ئەبێ ئێمە بێدەنگ بـین تـا ئەوان بە ئیسـراحت شـانازی بە دواکەوتووی خۆیانەوە بکەن.

بەم جۆرە ساڵی یەکەم کۆتایی هات، کارت درایەوە بە خوێندکارەکان و خەڵات درا بە یەکەمەکان.

پشووی هاوین بوو لەماڵەوە خەریکی دانـانی پـلان و بەرنـامەبووم بـۆ ساڵی تـازەی خوێنـدن، بـاوەڕم وایە، مامۆسـتایەتی تەنـانەت ئەگەر وەک پیشەش سەیری بکەیت مادەم هاوینەکە مـوچەکەی وەرەگـری پێویسـتە ئەرکەکەشی جێبەجێ بکەیـت، ئەگەر وەک پەیـامیش سـەیری بکەیـت، پێویستە ئەوەی پێتەکـرێ بیکەیـت و چ شـتێک کارئاسـانی دەکـات بـۆ خوێندکار بیکەیت و جگە لە خوێندنی مەنهەج کۆمەڵێ شتیان فێربکەیت کە لە سەردەمی خۆیاندا هەیە، قسەیەک هەیە وەک دەڵێن هی ئیمـامی عەلییە خوا لێی ڕازی بێت، نازانم تا چەنـد قسـەی خـۆیەتی یـا دراوەتە پاڵی، بەڵام بەڕاستی قسەیەکی جوان و کاریگەرە ئەگەر بتوانیـت هەزمـی بکەیت و جێبەجێی بکەیت ئەویش ئەوەیە کە دەڵێـت "منـداڵ پەروەردە بکەن بۆ سەردەمی خۆیان نەک بۆ سەردەمی خۆتان" واتە منـداڵ بـۆ ئەو سەردەمە پەروەردە بـکە کە ئەو تیایـدا ئەژی نەک ئەوەی کە خـۆت تیـا ژیاوی.

حەزم بە پیشەی مامۆستایەتی بوو، تەنانەت ئەگەر موچەشـی نەبـوایە، چونکە پێموابوو مامۆسـتایەتی پەیـامە، مامۆسـتایەتی هەلێکـی باشـە بـۆ ئەوەی ئەو زانستەی کە پێتە بیگەیەنیت و لە دنیا و دواڕۆژیش سودی بۆ خۆت چواردەورەکەت هەبێت.

لە پشووی هاوین بەردەوام پلان و بەرنامەم حازر ئەکرد بۆ ساڵی تازەی خوێندن، بەجۆرێک لە هاوین هەموو شـتم حـازر ئەکـرد، ئیتـر لە کـاتی

دەوام ئیسـراحەت بـووم، بەپـێچەوانەی مامۆسـتاکانی تـر کە لە هـاوین پشوویان وەرەگرت و لەکاتی دەوام ناچاربوون زۆر خۆیان ماندوو بکەن.

ئەو پلان و بەرنامانەی کە حازرم ئەکرد بۆ ساڵی داهاتوو ئەمـانە بـوون (چـالاکی کتێـب خوێنـدنەوە، ئەو وانـانەی کە ئەیڵـێمەوە بە کـرداری، پێشبڕکێ و چالاکی جۆراوجۆر، کورتە ڤیدیۆی هاندان و گەشەپێدان).

هەر هـاوین لەگەڵ بەڕێـوبەری قوتابخـانە قسـەم کـرد وتـم بـا کتێبخانەیەکی گەورە لەناو مەکتەبەکە دروستکەین و سـاڵانە پێشـبڕکێی کتێب خوێندنەوە بە تەلەبەکان بکەین، بەڕێوبەریش زۆری پێخۆشبوو وتی ئیشێکی زۆر باشە مـن هەوڵەدەم دروسـتی ئەکەم، منـیش وتـم منـیش کتێب کۆئەکەمەوە.

بەڕێوبەری قوتابخانە ناوی مامۆستا ئەرکان بوو، کەسێکی تێگەشـتوو و بیرفراوان بوو، لە گرنگـی خوێنـدنەوە و چـالاکی و پەروەردە و فێربـوونی سـەردەم تێگەشـتبوو، بەردەوام حەزی دەکـرد چـالاکی بـۆ تەلەبەکـان ڕێکبخات، ئەویش چونکە بە تەمەن لە سەردار مناڵتر بوو، زۆر تەبیعەتـی سەرداری بەدڵ نەبوو، بەڵام لەڕوویشی نەئەهات پێـی بڵـێ، لەبەر ئەوەی لەبەر تەمەنەکەی کەس لەڕووی نەئەهات بە سەردار بڵێ ئەم فکرانەی تۆ هەڵەیە، ئەویش وایەزانی خۆی لە هەموو کەس ڕاستترە، ببوو بە کەڵەگـا بەسەر مەکتەبەکەوە.

نزیکی مانگی ٩ بوو کە قوتابخانە ئەکرایەوە، چومە بازاڕ و کتێبخـانە بە کتێبخانە ئەگەڕام و تا داشکاندنمان بۆ بکەن و کتێبی زیاترمان پێ بدەن بە نرخی هەرزانتـر بـۆ ئەوەی کتێبخـانەکەی قوتابخـانەکەی پـێ قەرەبـاڵخ

بکەیـن، یەکێـک لە کتێبخانەکـان هەر کە وتـم بـۆ قوتابخـانەمە، زۆری پێخۆشبوو وتی هەموویت بۆ ئەکەم بە دیاری، خاوەنی کتێبخـانەکە بەنـاو کتێبەکانا ئەگەڕا و نزیکەی ٢٠ کتێبێکی بۆ دانام بە خۆڕایی، منـیش زۆر سوپاسم کرد و هاتمە دەرەوە و کتێبەکـانم پێچـایەوە و بـۆ ڕۆژی دواتـر تەلەفونم بۆ بەڕێوبەر کرد وتم کتێبەکانم حـازرکردووە بـا ڕۆژێـک بچـین تەرتیبیکەین تا دەوام نەکراوەتەوە، ئەویش وتی فرە خاسە سبەی حـازربە ئەڕۆین چایەکیش لێ ئەنێین و مەکتەبەکەش ئەشۆین.

بەدڵخۆشـیەوە چـووینەوە بـۆ لادێـکە و هەر کە سـەیارەکەیان بینـی، تەلەبەکان هاتن بۆ مەکتەبەکە و بەخێرهاتنیان کردین و ئەیانوت مامۆستا کەی مەکتەب ئەکرێتەوە، ئەموت بۆ حەزەکەن نەکرێتەوە؟ ئەیانوت نەوەڵا حەزەکەین زوو بکرێتەوە و بێیـنەوە بـۆ دەوام، زۆر حەزیـان بە مەکـتەب ئەکرد، ئەو ساڵە جەوێکی وامان بۆ دروسـت کردبـوون کە مەکتەبیـان لا خۆشەویست ببێت، چونکە پێشتر قەت وانەبـوون و لە مەکـتەب یـاری و چالاکیان پێنەکرابوو.

لەگەڵ قوتابیەکان و بەڕێوبەر مەکتەبەکەمان شـۆرد و کتێبخانەکەمـان چاککرد و کتێبەکانمان دانا و دیمەنێکی جوانی بە مەکتەبەکە بەخشیبوو، لە نزیک کتێبخانەکە مێز و کورسیمان دانا بۆ کتێب خوێندنەوە بۆ کـاتی پشووی نێوان دەرزەکان.

ساڵی خوێندنی نوێ دەسپێکرد و عادەتەن دەسپێکی سـاڵ یەک دوو ڕۆژێک دەوام زۆر جددی نییە هەر تەلەبە کتێب وەرەگـرن و دەوام جیـا ئەکرێتەوە و کـۆمەڵێ ڕێنماییـان پـێ ئەدرێ، دوای سـێیەم ڕۆژ هەمـوو

مامۆستاکان هاتنەوە و بەڕێوبەر تەلەبەکانی لە پۆلێکا کۆکردەوە و هەموومان لەوێ وەستابووین و بەڕێوبەر باسی ساڵی نوێی خوێندنی کرد و وتی کە کتێبخانەمان بۆ دروستکردوون و ساڵێکی خۆش و پڕ چالاکی بەڕێ ئەکەین، ئینجا ڕووی کردە مامۆستاکان و وتی مامۆستایان ئێوەش چیتان هەیە قسەیە شتێک، مامۆستا سەردار وتی مامۆستا من قسەم هەیە، ئیتر دەسی پێکرد بە قسەی دوبارە و هەڵچوون، بەم جۆرە دەسیکرد بە قسە: قوتابیەکان گوێ بگرن ئیتر پشووی هاوین تەواو بوو بۆخۆتان سەردانی ماڵانتان کردووە یاریتان کردووە ئەم هاوینە هەرچی پێتان خۆشبێ کردوتانە و کەس ڕێگری لێنەکردوون لەمڕۆوە ئیتر کاتی مەکتەبە ئەبێ ئەمانە تەرکبکەن، ئێوە بۆ خوێندن هاتوون ئەبێ سەعی بکەن ئیتر موبایلەکانتان لادەن خۆتان بە شتی ترەوە مەشغوڵ مەکەن دوای دەرنەچن ئەبێ دایک و باوکتان بێن بپاڕێنەوە تا دەرتانچێنین وەکو پێم وتون ئیتر تاکە شتێک بۆ ئێوە گرنگبێت سەعییە، چونکە دوای سەعی نەکەیت و دەرەجە نەهێنی ئەسڵەن لە کۆمەڵگا کەس حسابت بۆ ناکات.

قسەکانی تەواو کرد و سەرتیپ هەستایە سەرپێ و وتی: مامۆستا مەرج نییە ئیتر ئەوەی شەهادەی نەبوو و مەکتەبی تەواو نەکرد لە کۆمەڵگا خەڵک بە سوک سەیری بکات، باوکم تا پۆلی سێی سەرەتایی خوێندووە نوسین و خوێندنەوە بە باشی نازانێت، بەڵام هەر لەم مانگەدا سێ سوڵحی بۆ خەڵک کردووە، بۆ چەند کۆڕی گەورە بانگیان کردووە و قسەیان لێ وەرگرتووە، مامۆستا ڕێز و قەدری ئینسان بە شەهادە و دەرەجە نییە.



سەرتیپ تەلەبەیەک بوو، زیرەک نەبوو، هەموو ساڵێ سفرێ یا دوانی تیابوو، زۆربەی ساڵەکان بە پاڵ دەرەچوو، بەڵام تەلەبەیەکی عاقڵ و بەڕێز بوو، تێگەشتوو بوو، زۆر پشتی بە خوێندن نەئەبەست، ئەیویست بەس تا ئەوەنە بخوێنێت بتوانێت بخوێنێت و بنوسێت، بەنیازی تیجارەت بوو.

منیش زۆر بەدڵ لەگەڵ قسەکانی سەرتیپ بووم، چونکە خۆم لە منالیەوە ئەو فکرە لە مێشکمایە کە ئینسان نابێ لەسەر بنەمای دەرەجە و شەهادە هەڵسەنگێنرێت، سەرکەوتن و شکست پەیوەندی بە دەرەجەوە نییە، ئەگونجێ کەسێک یەکەمی وڵات بێت و دەرەجەی ١٠٠ بێنێت، بەڵام دکتۆرێکی نەخوێنەوار و قۆڵبڕی لێ دەرچێت، ئەشگونجێت یەکێک لە پۆلی چوار و پێنج واز لە خوێندن بێنێت، بەڵام خاوەن کارێکی لێ دەرچێت کە بە هەموو واتایەک ئینسان بێت.

سەرتیپ و مامۆستا سەردار بوو بە مناقەشەیان، منیش بۆ ئەوەی کۆتای پێ بێنم و وەزعەکە هێمن بکەمەوە، لەویا بە ناچاری و نا بەدڵی پشتی مامۆستا سەردارم گرت، وتم سەرتیپ قسەکانت ڕاستە دەرەجە پێوەر نییە بۆ سەرکەوتنی ئینسان، بەڵام مادەم ئێستا تۆ لێرە ئەخوێنیت کەواتە ئەبێ هەوڵ بۆ دەرەجە بدەیت.

ئەمەم وت و کۆتایمان بە کۆبونەوەکە هێنا و تەلەبەمان ناردەوە و خۆمان هاتینە ئیدارە.

مامۆستا سەردار یەکسەر دەسی کرد بە بۆڵە بۆڵ و بە منی وت تۆ هاتوویتەتە ئێرە شیرازەی ئەم مەکتەبەت تێکداوە و واو لە تەلەبە کردووە جوابی مامۆستا بداتەوە تەلەبەی جاران کەی وابوو.

منیش وتم ئەوان عاقڵترن بەو منداڵیەوە ئەزانن کە دەرەجە پێوەر نییە بۆ ئینسانیەت ئێوە نازانن، ئێوە هەر ئەوە ئەزانن بخوێنن سەعیکەن نە ئەزانن بۆچی ئەخوێنن نە ئەزانن بۆچی ئەبێ سەعی بکەن دوایش هەموویان تەواوی ئەکەن و ئەبێ بێنە سەر جاددە بۆ تەعینات چونکە هیچ فێرنەکراون تا خۆیان بتوانن ئیشێک بکەن، مامۆستا سەردار زیاتر هەڵەچوو و ئەیوت دە باشە قسەی قۆڕ بەم قسانە مێشکی تەلەبەت تێکداوە وەڵا ئەمساڵ ناهێڵم ئاوا بۆت بچێتە سەر.

ئەمڕۆ زیاتر بەڕوویەکدا هەڵچووین و ئەوەی لە دڵمانا بوو وتمان، ئیتر ئەو کابرا بەو تەمەنەوە کارێکی کرد وای کرد کە هیچ ڕێزێک نەمێنێتەوە هیچ سنورێکی بۆ خۆی نەهێشتەوە وای کرد کە بە ئاسانی بتوانی هەموو قسەیەکی پێ بڵێیت و سڵ لە تەمەنی نەکەیتەوە.

دەسپێکی ئەو ساڵەمان بەو جۆرەبوو، ماوەی یەک دوو مانگێک هەروا دەواممان دەکرد و من و سەردار تەنها سەلامێکمان هەبوو، ئیتر گەشتبوومە ئەو قۆناغەی کە پێم وابوو پێویست ناکات هیچی بۆ ڕونبکەمەوە، چونکە ئەمزانی ئەو کابرا لە قسە تێناگات، زۆرجار مامۆستا ئیسراش ئەیوت مامۆستا سەردار لە هەنێ شت تێناگا ناکرێ وەک کەسێکی گەورە قسەی لەگەڵکەیت، ئەکرێ وەک منداڵێک تێیبگەیەنیت، بەڵام سور بووم لەسەر ئەوەی کە ئیتر هیچی لەگەڵ ناڵێم، چونکە پێم وابوو قسەکردن سودی نییە ئەو یەک هەنگاو لە دواکەوتوی خۆی پاشەکشە ناکا، بۆیە بڕیارمدا منیش پلان و بەرنامەی خۆم جێبەجێکەم و کات بە سەردارەوە نەکوژم، مەگەر بەزۆر کێشەکانی یەخەم بگرن.

ماوەی نزیکی دوو مانگ بوو دەواممان ئەکـرد، بەیانیەکیـان چـووم بـۆ مەکتەب، دەرزی دووەمم خوێند و هـاتمە ئیـدارە، دوبـارە سـەردار وەک مووی لوت هاتەوە بناگوێم و ئیشی پێمبوو، وتی مامۆستا تۆ خەریکی ئەم تەکنەلۆژیا و شتانە ئەبی ئا وەرە بزانم ئەم کامێرایەم بـۆ چـا نـاکەی بـۆم ببەسەرەوە بە موبایلەکەمەوە.

کامێرا مەبەستی داتاشۆ بوو، پێی ئەوت کامێرا ئەیویست داتاشۆکەی بۆ ببەستمەوە بە موبایلەکەیەوە تا لەڕێی داتاشۆکەوە ڤیدیۆی ناو موبایلەکەی پەخش بکات.

موبایلەکەیم بۆ چاککرد و ڕەبتم کـرد بە داتاشـۆکەوە و پـێم وت ئـاوا ڕەبت ئەکرێ بۆ هەر کاتێکی تر کە ویستت بەم جۆرە داتاشـۆکە بـدە لە کارەبا و لە موبایلەکەش ئەم بەشە هەڵبژێـرە ئیتـر شاشـەی موبـایلەکەت ئەچێتە سەر دیوارەکە و ئەوەی ئەتەوێ پیشانی ئەدا، بـۆم چـاککرد و لە ئیدارە چوومە دەرەوە لە حەوشەی مەکتەبەکە لەسەر کورسیەک دانیشتم تا جەرەس لێبدا و بچمەوە پۆل.

دانیشتبووم تا ڕادەیەکیش دڵم خۆشبوو، ئەموت بڵێی مامۆستا سـەردار قسەکانی ئێمە و سـەرتیپ کـاری تێکردبێـت و بـیەوێ لەمەودوا لەگەڵ سەردەم خۆی بگونجێنێت و ئیتر ئەوەنە دژایەتی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن نەکات، بۆ نا خۆ ئینسان ئەگـونجێ قسـەی منداڵێـک یـا کەسـێک کـاری لێبکات و هەست بکا کە خـۆی هەڵەیە و بیەوێـت گۆڕانکـاری لە خۆیـدا بکات و لەگەڵ سەردەم بژی و هەوڵی بەرەوپێشبردنی خۆی بدات.

لەم بیرکردنەوەیا بووم و جەرەس لێیدا، دەرزی پۆلی ٦م هەبوو، چوومە پۆلەوە، لەکاتی دەرز شەرحکردنا بووم، ئەوەنەم زانی دەنگێک وتی ئەوانەی خەریکی ئەمەن گومڕاااااااااان ئەوانە مونافیقن وەڵا ئاگاتان لە خۆتان نەبێ ئەم بەڵایە سەرتان ئەکا بە قوڕا، کورە قیامەت هەیە قەبر هەیە.

لە پۆل هاتمە دەرەوە گوێم لێبوو دەنگەکە لە پۆلی ٥ ئەهـات، چـوومە نزیک پۆلەکە، هەر بەردەوام بوو، دەنگـی مەلایەک بـوو، کە ئەیـوت ئەمە بەڵای ئەم سەردەمەیە هەرچی کێشەی کۆمەڵگا و فەسادییە ئەم موبـایلە بڵاوی کردۆتەوە ئەمە لە هەر ماڵێکا بێت بەڵایە فیتنەیە.

لە دەرگام دا، دەرگایان کردەوە مامۆسـتا سـەرداری لێبـوو، تـومەزە بە داتاشۆکە ڤیدیۆی وتـاری مەلایەک بـۆ تەلەبەکـان لـێ ئەدات کە باسـی زەرەر و زیانەکانی موبایل ئەکات، کاتێک دەرگاکەی کردەوە وتـم عەفـوو مامۆستا نەمزانی تۆی لێی، یەکسەر هاتمەوە بۆ ئیدارە، سەیرم کرد پـۆلی ٥ ئەم دەرزە دەرزی هونەریـان هەیە! بەڵـێ هونەریـان هەبـوو، لە دەرزی هونەر مامۆستای هونەر ڤیدیۆی مەلای مزگەوت بۆ تەلەبە لێـدەدات؟! چ ڤیدیۆیەکیش؟ باسی خراپی موبایل؟!

خەریبوو تێکەچـووم ئـاخر بەجـددی ئەم مامۆسـتا لەوانەیە قسەیشـی لەگەڵ بکەیـت باسـی حەرام و حەڵاڵیـت بـۆ بکـا، لەکاتێکـا کـابرا تـۆ مامۆستای هونەری پۆلەکە دەرزی هونەریـان هەیە لەبـری ئەوەی دەرزی خۆت بڵێیـتەوە کە ئەرکە لەسـەر شـانت، دێیـت ڤیـدیۆ ئەخەیـتە سـەر داتاشۆکە و خۆت و ئەوانیش دائەنیشن گوێی بـۆ ئەگـرن؟! قەینـا خـۆت نەخۆشی دەروونیت لەگەڵ موبایل هەیە بەس هەی بێ ئینساف تۆ ئێستا

ڤیدیۆکە بە موبایل لێ دەدەیت، واز لەوەش بێنە تـۆ کە ئەتەوێـت تەلەبە نەسیحەتت لێ وەرگرێ، لانیکەم شەو خـۆت گـوێ بـۆ وتـارەکە بگـرە و خۆت قسە بۆ تەلەبەکان بکە و پەیامەکەتیان پێ بـگەیەنە نەک بێـدەنگ دانیشی و ڤیدیۆی مەلایان بۆ بێنیت، ئاخر هیچ نەبێ با تەلەبە نەزانن کە خۆت چەند هەگبەت بەتاڵە.

تەلەبەی داماوە گوناحی چییە لە ماڵەوە نەسیحەت ئەکرێ لە مزگەوت مەلا هەر نەسیحەتی ئەکا ئەچێتە تیکتۆک هەر وتارە و نەسیحتی ئەکەن، تۆیش لە مەکتەب لەباتی دەرزی هونەرەکە ڤیدیۆی مەلات بۆ هێناوە، خۆ من ناڵێم کاری مەلاکان باش نییە، بەس هەموو شتێک بۆ شوێنی خـۆی لە دەرزی ئاین نەسیحەتیان بکا بەس لە هونەرەکە حەقـی دەرزی خـۆی بدەیە.

چوومەوە پۆلی ٦ و دەرزی خۆمم شەرحکرد و جەرەس لێیدا نەهـاتمە ئیدارە یەکسەر چوومە حەوشە، یەک دەرزم مابوو، ئەو دەرزەشـم وتەوە و نەوەسـتام یەکسـەر گەڕامەوە بـۆ داخلـی و نـانی نیـوەڕۆم خـوارد و سەرخەوێکم شکان، بە دەنگی تەلەفـونەوە خەبەرمبـۆوە، ئـارام تەلەفـونی کرد، وتی سبەی جومعەیە دەوام نییە ئەمشەو شوانە و عبـدالرحمان یەن بـۆ ئێـرە تـۆیش وەرە جەوێکـی داخلیـانە و وەک سـەردەمی زانکـۆ دروستەکەین نیە و ناکرێ ئەمانە نییە ئەبێ هەر بێی، وتم باشە وەڵا خـۆ ڕاستەکەی تۆزێ مێشکیشمان ئیسراحەتکا و لە جددیات دورکەوینەوە.

ئارام تەلەفونەکەی داخستەوە، دە دەقەیەکی پێنەچوو تەلەفونێکی تـرم بۆ هات ڕەقەمێکی نەناسراو بوو، هەڵم گرت وتی مامۆستا چۆنی دەنـگ و باست؟!

جوابم دایەوە و چاک و چۆنیمان کرد، کاک حەبیب بوو، وتی مامۆستا وەڵا بۆ ئیشێک تەلەفونم بۆ کردووی بەس بە تەلەفـون نـاکرێ حەزەکەم بوبینم و سبەی دەوام نییە وەرە بـۆ شـار و نیـوەڕۆش دەعـوەتی منیـت، نانێک ئەخۆین و بۆت باسەکەم ئیشەکەم چییە.

تا ئێوارە لەخۆمەوە بیرم ئەکردەوە کاک حەبیب ئەبێ ئیشی بە من چی بێت؟! هیچ پرۆژە و ئیشێک من و ئەو کۆناکاتەوە، بڵێـی تەلەفیزیـۆن یـا ئامێرێکی ماڵەکەیان یا کۆمپانیاکەی تێکچووبێ بۆی چـاک بـکەمەوە؟ نـا بڕواناکەم خۆ قابیلە وەستا بڕان نییە لەو شارەیا، شتێ وا بوایە وەستایەکی بانگ ئەکرد، بڵێی ئیشی چی بە من بێت وا وتی بە تەلەفون ناکرێت؟!

کاک حەبیب مامی یەکێک لە قوتابییەکان بوو، لەدوای ئەوکاتەوەی کە هاتە قوتابخانەکە ئیتر تا ڕادەیەک لەگەڵی بـووینە بـرادەر، ئەو کەسـێکی بەڕێز و قسەزان بوو، لە پۆلی ١٠ وازی لە خوێندن هێنـابوو، دوای چەنـد ساڵێک وەستای بۆیاخ بوو، دواتر کۆمپانیای ئاڵوگۆڕی دراو دادەنێت، ئێستا خـاوەنی کۆمپانیـای ئـاڵوگۆڕی دراوە و کەسـێکی دەوڵەمەنـدە، بەڵام هەمووکات وەک کەسـێکی سـادە هەڵسـوکەوت دەکـات، زۆر مـتەوازع و خۆبەکەمزانە، هەرکەس پێویستی پێی بێت بە دڵسۆزی یارمەتی ئەدا، لەو جۆرە کەسانەیە کە لەگەڵ مناڵ وەک مناڵ تەعامول ئەکـا لەگەڵ گەورە

وەک گەورە لەگەڵ پیر وەک پیر، لەگەڵ هەموو کەس و چین و توێژێکدا خۆڕێکخەرە.

کات نزیکی ئێوارە بوو، بەڕێکەوتم بەرەو داخلیەکەی ئارام، شوانە و عبدالرحمانیش لەوێ بوون، شوانە و عبدالرحمان هەردووکیان ٧ ساڵێک ئەبوو ئەمناسیتن، چونکە هەرسێکمان لە زانکۆ لە یەک بەش بووین، لەگەڵ عبدالرحمان لە داخلیش لە یەک ژوورا بەیەکەوە بووین، یادگاری و بەسەرهاتی داخلی و زانکۆمان زۆربوو، بەجۆرێک لە هەرشوێنێ یەک ببینین بۆ قسە دانامێنین، دایمەن مەجلیس و بەسەرهاتمان هەیە، بەڵام بەهۆی مەشغوڵی ئیش و کارەوە ئەم چەند ساڵە کەم یەکمان ئەبینی، ئەمشەو بەهۆی ئارامەوە یەکمان بینیەوە کە ئارام ساڵی پار ناسیتم و مامۆستای تازە دانراوبوو، چونکە هەموومان یەک ئاست و یەک چین و توێژ بووین لەگەڵ ئەوانەش کە تازە یەکمان ئەناسی زوو لەگەڵ یەک ئەکراینەوە.

شەو دەمەتەقێمان کرد و ئەوەی مەوزوع بوو خۆمان لێ ئەدا و قسەمان تیا ئەکرد و جار جار جەوەکەمان ئەکرد بە قسەی خۆش و سوعبەت و پێکەنین و جار جار یاریکردن و تا درەنگانی شەو بەوجۆرە کاتمان بەسەربرد، شوانە وتی خوا ڕەحمی پێکردووین جومعەمان هەیە تۆزێ ئیسراحەت بکەین و لە دەوام دورکەوینەوە، منیش وتم لای ئێمە ئەمڕۆش جومعە بوو (بەپێکەنینەوە) شوانە پرسیتی بۆچی؟

**من:** لای ئـێمە مامۆسـتایەک هەیە لەو دواکەوتـووە مێشـک وشـکانە عبدالرحمان ئەزانێ، جا هەموو ڕۆژێ بەردەوام باسی زەرە و زیانی موبایل ئەکا، خۆی قسەی پێنەماوە، ئەمڕۆ ئەڕوانم بە داتاشۆکە ڤیدیۆی مەلایەکی خستۆتەسەر و لە پۆلا وتاری مەلا لێ ئەدا و باسـی خراپیەکـانی موبایـل ئەکا.

**شوانە:** هەر بەجددی شتی وا هەیە؟!

**من:** ئەگەر بڕواناکەی ڕۆژێ وەرە و خۆو هەموو شت ئەزانـی، ئـارام بە دە دەقەی ڕێگاکە ناسیتی کێیە.

بۆ بەیانیەکەی لەگەڵ شـوانە و عبـدالرحمان چـووین بـۆ شـار، کـاتی نزیکی نیوەڕۆ بوو، ڕۆژی هەینی بوو، ئەبوو بچین بۆ نـوێژ، لە مزگەوتێـک جومعەمان کرد، دواتر ئەوان ڕۆشتن و منیش چووم بۆ ماڵ کاک حەبیب، بەخێرهـاتنی کـردم و چـووینە قـاتی سـەرەوە لە بـالکۆنەکە دانیشـتین، بالکۆنەکە بە تەواوی ئەیڕوانی بەسـەر دەرەوەی خـانوەکە، لەو کـاتەدا کە ئێمە دانیشتبووین چەند کرێکارێک لە ماڵ کاک حەبیب ئیشیان دەکـرد، مەخزەنەکەی تەعمیـر ئەکـردەوە و قـاتی خـوارەوەی دەسـکاری ئەکـرد، ژورێکـی تێکـدابوو، ئەیویسـت بیخـاتە سـەر مەخـزەنەکە و مەخـزەنەکە گەورەتر بکـات، لەو کـاتەدا بینـیم یەکێـک لە کرێکارەکـان پیـاوێکی بە تەمەن ٤٠ ساڵان ئەبوو، بلۆکی بە شان هەڵەگرت و لە خانوەکە ئەیهێنـایە دەرەوە و ڕیزی ئەکرد، لەخۆوە وتم با یەک دوو بلۆک یارمەتی بـدەین و دوای بە ئیسراحەت باسی پرۆژەکەش ئەکەین، وتی لێگەڕێ مامۆستا!

به قسەکەی بێدەنگ بووم، زۆرم لا سەیربوو، چونکە کاک حەبیب کەسێک بوو یارمەتی هەموو کەسێکی ئەدا، زۆر لای ئاسایی بوو لای هەزار کەسا دانەوێتەوە قەیتانی پێڵاو بۆ منالێک ببەستێ، هیچ خۆی بە گەورە نەئەزانی، بەڵام بۆ ئەمە زۆر لام سەیربوو کە وتی لێگەڕێ مامۆستا، بۆیە دوای تۆزێ بێدەنگ بوون، وتم: کاک حەبیب ئەمە تۆ نیت! بۆ نابێ یارمەتی بدەین؟

**کاک حەبیب:** ئێیی مامۆستا! لەوانەیە قسەکەی من هەڵە بووبێ، بەس ئەو پیاوە مامۆستایە، بەس لەگەڵ ڕێزم بۆ تۆ ئەوەنەم پێخۆشە کە مامۆستا ئەبینم دوای دەوام کرێکاری ئەکەن و لەژێر بلۆکا نقەیان یەت، لەخۆمەوە زۆرم پێخۆشە کە مامۆستا ئیشەکانی تر تاقی بکاتەوە، چونکە زۆریان بە ئێمە ئەوت نەخوێنن ئەبێ کرێکاری بکەن ئەبێ بلۆککاری بکەن، ڕۆژ نەبوو سوک و ڕسوامان نەکەن، کە هاواریان ئەکرد بە سەرمانا خەریبوو قنیان ئەهاتەدەرەوە ئەیانقریشکان و ئەیانوت دەرنەچن ئەبێ بچن کرێکاری بکەن کەس حسابتان بۆ ناکا، فەرموو ئەوە ڕۆژگار پیشانی دانەوە چەند کەس هەبوو دەرنەچوو، بوو بە خاوەنی هەموو شتێ، چەند کەسیش دەرچوو و بوو بە مامۆستا، بەڵام بە ناچاری لەدوای دەوام خۆی توشی کرێکاری بوو، لە کاتێکا مامۆستاکانمان دایمەن جگە لە پیشەی خۆیان و شەهادەی بەرز هەموو پیشەکانی تریان لا سوک ئەکردین، وایانئەزانی شەهادە هەموو شتێکە، دەی فەرموو ئێستا چەندین خاوەن شەهادە هەن لە کۆمپانیای بێ شەهادەیەکدا کار دەکەن.

**من:** تا ڕادەیەک وایە سەردەمی ئێمەش مامۆستا زۆربەی وابوو، بەس قسەکە ئەوەیە ئەو قسە کێ ئەڵێ ئەو مامۆستا کردویەتی کە ئێستا کرێکاری بۆ تۆ ئەکا؟

**کاک حەبیب:** مامۆستا بەخوا زۆربەیان یەک مەکینەیان هەیە، کاتێک لەو حاڵەتە ئەیانبینی ئەکوروزێنەوە، بەڵام یەک تۆز حاڵیشیان باشبێت و ڕۆژی خۆیان بێت، ئەوکاتە ئەزانی فەرقێکی وایان نییە، مامۆستا تۆزێ سیفەتی لەخۆبایی و خۆبەگەورەزانی تیایە.

**من:** خوا لاماندا لە خۆبەزلزانی ئەوە موشکیلەیە بەخوا، مامۆستاش بەخۆی نازانێ هەنێ جار ئەکەوێتە ئەو تاوانەوە کە خۆی زۆر بە گەورە ئەزانێ، دکتۆریش وایە موهەندیسیش وایە، بەڵام هی مامۆستا زۆر موشکیلەیە چونکە دواجار مامۆستا پەروەردەکارە و ئەبێ خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە کامڵ بێت و دوربێت لە خۆبەزلزانی، تازە ئەو سەردەمە ڕۆیشت و جیلێک بەهۆی ئەو پەروەردە هەڵەوە بێ ئیش بوون و سەری خۆیان هەڵگرت، ئێستا ئیشی ئێمەیە ئەوە ڕاستکەینەوە، وەلحاڵ دوێنێ تەلەفونت کرد وتت ئیشم پێتە و بە تەلەفون ناکرێ، ئیشەکەو چی بوو.

**کاک حەبیب:** ئا ئێشەکە ئەگەر بەگوێم بکەی هەم ئیسراحەتە هەم بواری خۆتە و لەڕووی داهاتەوە سەد قاتی مامۆستایەتیەکەت باشە، بەنیازم پێشانگایەکی گەورەی کارەبایی دانێم و لە چین موادی کارەبایی و چەند بابەتێکی تر بێنم، جا وتم تۆ پێشانگاکەم بۆ بەڕێوەببەیت چونکە لەو کارەبا و ئیشی فەن و فنونە شارەزایت هەیە، یەک ساڵ ئەو ئیشە بکەی دڵنیام پەشیمان نابیتەوە.

کاک حەبیب حەزی ئەکرد ئەو ئیشەی لەگەڵ بکەم و پێشانگا دابنــێ، بەڵام من حەزم پێی نەبوو، حەزم بەوەبوو لە ئیشی کارەبایی دوربکەومەوە چونکە تەواو مێشک مەشغوڵ دەکات، ئینجا ئەمزانــی ڕێگریشــە لەبەردەم ئیشەکەم کە مامۆستایەتییە، ئەوەی کە ئەمکرد لە بواری کارەبا و هەندێ ئیشی خۆم زۆریــنەی بــۆ حەزی خــۆم و هەندێکیشــی بــۆ ڕونکــردنەوەی وانەکان ئەمکرد، بۆیە زۆر سوپاسی کاک حەبیبم کرد کە ئەو ئیشەی بــۆ پێشنیار کردووم، بەڵام پێم وت کە ناتوانم لە ئێستا بیکەم، نزیکی عەســر بوو، خواحافیزبوونمان لە یەک کرد و گەڕامەوە بۆ لادێکە.

نزیکەی هەفتەیەک بەبێ کێشــە بەردەوام بــووین لە دەوام و هەفتــانە کتێبم ئەدا بە تەلەبەکان بیخوێنەوە و چــالاکی جۆراوجــۆرم پــێ ئەکــرد، تەلەبەکان تا ڕادەیەک زۆر دڵخۆشبوون بە کتێبخانەکە و چالاکیەکان.

ڕۆژێک ئامانج و خەندە هاتن وتیان مامۆستا شتیکمان لە خەیــاڵایە بــا بۆ کتێبخانەکەی دروســتکەین و پرۆژەیەکــی بچوکیشــمان هەیە ئەویــش لەپاڵ کتێبخانەکە دائەنێین زۆر جوان دەرەچێ، خەمت نەبێ بەخوا کاتی دەرز و سەعی خۆیشمان ناگرین بەس با ئەوە بکەیــن، وتــم باشــە عاقــڵ چیتان پێ باشە وا بکەن بەس پێشتر بڵێ بزانم چییە و پێویستان بەچییە با یارمەتیتان بدەم.

**ئامانج:** دەستخۆشبێت مامۆســتا گیــان وەڵا هیچمــان نــاوێ خۆمــان هەموو شتەکان حازرەکەین.

**خەندە:** مامۆستا بەس هەرکاتێ شتەکانمان هێنا و خۆیشت لەگەڵمانا بوەستە بەس قسەمان بۆ بکە با مامۆستا سەردار نەڵێ تەلەبەکان لەخۆیانەوە خەریکی ئەمەن.

**من:** نا ڕۆڵە خەمتان نەبێ خۆم سەرپەرشتیتان ئەکەم و هەرچیشتان پێویست بوو قسە بکەن، بەس پێم بڵێن ئەتانەوێ چی دروستکەن؟

**خەندە:** مامۆستا ئەوەیان جارێ نایلێین با ببێت بە سورپیاز (بەپێکەنینەوە).

سورپیاز مەبەستیان سوپرایز بوو تەلەبەکان زۆرجار بۆخۆشی وایان ئەوت، لەبری سوپرایز ئەیانوت سورپیاز.

ماوەی تەقریبەن سێ هەفتەیەکی پێچوو هیچ دەنگیان نەبوو منیش بەهۆی مەشغوڵیەوە سەر ئەوەم نەئەپەرژا پێیان بڵێم کە بۆ هیچیان نەکردووە، دوای سێ هەفتە ڕۆژێک خەندە هات وتی مامۆستا ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ شتەکان ئەهێنن لەکاتی دەوامەکەی تر یەین بەس با مناڵەکەن نەیشکێنن خۆیشت لێرەبی باشترە چونکە شتەکان زۆرن و ئەبێ بە دوو سێ ڕا بیهێنین، وتم ئەمڕۆ لەوەناچێ بۆم بکرێ دوانیوەڕۆ بێمەوە بەس خەمتان نەبێ بە مامۆستا ئەرکان ئەڵێم ئەو ئاگای لێتانەبێ.

نیوەڕۆ شتەکانیان هێنا، و مامۆستا ئەرکان لەگەڵیانا شتەکانی چاکردبوو، بۆ ڕۆژی دواتر کە چوومەوە بۆ مەکتەب بینیم، بە تەواوی کتێبخانەکەیان ڕازاندبۆوە و بە گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ و فوارەی ئاو و چەندین شتی تر، خانوو و مزگەوت و مەکتەبەکەی لادێکەیان بە گڵ دروستکردبوو، دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو، ئەوەی ئەوان کردبوویان

ئەنـدازیاری تەلارسـازی لە زانکـۆ ئەوانە ئەخـوێنن، ئەمـان بەبـێ ئەوەی موهەنـدیس بـن ئەو شـتانەیان دروسـتکردبوو، لە پشـتی مەکـتەبەکەوە خانوویەکیان لە گڵ دروستکردبوو، خەندە وتـی مامۆسـتا ئەوە مـاڵەکەی تۆیە (بەپێکەنینەوە).

منـــیش زۆر دەستخۆشـــیم لـــێ کـــردن و زۆر سەرســـامی خـــۆم بە ئیشـەکانیان دەربـڕی و ئەوەی زۆر سـەرنجی ڕاکێشـام جـگە لە خـانووە گڵەکەی پشت مەکتەبەکە کە خانووی مانەوەی ئێمە بوو، بە گڵۆپی ڕەنگا و ڕەنـگ و واتەرپەمپـی موبەریـدە کـانی و سـەرچاوی ئـاوی لادێکەیـان دروستکردبۆوە کە بەردەوام ئاوەکە هاتوچۆی ئەکـرد، دیمەنێکـی زۆر زۆر سەرنجڕاکێشی هەبوو.

دیسان لەفکرا ڕۆئەچووم و بیرمەکردەوە، چەنێ دڵخۆشـبووم بە کـار و چالاکی تەلەبەکان و بینینی تواناکانیان، دوو ئەوەنەش بێتاقەتی دایەگرتم، چوکە ئەمزانی تواناکانیان ئەکـوژرێ، چەنـد تەلەبەی تریشـمان هەیە کە توانایان هەیە و دەرناکەون یا ناهێڵن دەرکەون یـا ئەگەریـش تواناکانیـان دەرخەن، لە چوارچێوەی مەکتەب نـاچێتە دەر، کەس نیـیە پشـتگیریان بکات، ئەویـش بۆخـۆی کوشـتنی تواناکانیـانە، هەنـدێکیان لە نوسـینا لە وەرزشا لە وێنەکێشان زۆر بەتوانـان و بەردەوام بەدوای زانیاریـا ئەچـن و حەزەکەن شـتی تـازە فێـربن، ڕۆژێـک دەرزم شـەرحەکرد خەنـدە وتـی مامۆستا پرسیارێک بکەم؟

**من:** فەرموو

**خەندە:** مامۆستا سزای کچبوون یەعنی چی؟

**من:** ڕۆڵە ئەم پرسـیارە چـی بـوو لەم کاتەیـا ئەمە چ پەیوەنـدی بە دەرزەوە هەیە؟

**خەندە:** مامۆسـتا پەیوەنـدی نیـیە بەس هەر حەزەکەم بـزانم، لە ڤیدیۆیەکا گوێم لێبوو ئەیوت لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان سزای کچبـوون هەیە.

**من:** ڕۆڵە مێشکی خۆتان بەو شـتانەوە مەشـغوڵ مەکەن ئێـوە جـارێ منداڵن سەیری ڤیـدیۆیەک بـکەن کە شـتێکی لـێ فێـربن یـا لە ئاسـتی تێگەشتنی خۆتانا بێت، گوناحە کاتی خۆتان بەو شتانەوە ئەکوژن.

پرسیارەکەی زۆر جوان بوو بەس هەرچۆن بـوو خـۆم لـێ لادا و حەزم نەکرد وەڵامی بدەمەوە.

دوو ڕۆژ دیقەتم دابوو سەردار خۆی گرژ و مـۆن کردبـوو و دەمولـوتی یابوو بە یەکا، ئەمزانی ئەم ماستە موویەکی تیایە، ڕۆژێکیـان مـن و ئەو و مامۆستا ئەرکان لە ئیدارە دانیشتبووین وتی مامۆستا ئەرکـان بـۆ سـبەی کۆبونەوەیەک بە باوکی ئەو تەلەبانە بکە.

**مامۆستا ئەرکان:** بۆ خێر هیچ بووە؟

**مامۆسـتا سـەردار:** مامۆسـتا تـۆ کۆبـونەوەیەک ڕێکـخە هەر بـۆ هۆشیارییە و کۆمەڵێ شتی تر.

**مامۆستا ئەرکان:** مامۆستا ئاخر نەزانم بۆچییە و باسی چی بکەین خۆ ناکرێ لەخۆمانەوە باوکی تەلەبە بانگ بکەین.

**مامۆستا سەردار:** مامۆستا بەشی ئەوە قسەمان پێیە تۆ ڕێکی بخە و حەقی هیچت نەبێ.

**مامۆستا ئەرکان:** دەی باشە بۆ کام دەوامەیان؟

**مامۆستا سەردار:** دەوامە گەورەکە بەتایبەت پۆلی پێنج.

دوای قسەکردنی مامۆستا سەردار و مامۆستا ئەرکان، مامۆستا ئەرکان منی بانگ کردە دەرەوە و وتی: مامۆستا نازانم مامۆستا سەردار بەتەمای چییە، تەمەنێکیشی هەیە عەیبە ناکرێ قسەی بشکێنین بەس بەخوا شتێک بووە وا دوو ڕۆژە لوتی کردووە و ئێستاش داوای کۆبونەوە ئەکا خوا بکا بەزمێکی بە ناوچاوەوە نەبێ.

**من:** مامۆستا وەڵا نازانم بڵێم چی ئاخر کێشەکە ئەوەیە بە تەمەن لە ئێمە گەورەترە، لەوەش زیاتر کێشە ئەوەیە کە قسە بۆ باوکی تەلەبە ئەکا ئەوانیش هەموو قسەیەکی لێ وەرەگرن، وەلحاڵ تۆ بەقسەی بکە ئەینا دوای لوت ئەکا.

هەر ئەو ڕۆژە مامۆستا ئەرکان قوتابیەکانی ئاگادارکردەوە کە سبەی سەعات ١٠ باوکتان بێت بۆ مەکتەب کۆبونەوەی باوکانە.

ڕۆژی کۆبونەوەکە وەک ڕۆژانی ئاسایی دەرزمان خوێند تا نزیکی سەعات ١٠ و دواتر چووینە ئیدارە تا باوکی تەلەبەکان هاتن و بانگمان کردن بۆ یەکێ لە پۆلەکان و کۆبونەوەکە دەسپێکرد، مامۆستا ئەرکان وتی هەر بۆ ئەوە بانگمان کردوون تا زیاتر مناڵەکانتان هان بدەن بۆ خوێندن و ساردنەبنەوە، مامۆستا سەرداریش ئەگەر قسەیەکی هەیە با پێتان بڵێت، هەر کە وای وت و مامۆستا سەردار دەسپێکرد، بەس چی

بڵێ باشە، ئەمانزانی بەزمێکی بەناوچاوەیە بەس نەشـمانئەزانی بەو ڕادەیە کەرتڕ و نەخوێنەوارە کە بەو جۆرە قسە بکات، کەوتە قسـەکردن و وتـی: یەکەمجار بەخێرهاتنتان ئەکەم و سوپاسـتانەکەم کە بەدەم داواکەمـانەوە هـاتن ئەوە نیشـانەی ئەوەیە کە لە خەمـی مناڵەکانتـانن، بەس بـۆ ئەوە ئێوەمان بانگکردووە تا کارەسات ڕوونەدات و زیاتر ئاگاتان لە مناڵەکانتـان بێت، تکایە تکایە دەوام تەواو بوو با مناڵ لە مەکـتەب نەمێنێـتەوە ڕۆژێ درەنگ هاتنەوە لێیان بپرسنەوە بـزانن بـۆ دواکەوتـوون، ڕۆژگـارەکە وای لێهاتووە ئەبێ زیاتر ئاگامان لێیان بێت، لە چەند شوێن بەناوی مەکتەبەوە مناڵ ئەچێتە دەرەوە توشـی هەزار کێشـە و بـێ ئەخلاقـی ئەبـن، ئینجـا غەیری دەوامی خۆیان مەهێڵن مناڵەکانتان بێـنەوە بـۆ مەکـتەب، چەنـد کەس بەناوی مەکتەبەوە چوون بۆ باخ و شـوقە و هەزار ئەمـلا و لا، کـچ بوون بوون بە ژن، چەند کـچ مناڵیـان بـوو، زروفەکە وای لێهـاتووە نـابێ سیقە بە قسەی مناڵ بکەیـت، دوێنـی دوو تەلەبەمـان خەنـدە و ئامـانج بەتەنیا هاتوونەتەوە بۆ مەکتەب کوڕ و کچێک بەتەنیا هەر دروسـت نیـیە بێنەوە بۆ مەکتەب، وا سبەی ئەم کچە شتێک لێی ڕوویدا، ئاخر چـۆنەبێ ئاوا ئیهمالیان بکەن.

کە قسەی ئەکرد من و مامۆستا ئەرکان سەرمانسوڕمابوو، ئاخر چۆنەبێ بەو شێوازە قسـە بکەیـت، بەو قسـەکردنەی زۆر لەسـەر مـن و مامۆسـتا ئەرکان کەوت، چونکە مناڵەکـان وتبوویـان کە مامۆسـتا ئـالان ئاگـاداری چالاکیەکەمـانە، مامۆسـتا ئەرکـانیش ئەو ڕۆژە لە مەکـتەب بـووە کە

چوونەتەوە و خۆی ئاگای لێیـان بـووە، ئێسـتا ئەم قسـانەی بەڵا سـەردار ڕێک لەسەر ئێمە ئەکەوێت.

دوای قسەکانی بەڵا سەردار لەناو پۆلەکە مقۆ مقۆ دروسـتبوو و یەکـێ ئەیوت بەخوا ڕاستەکا یەکێ ئەیوت کەوایە مناڵ نەنێرینەوە بـۆ مەکـتەب باشە، ورتە ورت دروست بوو، مامۆستا ئەرکان کۆتایی بە کۆبونەوەکە هێنا و باوکی تەلەبەکان ڕۆشتنەوە، مامۆستا ئەرکانیش لەویـا نەیەزانـی چـۆن قسە هەڵەکانی سەردار ڕاستکاتەوە بۆیە خێرا کۆبونەوەکەی کۆتای پێهێنا و باوکی تەلەبەکان ڕۆشتنەوە و ئێمەش هاتینەوە بـۆ ئیـدارە، و مامۆسـتا ئەرکان زۆر پەست بوو بە توڕەییەوە وتی: باشـە مامۆسـتا تـۆ بـۆ پێشـتر نەتوت بۆ شتێکی وا کۆبونەوە ڕێکخە وەڵا بمزانیایە بۆ ئەوەتە هەزار سـاڵ بتوتایە ڕێکم نەئەخست، ئەوە کەی زمانی قسەکردن و نەسیحەتکردنە تۆ لەویا قسەیەکت کرد ڕێک لەسەر من و مامۆستا ئـالان کەوت هەرچیبـێ کە هیچـیش نەبـووە ئـێمە لێـی بەرپرسـەبووین نەک تـۆ، دوو تەلەبە هاتونەتەوە خۆم ئاگام لێیان بووە ئەوەنەش خراپ نین کە تـۆ ئـاوا باسـت کردوون.

مامۆستا سەرداریش لەبەر خۆیەوە پرتە و بۆڵەی ئەکـرد و ئەوەنە لێـی حاڵی بووم وتی دە باشە توخوا ئەم حوڕیاتەی ئێـوە ئەیـدەن بە تەلەبە لە ئاخیرا حەیامان ئەبا، ئەمەی وت و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

بەیانی چوومەوە بۆ مەکتەب و دووەم دەرز دەرزی پۆلی پێنجم هەبوو، چوومە پۆل، نە ئامانج هاتۆتەوە نە خەنـدە، پرسـیارم لە تەلەبەکـان کـرد ئامانج و خەندە ئیجازەیان کردووە؟

**شەهیناز:** کوره نەوەڵا مامۆستا ئیجازەی چی ئەو خانووە قوڕانەی لای کتێبخانەکە سەری کردن بە قوڕا(بەپێکەنینەوە).

**من:** بۆ چی بووە؟

**شەهیناز:** خەندە باوکی ناهێڵێ ئیتر بێتەوە بۆ مەکتەب.

**سەرتیپ:** مامۆستا ئامانجیش وتی ئیتر منیش نایەمەوە.

**من:** ئەی ئامانج بۆ؟

**سەرتیپ:** بەخوا نازانم بەس وتی ئیتر نایەمەوە.

دوای ئەوان ئاگام لێبوو بینایی و سارا بەیەکەوە بە دەنگێکی نزم قسەیان ئەکرد، ئەوەنەی لێی حاڵی بووم بینایی لەژێر لێوەوە وتی "بەخوا مستەقبەلی ئێمەش لە هی ئەوان باشتر نابێت".

هەر ئەو ڕۆژە دوای دەوام هەواڵم پرسی، وتیان باوکی خەندە دوای کۆبونەوەکە نەیهێشتووە خەندە بچێتەوە بۆ مەکتەب، ئامانجیش وتبووی لە مەکتەب مامۆستا سەردار حەیای بردووم تازە لەڕووم نایە بچمەوە بۆ مەکتەب، بە ئەحمەدم وت شەو لەگەڵ ئامانج وەرن بۆ مزگەوت، ئیشم بە ئامانجە.

شەوەکەی دوای نوێژی عیشا، قسەم لەگەڵ ئامانج کرد و وتم بۆ نایەیتەوە بۆ دەوام؟

**ئامانج:** کوره مامۆستا سەردار حەیای بردبووم لە کۆبونەوە بە باوکی تەلەبەکانی وتبوو ئامانج و خەندە بەتەنیا هاتونەتەوە بۆ مەکتەب و کچ و کوڕ نابێ بەتەنیا بێنەوە، باوکم وتی بچۆرەوە بەس لەمەودوا نە لە مەکتەب ئەمێنیتەوە نە غەیری دەوامی خۆشتان ئەچیتەوە، با قسەمان

نەیەتە سەر، بەس خۆم تازە تاقەتی مەکتەبم نەما، ئێستا من بێمەوە ئەبێ تەلەبەکـان چـی بلـێن؟ یـا چـۆن لەڕووم یەت لە پۆلێکـا لەگەڵ خەنـدە دانیشم؟ ئەبێ تەلەبەکان چ قسەیەک دروستکەن؟!

**من:** نـا ڕۆڵە کەس قسـە دروسـتناکا وەرەوە و دەوامـی خـۆت بـکە و حەقی کەست نەبێ، خەنـدەش نـایەتەوە ئەو مەکتەبـی تەرکـدا، یەعنـی پێیان تەرک کرد.

دوای قسەکردن ئامانج ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە و سبەی هاتەوە بۆ مەکتەب و دەوامی ئاسایی خۆمان کرد، بەڵام خەندە ئیتر نەهاتەوە.

دوای دوو ڕۆژ سەیرم کرد بانووش دیارنەماوە، پرسیارم کـرد بـانوو بـۆ نەهاتووە؟

**شیراز:** مامۆستا ئەویش وازی هێنا.

**سارا:** وەڵا مامۆستا ئەویش لە مەکتەب دەریانکرد.

**من:** ئەی ئەم بۆچی؟

**شەهیناز:** مامۆستا بەخوا کەسمان خەبەرمان لێی نیـیە بەس ئەوەنە ئەزانین وتیان ناهێڵن بێتەوە، تەمەنی خوێندنی تا دوێنێ بوو ئیتر تەقاوت بوو(بەپێکەنینەوە)، مامۆستا پایزیش تەواو بوو بەس لای ئـێمە گەڵاکـانی ئەم پۆلە هەر هەڵەوەرێن.

کاتێ شەهیناز وای وت ئەمڕۆش دوبارە بینایی و سارا لە تەنیشت یەکا دانیشتبوون، هەردووکیان چاویان پڕبوو لە فرمێسک، و بینایی ئەیوت هەر ڕۆژە و سەرەی یەکێکمانە سەرەی ئێمەش یەت، وتـم بینـایی سـارا ئەوە چیتانە لەبەر خۆتانەوە پرتە و بۆڵە ئەکەن؟

**سارا:** مامۆستا ئەمڕۆ کە هـاتین بـۆ مەکـتەب لەگەڵ بینـایی چـووین بەشوێنیا، لە دەرگامان دا دایکی دەرگای کردەوە وتی ئیتـر نـایەتەوە بـۆ مەکـتەب، لەوکـاتەی کە ئـێمە لەگەڵ دایکـی قسـەمان ئەکـرد بـانوو لە پەنجەرەکەوە سەیری ئەکـردین ئەو دیمەنەمـان قەت لەبیرنـاچێتەوە زۆر گوناح بوو تەنانەت نەشهاتە دەرەوە چاک و چۆنیمان بکات.

دوای قسەکانی ئەوان پرسیارم کرد و بۆمدەرکەوت کە بـاوکی خەنـدە قسەی بۆ باوکی بانوو کردووە و وتویەتی کە مـن کـچەکەم لە مەکـتەب دەرکـردووە تـۆیش کـچەکەت لە مەکـتەب دەرکە و ئیتـر گەورەبـوون و مامۆستا سەردار ڕاستەکا زروفەکە هی ئەوە نییە کچ بخـوێنێ، لە مـاڵەوە بن باشترە.

مامۆستا سەردار بەحساب مامۆستا بوو خۆی زوو زوو ئەیـوت مامۆسـتا پێشەنگی کۆمەڵگایە بەس وشـەی ترحێـو ڕێـک بـۆ ئەو ڕەفتـارانەی ئەو باشـبوو، بەنـاو مامۆسـتا بـوو، بەڵام کـابرایەکی پیاوسـالار بـوو، زۆر دژی خوێندنی کچ بوو، دایمەن بەدوای بیانویەکا ئەگەڕا تا کچەکان نەخوێنن و لە مەکتەب دەریان بکات ئیتر یا قسەی بۆ باوکیان ئەکرد یا خۆی ئەگەڕا بەدوای بیانوو تا لە مەکتەب و خوێندن دوریان بخاتەوە، لای ئەو کـچ تـا پۆلی **٦** بیخوێندایە بەس بوو.

بەیانی کە چـووم بـۆ مەکـتەب لە ئیـدارەبوو لەگەڵ مامۆسـتا ئەرکـان قسەی ئەکرد، بە مامۆستا ئەرکانی وت: سبەی ئیجازەم بدەرێ ئەبێ بچم

بۆ هەولێر سۆرانی برام ئەچێتەوە بۆ ئەڵمانیا، سبەی ئەبێ بچین لەگەڵیا و خواحافیزبوونی لێ بکەین.

یەکێ نەزانێ کە ڕۆژانی تر لە دەوام بوو دەوری زۆر بووە و هەموو دەقەیەک چالاکی بە تەلەبە ئەکرد، جگە لە زەرەر و موشکیلە هیچی نەبوو، خۆ دەرزێکی خۆی نەئەوتەوە، ئیجازەشی بکردایە بۆ مەکتەبەکە باشتربوو، بەس لەویا شتێکم بە مێشکا هات وتم با حەقی ئەو تەلەبانەی لێبکەمەوە و ئیجازەکەی هەڵوەشێنمەوە، کاتێ ئەو ڕۆشتەوە بۆ ماڵەوە بە مامۆستا ئەرکانم وت: مامۆستا ئەوە بۆ بەزمێ نەنێینەوە؟(بەپێکەنینەوە)

**مامۆستا ئەرکان:** چییە ئوستاز خێربێ یاخوا.

**من:** خۆتەزانی سەردار چەن لە موشریف ئەترسێ، چەن نواندنیش ئەکا کە کاتێ موشریف ئەبینێ، ئێستاش بۆ سبەی داوای ئیجازەی کردووە، عەسر کە هاتەوە بۆ ئیدارە بڵێ من ئیجازەت ئەدەم بەس لەوانەیە سبەی موشریف بێت.

مامۆستا ئەرکان ئەوەی پێم وت پێی وت، ئەمزانی سەفەرەکەی هەڵوەشێنێتەوە چونکە ئەو کابرا زۆر لە موشریف ئەترسا و بە موقەدەسیشی ئەزانی، بەیانیەکەی زوو چووم بۆ مەکتەب وتم با ئەو دیمەنانە ببینم کە یەتە ناو تەلەبە و دەس ئەهێنێ بەسەریانا.

بەیانی کە هاتم دیاربوو مڕومۆچ دەموچاوی یابوو بەیەکا چونکە سەفەرەکەی هەڵوەشاوەتەوە، هەر چوومە ئیدارە ئەو ڕۆیشتە دەرەوە، مامۆستا ئیسرا وتی مامۆستا سەردار ئەمڕۆ بە منی وتووە هیچ پۆلێک ئەمڕۆ وەرزش و هونەری نییە بەس تۆ دەرزەکەی خۆتم بەرێ هی هەر

پۆلێک بێت کێشە نییە بەس دەرزی دووەم یا سێیەم بێـت، ئیتـر نـازانم بۆچی بوو زۆرم لا سەیربوو مامۆستا قەت داوای دەرزی لە من نەکـردووە تا بیکا بە هونەر و وەرزش، وتم ئوستاز لات سەیر نەبێ ئەوە مـن ئەزانـم بۆچییە، ئەشزانم بۆچی داوای دەرزی دووەم و سێیەم ئەکا، چونکە ئەگەر موشریف بێت لەوکاتەیا یەت.

**مامۆستا ئیسرا:** بۆ موشریف یەت؟

**من:** لای سەردار وتومانە لەوانەیە بێت، بەس نا نایەت.

کات گەشتە دەرزی سێیەم و مامۆستا سەردار پـۆلێکی هێنـایە دەرەوە یاری پێ ئەکردن و جلی پێدان و خۆی تاوێ لەگەڵیانا یـاری ئەکـرد بەو نیەتەی لەوکاتەیا موشریف بێت و بیبینێت، بەس نەهات.

دەرزی سـێیەم تەواو بـوو، چـوارەم، پێـنجەم، موشـریف دیـار نەبـوو، دەمولوتی یا بەیەکا و ڕۆشتەوە بۆماڵەوە.

ئەو ساڵە بەهۆی ئەو کۆبونەوەی کە لەسەر قسـەی سـەردار ڕێکخـرا و قسە حەلەق و بەلەقەکانی دوو تەلەبەمان لە مەکتەب دەرکران، ئیتر پۆلی ٥ تەنها ٩ تەلەبەی تیا مـایەوە، لەو نـۆ تەلەبەش ژیـار وازی لە خوێنـدن هێنا و دەسی کرد بە ئیش و ئیتر نەهـاتەوە بـۆ مەکـتەب، پـۆلەکە بە ٨ تەلەبەوە چوونە پۆلی ٦، لە پۆلی حەوتیش ئامانج دەرنەچوو، ئەویش وازی لە خوێندن هێنا و پۆلەکە تەنها ٧ تەلەبەی تیا مایەوە و چوونە پۆلی ٨ و ئەوانیش زۆریـان داهاتوویـان نـاڕوون بـوو کە ئـایە وازەهێـنن یـا بە زۆر دەرەکرێن، یا بەردەوام ئەبن لە خوێنـدن، هەرچەن لەژێـر بیرکـردنەوەی

سەردار بەردەوامیش بونایە وەک ئەوە وابوو وازیانهێنابێ چونکە هیچ فێـر نەئەبوون غەیری مەنهەجێکی ڕۆتینی و شتێکی دوبارە.

ئەو ســـاڵانەمان هەر وا تێپەڕانـــد، ڕۆژ بە ڕۆژ زیـــاتر هەســـتمەکرد تەلەبەکانمـــان توانایـــان زۆرە، لێهـــاتوون، قســـەزانن، بەڵام هەلیـــان بـــۆ نەڕەخساوە تا تواناکانیان پیشان بدەن، هەلیشیان بۆ نارەخسێ تـا دەمـاخ وشکێکی وەک سەردار پێشەنگیان بێـت، هەرچەن جـار جـار ئەمویسـت هەلیان بۆ بڕەخسێنم بە ئەنجامدانی سـیمینار و چـالاکی، بەڵام ئەویـش دواجار بە زەرەر بەسەریانا ئەشکایەوە سـەردار هەمـوو شـتێکی تـێکەدا و وەک خەندە و بانوو ناچار لە مەکتەب دەرەکران و ئەحـمەد بە تێهەڵـدان ئەدرا، بۆیە زۆر قورس بوو بتوانیت لە مەکتەبێک برەو بە توانای تەلەبەکان بدەیت کە مامۆستای وەک سەرداری لێ بێت.

تا ڕادەیەکیش نامورتاح بووم چونکە هەستمەکرد یەکەم ساڵ ئەحـمەد بەهۆی منەوە لێدانی خوارد، نەئەبوو لە ئیدارە بڵێم کتێبی پێبـووە، بەس من چوزانم لە ئیدارەکە مامۆستایەکی دەماخ وشکمان هەیە، ئەو سـاڵەش کە خەندە و ئامانج هاتن وتیان شتێکی وا دروستەکەین نەئەکرا ڕێگریـان لێکەم، چونکە ئیشێکی خراپیان نەکردبوو، زۆریشیان پێخۆشبوو، بەس من بڵێم چی کەرێتی سەردار هەموو سنورێکی تێپەڕاندبوو.

# پاش ٥ ساڵ

ئەو قوتابیانەی کە لە پۆلی چوارەوە دەرزیان پــێ ئەڵــێم، ئێســتا پــاش پێنج ساڵ، بوونەتە پۆلی ٩، بەڵام لەو ١١ خوێندکارە تەنها ٧ خوێندکاریان لەم پۆلەیا ماون، چوار خوێندکارەکەی تر یەکیــان دەرنەچــوو دوانیشــیان بەهۆی قسەی سەردار و خۆشــباوەڕی باوکیــانەوە لە مەکــتەب دەرکــران، یەکیشیان خۆی وازی هێنا.

ئەو ساڵە چونکە پۆلی ٩ تاقیکردنەوەی نیشتمانیان هەبوو ئەبــوو زیــاتر خۆم هیلاک بکەم لەگەڵیانا و زیاتر جەوێکــی وایــان بــۆ بڕەخســێ کە بە دەرونێکی مورتاحەوە دەرز بخوێنن.

ڕۆژێک کۆتا دەرز دەرزی پۆلی ٩م هەبــوو، چــومە پــۆل، ســەیرم کــرد بینایی نەهاتووە، وتم دیارە ئیجازەیە یا کێشەیەکی هەیە، زۆر گــوێم پــێ نەدا، عادەتم وایە لەســەر غیابــات نە ئیجرائــات ئەکەم نە لێپرســینەوەش لەگەڵ تەلەبە ئەکەم، چــــونکە مامۆســــتا ئەبــــێ وانەکەی بە جۆرێــــک چێژبەخش بکات لای تەلەبە کە تەلەبە حەز بکات بچێــتە وانەکەی نەک بە زەبری دەرەجە و غیابات لە پۆلا دانیشێت.

ڕۆژی دواتر یەکەم دەرز دەرزی پۆلی ٩م هەبوو، چوومەوە پۆل بینــایی دیارنەبوو، تا تەلەبەکان کتێبیان دەرەکرد، لەبەر خۆمەوە وتم با چــاوەڕێی بینابیش بکەین، پۆلی ٩یە ئیمتیحانی وەزاری هەیە با جێی نەهێڵین، وتم لەوانەیە خەبەری نەبوبێتەوە چونکە بەیانیانین، بەڵام لەو کــاتەی کە وتــم لەوانەیە خەبەری نەبوبێتەوە سارا وتی مامۆستا نایەت.

**من:** بۆچی نایەت؟ ئیجازەیە

**سارا:** نا ئیجازەش نییە هەر نایەت

**من:** ئاخر بۆ کێشەی چییە؟

سارا دڵی پڕبوو و دەسی کرد بە گریان، وتم سارا ڕۆڵە ئەوە چییە بۆ ئەگری؟!

هەر ئەگریا و جوابی نەئەدایەوە ڕوومکردە شیراز و وتم شیراز چی بووە، ئەویش دەسی کرد بەگریان و وتی مامۆستا ئیتر بینایی نایەتەوە، ئەوەنەم زانی پۆلەکە دایە پرمەی گریان و هەمووی لەلایەکەوە بۆخۆی ئەگریا و منیش نەمەزانی مەسەلە چییە.

بینایی و شیراز و سارا سێ کچ بوون دایمە بەیەکەوە بوون ڕەفیقی نزیکی یەک بوون، هەموو شتێکی یەکیان ئەزانی، لە پۆلی یەکەوە تا هەشت لە یەک پۆل بوون، بۆ هەموو شوێنێک بەیەکەوە بوون، ئەو دوو ڕۆژە دیقەتمدابوو سارا و شیرازیش وەک ڕۆژانی پێشوو نەبوون زۆر مات و بێدەنگ بوون، بەڵام نەمزانی چی بووە.

کچەکانی هاوڕێی هەموویان ئەگریان و قسەیان نەئەکرد، پرسیارم لە سەرتیپ کرد، کە چی بووە.

**سەرتیپ:** مامۆستا بینایی وازی لە مەکتەب هێناوە.

**من:** ئاخر بۆ؟

**سەرتیپ:** بەخوا نازانم بەس وتیان باوکی وتویەتی ئیتر با نەچێتەوە، خۆیشی تاقەتی مەکتەبی نەماوە.

لە قسەکانی سەرتیپ ئەوەم بۆ دەرکەوت ئەگونجێ قسەی یەکەمی ڕاستبێت، چونکە بینایی تەلەبەیەک نەبوو ڕقی لە مەکتەب و خوێندن بێت، بۆیە دڵنیابوومەوە لەوەی کە باوکی ناهێڵێ بێتەوە بۆ دەوام، بەس بۆ ناهێڵێ؟ نازانم؟ ئەم بڕیارە خێرا چی بوو لەم ساڵدا کە ئیمتیحانی وەزاری لە پێشە؟ نازانم!

بە کرچ و کاڵی دەرزەکەم شەرحکرد، بەس چۆن شەرحکردنێک ئەوەی کە خەیاڵم لای نەبوو دەرزەکە بوو، شەرحکردنەکەش بەس لەبەر ئەوە بوو ئەو تەلەبانەی کە کردبوویان بە تەعزێ و ئەگریان تۆزێ ژیربنەوە، ئەینا دەرزێک بوو نە خۆم زانیم چیم وت نە تەلەبە تێگەشت، دامنابوو بۆ ڕۆژی دواتر دەرزەکە دوبارە بکەمەوە ئەمزانی ئەوەی ئەمڕۆ دەرز نییە.

هەرچۆنبوو بە کرچ و کاڵی دەرزەکەم شەرحکرد و تەلەبەش هەرچەن تۆزێ خۆیان ڕێکخستەوە بەس هەر چاویان پڕ فرمێسک بوو.

دوای ئەوەی کات گەشتە نیوەڕۆ و دەرزەکانم تەواو بوو، بۆ نیوەڕۆ نەڕۆشتمەوە بۆ داخلی هەر لە مەکتەب مامەوە نوێژی نیوەڕۆم کرد و چاوەڕێ بووم دەوامی مەکتەبە سەرەتاییەکە دەسپێبکات، برایەکی بینایی لە پۆلی یەک گوێگر بوو، چاوەڕێ بووم دەوامی ئەوان دەسپێبکات و لەو بپرسم بزانم بۆ نەهاتووە، ئەمزانی کارەکەشم زۆر باش نییە، بەس ئەمویست بزانم هۆکار چییە لەپڕێکا باوکی ئەم بڕیارەی داوە، منداڵەکان هاتن بۆ مەکتەب و پۆلی یەک چوونە ژورەوە بە یەکێ لە منداڵەکانم وت، ئەلەندم بۆ بانگ بکە، ئەلەند برای بینایی بوو، ئەلەند هات بۆ ئیدارە، وتم ئەلەند ئەمڕۆ و دوێنێ بینایی بۆ نەهاتۆتەوە خۆ ئیجازەشی نەکردووە.

ئەلەند وتی مامۆستا وەڵا باوکم نـاهێڵێ بێـتەوە بـۆ مەکـتەب ئەو ڕۆژە دەفتەرەکانیشی دڕاند و زۆریشی لێدا.

زانیم مەسەلەکە قوڵە ئەلەندم ناردەوە بۆ پۆل و خۆیش ڕۆشـتمەوە بـۆ داخلی، بۆ نوێژی عەسر چووم بـۆ مـزگەوت بـاوکی بینـاییش لەوێ بـوو، دوای نوێژ چاک و چۆنیم کرد و بە لالوتێکەوە جوابی دایەوە، وتـم کـاک ڕێبوار دوو ڕۆژە کچەکەت نایەتەوە بۆ دەوام ئیجـازەش نیـیە خـۆ شـکور نەخۆش نییە؟

**کاک ڕێبوار:** مامۆستا دور لە قسەکەی تۆ چاوی دەرەهـات ئەگەر نەخۆشیش بێت ملی ئەشکا، نەوەڵا نەخۆش نییە لە گوێز ساغترە.

**من:** ئەی خێرە نایەتەوە بۆ دەوام ئەو ئەمساڵ ئیمتیحانی وەزاری هەیە و جیاوازە لە پۆلەکانی تر نابێ دەرزی بفەوتێ.

**کاک ڕێبـوار:** مامۆسـتا مـن وەزاری و مەزاری نـازانم بەس ئـاوا باشترە ئیتر نەخوێنێ بەشی ئەوە فێر خۆنەواری بووە کە لە تەلەفیزۆنەکە شتێ بخوێنێتەوە و حساباتێ هەبێ ئەزانێ بیکا ئیتر من هیچی ترم ناوێ ئاوا باشترە بۆ حەیا و حورمەتی خۆیشی و ئێمەش.

**من:** بۆ حەیا و حورمەت بڵێ مناڵەکانت نمونەن لەو مەکتەبە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر تەلەبەی چاک و عاقڵ و بەڕێزن، بەس ئەو زۆر حەزیەکرد خوێندن تەواو بکا، و زیرەکیشە گوناحە ڕێگری لێ بکەیت.

**کاک ڕێبـوار:** مامۆستا دنیاکە وای لێهاتووە لە ماڵەوە بێت باشـترە لە هەموو شتێک پـارێزراوە بـۆ خۆنەواریەکەشـی وەک پـێم وتـی بەخـوا مامۆستا من ئیشم بە زوانی ئنڵیزی و عەرەبی نییە، خوا دەس بە باڵتانەوە

بگرێ فێری زەڕب و تەقسیم و حساباتتان کردووە حساباتەکەش ئیشی من بەڕێ ئەکا حساباتێکی ئیشی دوکان هەبێ بۆم ئەکا ئیتر ئەوانی ترم ناوێ، من ناردوومە فێری حسابات وخۆنەواری بێ نەک ببێ بە گۆرانیبێژ، چەند ساڵە حەیا کۆئەکەینەوە.

**من:** گۆرانی بێژی چی؟

**کاک ڕێبوار:** ئەیی بەڵێ خۆ بەهۆی مەشغەڵەتی ژیانەوە ئاگامان لێ نییە لە مەکتەب چی ئەگوزەرێ خوا خێری مامۆستا سەردار بنوسێ کە ناهێڵێ کارەسات ڕووبات و ئاگای لە مناڵەکانمانە و زوو زوو ئاگادارمان ئەکاتەوە.

**من:** مامۆستا سەردار چی وتووە؟ چی بووە ئاگام لە هیچ نییە.

**کاک ڕێبوار:** ئێی مامۆستا با بۆو باسکەم، دوێشەو مامۆستا سەردار لێرەبوو، دوای نوێژ بەیەکەوە هاتینە دەرەوە تا گەشتینە ماڵ قسەی بۆ کردووم، لەو مەکتەبە ئاگامان لێ نییە خەریکە مناڵەکانمان لەدەس دەرەچن، وتی ئاگات لە بینایی بێت خەریکە مەکتەبەکەی ئیهمال ئەکا و نەکا خەیاڵی بە شتی ترەوە بێت، وتم شت وەک چی، وتی هەستەکەم ڕەسمی دڵ و گوڵ و ئەمانە دروستەکا، ئەشیەوێت ببێ بە گۆرانیبێژ، ئەمە لە سومعە و شەخسیاتی ئێوەوە دوورە، وتی ئەمڕۆ هاتووە بۆ مەکتەب چاکەتێکی سوری لەبەرکردووە و هەستەکەم کوڕەکان زۆر چاویان لەسەریەتی و تەنانەت خەڵکی تریش کە یەن بۆ مەکتەب چاویان لەسەریەتی با لەڕێ دەرنەچێ و ئاگات لێی بێت.

**من:** کاک ڕێبوار باوەڕکە ئەو قسانەی بۆ دروستکراوە گۆرانیبێژی چـی و شتی چی، ئینجا کچەکەت لەوانە نییە کە مامۆستا سـەردار بەو جـۆرە باسی کردووە، هەر لام سەیرە مامۆستا سەردار چۆن شتێکی وای وتووە.

**کاک ڕێبوار:** کورە مامۆستا بۆخاتری خوا قابیلە مامۆسـتا سـەردار بە ڕیشـی سـپیەوە درۆ بـکە، ئەوەنەی ئەو خەمـی حەیـا و حـورمەتی منالەکانیەتی کەسی تر وا نییە، ڕاستیشیەکرد هەر شـەو چـوومە مـاڵەوە سەیری دەفتەرەکەی بینابیم کرد پڕبوو لە ڕەسمی دڵ و ئەو شتانە ئەمانە کەی ئیشی تەلەبەیە.

**من:** کورە کاک ڕێبوار دەرزێکیان هەیە تـایبەتە بەوە بە ڕەسمکێشـان خۆ هیچ شتێکی خراپی نەکردووە و نە گوناحە نە عەیبە، بەهەرحاڵ کات درەنـگە بـا بـڕۆینەوە، بەس مەبە بە ڕێگـر لە خوێنـدنی بینـایی چـونکە تەمەنەکەی بڕوات دوای بە هەموو سەروەتی دنیا ناگەڕێتەوە.

کاک ڕێبوار دوکاندار بوو دوکانی ئارد و شەکر و موادی خۆراکی هەبوو، ئەم کچەی بەس بۆ ئەوە ناردبوو بـۆ مەکـتەب فێـری حسـابات ببێـت و ئیشی دوکانەکەی پێ بکات.

خواحافیزبوونمـان لە یەک کـرد و ئەو ڕۆشـتەوە بـۆ مـاڵەوە و منـیش چوومەوە بۆ داخلی، شەو بیرم ئەکردەوە باشە سەردار بۆ وا ئەکا؟!

تومەزە سەردار سێ ڕۆژ پێشتر شەوەکەی لە مـزگەوت بـاوکی بینـایی بینیوە، پێی وتووە کە بینـایی ئەمـڕۆ بە چـاکەتێکی سـورەوە هـاتووە بـۆ مەکـتەب وەک بڵێـی پیـاوی کوشـتبێ، ئینجـا هەر ئەو ڕۆژە کە دەرزی

هونەریان هەبووە، سەردار چووە بۆ لایان، بینایش بە دڵسافی خۆی ئەو ڕەسمەی کە کێشابووی کە ڕەسمی دڵێک بوو، پیشانی مامۆستا سەرداری داوە، ئەو چوزانێ سەردار هێشتا بە عەقڵ منداڵە و لەو شتانە تێناگا، هەر لە پۆلا سەردار پێی ئەڵێت خۆت بەم شتانەوە زۆر مەشغوڵ مەکە تۆ پۆلی ٩ی ئاگات لە دەرزەکانی تر بێت، بینایش پێی ئەڵێ، مامۆستا من حەزم لە بەشی هونەرەجوانەکانە و ئەمەوێ لە داهاتوو بچمە ئەو بەشە، سەرداریش کە هیچ لە هونەرەجوانەکان نازانێ و پێی وایە بەشی هونەرە جوانەکان بەشی مۆسیقا و گۆرانییە، ئەو بە هونەرە جوانەکانی ئەوت بەشی گۆرانی و هەندێ جاریش ئەیوت لۆترەوانی، بێ ئاگابوو لەوەی خۆی بەحساب مامۆستای هونەرە، لەوانەیە بپرسن سەردار خۆی مامۆستای هونەر بووە ئایە بەشی هونەرەجوانەکانی تەواو کردووە؟نەخێر سەردار نازانم بیزەبت شەهادەکەی چی بوو، چونکە ئەو کاتی شۆڕش خوێندنی تەواو کردبوو، هەندێک کەس لە خوێندنی تایبەت خوێندنی تەواوەکرد، ئەوکات ئەوەی تەواوی ئەکرد ئەیانکرد بە مامۆستا، ئەو خوێندنە ئەوەنەی بیستبێتم وەک پۆلی نۆی ئێستا وابووە لە پۆلی نۆوە شەهادەت وەرەگرت، سەرداریش کاتێک کرا بە مامۆستا لەبەر ئەوەی هیچ پسپۆڕیەکی نەبوو، نەیەتوانی هیچ دەرزێکی تر بڵێتەوە، بۆیە بە ناچاری کرا بە مامۆستای هونەر، چونکە دەرزی هونەر پێویستی بە پسپۆڕی نەبوو.

ئینجا لە بەختەکەی بینایی ئەو ڕۆژەی کە بینایی بە چاکەتێکی سورەوە هاتبوو بۆ مەکتەب، برایەکی یەکێک لە تەلەبەکانمان هاتبوو بۆ

ئیجازە بۆ براکەی، سەرداریش کاتێ ئەمە ئەبینێ وا ئەزانێ ئەم کوڕە هاتووە تا بینایی ببینێ، ئیتر ئەم تۆمەتەی بۆ دروستەکا.

نزیکەی هەفتەیەک دەواممان کرد، پۆلی ٩ پۆلێکی بێدەنگ، وەک جاران نەمابوو نە دەنگی پێکەنینی تیا ئەبیسترا نە تەلەبەکان داوای چوونەدەرەوەیان ئەکرد، هیچ، تەنها بە زۆر ئەهاتن و ئەچوونەوە هیچ دڵخۆشیەکیان پێوە نەئەبینرا.

ڕۆژێک دەرزی چوارەم لە پۆلا بووم، لەدەرگا درا، دەرگام کردەوە، کێ لە پشت دەرگاکەوە بوو؟ بینایی وەستابوو، بە زەردەخەنەیەکەوە کە بە ڕوونی هەستی پێ ئەکرا لەپشت ئەو زەردەخەنەوە ڕۆحێکی ماندوو هەیە، دەرونێکی پڕ لە قسە، هەزاران فرمێسکی قەتیس، گریانێکی زۆر هەیە، وتی مامۆستا میوان ڕائەگرن؟ کە وای وت نە من نە تەلەبەکان کەسمان تەرکیزمان لای ئەو وشەیە نەبوو کە وتی (میوان)، تەلەبەکان هەر کە بینییان گەشانەوە، شیراز و سارا لە خۆشیا باوەشیان بە یەکا کرد و چاویان پڕبوو لە فرمێسک و ئەیانوت سوپاس بۆ خوا شکور هەموو شتێک وەک خۆی لێهاتەوە ڕۆژە خۆشەکان گەڕانەوە، منیش زۆر دڵخۆشبووم، لەدڵی خۆما وتم وا دیارە کۆتا قسەکانم کە بۆ باوکیم کرد ئیسفادەی بووە و باوکی ڕێیداوە بگەڕێتەوە بۆ خوێندن، بۆیە کە وتی میوان ڕائەگرن، منیش بە سوعبەتەوە وتم میوان ڕائەگرین بەس عادەت وایە میوان کە ئەچێت بۆ هەر شوێنێک بە دەس و دیاریەوە ئەچێ یا دوو کیلۆ میوە یا شیرینییەک شتێکی پێیە، ئەم میوانەی ئێمە زۆر ناوەخت و دەسبەتاڵ

هاتووه، بەس قەینا وەره دانیشه، شیراز وتی مامۆستا بینایی خۆی هەموو شتێکه پێویست ناکا هیچ بێنێ، بینایش وتی مامۆستا به دەسی بەتاڵ نەهاتووم، شتم زۆر هێناوه له ئیداره دامناوه.

هاته پۆلەوه جیاواز له جاران که هەمووکات لەگەڵ شیراز و سارا دائەنیشت، ئەمجاره چووه کۆتا ڕەحلەی پۆلەکه دانیشت، بەهۆی قسەکردن و دڵخۆشی دەربڕینی سارا و شیراز بیرمنەبوو لێی بپرسم چاوت چییەتی؟ عەینەکێکی ڕەشی گەورەی لەچاو کردبوو، چاوی ڕاستی لۆکەی لەسەربوو لەژێر عەینەکەکەوه، که دانیشت ئینجا پرسیارم لێکرد وتم بینایی ڕۆڵە بەخێربێیتەوه، نەمەزانی ئەوەنە کاریگەریت لەسەر ئەم دوو جیقنه هەیە، ئەها سارا و شیراز لەخۆشی هاتنەوەت چۆن شاگەشکە بوون، ئەو ڕۆژەی وتیان نایەیتەوه ئەم دوانه لەبەر گریان نەیانهێشت دەرزەکەش بخوێنین، ئەی چاوت چییەتی؟

ئەویش هیچ جوابی نەبوو، بەس ئەوەنەم هەستپێکرد لەژێر عەینەکەکەیەوه فرمێسک له چاوەکەی تری ئەهاته خوارەوه، زانیم دڵی پڕ بوو، هەر ئەوەنه وتم بینایی؟! یەکسەر دەسی کرد به گریان و به هەردوو دەستی دەموچاوی خۆی گرت و ئەگریا.

پاش کەمێک جوابی دایەوه و **وتی:** مامۆستا ببوره ئەزانم کاتی دەرزەکەشتان ئەگرم.

که وای وت زانیم گەڕانەوەکەی بۆ مەکتەب نەبووه، بەڵکو هاتۆتەوه بۆ خواحافیزی، بۆیه پێم وت، نا کات نەگرتووه فەرموو قسەکەت بکه، بزانم چاوت چییەتی؟

**بینـایی:** مامۆسـتا ئێسـتا هەموویـت بـۆ باسـەکەم، بەدەس بەتـاڵی نەهاتووم وتم خۆ شتم هێناوە لە ئیدارە دامناوە، کتێبەکـانم هێنـاوەتەوە، ئەوەی من خەمم بوو لە پۆلی ١٢ماڵەوە نەهێڵن هەر ئەمساڵ نەیانهێشت، مامۆستا ئەمڕۆ هاتومەتەوە بۆ خواحافیزی لە ئێوە و لە هاوڕێکانم، ئیتر من نایەمەوە بۆ مەکتەب و بەزۆر وتیان ئەبێ واز لە خوێندن بێنیت و لە ماڵ بمێنیتەوە، مامۆستا ببورە کە وایش ئەڵێم بەس وابزانم تۆ هۆکـار بوویـت کە وازبێنم ناشزانم بۆ وات کرد.

بینایی هەر بەردەوام بوو لە قسەکردن بە قورگێکی پـڕ لە گریـانەوە و جار جار ئەوەستا چونکە گریان ڕێی نەئەدا قسە بکا، بەڵام هەرچـۆن بـوو هەر قسەکانی بەردەوام پێ ئەدا، ویستم بڵێم بۆ مـن هۆکـار بـووم، بەس هیچم نەوت وتم با خۆی بەردەوام بێت و ئەوەی لە دڵیـایەتی بیڵـێ، ئەو بەردەوامبوو لە قسەکردن و وتی: مامۆسـتا مـن کـوا تەلەبەیەکـی ئەوەنە خراپ و بێ حەیام کە ئێوە واتان بە باوکم وتووە، مامۆستا ئێرە مەکـتەبە خەڵک دێتە ئێرە یان نا گوناحی مـن چیـیە بـۆ ئەڵـێن چاویـان لەسـەر بینابیە، مامۆستا ڕاسـتە مـن لێـرە تەلەبەم ئێـوەش مامۆسـتامن، ڕێزتـان لەسەر سەرم، بەس من کۆیلە نیم تا بە ئارەزووی ئێوە جل و بەرگ بکەم، ئەگەر لە سنوری مەکتەب لامدا و شتیکم کرد زیـادەڕەوی بـوو حەقتـانە فەسـڵمکەن بەس ئەوەی کە چ جلێـک و چ ڕەنگێـک لەبەر ئەکەم ئەوە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە، ڕەنگی جل نابێتە هۆکار بـۆ ئەوەی کەسـێک خراپ بێت یان چاک، ئەو هەموو تۆمەتە چی بوو بۆ منتان دروست کرد، مامۆستا من هەمـوو کـات وتـومە حەزم بە بەشـی هـونەرە جوانەکـان و



وێنەکێشانە کەی ویستوومە ببمە گۆرانیبێژ مامۆستا ئاخر بۆ واتان کرد من گوناحم چی بوو، ئەزانی چاوم بەچی وای لێهات؟ ئەو ڕۆژەی کە وێنەکەم پیشاندای وتم مامۆستا ئەوەم دروستکردووە بزانە هی من جوانە یا هی کتێبەکە، ئەو ڕۆژە کە چوومەوە شەوەکەی باوکم لە مزگەوت هاتەوە هەر لە دەرگای حەوشەوە بە هات و هاوار و سوێن خواردنەوە هاتەژورەوە ئەیوت بەخوا هەر ئەوکوژم، منیش ئاگام لە هیچ نەبوو، نەمەزانی مەبەستی کێیە؟ ئەوەنەم زانی بە زلە و بۆکس کەوتە سەرم و تا توانیتی لێیدام، هەر هاوارم ئەکرد باوکە چیم کردووە بۆ وا ئەکەی، ئەیوت چەتیو من تۆم ناردووە فێری خوێنەواری و حسابات بیت یا خەریکی دڵداری بیت و چاوچاوانێ لەگەڵ کوڕی ئەم و ئەو بکەیت، بە قژا ڕایکێشامە ژورەوە و جانتاکەی کردمەوە و دەفتەر ڕەسمەکەی دەرهێنام خستیە سەر ئەو ڕەسمەی کە کێشابووم ڕەسمی دڵێک بوو، وتی ئە ئەمە چییە قابیلە مامۆستاکان درۆ ئەکەن ئەڵێن خەریکی رەسم کێشان و دڵداریە لە مەکتەب، بەردەوام بوو لە لێدانم و ئەیوت بەتەمای ببی بە گۆرانیبێژ فێری بەرەڵای بیت چەن ساڵە حەیا کۆئەکەینەوە وائەزانی ئەهێڵم حەیامان ببەیت، ئەوە کۆتا قسە بوو کە هۆشم لەسەر خۆم بوو گوێم لێبوو، پاڵی پێوەنام کەوتم بەسەر ئینجانەی گوڵەکان کە لەسەر پەنجەرەکە دانرابوو، کاتێ هۆشم هاتەوە لە خەسخانە بووم، دوو ڕۆژ بێهۆش بووم، لەوکاتەی کە کەوتبووم بەسەر ئینجانەکاندا نازانم چیبوو ڕێک چووە بە چاوما بۆیە هۆشم هاتەوە وتیان ئەو چاوەی لەدەسدا، ئیتر بۆ هەتا هەتایە چاوێکم لەدەسدا، ناشزانم دراوسێکان بوو یا کێ بوو،

لەوکاتە بردبوومی بۆ خەسخانە، دوایش کە بردمیانەماڵەوە باوکم وتـی بە هیچ شێوەیەک پێت لەم ماڵە ناچێتە دەرەوە، ئەمڕۆش کە هاتومەتەوە بـۆ ئێرە باوکم لە مـاڵ نیـیە و نەیزانیـوە، بە پێویسـتم زانـی بـۆ کۆتـا جـار خواحافیزیتان لێبکەم و مامۆستا یەکەمجارە گلەیشت لـێ ئەکەم، بـۆ بەو شێوە باسی منتان بۆ باوکم کرد کە ئاوام لێ بەسـەربێنێت، نـازانم چەنـد بیرەکەمەوە بڕواناکەم، مامۆستا تۆ دایم هانت ئەدایـن دوای حەز و خولیای خۆمان بکەوین ئەی ئەو ڕۆژە بۆ وابوو، نازانم!

بیـانیی قسـەکانی تەواو کـرد، خـۆی شـیراز و سـارا و شـەهیناز هەر ئەگریان، ئەو وا هەستی کردبوو کە ئەو قسانەی لە مزگەوتەکە سەردار بۆ باوکی کردووە من پێم وتووە، چونکە باوکی وتبووی مامۆستاکان وا ئەڵێن نەیوتبوو مامۆستا سەردار، ئەویش کە یەکەمجار وێـنەکەی پیشـانی مـن دابوو، هەمووکات لای منیش ئەیوت حەزم بە بەشـی هـونەرە جوانەکـان، بۆیە وای ئەزانی من ئەو قسانەم بۆ باوکی کردووە، بیری نەمابوو کە کۆتـا دەرز هەمان وێـنەی پیشـانی سـەردار داوە و ئەو هیچـی نەوتبـوو، بەس شەوەکەی لە مزگەوتەکە ئەم قسانەی بۆ باوکی کردبوو.

دوای جەرەس بینایی لەگەڵ شیراز و سـارا لە حەوشـەی مەکەتەبەکە ئەگەڕان وەک جاران، بەڵام کاتێ جەرەسـی ژورەوە لێـدرا شـیراز و سـارا چوونەوە پۆل و بیناییش ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، ئەو ڕۆیشتنە ڕۆیشـت دوای ئەوە کەس نەیبینیەوە.






لە ئیدارە بووم جەرەس لێیدابوو بەس حەوسەڵەی دەرز وتنەوەم نەبوو، ناخم پڕبوو لە قسە بچوکترین شت بوایە ئەتەقیمەوە زۆر تورە بووم، من و مامۆستا ئیسرا و مامۆستا ئەرکان لە ئیدارە بووین، سەردار هاتە ئیدارە وتی ئەوە ئەو کچە بۆ هاتۆتەوە، منیش بە فرسەتم زانی کە ئەو قسەی کرد ئەوەی لە دڵمایە بەسەر سەردارا بیرێژم چونکە ئەو ببوە هۆی فیتنەی بۆ تەلەبە و مەکتەب و مامۆستا، وتم هاتبوو کتێبەکانی هێنابۆوە هەر ڕۆژە و بەهۆی عەقڵ وشکێکەوە تەلەبە یا لێدان ئەخوات یا لە مەکتەب دەریەکەن، کە وام وت سەردار تورە بوو وتی مامۆستا بزانە چۆن قسە ئەکەی با پێو بڵێم من ڕێنادەم لەم مەکەتەبە ئەمانە بۆ تەلەبە بچێتە سەر، مەکتەب شوێنی خوێندنە شوێنی دڵداری نییە، منیش وتم مزگەوتیش شوێنی عیبادەتە شوێنی فیتنەیی و درۆ نییە ئەرێ تۆ بۆ واز لەو تەلەبانە ناهێنی، مەکتەبەکەت بۆ کردوون بۆ دۆزەخ لە ماڵەوەش ناهێڵی ئیسراحەت بکەن، هەر شەوی و ئەچیتە بناگوێی باوکی یەکیان و درۆ و دەلەسەیان بۆ ئەکەیت و شەو نییە تەلەبە بە لێدان نەدەیت ئەرێ خۆ تۆ بە خۆشتەڵێی موسوڵمان عەیب ناکەی ئەم هەموو فیتنەیی و درۆ و دەلەسە ئەکەی، کە وام وت دەنگی بەرزکردەوە و کەوتە هەڕەشە و قسەیەک لە من و قسەیەک لەو و من تاقەتی قسەم نەما ئەوەی بوو وتم و هاتمە دەرەوە، ئەویش هەر ئەیوت ئەخلاقی تەلەبەتان تێکداوە.

دوای ئەو ڕۆژە لەگەڵ سەردار تەنها سەلاممان هەبوو، ئەویش بەزۆر و بە ناچاری لەناو خەڵکا سەلامم لێ ئەکرد و جوابی سەلامم ئەدایەوە، چونکە ئینسانێک بوو تا لێی دوربویتایە زیاتر ئاسودە ئەبووی.

بینایی یەکێک بوو لەو تەلەبانەی کە توانای زۆری هەبوو، لە بواری وێنەکێشان زۆر شارەزا و ورد و لێهاتووبوو، وردەکاری زۆری ئەکرد لە وێنەی ئەو شتەی کە ئەیکێشا، هەندێ جار وێنەی چەم و جۆگەی ئاو و کانی ئەکێشا تەنانەت چڵە گیای نزیک جۆگە ئاوەکان و ڕەنگی ئاوەکە کە تیشکی خۆر لێی ئەدا و زبری ئەو بەردانەی کە بەهۆی خوڕەی ئاوەوە توشی داخوران بوون، هەموو ئەو وردەکاریانەی لە وێنەدا ئەکێشا، بەجۆرێک وێنەی دروستەکرد کە تەواو ئەبوو جیاوازی نەبوو لەگەڵ وێنەیەک کە بە موبایل گیرابێت.

یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ئومێدم پێی بوو لە داهاتوودا ببێتە کەسێکی ناودار و خاوەن کەسایەتی، بەڵام سەردار داهاتووی ئەوی کرد بە قوڕا.

دوای ئەو ڕۆژە و قسەکانی بینایی، پۆلەکە هەموویان و سارا و شیراز بەتایبەتی تەواو ڕقیان لە من هەڵگرت و پێیان وابوو کە من قسەم بۆ باوکی بینایی کردووە و بوومەتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەو لە مەکتەب دەرکەن، تەنانەت لە دەرزیشا کە بەشداریم پێ ئەکردن و ڕۆژانە دەرزەکەم لێ ئەپرسینەوە بە زۆر هەڵەسان و شتێکیان ئەوت، لەکاتێکا پێشتر هیچیشیان نەزانیایە هەر بەشداریان ئەکرد.

کۆتای ساڵ هات و هەموو تەلەبەکان لای خۆمان دەرچوون و چوونە تاقیکردنەوەی نیشتمانی، لە تاقیکردنەوەی نیشتمانی هەر شەش تەلەبەکە دەرچوون و چوونە پۆلی ١٠، لەبەر ئەوەی لای خۆمان تەنها بەشی زانستی هەبوو بۆیە هەموویان لە دەی زانستی بەردەوامیان ئەدا بە خوێندن.

# کۆتای بەشی یەکەم

-بەشی دووەم-

چەند ساڵێک تێپەڕی، کاتێک یەکەم ڕۆژ چوومە پـۆلەکەی ئەحمـد و ئەوان ئەوان لە پۆلی ٤ بوون، ئێستا ئەو پۆلە بوونەتە پۆلی ١٠ واتە شەش ساڵە لەگەڵ ئەم خوێندکارانەدام، وەکو ڕەفیقمان لێهاتووە، زیـاتر متمـانە لەنێوانماندا دروست بووە، بەهۆی ئیش و کار و بەهۆی قسەی سـەردار ٣ تەلەبەمـان وازیـان لە مەکـتەب هێنـا، لەو ١١ تەلەبە ئێسـتا تەنهـا ٦ تەلەبەمـان مـاونەتەوە و گەشـتوونەتە پـۆلی ١٠، هەر بەهـۆی قسـەی سەردارەوە خوێندکارەکان تا ڕادەیەک ڕقیان لە من هەڵگرتووە بەتـایبەت سارا و شیراز، خوێندکارەکان خۆشیان زۆر گۆڕابوون، هەر لە پۆلی ٨ و ٩ هەستم بە زۆر گۆڕانکاری کردووە لە قوتابیەکان، وەکو جاران لە پۆلـدا بە تەرکیزەوە دانانیشـن، زوو زوو خەیاڵیـان ئەڕوا، زیـاتر گرنگـی بە خۆیـان ئەدەن، هەموویـان گەشـتوونەتە تەمەنـی گەنجـی، لەگەڵ ئەوەشـدا عاقڵتربوون و زۆر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن.

یەکەم ساڵم بـوو کە وانەی پسـپۆڕی خـۆم بڵـێمەوە کە فیزیـا بـوو، و یەکەم ساڵیشم بوو کە وانەی ئەو پۆلە بڵێمەوە کە لە کاتی خـۆم زۆر لام قورسبوو، چونکە ئێمە لە مەکتەبێک خوێندنمان تەواوکرد ئاستی زۆر بەرز نەبوو، مامۆستاکانی جێگیر نەبوون هەر ساڵە و مامۆسـتایەک دەرزەکـانی ئەوتەوە.

وەک ساڵانی پێشوو یەکەم ڕۆژی دەرزخوێندن قسە و باسـی ئەوەمـان ئەکرد کە حەزەکەن ئەمساڵ دەرز چۆن بێت و مەنهەجەکە چۆنە و پلانی

دەرزخوێندنمان چۆنە، ئینجـا بە پـوختی باسـێکی فیزیـام بـۆ کـردن کە گرنگی زانستەکە لە چیدایە و بۆ ئەبێ فێربین و بیزانین، لەڕێگەی فیزیاوە ئەتوانین چ شتێکی تازە بزانین کە نەمـانزانیوە، لەوکـاتە کە باسـی ئەوەم کرد فیزیا وەڵامی زۆر پرسیار ئەداتەوە و وات لێ ئەکا کۆمەڵێ شت بزانی کە پێشتر نەتزانیـوە، بـۆیە ئەڵـێن (فیزیـا ژیـانە)، کە وام وت و بینـاییم بیرکەوتەوە کە بەهۆی قسـەی سـەردارەوە نەیانهێشـت ئیتـر بێـتەوە بـۆ مەکتەب.

یەکێ لەو سێ تەلەبـانەی کە ئێسـتا لە پۆلـدا نیـیە و ئەو بە ناچـاری نایەتەوە بۆ مەکتەب چونکە باوکی نەیهێشت بێـتەوە، ئەینـا خـۆی زۆری حەز بە مەکتەب و فێربوون بوو، بەڵام قسەی سەردار وای لە باوکی کـرد مەکتەبی پێ تەرک کرد، بینایی بوو.

بینـایی لە پـۆلی ٨ و ٩ هەمـوو کـات ئەیـوت مامۆسـتا حەزەکەم زوو بچینە پۆلی ١٠ و فیزیا بخوێنم بزانم ئەوە چییە کە تۆ دایمە ئەڵێی فیزیـا ژیانە، جار جار بە سوعبەت ئەیوت بـزانم بـۆچی ئەم فیزیـات ئەوەنە پـێ موهیمە هەر ئەڵێن فیزیا ژیانە، زۆر حەزەکەم زوو بچمە پۆلی ١٠ و فیزیـا بخوێنم.

قورگم پڕ بوو لە گریان هیچم بۆ نەوترا زۆر بە ناڕەحەت قسەم بۆ ئەکرا هەرچـۆن بـوو بە تەلەبەکـانم وت بچـنە دەرەوە و سـبەی کتێـب بێـنن دەرزەخوێنین.

بینایی حەزی ئەکـرد خوێنـدن تەواو بکـات و بچێـتە بەشـی هـونەرە جوانەکان، هەمووکات لە پـۆلی ٨ و ٩ ئەیـوت مامۆسـتا فیزیـا ئەخـوێنم،



حەزەکەم لە زانستەکانی تریش هەمووی شتێ بزانم بەس خـۆم حەزم بە بەشی هـونەرە جوانەکـانە، هەمـوو کـات ئەیـوت مامۆسـتا چـونکە ئـێمە کۆمەڵگاکەمان وا ئەزانن هەر بەشی هەندەسە و طوب گرنگە، ئیتر هەموو کات هانمان ئەدەن بۆ ئەو دوو بەشە غەیـری ئەو دوو بەشـە پێیـان وایە ئەوانی تر هیچ نیـیە لەکاتێکـا ئینسـان بە حەز و خۆشەویسـتییەوە هەر بەشێک بخوێنێت تیا سەرکەوتو دەبێت، هەرچەنە لەوەشا من ماڵەوە قەت بۆ هەندەسە و طۆب هانیان نەداوم، باوکم هەر ناشـزانێ لە پـۆلی چەنـم، مامۆستا زۆر خەم لەوە ئەخۆم لە داهاتوودا لە پۆلی ١٢ بەبیـانوی جیـاواز نەهێڵن بچمە بەشی هونەرە جوانەکان، لە ئێستاوە خەمی ئەوەمە، منیش پێمەوت هێشتا زۆرت ماوە لە ئێستاوە مێشکت بەوانەوە مەشغوڵ مەکە تۆ ١٢ تەواوکە ئەوکات بەدڵی خۆت ئەو بەشە بخوێنە کە ئەتەوێت.

بەداخەوە پێش ئەوەی بگاتە پۆلی ١٢ و ئاواتەکەی بەدیبێت، کۆتا وێنە کە کێشای و قسەیەکی سەردار و خۆشباوەڕی باوکی بـووە هـۆی ئەوەی کە بە زۆر لە مەکـتەب دەریـکەن و بـۆ هەمیشـە لە حەز و خولیـاکەی دایبڕن و تواناکانی بکوژن، هەر بەو هۆیەوە چاوێکیشی لەدەسدا.

ڕۆژی دواتـر کە چـوومەوە پـۆل بـۆ دەرز خوێنـدن، کاتێـک لەسـەر تەختەتەکە نوسـیم وانەی دووەم و فیزیـا، سـارا وتـی مامۆسـتا خـۆزگە ئێستاش بینایی لێرە ئەبوو، بەخوا خۆشترین ساڵمان بەڕێ ئەکرد، کە وای وت دڵی پڕبوو، شیراز بە هەمان شـێوە، هەردووکیـان دڵیـان پڕبـوو، زۆر گوێم پێنەدان وتم با بیریان بچێتەوە و دەرزی خۆمـان بە ئاسـایی بـاس کرد و ڕۆژانە پرسیارم ئەدا پێیان لە ماڵەوە حەلی بکەن.

ماوەیەک سامان ڕوخساری دیاربوو زۆر زۆر بێتاقەت بوو، وەمزانی حاڵەتێکی ئاسایییە و هەر ئەو ڕۆژە وایە، بۆیە منیش زۆر گوێم پێنەدا، بەڵام ڕۆژانە دیقەتم ئەدا کاتێ شەهیناز هەڵەستا پرسیارێک حەلبکا سامان ئەوەنەی گوێی بۆ ئەو ئەگرت ئەونە گوێی بۆ من نەئەگرت، شەهیناز کچێکی بەشەخسیات و زیرەک بوو، محاجەبەیەکی ڕووخۆش بوو، باڵایەکی بەرز و چاوێکی سەوزی کاڵی هەبوو، زۆر زۆر ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو، زۆر کراوەبوو زوو ئەچووە دڵەوە، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە خۆی وتی مامۆستا تۆزێ عەجولم لێم مەگرە ئەگەر زۆر قسەم کرد، ڕاستی ئەکرد زۆر بڵێ بوو، بەڵام بەڕێز و عاقڵیش بوو، زۆربڵێیەکەی ئیزعاجکەر نەبوو، کات و ناکاتی قسەی ئەزانی.

لەوکاتەیا کە ئەو هەستا پرسیارێک شیکار بکات، من لای سامان وەستابووم کاتێ شەهیناز پرسیارەکەی شیکار ئەکرد و شەرحی ئەکرد ئاگام لە سامان بوو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بووە پرسیار لەلام بڵێی سامان چی لە دڵا بێت.

کات گەشتە نزیک تاقیکردنەوەکانی ٢٠ی وەرزی یەکەم، تاقیکردنەوەم کرد و پرسیارم دابەشکرد و دوای ١٥ دەقەیەک سامان وەرەقەکەی بۆهێنام، بای١٠ دەرەجەیەکی جوابدابۆ بەس لە کۆتای وەرەقەکە نوسیبووی "مامۆستا ئەم فیزیا هەندێ شتی تیایە من باوەڕم پێی نییە بۆیە ناتوانم بینوسم چونکە ئەگەر شتێک باوەڕم پێی نەبێ و بینوسم وەک درۆ وایە منیش درۆ ناکەم ببورە"

هیچم نەوت دوای دەرز بانگم کرد بۆ ئیدارە، قسەم لەگەڵ کرد.

**من:** سامان ئەمە چییە نوسیوتە ڕۆڵە یەعنی چییە باوەڕت پێی نییە.

**سامان:** مامۆستا ئەو یاسا و شتانە من بە ڕاستی نازانم.

**من:** یەعنی من فێری درۆتان ئەکەم.

**سامان:** مامۆستا ببورە تەواو ئیتر دوبارە نابێتەوە.

سامان ڕۆیشت و منیش زۆرم لەگەڵ نەوت، ئەمزانی سامان عاشق بووە، گەشتۆتە ڕادەی فەنابوون و خۆلەبیرچوونەوە لەپێناو ئەو کەسەی خۆشیەوێ، گەشتبۆ ئەو ڕادەیەی کە ئەوەی لە ناخیایەتی ناتوانێ ئیتر بیهێڵێتەوە و ئەبێ دەریبڕێ، چونکە ئەگەر نەگەشتبێتە ئەو ڕادەیە، قەت نایەت لەسەر وەرەقەی ئیمتیحان شتێک بنوسێت کە سور ئەزانێ ئیسفادەی نییە بەس ئەوەی لە دڵیایەتی بەوە دەریەبڕێت، ئاخر ئینسان کە ئەگاتە ڕادەی عاشقبوون هەندێ شت ئەکا و هەندێ هەڵسوکەوت ئەکا لەوانەیە خۆیشی بزانێ کە نەگونجاوە بەس خۆشەویستی ئەو کەسە وای لێ ئەکا کە گوێ بە گونجا و نەوگونجان نەدا تەنها لە پێناو دەربڕینی هەستەکەی، کوڕێکی برادەرم هەبوو، ئەیوت کەسێکم خۆشەویست، لەکاتی ئاسایی خۆم بە دنیا نەئەگۆڕیەوە و بچوکترین شتم نەئەکرد کە لەسەرم بکەوێ بەس کە ئەوم ئەبینی بۆ ئەوەی سەرنجی بەلای خۆما ڕابکێشم وەک مناڵ تەعامولم ئەکرد هەنێ شتم ئەکرد ئێستا لام سەیرە بۆ وام ئەکرد بەس بۆ ئەوەی بمبینێ و سەرنجم بدات، دیارە سامانیش بۆ ئەوە ئەوەی نوسیوە تا لە پۆلا بڵێم بۆ وات نوسیوە و وەڵام بداتەوە و قسە بکات تا وا خۆی دەرخات کە قسەزانە و شتێ زیاتر ئەزانێ، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە سەرنجی شەهیناز بەلای خۆیا ڕاکێشێ، ئاخر ئینسان کە ئەگاتە

ئەو حاڵەتە پەنا بۆ هەموو شتێک ئەبات تا سەرنجی بەرامبەر بەلای خۆیا ڕاکێشێ، هەندێ جار ئەوەی پەنای بۆ ئەبا لەڕووی عەقـڵەوە هەزمکردنـی نارەحەتە، بەڵام عاشقبوون ئیشی عەقڵ نییە، ئیشی دڵە، کە مادەم ئیشی دڵە، دڵیش لەوکاتەیا زاڵە بەسەر لۆژیک و بیرکردنەوە، بۆیە هەنـدێ جـار ئینسان کۆمەڵێ ڕەفتار ئەکات کە لای خەڵکـی ئاسـایی ئەڵـێن ڕەفتـاری منالانە یـا نەگونجـاو یـا شـێتی، بەڵام هەمـوو ئەوانە دەربڕینـی هەسـتی عاشقبوونە، کە ئیتر لە تەحەمولیا نەماوە لە ناخی خۆیا بیهێڵێتەوە، گوێش نادا بەوەی کە چواردەور چـۆن بیـری لـێ ئەکەنەوە، چـونکە لەو کاتەیـا چاوی بەس ئەو ئەبینێ نەک چواردەوەر، لەسەر ئەم بـابەتە مەحـوی زۆر جوان ئەڵێ:

**ئابڕو ڕێژە ویساڵی یار، خوێن ڕێژە فیراق**

**عالەمی عیشق و محەبەت، هەر بڕێژە و هەر بڕێژ.**

بۆیە ئینسان لەو حاڵەتە هەموو شتێک ئەکا تا گوێی لە قسەیەکی بێت تا سەرنجی بدات، ئەگێڕنەوە ئەڵێن کەسێک چوو لە بەردەم ئەو کەسـەی خۆشیەوێ گۆزەیەکی دا بە عەرزا و شکاندی، لێیان پرسی بۆ وات کرد بۆ ئەو گۆزەت شکاند؟ وتی بەس بۆ ئەوەی ئەو پێم بڵێ بۆ شـکاندت؟ بەس بۆ ئەوەی پرسیارم لێ بکات.

سـامانیش ئەو مـاوە هەسـتم پێکردبـوو ئەو هەڵسـوکەوتانەی هەبـوو، زۆرجار باسی بابەتی خاریجی ئەکرد و زیاتر لە دەرزەکەیا بەشداری ئەکرد و ماوەیەک زۆر زیرەک بوو، فیزیاکەی هەڵوەشاند، زۆر شارەزا ببوو.



وەرزی دووەم دەسـیپێکرد و ڕۆژێـک لەکـاتی دەرزخوێنـدن خـۆم کتێبەکەم نەبردبۆ پۆلەوە بەدەم دەرز شەرحکردنەوە بەناو پۆلەکە ئەگەڕام، چاوم کەوتە سەر کتێـبەکەی سـامان، لەسـەر لاپەڕەیەکـی کتێـبەکە بە دەسوخەتێکی جوان و بە قەڵەمجـافێکی سـور نوسـیبووی "**ئەگەر نیوتن چاوەکانتی ببینایە، ئەیزانی کە کێشکردن یاسای نییە**" ئەو دێڕە هەم وەک لایەنە ئەدەبیەکەی هەم وەک پێناسـە و دەربـڕینە جـوانەکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام.

وەک هەموو ڕۆژەکـانی تـر ئەو ڕۆژەش دەوام تەواو بـوو، گەڕامەوە بـۆ داخلی و شەو ئەبـوو دوای نـوێژی عیشـا هەنـدێ پـرۆژە دروسـتکەم بـۆ تاقیکردنەوە لە دەرزی سبەی، چووم بۆ نوێژی عیشا، دوای نوێژ سەردارم بینی لەگەڵ کاک ئەرسەلان قسـەی ئەکـرد، لەرزم لـێ نیشـت، چـونکە ئەمزانـی ئەچـووە بنـاگوێی هەر پیاوێـک بـۆ بەیـانیەکەی بەزمێکـی بەناوچاوەبوو یا تەلەبەیەکی ئەدا بە تێهەڵدان و دەرکردن، هەرچـۆن بێـت ئەبێ ئەمشەو قسە لەگەڵ کاک ئەرسەلان بکەم پێش ئەوەی بچێتەوە بـۆ ماڵەوە، نەمەزانـی بە چ بیـانویەک بچـم قسـەی لەگەڵ بـکەم و سـەردار بڕوات، ئەوەم بیرکەوتەوە کە کاک ئەرسـەلان وەسـتای دانـانی سـەقف و دیکۆراتە، بەو بیـانوەوە چـوومە لایـان و سـەلامم لـێ کـردن سـەردار بە لالوتێکەوە جوابی داوە، کاک ئەرسەلانیش بە گەرمـی جـوابی داوە، وتـم کاک ئەرسەلان ئیشـێکی بچـوکم هەیە ئەگەر مەجالـت هەبـێ هەرچەن عەزێتیشە ئیشم بەو ئێڵتی دیوار شـکاندنە هەیە، بەخـوا مەگەر خۆیشـت عەزێـت بکێشـی یـارمەتیم بـدەیت ئیشـی دە دەقەیەک ئەبـێ، کـاک

ئەرسەلانیش زۆر بە گەرمی جوابی داوە و وتی لە خزمەتام مامۆستا گیان بـــا بچیـــنەوە مـــاڵەوە چـــایەکیش ئەخـــۆین و ئێڵتـــیەکە ئەهێـــنم و تەرتیبیەکەین.

هەتا چووینە ماڵ کاک ئەرسەلان بیرم ئەکردەوە ئێڵتـی بێنـین کـوێی پێ بشکێنم، ئێڵتیەکەی هەڵگرت و خێرا هـاتینەوە بـۆ داخلـیەکە، هەتـا گەشتینە داخلیەکە شوێنێکم دۆزیەوە، وتم ئەم ژێـر دەرگـا ئـاوی ژورەوە دەرناچێ ئەمەوێ لەم ژێر دەرگاوە شوێنی بۆریەک بشـکێنم بـۆ ئەودیـو، کاک ئەرسەلان ئەوەنەی پێنەچوو شکاندی و منیش دەستخۆشیم لێکـرد و چایەکم لێنا و وتم بەخوا نارۆیت چایەک بخۆ تۆزێ ئیسراحەتکە.

چایەکم لێنا و تا چایەکە کوڵا دەسمان کرد بە قسەکردن و ئەمویست بە مەوزوعێکەوە باسی ئەحمەدی لەگەڵ بکەمەوە و تا جـوان تێـیگەیەنم کە ئەوەی ئەو ئەیکا ئەوە ڕێگا ڕاستەکەیە و ئەو قسانەی کە سەردار بۆی کردووە ڕاست نییە و هەمـوو شـتێکی بـۆ ڕاسـت بـکەمەوە، وتـم: کـاک ئەرسەلان ئەوە دوو ڕۆژە ئەحمەد لە پۆلا زۆر مات و بێدەنگە خـۆ شـکور هیچ نەبووە؟

**کاک ئەرسەلان:** نەوەڵا هیچ نەبووە، بەس مامۆستا مناڵەکانمـان چەنێ لە ماڵەوەن ئەوەنەش لای ئێوەن ئاگامان لێیان نەبێ ئەوان هێشـتا مناڵن نافامن توشی زۆر شت ئەبن، ئەبێ نەهێڵین لەدەس دەرچن.

**من:** وەڵا شکور ئەحـمەد تەلەبەیەکـی عاقـڵ و زیـرەک و چـاکە، لەو تەلەبـانە نیـیە کە لێـی بترسـی توشـی غەڵەت بێـت، ئەسـڵەن زۆر لە

تەلەبەکانی تر عاقڵترە لە مەکتەبیش جگە لە دەرزەکانی خۆی هەموو کات کتێبی تریش ئەخوێنێتەوە.

بە ئەنقەست باسی کتێبی ترم کرد تا مەوزوعی کتێبەکە بکرێتەوە تێی بگەیەنم کە ئەو کتێبانە چییە ئەحمەد ئەیخوێنێتەوە، کە وام وت کاک ئەرسەلان **وتی:** مامۆستا ئاخر ئەوە کێشەکەیە ئەو ساڵە لەسەر ئەو کتێبە چینێ باشم لێدا، ئەمشەویش مامۆستا سەردار وتی بینیومە کتێبێکی تری پێیە باسی دڵداری ئەکا، ئاخر مامۆستا ئەمانە ئەخلاقی تەلەبە تێکەدا.

**من:** نا بۆ ئەمەیان لەوانەیە تۆ هەڵە تێگەشتبیت یا مامۆستا سەردار بە هەڵە پێی وتبیت، ئەزانم کە ئەو ساڵە لێودا و دەسیشی لەجێچووبوو، ئەو کتێبەی ئەو ئەیخوێندەوە ناوی (موعجیزەکانی عەشق) بوو، ئەمە پەیوەندی بە دڵداری و ئەو تێگەشتنە خراپەوە هەر نییە کە مامۆستا سەردار بە تۆی وتووە، مامۆستا سەردار خۆی هیچی نەخوێندۆتەوە ناشزانێ کتێبەکە باسی چی ئەکا بەس بە ناوەکەیا تێکەوتووە، ئەسڵەن من زۆرم پێخۆشبوو کە بینیم ئەحمەد بەردەوام ئەخوێنێتەوە و لەو ڕووە زۆر ئاگاشم لێیانە کتێبێک بزانم باش نییە ناهێڵم بیخوێننەوە، بەڵام ئەو کتێبە هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵکو کتێبێکی زۆر باشیشە، ئینجا ئەحمەد لەو تەلەبانە نییە کە مامۆستا سەردار ئاوا باسی کردبوو، زۆرجار دیقەتم داوە کە دەوامماں بەیانیانە سەعات ٩:٢٥ یا ١٠:١٥ لە کاتی پشووی نێوان دەرزەکان ئەچێ بۆ ژوری کارگوزارەکە و نویژی چێشتەنگاو ئەکا، کوڕێکی زۆر چاک و بە ئەدەب و زیرەکە، لەگەڵ ئەوەشدا توانایەکی زۆر باشی هەیە و ئەوەی زۆر جێی دڵخۆشییە کە کاتە بەتاڵەکانی بە شتێکی



چاکەوە بەسـەر ئەبـات، لە تەمەنـی ئەودا چەنـد کەس هەن بەردەوام لە کافتریاکان کەوتوون و نێرگەلە ئەکێشن و چەند کەس خەریکی ڕابواردن و کاری لابەلان، بەس ئەحمەد ئەوەنەی بزانم ناهێڵێ یەک دەقەی ژیـانی بەبێ سود بڕوات و دایمەن هەوڵی خۆپێگەیاندن و خوێندنەوە ئەدات، ئەو ساڵەش کە لێتدابوو تاکیدبە زۆر بە ناحەقی لێتـداوە، چـونکە لەسـەر ئەو کارانەی کە ئەحمەد ئەیکا حەقی دەستخۆشی و خەڵاتکردنی هەبوو نەک لێدان، بەس کێشەکە ئەوەیە تۆیش لەسەر قسەی مامۆستا سەردار ئەوەت کردبوو، خۆزگە بە مامۆستا سەردارت ئەوت خۆت کتێبەکەت خوێندۆتەوە بزانی باسی چی ئەکا، چونکە ئەو بڕواناکەم بە هەموو ژیانی چوار کتێبـی غەیری مەکتەبی خوێندبێتەوە، زۆریشم لا سەیربوو کە وتبـووی ئەحـمەد کتێبی دڵداری ئەخوێنێتەوە، لەگەڵ ڕێزما مامۆستا نابێ درۆ بکا بەس ئەو کردی، مامۆستا سەردار لە هەندێ شتا هیچ شارەزا نیـیە نـاکرێ قسـەی لێ وەربگریت، وەڵا ئەحمەد شایەنی ئەوەیە خەڵاتـی بـکەی، ئەگەر وەک منالَی خەڵک هەر ڕۆژێک و کێشەیەکی بۆ بهێنـایەیتەوە چیـت ئەکـرد؟! ئەگەر منـاڵێکی جنێـوفرۆش بـوایە چیـت ئەکـرد؟! دەی کوڕێـک کە لە هەموو ڕوویەوەکە یەکەمە گونـاح نیـیە لەسـەر قسـەی مامۆسـتایەک کە خۆیشی نازانێ چی وتووە لێی بدەیت.

**کاک ئەرسەلان:** وەڵا مامۆستا نـازانم بڵـێم چـی، خۆیشـم لەوە پەشیمانم کەو ئەوکـاتە لێمـدا، یەکەمجاریشـم بـوو لە ژیانمـا بەو جـۆرە توڕەبوم و لێی بدەم، بەس کە مامۆستا سەردار وتی لە مەکتەب خەریکی

دڵدارییە زۆر پەست بووم، ئەمشەویش وتی کتێبێکی ترم پێ بینیوە نازانم ناوی دیوانی عەشقە مەملەکەتی عەشقی شتێکی وایە.

**من:** بەڵێ ڕاستەکا، وابزانم مامۆستا سەردار هەر ئەو تۆزەی ڕاستبووە، خۆم ئەو کتێبەم پێ بینیوە ناوی مەملەکەتی عەشقە باسی نوسەرەکەی ئەکا کە چۆن لە لوتکەی بێدینییەوە گەڕاوەتەوە و ئێستا بۆتە یەکێک لە بانگخوازە زۆر گەورە دیارەکان، نازانم ئەمە زەرەرەکەی لە کویایە، بەس سەردار بە وشەی عەشقەکەی تێکەوتووە وا ئەزانێ خراپە، لەکاتێکا ئەم نوسەرە باسی ژیانی خۆی ئەکا بەشێکی لە ژیانی کە لە مەسەلەی عەشقەوە تێوەگلاوە و دوای چۆن بووە ڕێی مزگەوتی دۆزیوەتەوە و بووە بە کەسێکی دیندار.

**کاک ئەرسەلان:** ئێ وەڵا ئەگەر ئەوانە بخوێنێتەوە منیش کێشەم نییە لەسەر قسەکەی تۆ زۆر دەستخۆشیشی لێ ئەکەم.

**من:** دڵنیابە لەوەی لە خۆتان زیاتر ئاگام لێیانە و ناهێڵم بە غەڵەتا تێپەڕن و هەر کتێبێکیش بزانم ئەیانبا بۆ هەڵە ناهێڵم بیخوێننەوە، ئەسڵەن هەر لە کتێبخانەی قوتابخانە لایەدەم، بۆ سبەینێ کتێبێکی ترم بۆ داناوە بیدەمێ، ئەویش بە هەمان شێوە باسی کەسێک دەکات کە لە ژیانێکی سەختی و دژوار چۆن ڕێگەی ڕزگاری ئەدۆزێتەوە و ڕێی خوا ئەگرێتەبەر و سەرکەوتوو دەبێت، ئەویش ناوی (خەندە و سەلیم)ە، ئەگەر سەردار وتی شتێکی وام پێ بینیوە بڵێ ئەزانم مامۆستا خۆی پێیداوە.



**کاک ئەرسەلان:** خوا یارمەتیتان بدا مامۆستا بەخوا ئەرکی ئێوەش قورس و پیرۆزە، ئێستا چوومەوە لەسەر قسەکەی تۆ دەستخۆشی لێ ئەکەم، لەماڵەوەش کتێبخانەیەکی بۆ دروستەکەم.

خواحافیزبوونم لە کاک ئەرسەلان کرد و زۆر دڵخۆشبووم بۆ یەکەمجار توانیم کارێکی لاری سەردار ڕاستبکەمەوە.

بەیانی چووم بۆ مەکتەب، دوای دەرزی یەکەم ئەحمەدم بانگکرد بۆ ئیدارە و کتێبی (خەندە و سەلیم)م داپێی وتم لێرەش مەیخوێنەوە لەگەڵ کتێبەکەی ماکوان کەریم هەردووکی ببەرەوە بۆ ماڵەوە، وتی مامۆستا بەس باوکم ئەوەم پێ ببینێ لەوانەیە لە مەکتەب دەرمکا ئەمجارە.

**من:** نا ڕۆڵە ئەمشەو لەگەڵ باوکت قسەم کرد و بەجوانی تێمگەیاند کە ئەو کتێبانەی ئەیخوێنیتەوە چییە و باسی چی ئەکا، ئیتر خەمی هیچت نەبێ نە قسەی مامۆستا سەردار کاریگەری ئەبێ، نە تۆیش لە مەکتەب دەرەکات، باوکت وتی کتێبخانەیەکیشی لە ماڵەوە بۆ دروستەکەم.

**ئەحمەد:** مامۆستا توخوا بەڕاستە؟

**من:** ئەی ڕۆڵە قابیلە درۆو بۆ بکەم، ئەمڕۆ ڕۆشتیتەوە ئەو دوو کتێبە بەرەوە، بەس سەعیەکەشت ئیهمال نەکەیەت، ئەبێ زیاتر لە جاران زیرەکتربیت، با دوای نەڵێن بەهۆی کتێب خوێندنەوە لە مەکتەب ئاستی دابەزیوە.

**ئەحمەد:** خەمت نەبێ مامۆستا بەسەرچاو، بەس خۆزگە ئەوتوانی ئاواش قەناعەت بە کاک ڕێبوار بکەیت و تێیبگەیەنیت کە مامۆستا

سەردار بە هەڵە باسی بینایی کردووە، خۆزگە ئەویش ئەگەڕایەوە بۆ خوێندن، هەرچەنە ساڵێکیش دواکەوتووە بەس هەر باشبوو.

جگە لەو دوو کتێبە، ئەو کتێبەشی کە یەکەم ساڵ سەردارە ناحاڵی کردیە زۆپاکەی ئیدارەوە و سوتانی ئەویشم بۆ کڕیەوە و بە دیاری پێمدا و زۆری پێخۆشبوو.

ئەو ڕۆژە زانیم کە شەو کاک ئەرسەلان ڕۆشتۆتەوە چونکە کات درەنگ بووە ئەحمەد خەوتووە و فریانەکەوتووە پێی بڵێ کە کتێبخانەی بۆ دروست ئەکات.

بۆ خۆزگەکەشی نەئەکرا، چونکە کاک ڕێبوار قسەی لەگەڵ نەئەکرا، ئەو بەس گوێی بۆ مامۆستا سەردار ئەگرت، لای خۆیشی وابوو کە بەو کارەی کە بەرامبەر کچەکەی کردی حەیا و حورمەتی پاراستووە و چاوەڕێی ئەجری قیامەتیش بوو لەسەری.

نەبوونی بینایی لەو پۆلە شتێک نەبوو لەبیربچێتەوە نە بۆ مامۆستا نە بۆ تەلەبە، چونکە تەلەبەیەک بوو، جگە لە زیرەکی و عاقڵیەکەی، عەجول و قسەخۆش بوو، هەموو تەلەبەکان خۆشیان ئەویست، کەس نەیەتوانی ڕقی لێی بێت، هەر بۆیە لە هەرشوێنێ قسەیەکی کردبێت، هەر تەلەبەیەک یادگاریەکی ئەوی بیرەکەوتەوە یەکسەر باسیان ئەکرد و ئەیانوت خۆزگە ئێستا ئەویش لێرە بوایە، بەڵام ئیتر ئەوە هەر بە خۆزگەیی مایەوە و بینینەوەی ئەستەم بوو.

ڕۆژانە بەو شێوە دەرزی خۆمم ئەوتەوە و جار جار چالاکیم بۆ تەلەبکان ڕێکەخست و کتێبم پێئەدان بیخوێننەوە و دواتر لێمەپرسینەوە کە چی لێ فێربوون و کتێبەکە باسی چی کردووە، لەگەڵ ئەوانەشدا ئاگاداربووم سامان تەواو گیرۆدەی شەهیناز بووە.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بۆمدەرەکەوت کە سامان تەواو شەهینازی خۆشەوێ، بەڵام شەهیناز ئاگای لەمە نییە، نازانم ئاگای لێیەتی و خۆی لێ گێل ئەکا، یا هەر بەڕاستی بێ ئاگایە.

لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە تا ڕادەیەک ماڵ شەهیناز و ماڵ سامان جیاوازیان زۆربوو، سامان کوڕی کاک عبدالقادر بوو، کە کرێکار بوو، ڕۆژانە لەناو بازاڕ ئەوەستا تا خاوەن کارێک بیبات بۆ کرێکاری و **٢٥** یا **٣٠** هەزارێکی دەسبکەوێ، سامان خۆیشی جار جار ئیشی ئەکرد، هەر پێوەی دیاربوو کە لە تەمەنێکی منداڵیەوە ماندووە و بەدوای ئیشا ڕاکە ڕاک ئەکا.

شەهیناز کچی کاک ئیبراهیم بوو، بازرگانێکی گەورەی شوشەوات بوو، شەهیناز بە ناز گەورەکرابوو، لە هیچی کەم نەبوو، چونکە تاقانە بوو، نە خوشک نە برای نەبوو، ئەوەنە نازی پێدرابوو، بە سادەترین قسە دەسیەکردە گریان و دڵی پڕ ئەبوو، تەنانەت لە پۆلدا کە هەڵدەستا پرسیارێک حەلبکا کە ئەمووت ئەمەی هەڵەیە یەکسەر دڵی پڕ ئەبوو و زۆرجار ئەگریا.

سامان ڕێک بە پێچەوانەوە، ڕاستە عاشق بوو، بەڵام دڵ ڕەق، بێ هەست، دیاربوو کە لە منداڵیەوە کێشە و گرفتی ڕۆژگار وای لێکردووە، ئاخر زۆرجار کێشە و گرفتەکان وات لێ ئەکا بێ هەستەبیت، ئیتر هیچت

بۆ گرنگ نابێت و بۆ هیچ شتێک کاردانەوەت نابێت، ئەمیش وابـوو، بەڵام لەبەرامبەر شەهیناز نا، هەم دڵ ناسک، هەم وریـا، هەم زیـرەک، دڵنیـام زیرەکیەکەشی بەهۆی شەهینازەوە بوو، زۆرجار لە پۆلدا بەشداری ئەکـرد تا خۆی بسەلمێنێ.

ڕۆژێک بیرم ئەکردەوە خوا ڕەحمی پێکردووین و باشە سـەردار ئاگـای لەم عاشقە و ماشقانە نییە، ئەو هیچ نەبووبوو بە درۆ و دەلەسە و فیتنەیی ئەو تەلەبانەی ئەدا بە لێدان و دەرکردن، جا وەرە ئێستا بزانــێ عاشـقە و ماشقە لە پۆلێکدان، ئەبێ چۆن سەری دنیای لێ بێتەوە یەک.

شەهیناز جگە لە زیرەکی و عاقڵیەکەی یاریزانێکی زۆر باشی یاری بالە بوو، خاوەن توانایەکی بێ وێنە بـوو لە بەرزبـوونەوە و بەرگـری، لە یـاری تۆپی پێش توانـایەکی زۆر سەرسـوڕهێنەری هەبـوو لە کـۆنترۆڵی تـۆپ، هاوڕێکانی پێیان ئەوت ڕۆناڵدینهۆ، بەڕاستی وەک ئەو وابـوو، بەڵام خـۆی زیاتر حەزی بە یاری بالە بوو، زۆرجار ئەیوت مامۆستا خۆزگە دەورەی بالە ئەکـرایەوە هــی قوتابخانەکـان بـا ئـێمەش بەشـداریمان بکـردایە، بەڵام بەداخەوە لێرە کەس گرنگی بە وەرزش و هونەر نادات، ڕاستیشی ئەکـرد نەک گرنگــی پێنــادەن، لێـرە بەجۆرێـک پیاوسـالاری بـاوە کە ئەسـڵەن ڕێگەنادەن کچ یاری بکات، وێنە بکێشێت، حەزی خۆی دەربڕێت، جـاران نەیان ئەهێشت بخوێنن، ئێستا تۆزێ باشترە ڕێ لە خوێندنەکەی نـاگرن، هەرچەن هێشـتا کەسـانێکی وەک کـاک ڕێبـوار مـاون کە تەنـانەت بـۆ خوێندنیش ڕێگرن.

زۆرجــار لەگەڵ برادەرەکــانم کە باســی ئەو سیســتەمی پیاوســالاریە ئەکەین، ئەڵێین گون سالاری لەبری پیاو سالاری، لای ئەو گون ســالارانە وایە ئەوەی گونی نەبێ حسابی بەشەری بۆ ناکرێ، کچ بە ئینسان نازانن، وا ئەزانن خوا دروستی کردووە بۆ خزمەتی نێرینە، لە هەموو کێشەیەکیشا هەر ئەبێ کچەکــان بکــرێنە قوربــانی، ئەگەر کــچ و کوڕێــک بە کــارێکی خراپەوە ببینرێن ئامادەن کچەکە بکوژن، بەس کوڕەکە نا، چەند جـار کە باوکی تەلەبەکان ئەهاتن بـۆ مەکـتەب بـۆ هەواڵپرسـینی کوڕەکەیـان یـا ئیجازەکردنی بۆ کچەکانیـان، یەکسـەر پرسـیاری کوڕەکانیـان ئەکـرد کە ئاستی چۆنە و مامۆستاکان چییان پێ ئەڵێن و چۆن گرنگیان پێ ئەدەن، بەڵام کەسیان هەواڵی کچەکانیان نەئەپرسی، تەنانەت زۆرجار کە ئەهــاتن ئیجــازە بـۆ کچەکانیــان بـکەن، بـۆ تـاقیکردنەوە ئەمـوت لە پـۆلی چەنە، ئەیانوت نام بەخوا هەشتە نۆیە نازانم، بەڵام وردەکاری خوێندنی کوڕەکان شارەزا بوون، زۆرم لا سەیربوو کە چەندین باوک نەیەزانــی کـچەکەی لە پۆلی چەنە.

بــاوکی شــەهیناز بە حــوکمی ئەوەی زیــاتر ئەچـوو بـۆ شــار و لەگەڵ خەڵکی عەقڵ کراوە و تیگەشتوو زۆر تێکەڵ بوو، ئەو تۆزێ باشــتربوو، تــا ڕادەیەک ئازادی دابوو بە کچەکەی، شەهینازیش خـۆی زۆرجـار ئەیـوت ماڵەوە هەموو کات پشــتگیری ئەکەن بـۆ خوێنــدن، بەڵام ئەوانــی تـر نە ئازادیان هەبوو، نە خوێندنیان گرنگی پێ ئەدرا.

شەهیناز ئەگەرچــی جیــاواز لە کچەکــانی تـر لە مــاڵەوە تەواو ئــازادی پێدرابوو، بەڵام کە ئەهــاتە قوتابخــانە وەک کچەکــانی تـر وابـوو، چــونکە

لێرەش سەردار ببوو بە مۆتەکە بۆ کچەکان، تەواو ئازادی لێ گرتبـووونەوە، نەیەهێشت یاری بکەن.

ڕۆژێــک دەرزی ســێیەم پــۆلی ١٠م هەبــوو، یەکێــک بــوو لە دەرزە گرنگەکــان کە شــەوی پێشــتر ئەشــیای تــاقیکردنەوەم حــازرکردبوو بــۆ دەرزەکە، چــوومە پــۆلەوە و شــتەکانم پێبــوو، تــومەز پێشــتر تەلەبەکــان ڕێکەوتوون کە ئەم دەرزە نەخــوێنن و یاریــان پــێ بــکەم، کەس کتێبــی دەرنەکردبوو، هەر چوومە پۆلەوە دوای سەلامکردن، وتیان مامۆستا توخوا ئەمڕۆ فرسەتە با بچــین یــاری بکەیــن دوای ڕۆژێ تــر لە دەرزی وەرزش دەرزەکەت ئەدەینەوە، وتم بــۆ؟ ئەی بــۆ لە کــاتی خۆتانــا یــاری نــاکەن؟ شەهینزا **وتی:** مامۆستا سەردار لێرەبێ ناهێڵێ ئێمە یــاری بکەیــن ئەڵــێ هەر لە پــۆلا سێرِســکێن و دامە بــکەن، ئــێمەش حەزمــان لە دوگــوڵی و بالەیە، ئەمڕۆ مامۆستا سەردار لێرە نییە ئەها یــاخوا هەرچــی ئــاوات هەیە بێتەدی بەس ئەم دەرزە با بیکەین بە وەرزش.

**من:** باشە بەس چۆن ئەزانن مامۆستا سەردار لێرە نییە؟

**ئەحمەد:** مامۆستا دەرزەکەی تر سەیارەکەیمان بینی ڕۆیشت.

**سامان:** مامۆستا ڕاستەکا ڕۆیشت با ئەمڕۆ بچینە دەرەوە یاری بکەین.

ڕاستیان ئەکرد مامۆستا ســەردار چووبــوو بــۆ تەربــیە، ســامانیش لەبەر شــەهیناز حەزی ئەکــرد دەرز نەخــوێنین، هەرچەن خــۆی زۆر یــاری نەئەکرد، بۆیە وتم باشە ئەوە ئەم دەرزە بــۆ خۆتــان بەس یەکێکتــان ئەم شتانە بەرنەوە بۆ ژوری گەنجینەکە.

لەو کاتە شیراز و سارا چاویان پڕ فرمێسک بوو، وتم: شیراز سارا ڕۆڵە ئەوە چییە ئێوە دایمە ئەڵێی کەشتیەکەتان غەرق بووە؟

**شیراز:** مامۆستا بینایی ٩ ساڵ لەم مەکتەبەیا بوو قەت ڕۆژێکی وا ڕێنەکەوت بتوانین بچینە دەرەوە و یاری بکەین، خۆزگە ئەویش لێرە بوایە ئێمە بێ ئەو تاقەتی هیچمان نییە، ئەویش زۆری حەز لەوە بوو ڕۆژێک بەدڵی خۆمان یاری بکەین.

**سارا:** مامۆستا خۆزگە پار و پێراریش ڕۆژێکی ئاوا ڕێئەکەوت مامۆستا سەردار لێرە نەبێت و بتوانین یاری بکەین.

**من:** هەستن ڕۆڵە خۆ بینایی نەچووە بۆ ئەفریقا ماڵتان بە هەمووی بیست مەتر لە ماڵیانەوە دوورە ئەتوانن هەموو ڕۆژ ببینن.

لەڕاستیا خۆم باوەڕم بە قسەکانی خۆم نەبوو، ئەمزانی خەمی سارا و شیراز لەچیەوەیە، تەنانەت ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش بینایی ببینن و لە کۆڵان یاری بکەن، هەرگیز تامی ئەو یاریە نادات کە لە نیو سەعاتی دەرزێکا لە مەکتەب ئەیکەن، خۆم مامۆستام هەفتانە ئەچین بۆ یاری و لە خۆشترین ساحە یاری ئەکەین، بەس قەت تامی ئەو یارییە نادات کە لە پۆلی هەشت بووم، تۆپێکمان کڕیبوو، بەدزیەوە دوای دەوام لە ساحەی مەکتەب یاریمان ئەکرد، یاریەک پڕ لە ترس و ساحەیەکی کۆنکرێت و تۆپێکی لاستیک، بەڵام سەد قاتی ئەو یاریانەی ئێستا خۆشبوو، بۆیە چاک لەو هەستەی شیراز و سارا تێئەگەشتم، ئەمزانی ئەگەر هەموو ڕۆژێک بینایی ببینن قەت ئەو کەلێنەیان بۆ پڕناکاتەوە کە لە پۆلا بۆیان دروست بووە، هەرچەنە لە دەرەوەی مەکتەبیش ناتوانن ببینن چونکە

باوکی ناهێڵێ بچێــتە دەرەوە و شــیراز وتــی مامۆســتا دوای ئەو ڕۆژە کە هاتەوە بۆ مەکتەب ئیتر ئێمەش نەمانبینیوەتەوە.

تەلەبەکانم ناردە حەوشەکە و خۆم چووم بۆ ئیدارە تۆپەکەیان بۆ بێنم، تۆپی بالە و تۆپی پــێ هەردووکــیم پێــدان، شــیراز و ســارا لە ســوچێکی حەوشەکە دانیشتبوون و مــات و بێــدەنگ لە حەوشــەکە و تەلەبەکانیــان ئەڕوانی، وتم هەستن یاریکەن وتیان نایکەن، ئیتر پێم نەوتــنەوە ئەمزانــی یاریش بکەن کە بەدڵ نەبوو هیچ چیژی نییە، چووم بــۆ لای ئەحــمەد و شەهیناز و سامان و سەرتیپ و سەرەتا خــۆم تــۆزێ یــاری بــالەم لەگەڵ کردن و دواتر چوومەوە بۆ ئیدارە، حەزمەکرد سارا و شــیراز یــاری بــکەن چونکە شەهیناز بەتەنیا لەگەڵ کوڕەکــان بــالەی ئەکــرد، خــۆی کێشــەی نەبوو، بەس مامۆستایەک ببیبنــایە بەتــایبەت ســەردار ئەیکــرد بە هەرا و ئەیوت چۆنەبێ کەچێک لەگەڵ سێ کوڕ یاری بکات.

جار جار ئەهاتمەدەر سەیری یاریکردنیانم ئەکرد، یاری بالەیان ئەکرد و وەک پێشتر دوو جار بینیبووم شەهیناز لە کوڕەکان باشتر یــاری ئەکــرد، زۆرم لا سەیربوو کە ســامانیش یــاری ئەکــرد چــونکە ئەو پێشــتر زۆر بە کەمی یاری ئەکرد، ئەمڕۆ زۆر بە دڵ یاری ئەکات.

نزیکی بیست دەقە یاریان کرد و سەردار هاتەوە، بە پەلە ســەیارەکەی لەناوەڕاســتی حەوشــەی مەکــتەبەکە وەســتاند و دابەزی تــۆپەکەی لــێ سەندن و هێنایە ئیدارە و توڕەبوو و وتــی ئەوە کــێ ئەو تــۆپەی داوە بەو تەلەبانە **وتم:** من داومە پێیان.

**مامۆستا سەردار:** تۆ غەڵەت ئەکەی چۆن بێ پرسی من تۆپ ئەدەی بە تەلەبە خۆ مامۆستای وەرزش نیت.

**من:** شیرە شیرِ مەکە تۆپە دڕاوەکە نییە هەردوو تۆپەکە خۆم کڕیومە بڕۆ بیاندەرەوە.

**مامۆستا سەردار:** جارێ بزانم دەرزی چیان هەیە ئەو پۆلە خۆ دوێنێ وەرزشیان هەبوو ئەمڕۆ لە دەرزی کێیا هاتونەتەدەرەوە.

**من:** ئەوە پەیوەندی بە تۆوە نییە دەرزی منە و خۆم هێناومنەتە دەرەوە و تۆپەکەش هەردووکی هی خۆمە، بیاندەرەوە و سنوری خۆت بزانە لەوە زیاتر لێت قبوڵ ناکەم.

لەمکاتەیا بە دەنگی ئێمەوە مامۆستا ئیسرا هاتە ئیدارە و **وتی:** مامۆستا ئەوە چییە یەک تۆز هێواش عەیبە با تەلەبە گوێی لێنەبێ، هەرچیش هەیە نابێ تەلەبە بزانێ مامۆستاکان لە ئیدارە ناکۆکیان هەیە.

**من:** مامۆستا ئەم کابرا ئینسان تێکەدا تەداخولی هەموو شتێک ئەکا، تەلەبە با تێبگا با هەموو کەسێ بیناسێ ئەمە کێیە؟

**مامۆستا ئیسرا:** مامۆستا یەک تۆز لەسەرخۆ بن وەڵا دڵنیام شتێ وا نەبووە یەکتۆز دان بەخۆتانا بگرن و توڕەبونتان بخۆنەوە هەموو شتێ تێئەگەین و چارەسەر ئەبێ.

مامۆستا ئیسرا مامۆستایەکی عاقڵ و لەسەرخۆ و تێگەشتوو بوو، تەمەنی مناڵ بوو، بۆیە لە پەروەردەی ئەم سەردەمە تێئەگەشت، بەڵام ئەویش لەبەر ڕێزی تەمەنەکەی هەندێ شتی بە سەردار نەئەوت.

قسەیەک لە من و قسەیەک لە سەردار مامۆستا ئیسراش هەر ئاوا سەیرەکات، تۆپەکەم لە دەست سەردار دەرهێنا و فڕێمدایە حەوشەکە وتم وەرن بۆخۆتان یاری بکەن، لەوکاتە سەردار ڕووی کردە مامۆستا ئیسرا و **وتی:** ئە ئەمە لەوەتەی هاتووە ڤایرۆس بووە بۆ ئەم مەکتەبە ئەخلاقی تەلەبەی تێکداوە ئاخر چۆن باران ئەبارێ خۆم بینیم کە هاتمەوە سەیرەکەم ئەو کچە هەڵبەز و دابەزیەکیەتی و لەگەڵ ئەم کوڕانەیا خەریکی یارییە کچ چۆنەبێ ئەوەنە بجوڵێ و ئەم کوڕانە سەیریکەن.

**من:** دە گێلە گێل ئەی بۆ لەمەودوا نایخەیتە سەلاجەوە با بیبەستێ و سڕ ببێ ئیتر لە جوڵەیشی بخە، نازانم چ کەرێک تۆی کردووە بە مامۆستا.

**مامۆستا سەردار:** ئاخر ئەوە ئەدەبەکەتە بەرامبەر مامۆستا، ئینجا نازانم چۆن ئەو پارەت پێ حەرام نییە کە وەری ئەگری لەباتی ئەوەی دەرزی خۆت بخوێنی یاریان پێ ئەکەی، ئەمە موشریف بزانێ ئاوا بۆو ناچێتە سەر.

**من:** بۆیە من یاریان پێ ئەکەم چونکە مەکتەبەکە مامۆستای وەرزشی نییە هەر هەیکەلێکە و تەواو، ئینجا باسی موشریف مەکە من وەک تۆ لە موشریف ناترسم عەیب و شورەی بە موشریف هەڕەشەم لێ ئەکەی.

چوومە دەرەوە سەیرم کرد تەلەبەکان یاری ناکەن ئەیانزانی سەردار کێشەی ناوەتەوە، ئەوان عاقڵتربوون وتبوویان با بەقسەی بکەین و



بچینەوە پۆل تا کێشەکەی گەورەتر نەکردووە، چونکە ئەیانزانی خۆی بەدوای بیانوویەکا ئەگەڕێ تا کچەکان لە مەکتەب دەربکا و نەهێڵێ بخوێنن، هێشتا پێنج دەقەیەکی دەرز مابوو چوومەوە پۆل، وتم ئەحمەد سامان ڕۆڵە ئەوە بۆ یاریتان نەکرد؟

**سامان:** مامۆستا داوای لێبوردن ئەکەین بەهۆی ئێمەوە توشی ئەوە بوویت.

**من:** نا ڕۆڵە هیچ پەیوەندی بە ئێوەوە نەبوو، تازە دەرز وا تەواو بوو، سبەینێش لە دەرزی خۆما ئەتانبەمە دەرەوە سەردار لێرەیە لێرە نییە کەیفی خۆیەتی، بۆی نییە تەداخولی دەرزی من بکات.

دوای ئەو ڕۆژە هەر بیرمەکردەوە، ئەبێ لە چەند قوتابخانە چەندین تەلەبەی خاوەن توانای شاراوە هەبن وەک ئەحمەد بینایی شەهیناز، ئەبێ چەند ڕێگر و مێشک وشکی وەک سەرداریش هەبن.

ڕۆژی دواتر درەنگ چوومە قوتابخانە، دەرزی یەکەمم نەبوو، دەرزی دووەمم هەبوو، بۆیە بەیانی درەنگ لە خەو هەستام، کاتێ گەشتمە قوتابخانە پێنج دەقەیەک دەرزی یەکەم مابوو، چوومە ئیدارە، سەردار لە ئیدارەیە و شەهینازی بانگکردبوو قسەی بۆ ئەکرد، هەر چوومە ئیدارە، سەردار وتی مامۆستا ئێستا بچۆ دەرەوە ئیشم بەم تەلەبەیە، منیش هیچم نەوت و هاتمە دەرەوە، پۆلی ١٠ دەرزی مامۆستا بەنازیان هەبوو، بۆیە سەردار ئیزنی لە مامۆستا وەرگرتبوو و دەرزی یەکەم ئەم کچەی داناوە نەسیحەتی ئەکا، ئەوەنەم زانی شەهیناز دەنگی بەرزکردووە بە گریانەوە

**وتـی:** مامۆستا دە توخـوا ئیتـر بەسـە مێشـکم چـوو ئەرێ ئـێمە دایـک وباوکمان هەیە ئەوان ئازادیان کردووم و هەر خراپیەکیشـم هەبـێ ئەوان لێم ئەپرسنەوە لە مەکتەبەکەش شتێکی وام نەکردووە تـا ئـاوا دەنوکتـان بەسەرمەوەبێ مامۆستا مێشکم چوو دە ئیتر وازم لێ بێنن توخوا خەریکە تێکەچم، هەر ئاواش بینایيتان بە دەرکردندا، ئەوەنەم زانی هاتە دەرەوە و ڕۆشتەوە بۆ ماڵەوە.

زۆرم پێخۆشبوو کە ئاوا جوابی سەرداری دایەوە و ئەوەی لە ناخیا بـوو دەریبڕی، چونکە ئەگەر لە ناخیا بمایەتەوە ئەبوو بە نەخۆشی، ناحەقیشـی نەبوو، سەردار پێنج دەقە قسەی بۆ ئێمە ئەکرد خەریبوو مێشکمان جـام ئەبوو، جا وەرە ٣٥ دەقە منداڵێک تەحەمـول بکـات گـوێ بـۆ نەسـیحەتی بگرێ.

هەر ئەو چووە دەرەوە سەردار هاتە دەرەوە و بە منی وت چاک بـووی بە سـەرەطان بـۆ ئەم مەکـتەبە و ئەخلاقـی تەلەبەت تێکـداوە تـا تـۆ نەهاتبووی کێ زاتی ئەکرد ئاوا جوابی مامۆستا بداتەوە، منیش بـۆ ئەوەی زیاتر تورەیکەم وتم دەستی خۆشـبێت، دیـارە کـاریگەریم هەبـووە، بیـرم نەچێ هەدێیەکیشی بدەمێ لەسەر ئەو جوابەی.

سەردار جـگە لەوەی لە هەمـوو ڕوویەکەوە زۆر فکـری دواکەوتووبـوو، وەکتر لە زۆر شت تێنەئەگەشت بەس مەبەستی بوو قسـەی خـۆی بکـا، ئیتر بەرامبەر گوێی بۆ ئەگرێ یان کاتی نییە یا میزاجی نیـیە ئەو گـوێی پێنەئەدا، تەنهـا خـۆی قسـەی بکـردایە پێـی خۆشـبوو، ئەو ڕۆژە هەر بە

ڕوخساریا دیاربوو شەهیناز میزاجی تەواو نەبوو، ئاخر ئـافرەت مانگـانە کە توشی حاڵەتێکی تایبەت بە خۆیان ئەبن و هۆڕمۆن و میزاجیان تێکەچـێ و توڕە ئەبن و بێتاقەت ئەبن، لەو کاتەیا تەنانەت دینیش هەموو شـتێکی لەسەر هەڵگرتوون، چونکە لە حاڵەتێکان کە تەواو بێتاقەت و بێزارن، بەس سەردار ئەیویست هەر نەسیحەتی بکات، بۆیە شەهینازیش لەجێی خـۆی توڕەبوونەکەی دەربڕی و جوابی دایەوە، ناحەقیشی نەبوو کەس تەحەمولی ئەو قسە سواو دوبارانەی سەرداری نەئەکرد.

ڕۆژی دواتر سەردار بۆ ئیشێک چـوو بـۆ هەولێـر و دوو ڕۆژ ئیجـازەی کردبوو، مامۆستا ئیسرا هـاتە ئیـدارە و **وتـی:** مامۆسـتا ئەمـڕۆ و سـبەی مامۆستا سەردار لێرە نییە دەرزەکەی خۆت تەلەبەکان بهێنـنە دەرەوە بـا یاری بکەن، ئەگەر دەرزەکەی خۆیشت دواکەوتووی من لە دەرزی خۆمـا ئەیانهێنمە دەرەوە.

**مـن:** دەستخۆشبێ اوستاز ئەمڕۆ یاریان پێ ئەکەم بەس هەر حەزەکەم ڕۆژێ سەردار خـۆی لێرەبـێ بەبەرچـاوی خـۆیەوە تەلەبە بێـنمە دەرەوە یاریان پێبکەم.

**مامۆســتا ئیســرا:** تـــۆیش هەر ئەتەوێ دەمــــاری ئەو بگـــری (بەپێکەنینەوە)

**من:** ئەرەوەڵا ئێستا وام لێهاتووە هیچ ڕێز و شتی نەماوە لەلام بزانم بە چی توڕە ئەبێ ڕێک وا ئەکەم.

**مامۆستا ئیسرا:** مامۆستا وەڵا مامۆستا سەردار پیاوێ فەقیرە بەس تۆزێ بیرکردنەوەی جیاواز و بە سەردەمی خۆی بیرەکاتەوە ئەوە کێشەکەیەتی ئەینا زۆر دڵسۆزە.

**من:** مامۆستا ئاخر ئەوە موشکیلەیە، ئەوە دڵسۆزی نییە، توخوا ئوستاز دڵسۆزی و گێلێتی لێکجیابکەنەوە، ئەو بە دڵسۆزی ئەزانێ بەس بەو بیرکردنەوەی داهاتووی ئەو تەلەبانە ئەفەوتێنێ، هەر پار بینایی بە دەرکردندا، ئەو ساڵە ئەحمەدی بە لێدان دا، ئەمانە دڵسۆزی نییە، نەزانینە، گێلێتییە، کورە وەڵا مامۆستا کە ئاوا بار و گوزەرانی خراپە و بە دوو مانگ جارێ مەعاشێ وەرناگرێ نیوەی دوعای تەلەبەیە و ئەنجامی ئەو زوڵمەیە کە ئەیانکرد و ئێستاش سەردار هەر بەردەوامە لەسەر ئەو ڕیتمە.

**مامۆستا ئیسرا:** بە نوسینەکانی فەیسبووکیشتا دیارە زۆر دژی مامۆستایت و مامۆستا سەرداریش بەوە زۆر تووڕە ئەبێ، ڕۆژێک لە موبایلەکەی پۆستێکی تۆی پیشاندام وتی مامۆستا ئەها سەیریکە چۆن شت لەسەر مامۆستا ئەنوسێ و ئەمە تەلەبەکان لە فەیسبووک ڕەفیقن و ئەوانیش ئەیبینن.

**من:** وەڵا هەر ئەوە ماوە ڕێی پۆستکردنیشمان لێ قەدەغە بکات.

**مامۆستا ئیسرا:** باشە مامۆستا ئەزانم تۆ دایمەن پشتگیری لە جیلی ئێستا ئەکەیت، بەس ئێمەش وەک مامۆستا ئێستا لەگەڵ تەلەبەیا زۆر باشین ئەمان مامۆستای سەردەمی خۆمانیان نەدیوە، کە بەردەوام بە

لێدان و تەعزیبی دەروونی لەگەڵمانا ئەجوڵانەوە، ئێستا کوا چ مامۆستایەک ئەبینی لە تەلەبە بدات؟ کوا مامۆستا غەدر لە تەلەبە ئەکا؟

**من:** مامۆستا نازانم تۆ لێدان بەچی ئەزانی؟! خۆ لێدان هەر شەق و زلە و دار و سۆندە نییە، ڕاستە دار و لێدان ئازارێکی فیزیکی بەدواوەیە، بەس لێدان و کوشتن هەر ئەوە نییە، کاتێک تۆ توانای تەلەبە ئەکوژی، کاتێک بەهرەکانی لەناو ئەبەیت کاتێک بەزۆر دەرزی پێ ئەڵێیت هەموو ئەمانە لێدانە، دوانزە ساڵ دەرزی پێ ئەڵێی نازانی ئەو لە چ بوارێکا بەهرەی هەیە، من کە حەزم بە فیزیا نەبێ بۆ ئەبێ فیزیا بخوێنم، لەوانەیە من لە کۆمەڵناسی شارەزا بم، بۆ ئەبێ بە زۆر و زەبری دەرەجە و کەوتن و دەرچوون فیزیا بخوێنم، یەکێ تر حەزی بە کۆمۆپیتەرە بۆ ئەبێ مێژوو و جوگرافیا بە زۆر بخوێنێ، مامۆستا ئێمە بیناییمان هەبوو کە زۆر بەتوانا بوو لە وێنەکێشان بۆ ئەبوو من فیزیای پێ بڵێم، ئەو لە وێنەکێشان شارەزابوو بۆ لە بواری خۆی هانمان نەدا؟! مامۆستا هەموو ئەمانە وەک کوشتن و لێدان وایە، بگرە هەندێ جار خراپتریشە لە لێدان، خۆزگە لێدان هەبوایە بەس کوشتنی توانای تەلەبە نەبوایە، مامۆستا غەدر لەوە زیاتر چی تۆ توانا و بەهرەی تەلەبەیەک سنوردار ئەکەیت بە عەقڵێتی دواکەوتووی خۆت پەروەردەی ئەکەیت لەکاتێکا ئەو لە سەردەمێکی ترا ئەژی، مامۆستا لێدان بە دار و سۆندە ئازاری هەیە بەس دوای دوو ڕۆژ ئازارەکەی تەواو ئەبێت، بەڵام زۆرجار قسەیەک بۆ هەتا هەتایە داهاتووی تەلەبەیەک ئەفەوتێنێ، قسەیەک ژیانی کەسێک وێران ئەکا، هەر بینایی

بەهۆی قسەیەکی سەردار کە بۆی دروستکردبوو چاوێکی لەدەسدا لە مەکتەب دەریانکرد.

**مامۆستا ئیسرا:** مامۆستا قسەکانی تۆ تەواوە بەس ئەوە بەتەنیا بە من و تۆ جێبەجێ ناکرێ سیستەمی خوێندن تازە بەو شێوە هاتووە، ئەینا منیش کە دەرز ئەڵێمەوە سور ئەزانم هەندێ شتی هیچ سودی نییە بەس ئیجبارییە ئەبێ بیخوێنین چیبکەین.

مامۆستا ئیسرا لە قسە تێئەگەشت، قسەکردن لەگەڵ ئەو هەرچەن هیچ لە بارودۆخی تەلەبەی نەئەگۆڕی چونکە ئەویش دەسەڵاتی نەبوو، بەڵام هەر باشبوو کە لانیکەم هەستمەکرد کە مامۆستایەک هەبێت تێبگات، بەس بەداخەوە لای سەردار خۆی بێدەنگ ئەکرد، سەردار لە مناقەشەیا زوو زوو ئەیخستە مەوقیفەوە ئەیوت مامۆستا ئیسرا وایە یان نا، ئەمیش لەڕووی نەئەهات بڵێ وا نییە.

سێ چوار ڕۆژێک دەوام کرا و هەموو شتێک وەک خۆی بوو، ڕۆژی پێنجەم بەیانی کە چوومە مەکتەب، حاجی حەسەنم بینی لە حەوشەی مەکتەبەکە لەسەر کورسیەک دانیشتبوو بەتەنها، حاجی حەسەن پیاوێکی ڕێش سپی لادێکە بوو خەڵکی لادێکە بۆ هەموو شتێک پرسیان پێ ئەکرد، پیاوێکی ئەهلی مزگەوت و سوڵح و مەجلیس بوو، پێش ئەوەی بچمە ئیدارە چووم سەلامم لێ کرد و ئەحواڵ پرسین، وتم کاک حاجی خێر ڕێت کەوتۆتە ئێرە؟





**حاجی حەسەن:** مامۆستا وەڵا تۆزێ پارەم بۆ هێنـاون کە ئەوکـاتە وتتـان لە مـزگەوت بـانگەوازێ بـکەن حەوشـەی مەکـتەبەکە کۆنکرێـت ئەکەین، هەر ئەوەنەمان بـۆ کۆبـۆتەوە ئەمـڕۆ هێنـاومە بیـدەمە مامۆسـتا ئەرکان، بەس مامۆستا سەردار وتی لێرە چاوەڕێکە دوای خۆم یەم بۆلات.

یەک دوو مانگێک پێشتر لەڕێی حاجی حەسەنەوە داوامان لە خەڵکـی گوندەکە کرد کە هەرکەسە و بەپێی توانای خۆی شتێ پارە بۆ مەکـتەب دانــێ، و لە مـزگەوتیش شـتێک پـارەی سـندوق دەرکەن و بیهێـنن بـۆ مەکتەب تا حەوشەی مەکتەبەکەی پێ کۆنکرێت بکەیـن، ئەمـڕۆ حـاجی حەسەن ئەو پارەی هێنابوو، بەڵام هەر ئەمڕۆ موشـریف هـاتووە و لەگەڵ سەردار لە ئیدارە دانیشـتوون کاتێـک حـاجی حەسـەن یەت بـۆ ئیـدارە مامۆستا سەردار بە قسەوە ئەیهێنێتە دەرەوە لەبەرئەوەی موشریف هاتووە، نەیهێشتووە بێتە ئیدارە، من بەو هەڵسوکەوتەی سـەردار تەواو تێکچـووم، لەبەرئەوەی موشریف هـاتووە تـۆ نەهێڵیـت کەسـێکی لادێـکە کە ڕێـش سپییە بێتە ئیدارە؟ بۆ ئیدارە زۆر موهیمە؟ یەعنی لەبەر ئەوەی ئەم کەسە شەهادەی نییە ئیتر نابێ بێتە ئیدارە؟

بڕیارمدا هەر ئەمڕۆ جەوی سـەردار بگـرم، تەلەفـونم کـرد بـۆ هەکـار، هەکـار گەنجێکـی لادێـکە بـوو، ڕەفیـق بـووین، ئەو لە پـۆلی ٤ وازی لە مەکتەب هێنابوو، ئیشی حەماڵی و کرێکاری و بۆیـاخی ئەکـرد، کـوڕێکی زۆر باش بوو.

تەلەفونم بۆ کـرد و **وتـم:** هەکـار ئێشـێکم پێـتە ئیشـێکی کۆمیـدیە بۆتەکریٚ ئێستا بێی بۆ مەکتەب؟

**هەکار:** ئەرەوەڵا اوستاز ئەوەنە بێ ئیشم بێژە چیبکەم.

**من:** هەکار خێرا جلێکی کرێکاری پیس و گەچاوی لەبەرکە و وەرە بۆ مەکتەب، بەس جلێکی زۆر شپرز و شڕۆڵە و خۆڵاوی.

**هەکار:** ئەمە بۆچییە مامۆستا؟

**من:** تۆ بەپەلە ئەوە بـکە و حەق نەبـێ دوای پێتەڵـێم، کە هاتیشـیت یەکسەر وەرە بۆ ئیدارە و بڵێ هەروا هاتووم بۆ دەمەتەقـێ، و بە مامۆسـتا سەردار بڵێ دۆمینەکان لە کویایە؟ موشریفێکی لێیە تۆ حەقی هیچ نەبێ ئەوەم بۆ بکە.

**هەکار:** خوا پەنامان با اوستاز ئەڵێـی کـامێرای شـاراوەیە بەتەمـای چیت.

تەلەفونەکەی داخستەوە و دە دەقەی پێنەچوو خێرا بە ماتۆڕێک خۆی گەیاندە مەکـتەب، پـێش ئەوەی ئەو بێـت مـن لەگەڵ حـاجی حەسـەن چووینە ئیدارە و بەخێرهاتنی موشریفم کـرد، بەس سـەردار هەر بینیتـی حاجی حەسەنم لەگەڵایە دەموچـاوی دابەیەکـا، لەدڵـی خۆمـا وتـم پەلە مەکە بەزمی تر لەڕێیە.

دە دەقەی پێنەچوو لە دەرگای ئیدارە درا، وتم: فەرموو.

خۆم ئەمزانی هەکارە، هەکار دەرگای کردەوە و بە جلێکی بۆیاخاوی و پینەکراوەوە خۆی کرد بە ژورا و وتی: مەرحەباتان لێبێ قایدەکان، ئەوە بۆ

هەواڵێ ناپرسن هەر ئەبێ من بێم ئێوەش بێڕەحم بـوون سـەرێکمان لـێ نادەن، سەیرێکی سەرداری کرد و وتی کاک سەردار تـۆ چـۆنی دەنـگ و باس، سەرداریش حەپەسابوو نەیەزانی ئەمە چییە و لەکوێوە پەیا بووە.

دوای چاک و چۆنی و سەرداریش بە لالوتێک و بەزۆر جوابی ئەدایەوە هەکاریش تەواو چووبوە ناو مەوزوعەکە و وا تەعامولی ئەکـرد وەک بڵێـی دە ساڵە لەگەڵ سەردار ڕەفیقن، وتـی: کـا سـەردار ئەرێ دۆمینەکـان لە کویایە بزانم ئەمڕۆش دەسێکتان لێ نابەمەوە؟!

**مامۆستا سەردار:** هەکار کوڕم عەیبە کات و نا کـات بـزانە، ئەوەش مامۆستا نامیقە موشـریفی مەکتەبەکەمـانە، ئێـرە مەکـتەبە،کەی شـوێنی دۆمینەیە؟

**هەکار:** کورە دە باشە قاید، موشریف چییە خۆ قابیلە لە عاسمانەوە دانەکەوتووە ئەویش هەر وەکو ئـێمە بەشـەرە، ئەرێ کـاکی موشـریف وا نییە؟

لەوکـاتە مامۆسـتا سـەردار لە شـەرما سـور ببـوەوە پەنـجەت لێـدایە ئەتەقیەوە ئەوەنە پەست بوو، نەیەزانی چیبکا هەرچی ئەوت هەکار جوابی ئەدایەوە و ئەیکرد بە ڕابواردن، ئەم بۆیە وتـی ئەوەش مامۆسـتا نـامیقە و موشریفە وتی بەڵکو هەکار تۆزێ شەرم بکا و خۆی جددی بکا، نەیەزانـی تا زیاتر بڵێ هەکاریش زیاتر ئەیکا بە ڕابواردن، لەڕوویشی نەئەهات دەری بکات، ناچار بێدەنگ بوو.

هەکار ئەوەی پێم وتبوو وەک خۆی کردی، زۆر خۆش خۆی کرد بە ژورا و وا تەعامولی ئەکرد وەک بڵێی هەموو شەوێ لەگەڵ من و سەردار خەریکی دۆمینەکردنە، بۆیە ئەو پلانەم دانا، سەردار زۆر جددی بوو جددیەکی بێتام، کە موشریف ئەهات حەزی ئەکرد هەموو شتێک بە قانونی بڕوات و لای موشریف بچوکترین شتی لەسەر نەکەوێت، موشریفی زۆر لا موقەدەس بوو هەر بە دەوروخولیا ئەهات و ئەچوو، ڕاستە سەردار بەڕێوبەر نەبوو، بەس وەک بەڕێوبەر تەعامولی ئەکرد، بەڕێوەبەرەکەمان مامۆستایەکی زۆر باش بوو، مامۆستا ئەرکان گەنجێک بوو لە تەمەنی خۆمانا بوو، ئەویش کە ئەیزانی سەردار ئاوایە، چەنێ سەردار ئەچووە باری جدیات مامۆستا ئەرکانیش دوو ئەوەنە زیاتر شتەکانی بە سادە سەیرەکرد، ئەسڵەن نەئەهات بەلای موشریفا، جەوی زۆر خۆشبوو، بەس ئەویش گیری خواردبوو بەدەس سەردارەوە، بەڵام لەبەر تەمەنەکەی نەیەتوانی هەندێ شتی پێ بڵێ.

بەو هەڵسوکەتەی هەکار و من و حاجی حەسەن سەردار خەریبوو تێکەچوو، دوای نیو سەعاتێک موشریف هەستا بڕواتەوە، من و حاجی حەسەن و هەکار خواحافیزیمان لێکرد و لەگەڵی نەچووینە دەرەوە لە ئیدارە ماینەوە، دواتر سەردار گەڕایەوە بۆ ئیدارە و دەموچاوی یا بەیەکا و بە ئاشکرا پێوەی دیاربوو کە ئیتر لە تەحەمولیا نەماوە، **وتی:** هەکار بۆ کات و ناکات نازانن خۆ تۆ ئەزانی ئیدارە شوێنی مامۆستایە و کۆبونەوەمان هەیە، بەم جلی کرێکاریەوە هاتووی لانیکەم جلێکی جوانت لەبەرکردایە ئیدارە کەی شوێنی کرێکارە.

**هەکار:** مامۆستا کرێکاریش هەر ئینسانە بەس تۆزێ خۆڵاوییە (بەپێکەنینەوە)

مامۆستا سەردار زانیتی مەجلیسەکە بوو بە ڕابواردن زیاتر تەحەمولی نەکرد ئێمەی جێهێشت و بەدەم پرتە و بۆڵەوە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

هەکار زۆر پێشی ناخۆشبوو کە ئاوا تەعامولی ئەکرد چونکە یەکەمجاری بوو بەو جۆرە بێتە مەکتەب و بەو جۆرە سوعبەت لەگەڵ مامۆستا سەردار بکات، بەڵام لەبەر قسەی من کردی، منیش بۆم ڕونکردەوە وتم با نامورتاح نەبێ و وا نەزانێ ئیشێکی غەڵەتی کردووە و بەبێ هۆکار وای کردووە، پێم وت کە هاتووم بۆ مەکتەب سەیرم کرد حاجی حەسەن لە دەرەوە دانیشتووە لەبەر موشریفەکە مامۆستا سەردار حەزی نەکردووە بچێتە ژورەوە، کە ئەوەم وت هەکار زۆر مورتاح بوو بەوەی کە کردی، چونکە حاجی حەسەن زوو مامۆستای مزگەوت بووە و هەکاریش لای ئەو دەرزی خوێندووە بۆیە حاجی حەسەنی زۆر خۆشەویست.

ئەو ڕۆژەش تۆزێ دڵم مورتاح بوو، چونکە ئەو پەیامەی کە ئەمویست بە ڕێک و پێکی بیگەیەنم و کەسی مەبەست لێی تێبگات، کەسی مەبەست نەیویست تێبگات و هەر دژایەتیشی ئەکرد بۆیە ناچار بەو جۆرە پەیامەکەم گەیاند و دەماریم گرت.

ئەو ساڵەشمان هەروا بە هەزار کێشە و مناقەشەوە بەڕێکرد و کارت درایەوە بە تەلەبەکان و سامان لە پۆلی ١٠ کەوت، پێنج تەلەبەکەی تر دەرچوون.

# کۆتای بەشی دووەم

## -بەشی سێیەم-

وەک ساڵانی پێشوو لە پشووی هاوین خەریکی ئیش و کار بووم و ئەوکاتانەشی ئیشم نەبوایە خەریکی حازرکردنی پلان و بەرنامە و پرۆژە بووم بۆ ساڵی تازە، فکرەی بەشێک لە پرۆژە و پلانەکان لە ئینتەرنێتەوە وەرم دەگرت، هەندێ جار هەر لەڕێی فەیسبووک و تێلیگرامەوە بەشداری خول و دەورەی خۆپێگەیاندنم دەکرد، مانگی ٨ بوو وەک ڕۆژانی ئاسایی موبایلەکەم بەدەستەوەبوو لە فەیسبووک پۆستێکم بینی نوسرابوو، دڵگرانین بە کۆچی دوای ئەرسەلان باوکی ئەحمەد و سینا و ئەرینا، کە بە کارەساتێکی دڵتەزێن لەڕێگای هەولێر گیانی لەدەسداوە.

باوکی ئەحمەد بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ کۆچی دوای کرد، ئەبێ ئێستا ئەحمەد چۆن بێت؟ ئەی مناڵەکانی تری؟ سینا و ئەرینا کە هێشتا مناڵن؟! خوا یارمەتیان بدات.

دەوامی قوتابخانە دەستیپێکرد، بەڵام جیاواز لە ساڵانی پێشوو کە بە دڵ و بە حەز و خۆشەویستییەوە ئەچووینەوە بۆ دەوام، ئەمساڵ ئەڵێی بەزۆر ئەمانبەن بۆ قوتابخانە هیچ خۆشحاڵ نیم بە کردنەوەی دەوام، یەکێ تر لە کارەساتەکان ئەوەیە کە ئەمساڵ مامۆستا ئەرکان نەقڵ بۆتەوە بۆ شارەکەی خۆی، لەجێی ئەو سەردار کراوە بە بەڕێوبەری قوتابخانە، چونکە بە تەمەن لە هەمووی گەورەتربوو و وەک خزمەت ساڵی خزمەتیشی زیاتر بوو، ئەمە زۆر کارەسات بوو، ئەو تا ئێستا هەر مامۆستایەکی ئاسایی بوو ئاوا مەکتەبی لە تەلەبە کردبووە دۆزەخ جا ئەمساڵ بەڕێوبەریشە.

دوو ڕۆژی یەکەم کە دەوام زۆر جددی نەبوو، مامۆستاکان کەسمان نەچووینەوە سەردار خۆی چووبۆوە بۆ دەوام و وەک پیشەی هەمیشەیی دەسی کردبوو بە محازەرەدادان و نەسیحەتکردن، دوای ئەو دوو ڕۆژە جوابی بۆ هەموومان نارد کە بێینەوە بۆ قوتابخانە و ئیتر دەوام بەجددی دەسپێکردووە.

چووینەوە بۆ دەوام و وەک سالانی پێشوو عادەتەن یەکەم ڕۆژ دەرز ناخوێنرێ و باسی دەرز و مەنهەجی ساڵەکە ئەکەین، چوومە پۆلی ١٠ سامان کەوتبوو، کە بینیم زۆرم پێناخۆشبوو، ئاخر ساڵێک لە تەمەنت ئەڕوا و ساڵێک هەموو ئەوەی ئەیخوێنیت دوبارەیە و لە هاوڕێکانت بەجێماوی.

بۆ سامان دووجار کارەسات بوو، یەکەم ئەوەی کە ببو بە دوو ساڵە، دووەم ئەوەی کە ئیتر لە یەک پۆلا لەگەڵ شەهیناز بەیەکەوە نین، ئاخر ئەو تەلەبەیەکی زیرەک بوو، هەموو مامۆستاکان شۆک بوون کە وتیان سامان کەوتووە، بەهۆی شەهینازەوە لە خوێندن ساردبۆوە و دەرنەچوو، ڕاستە زۆر زیرەکیش بوو بەس لە تاقیکردنەوەکانی کۆتای ساڵ هیچ سەعی نەئەکرد، ئەمساڵ لەگەڵ شەهیناز لە یەک پۆلیش نین ئەبێ چۆن ئەمساڵ بەڕێ بکات.

جەرەس لێی دا و دەرزی دووەم پۆلی ١١م هەبوو، چوومە پۆل، پێنج تەلەبە لە پۆلێکان، سەرتیپ و ئەحمەد و شەهیناز و شیراز و سارا، سامانیان لەگەڵ نییە، ئەحمەدم بینی سەر و ڕیش هاتوو، یەکەمجاربوو

ئەحمەد بەو شێوە ببینم کە ڕیشی هێشتبۆوە و بە ماوەی مانگێک ئەتوت دە ساڵ بەسەریا تەمەنی ڕۆشتووە، بێتاقەتی و خەفەتی زۆر پێوە دیاربوو، نەمەزانی چی بڵێم، سەرەخۆشـی لـێ بـکەم، لەوانەیە بیـری بکەوێـتەوە، هیچی پێ نەڵێم لەوانەیە بڵـێ مامۆسـتا نەیزانیـوە کە بـاوکم مـردووە یـا زانیویەتی بەس بۆ هیچ ناڵێ؟ بڕیارمدا هیچ نەڵـێم و ئەگەر کـرا شـەوێک بچین بۆماڵیان ئاوا باشتربوو.

که هاتمە دەرەوە سەیرم کرد ڕاڕەوی مەکتەبەکە گۆڕابوو، کتێبخـانەکە کە لەگەڵ مامۆستا ئەرکان دروستمان کردبـوو لەویـا نەمـابوو، لەشـوێنی کتێبخانەکە چەند لاپەڕەیەک بە دیوارەکەوە هەڵواسـرابوو کە بە ماجیـک ئەمانەی لێ نوسرابوو:

**مامۆستا چرای ڕێیە.**

**مامۆستا پێشڕەوی کۆمەڵگایە.**

**مامۆستا تاجی سەرمانە.**

**مامۆستا ئەو گڵۆپەیە کە وڵاتێك ڕوناك دەکاتەوە.**

هاتمە ئیدارە مامۆستا ئیسرا و ئەو مامۆستا تازەی لێبوو کە لە شـوێنی مامۆستا ئەرکان هاتبوو، ناوی نەریمان بوو، بەخێرهاتنی ئەوم کرد و وتـم مامۆستا ئیسرا ئەوە کوا کتێبخانەکە؟

**مامۆستا ئیسرا:** ئەوە دەسپێکی بەزمەکەیە (بەپێکەنینەوە)

**من:** بەزمی چی؟

**مامۆستا ئیسرا:** مامۆسـتا بەخـوا ئەمسـاڵ ئەبـێ یەکێکتـان خۆتـان بگونجێنن لەگەڵ ئەوی تر، ساڵ ئاوا نارِوا، کتێبخانەکە مامۆسـتا سـەردار

لایــداوە و ئەو وەرەقــانەش ئەو هەڵیواســیوە، هەموویشــی بە ماجیــک نوسیوە (بەپێکەنینەوە).

تــــومەزە ئەو دوو ڕۆژەی کە ئــــێمە نەهــــاتبووینەوە، لەو دوو ڕۆژە کتێبخانەکەی لاداوە و کتێبەکان و ڕەفەکـانی فرۆشـتووە و بە پـارەکەی زۆپایەکی پێ کڕیبوو بۆ ئیدارە، وەرەقەکانیش ئەو هەڵیواسیبوو، بۆ ئەوەی مامۆســتا بکـا بە مــوقەددەس و کەڵەگــا بەســەر تەلەبەوە و لەلای تەلەبە بەهۆی ئەوەوە ڕێز بۆ خۆی بەدەسبێنێ، جـا تـۆ سـەیری ئەو دروشـمانە نوسیبووی، مامۆستا پێشڕەوی کۆمەڵگایە وەڵا خۆی لەترسی لێدان نەبـێ کەس حسابی بۆ ناکا، مامۆستا ئەو گڵۆپەیە کە وڵاتێک ڕونـاک ئەکـاتەوە، کورە وەڵا لایتی چەرخیش نییە.

جا ئەوانەی کە ئاوا هیچ لەبارانەبوون هیچ شـتێکیان نیـیە کە شـانازی پێوە بکەن یا جێی خۆیان پێ بکەنەوە لە کۆمەڵگا دوو قسەی مەجلـیس نازانن، هەمووکات یا شانازی بە کەسێکەوە دەکەن و خۆیان هەڵەواسن بە توانای کەسێکا یا شەهادە و پیشـەکەیان بەکـارەهێنن تـا بەهـۆی ئەوەوە کۆمەڵگا ڕێزیان لێ بگرێت.

لەم کاتەیا لە ئیدارە وەستابووین مـن و مامۆسـتا نەریمـان و مامۆسـتا ئیسرا، مامۆستا سەردار هـاتە ئیـدارە و سـەلامی کـرد و کە منـی بینـی یەکسەر **وتـی:** ئەمسـاڵ ئەبـێ ئەم مەکـتەبە ڕێکـبخەمەوە ئەبـێ تەلەبە جددی و بێ و غەیری سەعی بە هیچەوە مەشغوڵ نەبێ ئەوەی مامۆسـتا ئەرکان قبوڵی ئەکرد من ناهێڵم بەسەرما تێپەڕێ.

ئەمزانی هەموو قسەکانی ڕێک بۆ من ئەکا بەس خـۆی لە گێلـی ئەدا، منیش عەلاساس قسە بۆ مامۆستا نەریمان و مامۆستا ئیسـرا ئەکەم بەس منیش ڕێک جوابم دایەوە و **وتم:** مامۆستا نەریمان ساڵانە کتێب ئەدەمە تەلەبە بیخوێننەوە، بەس ئیسفادە لەوە ئەکەن ئەینا مەنهەجـی مەکـتەب ئەوە نییە کە تەلەبە پێی ببێتە خاوەن ئیش و ئیسفادەی لێ بکا، هەر ئەم مەنهەجەیە چەند مامۆستای نەخوێنەواری دروستکردوە، پار تەلەبەکانمان لە مامۆستاکان زیاتر کتێبیان خوێندبۆوە بۆ ئەمساڵیش بەرنامەم بۆ داناون هەفتانە کتێبیان بۆ ئەهێنم و چالاکیان بۆ ڕێکەخەم و هەموو هەفتەیەک کتێبێکیان ئەدەمێ، با لانیکەم دوای ئەگەر خوێندنیشیان تەواو نەکرد بە کەڵکی مەجلیس بێن و قسەزان دەرچن.

کە وام وت مامۆستا سەردار پەنجەت لێ بدایە ئەتەقـیەوە زۆر پەسـت بوو و هیچی نەوت، من دوای قسەکانم چوومەوە حەوشە تا جەرەس لێیدا و چوومە دەرزەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر یەکەم دەرز دەرزی پۆلی یانزەم هەبـوو، چـومە پـۆل و دەرزم شـەرحکرد، تەلەبەکـان زۆر مـات و بێـدەنگ و گرژومـۆن بـوون، هەموویان بە تووڕەیەوە سەریان ئەکردم، بەتایبەت سارا و شـیراز، ئەمزانـی بێتاقەتیەکەی ئەحمەد هی کۆچی دوای باوکیەتی بەس ئەوانی تر نـازانم بـۆ وان، دەرزەکەم شـەرحکرد و دە دەقەیەکـی دەرز مـابوو، سـارا وتـی مامۆستا من لەم یاسـا تێنەگەشـتووم بـۆم دوبـارە بـکەرەوە، بـۆم دوبـارە کردەوە هەر وتی تێنەگەشتووم، سێ جار چوار جار بـۆم دوبـارەکردەوە و زۆرم لا سەیربوو چونکە سارا زیرەک بوو، یاساکەش زۆر ئاسان بـوو، بەس

هەر ئەیوت تێنەگەشتم تا جەرەس لێیدا گوێی لە جەرەس بوو ئینجا وتی تێگەشتم.

دوای دەوام وەک ڕۆژانی ئاسایی هاتمەوە بۆ داخلی و عەسر چووم بۆ مزگەوت سامان و ئەحمەدم بینی، دوای نوێژ قسەم لەگەڵ ئەحمەد کرد و هەرچۆنبێ سەرەخۆشیم لێ کرد و لەوکاتە سامان وتی مامۆستا لەسەر ئیزنت من ئەبێ بڕۆم و سبەینێش لەوانەیە نەیەمەوە بۆ مەکتەب لەگەڵ مامم ئەچم بۆ شار تۆزێ ئیشمان بۆ دروست بووە، وتم بڕۆ بۆ سبەینێش بۆ دەرزی خۆم کێشەم نییە بەس یەکێکتان بێن بۆ مەکتەب ئیجازە بکەن.

سامان ڕۆیشت و ئەحمەد دەسیکرد بە قسەکردن و **وتی:** مامۆستا بەخوا وا هەستەکەم ئەمساڵمان هیچ خۆشنابێ و زۆر درەنگ لێمان ئەڕوا، تازە بۆ من هیچ کاتێک خۆش نییە، ئەو ساڵەی کە باوکم لەسەر قسەی مامۆستا سەردار لێی ئەدام لە ئێستا پێم خۆشتربوو، خۆزگە بمایە و با هەموو ڕۆژێک لێیبدامایە، با لە مەکتەب دەری بکردمایە، بەس لە ماڵەوە بوایە، خۆزگە ئێستا کە ئەچمەوە بۆ ماڵ چاوەڕێی توڕەبوونەکەیم بکردایە، بەس ئیتر هەموو شتێک تەواو، مامۆستا باوکم زۆر حەزی ئەکرد بخوێنم و بچمە بەشی پزیشکی هەمووکاتێ ئەیوت کە بووی بە دکتۆر و زانکۆت تەواو کرد لەگەڵ نەسرین مەنجەڵێ یاپراخ ئەهێنین بۆ حەفلەکەت بۆ زانکۆ، بەس ئیتر ئەو ڕۆیشت و ئەو ڕۆژەی نەبینی، من هەرچەنە حەزم بە بەشی پزیشکی نەبوو، بەس لەبەر ئەو قەت نەمەوت حەزم پێی نییە، زۆر منی خۆشەویست و قەت نەک لێدان لێشم توڕەنەبووە جگە لەوکاتەی کە

مامۆستا سەردار قسەی بۆ کرد، ئەو ڕۆژەشی کە بەیانیەکەی کتێبەکانت پێدام، کە چوومەوە بۆ ماڵەوە لە شار بوو، دەمەو ئێوارە هاتەوە و یەک کارتۆن کتێب و کتێبخانەیەکی بچوکی بۆ کڕیبووم، ئێستاش لە ماڵەوە دانراوە، بەڵام ئیتر تاقەتی خوێندنەوەشم نەماوە، هەرچی ئەبینم ئەوم بیرەکەوێتەوە، ئەمساڵ ئەو کارەساتە بەسەر منا هات، لە مەکتەبیش مامۆستا سەردار بۆتە بەڕێوبەر بۆیە هەستەکەم مەکتەبەکەش وەک جاران نامێنێت، مامۆستا ئەرکانیش لێرە نەماوە، ئیتر هیچ شتێک نەماوە شایەنی دڵخۆشی بێت، نەڵێم خۆت لەڕووی مامۆستا تەنها تۆ هەیت کە لێمان تێبگەیت و تۆزێ دڵمان بە مەکتەب خۆشبێت، تۆیش ئاگادارین بەهۆی ئێمەوە زۆر کێشەت توشبووە، بوونی ئێمە زۆر بۆتە کێشە بۆ تۆیش.

ویستم هیچ نەڵێم دانیشتبووم ئەموت بەس گوێ ئەگرم با چی لە دڵیایەتی هەڵیرڕێژێ بەوە لەوانەیە تۆزێ هەست بە مورتاحی بکات، بەس کە وتی بووینەتە کێشە بۆ تۆیش وتم با خۆیان وا نەبینن کە ئەو کێشانەی لەگەڵ سەردار هەمە وابزانن بەهۆی ئەوانەوەیە بۆیە پێم وت: نا ڕۆڵە ئێوە نەبوونەتە کێشە بەس ئیتر مامۆستاین بەهۆی مەشغوڵی و کاری پەروەردە و ئیشی خۆمانەوە هەنێ جار میزاجمان تەواو نییە و هەڵەچین و توڕە ئەبین، ئەوەشی کە لەگەڵ مامۆستا سەردار هەمە هیچ پەیوەندی بە ئێوەوە نییە ئەو کابرا بیرکردنەوەی تۆزێ جیاوازە و ئەیەوێ ئەوە بسەپێنێ منیش ناهێڵم هەر ئەوەیە ئەینا ئێوە نەک کێشە نین، ئەوەشی کە تۆزێ جێی دڵخۆشی بێت و وای کردووە من لێرە نەڕۆم هەر

تەلەبەکانن ئەینا بەخوا سەردار هی ئەوە نیـیە لە یەک مەکتەبا لەگەڵیـا بیت.

**ئەحمەد:** مامۆستا ئەزانی بۆ ئەمڕۆ سارا سێ چوار جار وتی تێناگەم دوای خۆی وتی وەڵا هەر بە یەکەمجار تێگەشتبووم.

**من:** بۆچی؟

**ئەحمەد:** ئەو دوو ڕۆژەی سـەرەتای دەوام کە مامۆسـتاکان نەهاتبوونەوە، مامۆستا سەردار خۆی هات بۆلامان قسەی بۆ کردین، وتـی ئەمساڵ من بەڕێوبەرم ئەبـێ بەقسـەم بـکەن، دەرزی خۆتـان بە جـوانی بخوێنن، ئێوە بەس ئیسفادە لەمە ئەکەن غەیری دەرز خۆتان بە هـیچەوە مەشـغوڵ مەکەن دوای زەرەر ئەکەن و دەرنـاچن، ئەهـا بیرتـانە بینـایی لەسەرچی نەیانهێشت بێتەوە بۆ مەکتەب چـونکە خـۆی بە شـتی تـرەوە مەشغوڵ ئەکرد، مامۆستا ئالان هەرچی پێ وتن غەیری دەرز یەکسەر پێم بڵێن من لەبەر خۆتانمە چونکە ئەو غەیری دەرز کۆمەڵێ شتتان پێ ئەڵێ ئیسفادەی لێ ناکەن و بگـرە زەرەریشـی لـێ ئەکەن، ئەوەتـا ئەوەنەی بە بینایی وت کە لە وێنەکێشانا باشیت تا بەهۆی ئەوەوە لە مەکتەب دەرکرا، با ئێوەش توشی ئەوە نەبن، هەرکاتێک مامۆستا لە مەنهەج لایدا یەکسەر لە پۆل بچنە دەرەوە و وەرن بە خۆم بڵێن، ئەگەر دەرزیشـتان تەواو بـوو، هەر دوبارەی بکەنەوە تا جەرەس لێ ئەدا جارێ دوو جار باشتر تێئەگەن و بۆ کاتی ئیمتیحانیش باشتر بیرتان ئەمێنێت، وەکـو پـێم وتـن غەیـری دەرز مامۆستا هەرچی پێـوتن بـۆم باسـکەن، دوای کە مامۆسـتا سـەردار

چووە دەرەوە سارا دەسی کردە گریان وتی بەخوا ئەبێ حەقی بینایی لە مامۆستا بکەمەوە.

**من:** ئەمزانی تێگەشتووە بەس بە ئەنقەست وا ئەکا، وەلحاڵ ڕۆڵە هەر ئەم دوو ساڵەتان ماوە هەرچۆن هەیە تەحەمول بکەن.

تا نزیکی سەعات چوار قسەمان کرد و دوای ڕۆشتینەوە ئەو بۆ ماڵ و من بۆ داخلی.

دوو ڕۆژ دواتر سەردار کۆبونەوەی بە دایک و باوکی تەلەبەکان کرد، ئەوە هیوایەتی ئەو بوو خەریکی ئیشی ڕۆتینی بێت یا ئیمزا بە مامۆستا بکات یا کۆبونەوە بە تەلەبە و دایک و باوکی تەلەبە، زۆرجار کە بانگی تەلەبەکانی ئەکرد بۆ کۆبونەوە تەلەبەکان ئەیانوت ئۆهۆوو دیسان بەزمەکەیە، دایمە حەزی بە کۆبونەوە بوو تا قسەی تیا بکا و محازەرە دابدا و دەسکا بە نەسیحەتکردن، ئاخر واعیزەکان هیوایەتیان کۆبونەوە و نەسیحەتکردنە، زۆرینەشیان ئەوەی ئەیڵێن لە خۆیانا مەوجود نییە لە نەقسی خۆیانەوە دەسەکەن بە نەسیحەتکردن، جارێک برادەرێک وتی ئەوەی لە هەرشتێکا قسەی بۆ خەڵکرد و زیادەڕەوی کرد لە قسەکردنەکەیا بزانە خۆی لەو شتەیا نەقسی هەیە، قسەکەی بۆ سەردار زۆر تەواو بوو، لە هەر شتێکا نەسیحەتی تەلەبە و کەسوکارەی تەلەبەی ئەکرد خۆی لەو شتەیا نەقسی هەبوو، تاکە شتێک کە بە تەلەبەی ئەوت و لە خۆیا مەوجود بوو دواکەوتن بوو لە سەردەم، دایمەن ئەیویست تەلەبە

لە پێشکەوتنەکانی سەردەم شارەزایی نەبێت، تەنها ئەوە لە خۆیا مەوجود بوو.

کۆبوونەوەکەی ڕێکخست و وەک هەمیشە دەسی کرد بە وتاردان و قسەی دوبارە و نەسیحەتی بێ بنەما، لەخۆیەوە قسەی ڕیزەکرد بێ سەرچاوە و بێ بەڵگە، خەڵکی لادێش ئاستی تێگەشتنیان هەر ئەوەنەیە خۆ ناچن بەدوای سەرچاوە و بەڵگەی قسە، مامۆستا سەردار هەرچی ئەوت بە ڕاست وەریانەگرت و باوکی یەکێ لە تەلەبەکانیش زوو زوو لەبەرخۆیەوە ئەیوت بەخوا ما شاء اللـه ئەم مامۆستا سەردارە زیرەک و لێهاتووە، ئەمە فریشتەیەکە خوا بۆ ئەم لادێیەی ناردووە، ئەو پیاوە کاک ڕێبوار بوو باوکی بینایی، سەردار و کاک ڕێبوار تاکە کەس بوون کە فکر و بیرکردنەوەیان وەک یەک بوو، تەنانەت چەند ساڵێک پێش ئەوەی بێمە ئەم مەکتەبە لەسەر قسەی سەردار دوو کچی تر لە مەکتەب دەرکراون بەبیانووی ئەوەی ئەوان تەمەنیان گەورە بووە، مامۆستا سەردار چونکە پیشەکەی مامۆستا بوو بە ئاشکرا نەیەتوانی بڵێ دژی خوێندنی کچم، بەڵام هەمان فکری هەبوو، حەزی نەئەکرد کچ لە تەمەنی گەنجیا بخوێنن.

لەکاتی کۆبونەوەکە هاواری ئەکرد ئەم موبایلە سەری لە تەلەبە تێکداوە، ئەمەیە وایکردووە تەلەبە وەک جاران زیرەک نەبێت، و ئەمەیە ڕێزی لەنێوان تەلەبە و دایک و باوک و مامۆستایە نەهێشتووە، ئەمە هۆکاری فەسادی کۆمەڵگایە، ئەمە بەڵایە لە هەرماڵێکا هەبێت ئەو ماڵە پڕەبێ لە کێشە چەن کچ بەهۆی ئەمەوە لەڕێ لادران، من منداڵەکەی

خۆم تا نەچێتە زانکۆ ناهێڵم ئەمە بەکاربێنێـت، ئەمەی پێبـێ نە ئەدەبـی ئەمێنێ نە ئەخلاق.

زۆری وت و بـاوک و دایکـی تەلەبەش هەنێکیـان بێزاربـبون لە گـوێ گرتن و یەک دوانێکیش وەک کاک ڕێبوار هەر سەریان بۆ ئەلەقان و پێی سەرسام بوون، لەو کاتەیا من بێدەنگ چوومە دەرەوە و هیچم نەوت.

دوای من مامۆستا نەریمـان هـات، وتـی مامۆسـتا عەیـبە وەرە ژورەوە ئەزانم تەحەمولی گوێگرتنیش نەماوە بەس هەر دە دەقە خـۆت بگـرە بـا خەڵکی ئاوایی نەزانن کە کێشە لەنێوان مامۆستاکان هەیە.

**مـن:** مامۆسـتا هەمـووی لەولاوە بوەسـتێ مـن بەس بە درۆ کـردن تێکەچم، تۆ خۆو گوێت لێبوو چـی وت؟ وتـی نـاهێڵم منـاڵەکەم ئەمەی پێبێت، وتی سەدا ٩٠ی زەرەری هەیە، ئیتر نازانم ئەم درۆکردنەی لەچییە ئەم ڕەقەمەی لەکوێوە هێنا، ئینجا باسی مناڵی خۆی ئەکا، مناڵی ئەو تـۆ دوو ڕۆژە هاتووی جارێ نایناسی با دوو هەفتە لێرەبی ئینجا ئەزانی مناڵی ئەو دەمپیس و جنێو فرۆشی وەک خۆی نییە، جنێوی وا ئەدا بە تەلەبە و مامۆستا من لەگەڵ برادەرە نزیکەکانیشم لەڕووم نـایە بە سـوعبەتەوە ئەو قسانە بکەم، ئیتر نازانم ئەم خیطابدانەی لەچیـیە، تـۆ کـاتێ نەسـیحەتی خەڵک ئەکەی ئەبـێ خەڵـک نەسـیحەتەکان لە خۆتـا ببینـێ، ئەم کـابرا هەرچـیەک ئەڵـێ لە خۆیـا مەوجـود نیـیە، دایـم ئەوە بـزانە کەسـێک مناڵەکەی جوان پەروەردە کردبێ نایکا بە نمونە خەڵک خۆی ئەیبینێ.

لەم قسەکردنانە بووین و مامۆستا ئیسرا هاتە دەرەوە و **وتـی:** مامۆسـتا ئەم یەک دوو دەقە وەرە ژورەوە عەیبە با خەڵک هەست بە هـیچ نەکەن،

بەخوا منیش بێزاربووم لەو قسە دوبارانە بەس ناچارییە یەک دوو دەقە وەرە ژورەوە خۆم کۆتای پێ ئەهێنم.

**مامۆستا نەریمان:** مامۆستا ئیسرا وەکو ئەوە وایە حەجێکت کردبێ.

تاوێ قسەمان کرد و چووینەوە بۆ ژورەوە، هەر کە چووینە ژورەوە مامۆستا ئیسرا **وتی:** مامۆستا کات درەنگە و ئەمانیش لەوانەیە ئیش و کاریان جێهێشتبێت منیش دەرزی پۆلی ٩م هەیە، زۆر زەرورم ئەبێ بچمە دەرزەوە.

باشبوو مامۆستا ئیسرا بەو قسانەی بە ناڕاستەوخۆ بە سەرداری وت ئیتر بیبڕەوە مێشکمان جام بوو، کۆبونەوەکە تەواو بوو و من و مامۆستا ئیسرا و مامۆستا نەریمان لە ئیدارە دانیشتبووین، سەردار هاتە ئیدارە و بە دەموچاوێکی توڕەوە بەس دیاربوو ئەیویست خۆی توڕە پیشان نەدات، هەستی کردبوو بە توڕەبوونی ئەو من زۆر پێی ئاسودە ئەبم چونکە ئەمزانی توڕەبوونەکانی لەسەر چییە، لەو مەکتەبەشا هەرچی ڕوویبدایە هەر مامۆستایەک بە جۆرێ قسەی لەگەڵ بکردایە وای ئەزانی من هانمداون و ئەیپێچا بە منا، بۆیە کە هاتە ئیدارە زۆر ئەیویست خۆی کۆنترۆڵکا، بەس هەر قسەیەکی کرد و بە مامۆستا ئیسرای وت خۆ تۆ وتت دەرزم هەیە ئەی بۆ ناچیتە پۆل؟

**مامۆستا ئیسرا:** هاتم کتێبەکەم ببەم، ئەوەتا ئێستا بۆ پۆل ئەچم.

ئەو ساڵە ببوو بە مودیر ڕێک وەک مناڵ تەعامولی لەگەڵ مامۆستاکنیشا ئەکرد، مامۆستایەک بەتاڵ بوایە نەیەهێشت بەتاڵ بن و ئەیوت بۆ ناچنە پۆل، بەحسابی خۆی ئەمە جددیات و دڵسۆزی بوو،

نەیەزانی کە بەو شێوە سەیری مامۆستا ئەکـا مامۆسـتاش چ هەسـتێکیان هەیە بەرامبەری، هەمووی لێی بێـزار بـوو، بەس تەمەنەکەی ڕێـی نەئەدا هیچی پێ بڵێی، مەگەر پەتی تەحەمولت بپچڕایە و داخی دڵی خۆت پێ بڕشتایە و حەقیقەتی خۆیت پیشاندایە، ڕۆژێک کۆبونەوەی بە مامۆستاکان کرد و وتی کۆمەڵێ شتتان پێ ئەڵێم تا ئاگاداری تەلەبەکان بن و نەهێڵن لە سنور دەرچن، یەکەم شت بە هیچ جۆرێک ڕێمەدەن تەلەبە کچەکـان پاڵتاوی سور و لەچکی سور بکەن، هەر ڕەنگ زۆرە با ڕەنگێکی تر بـکەن، هەر خواش ڕقی لە ڕەنگی سورە ڕەنگی سور ڕەنگی شەیتانە، دووەم شت ئەوەیە لەکاتی پشووی نێوان وانەکان بچنە ساحەکە و ئاگاداری تەلەبەکان بن و گوێیان لێگرن بزانن باسی چی ئەکەن، ئینجا زۆر ئاگاتان لەم قسەم بێت بە هیچ جۆرێک ڕێمەدەن لەو ساحەیا کچێـک و کوڕێـک بەیەکەوە قسە بکەن.

کۆبونەوەی پێ ئەکردین هەموو کاتێ ئەم قسە دوبارانەی ئەکـرد، پیـاو ڕاست بڵێ ئێمەش بەڵێمان بۆ ئەکرد و بەقسەمان نەئەکـرد، بەس ئەوەی سەیربوو قسـەی گیرفـانی خـۆی ئەهێنـا و زۆر بە موسـەیتەری ئەیکـرد، بەناوی دینەوە درۆی دائەتاشی ئەیوت ڕەنگی سور ڕەنگی شەیتانە و خـوا ڕقی لێیەتی و ئەنواع قسەی بەنـاوی دیـنەوە ئەکـرد، هەمـوو کاتێـک لە توانای خۆیەوە سەیری تەلەبەکانی ئەکرد، کاتێک من ئەموت زیـرەکن لە فڵانە بواردا و ئەتوانن ببنە خاوەن پیشەی خۆیان ئەیوت نـا بەو شـتانەوە مەشغوڵیان مەکە ئێمە مامۆستاین نەبوینەتە خاوەن ئیشی خۆمـان ئەوان

چۆن ئەبن! بێ ئاگابوو لەوەی ئەو خۆی لەسەردەم دواکەوتووە، جیلی ئێستا زیرەکتر و چاو کراوەترن.

ڕۆژێک لە دەوام مامۆستا نەریمان هەر ئەیوت مامۆستا ئیشێکم پێتە و مینجە مینجی ئەکرد و نەمەزانی چی ئەڵێ، مامۆستا نەریمان سینگڵ بوو، تەمەنی **٣٥**ساڵێک ئەبوو، بەدوای ژنا ئەگەڕا، دوای ئەو ڕۆژە کە مامۆستا ئیسرا چووە پۆل و سەردار لە ئیدارە مایەوە، دیقەتی مامۆستا نەریمانم دابوو هەر ئەیویست شتێک بڵێت و نەیەوت، ڕۆژێک لە ئیدارە من و ئەو و مامۆستا سەردار دانیشتبووین بە منی وت: مامۆستا توخوا یەک دەقە تا دەرەوە وەرە جگەرەیەک بکێشین.

**من:** فەرموو ئوستاز پێشکەوە.

نە من جگرە کێش بووم نە مامۆستا نەریمان، بەس نازانم چۆن بوو ئەو قسەی کرد، دیارە وەیزانیوە من جگەرەکێشم یا بە شتێکی ئاسایی زانیوە ویستی بەو فێڵە بانگم بکاتە دەرەوە تا مامۆستا سەردار نەزانێ قسەیەک ئەکەین و لەوی ئەشارینەوە، جا مامۆستا سەردار خۆی کەم تورە بوو ئینجا ئەوەشی هاتە سەر بڵێن مامۆستا ئالان و مامۆستا نەریمان جگەرە ئەکێشن، ئەمجا دۆ و دۆشاو تێکەڵ ئەکا.

چووینە دەرەوە وتم باشە ئوستاز من تا ئێستا تۆم نەدیوە جگەرە بکێشی منیش جگەرە کێش نیم ئەم قسە چی بوو کردت سەردار ئەوەی بەسە تا لەسەری بڕوا.

**مامۆستا نەریمان:** وەڵا بڵێم چی لەویا ئەوە هاو بە دەمما بەس ویستم بێینە دەرەوە دوو قسە بکەین.

**من:** ئا فەرموو

**مامۆستا نەریمان:** ئوستاز ئەزانی مامۆستا ئیسرا کچێ چاک دیارە.

**من:** ئەرەوەڵا ما شاء الله عاقڵ و ڕێک و پێک و زۆر زیرەکیشە.

**مامۆستا نەریمان:** تۆ واز لە زیرەکی بێنە بەس ما شاء اللە کراوە دیارە چۆنە تا ئێستا ماوەتەوە؟

من وەمزانی مانەوەی مەبەستی لەوەیە چۆنە لەم لادێ ماوەتەوە و نەقڵ نەبووە بۆ ناو شار، بۆیە **وتم:** کورە داماوە بۆ کوێ بچێ ئەویش لێرە باشتری دەسناکەوێ.

**مامۆستا نەریمان:** وەڵا خوا ڕێکی بخا بەیەکۆ لێرە بمێنینەوە کەسمان لێرە باشترمان دەسناکەوێ ئەوکاتە بەیەکجاری ئەمێنینەوە.

**من:** ئوستاز مانەوەی مەبەستت چییە؟

**مامۆستا نەریمان:** مەبەستم ئەوەیە چۆنە کەسێکی ئاوا تا ئێستا شووی نەکردووە؟

**من:** هەی ترِحێو من چۆن تێگەشتم و ئەم چی ئەڵێ، کورە خاڵۆ شووی کردووە.

**مامۆستا نەریمان:** دە ئیتر با هەر عاقڵ و زیرەک بێت بە من چی.

**من:** وەڵا خاڵۆ شووی کردووە، ئەها ئەو دوو کوڕەی لەگەڵ کـوڕەکەی مامۆستا سەردار یاریان ئەکرد ئەو دوو چڵمنە منالٚی ئەون.

**مامۆستا نەریمان**: هەر هی خۆیەتی؟ باشە لەکوێی بـوو خـۆ خـۆی زۆر منالٚ دیارە.

**من:** نەئـ ، لە پلەی ستۆر داونلـۆدی کـردووە، منـالٚی چیـیە **٢٥** سـالٚە (بەپێکەنینەوە).

مامۆستا ئیسرا کچێکی کراوە و عەجول بـوو، بە تەمەن **٢٥** سـالٚ بـوو، بەلاٚم بە ڕوخسار زۆر منالٚ دەرەکەوت، هیچ کەس بڕوای نەئەکرد کە **٢٥** سالٚ بێت.

دوای قسـەکردن لەگەڵ مامۆسـتا نەریمـان چـووینەژورەوە و مامۆسـتا نەریمان لەو ڕۆژەوە هەڵسوکەوتی گـۆڕا لەگەڵ تەلەبە و مامۆسـتا بـوو بە کەسێکی بێدەنگ و بێ جەو، جار جار توڕە ئەبوو، تاکە کەسێک بیتوانیایە کە قسەی لەگەڵ بکات مامۆسـتا ئیسـرا بـوو، جـار جـار کە لەگەڵ مـن قسەی ئەکرد ئەیـوت ڕاسـتە هـیچ بەتەمـای ئیسـرا نـیم، بەس لەخـۆوە خۆشمەویست کە تۆیش ئاوا وەسفت کرد و وتت عاقڵ و تێگەشتووە مـن زیاتر هۆگری بووم، نازانم هـی ئەوەیە هەمـوو ڕۆژ لەبەرچـاومە یـا چیـیە ناتوانم لەبیرخۆمی ببەمەوە، تەنانەت فێری شیعر نوسینیش بووم بەهـۆی ئەوەوە.

نازانم مامۆستا نەریمان چۆن بە دوو ڕۆژ خێرا عاشـق بـوو، بەلاٚم ئیتـر ئەمە عەشقە نازانی چۆن توشەبیت، هەندێ جار بەهـۆی ئاراسـتەکردنەوە

تـوش ئەبیـت، واتە کەسـێک وەسـفی کەسـێکت لا ئەکـا و ناڕاسـتەوخۆ ئاراسـتەت ئەکـا بـۆ ئەوەی ئەوت خۆشـبوێ، بەس کێشـەکە ئەوەیە ئەو هەستەی کە هەتە ناتوانی دەریبڕی، یـا بە هەڵە دەریەبـڕی یـا لە ناختـا پەنگ ئەخواتەوە و بە ڕێگای جیاواز دەری ئەبڕی، وەک ئەمەی مامۆسـتا نەریمان کە بەو جۆرە دەریبڕی کە خۆی بەسەر تەلەبەکاندا تورە ئەکرد.

مامۆسـتا نەریمـان مامۆسـتای زینـدەزانی بـوو، بەڵام لەبەر نەبـوونی مامۆستا لەگەڵ زیندەزانی دەرزی کۆمپیتەریشی ئەوتەوە، ڕۆژێک لە پۆلی ١٠ هاتە دەرەوە و بە تورەیەوە **وتـی:** مامۆستا... شەهیناز کێیە؟

**مـن:** ئەو کچەی پۆلی ١١یە ئەوەی لە لای پەنـجەرەکە دائەنیشـێت لە ڕیزی پێشەوە، بۆچی؟

**مامۆستا نـەریمـان:** ئەمرۆ خەریکم دەرز شەرحەکەم کاک نا سـامان ئاگای لە دنیا نییە چـوومە لایەوە سـەیرەکەم لەسـەر کتێـبەکەی شـیعر ئەنوسێ کتێبەکەم لێسەند کاغەزێکی تیابوو کاغەزەکەم لێ سەند سەیرکە چی نوسیوە، مامۆستا کەی مەکتەب شوێنی ئەمانەیە؟

**مـن:** مامۆستا یەک تۆز هێواش ئەوە بـابەتێکە دوای بـۆو باسـەکەم بـا مامۆستا سەردار نەزانێ ئێستا ئەیکا بە هەرا.

مامۆستا نەریمان زۆر گۆڕابوو ڕێک هەمان تەبیعەتی سەرداری گرتبوو، هی ئەوەبوو خۆیشی عاشق بوو، یا چی بەس تا ئەو ڕۆژەی کە پرسـیاری مامۆستا ئیسرای کرد، مامۆستایەکی زۆر باش و لەسەرخۆ بوو، بەڵام دوای ئەو ڕۆژە تەواو گۆڕا بوو.

کاغەزەکەم لێ وەرگرت و بە پێکەنینەوە پێم وت ئا تۆ بێ با بە یادی ئەو ڕۆژەوە بچین جگەرەیەک بکێشین.

**مامۆستا نەریمان:** ئۆهۆوو ئوستاز بیرم مەخرەوە.

**من:** مامۆستا بە دوو سێ ڕۆژ مامۆستا ئیسرا چووە دڵتەوە، وایە؟

**مامۆستا نەریمان:** بەڵێ وایە

**من:** ئوستاز لەبەر ئەوەی کە لە دڵتایە ئامادەی زۆر شت بووی، زۆر خۆشتەویست هەتا دیقەتم داوە بەهۆی ئەوەوە ئەم ماوەیە هەڵسوکەوتیشت گۆڕاوە، تەنانەت سور ئەشزانی کە ئەو نابێ بە هی تۆ بەس هەر ئێستاش خۆشتەوێ.

**مامۆستا نەریمان:** ئێ وەڵا وایە

**من:** مامۆستا تۆ دوو ڕۆژ کەسێکت بینیوە ئامادەبووی لە پێناویا زۆر شت بکەیت، ئەی ئەگەر تەلەبەیەک تەلەبەیەکی تری خۆشبوێ بە ڕاستی و زۆر دەمێکیشە ئەو خۆشەویستییەی بۆی هەبێت و وەک تۆ نەیتوانیوە دەریبڕێ، بۆچی حەقی پێنادەی کە ئاگای لە دەرز نەبێ؟! یەعنی بۆ ئاسایی نییە؟! بۆچی ئاساییە مامۆستا مامۆستای خۆشبوێت؟ بۆ ئاسایی نییە دوو تەلەبە یەکیان خۆشبوێ، ئەگەر سنوری مەکتەب نەبەزێنن و عاقڵانە تەسەروفات بکەن ئەمە چی تیایە؟! ئەی ئەوە باشە ڕقیان لە یەک بێت؟! ئینسان تا نەگاتە ئەو حاڵەتەش قەت نە گرنگی بە خۆی ئەدات نە ئەزانێ ژیان و مەسولیات چییە، تۆ دیقەتی سامان بدە چەند هەست بە مەسولیات ئەکا لە ئێستاوە خەریکی ئیشکردنە، هەرچەنە ئەوەی سامان وابزانم خۆشەویستی یەک لایەنەشە، بەس خۆزگە هەردووکیان یەکیان

خۆشەویست، چی تیایە با دوو کەس یەکیان خۆشبوێ، یەعنی چی مەکتەب شوێنی ئەوە نییە، خۆ قابیلە چیان کردووە دوو تەلەبەن یەک لە یەک باشتر و عاقڵتر، یەعنی ڕێی پێنادەی لە دڵیشەوە یەکیان خۆشبوێ، قەیچێکە با لە ئێستاوە هەست بکەن کە ئیتر گەورەبوون، ئەی ئەوان باشن یا تۆ کە زانکۆشت تەواو کرد هیچ بیرت لای ئەوە نەبوو کە تۆ ئەبێ کەسێک بێتە ژیانت، ئەوەتا لە کۆتایا هەست پێکردووە کە پێویست بە خۆشەویستییە ئەو هەستە ئەوەنە زۆری بۆ هێنای بە دوو ڕۆژی ئێرە خێرا مامۆستا ئیسرات کەوتە دڵ، با بۆو باسکەم، ئەو کوڕە باری داراییان زۆر باش نییە، باوکی کرێکارە، خۆیشی ئیش هەبێ خەریکی ئیشە، سور دیارە مەکتەبی بۆ تەواو ناکرێ، و چەند ساڵێکیشە ئەو کچەی خۆشەوێ و بەڕاستیش خۆشی ئەوێ تا ئێستا دەستی بەر دەستی نەکەوتووە، شەهینازیش کچێکە ماڵەوەیان لەڕووی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ماڵ سامان فەرقیان زۆرە، سامان خۆشەویستیەکی بۆی هەیە و سوریش ئەزانێ کە بۆی نابێ، تۆ کە مامۆستا ئیسرات خۆشویست دوو ڕۆژ خۆت پێ نەگیرا خێرا ئەو هەستەی هەتبوو دەرتبڕی و قسەت بۆ من ئەکرد، دەی ئەو کوڕە چەند ساڵێکە ئەو هەستەی هەیە و کەس نییە بۆی دەرببڕێت و لە هەموویشی ناخۆشتر سور ئەزانێ پارە و باری کۆمەڵایەتی ڕێگرە لەوەی پێی بڵێ خۆشمەوێی، کەسێک کە تەنانەت نەتوانێ هەستەکانیشی دەربڕێ و هەر لە ناخیا هەڵیگرێتەوە، تاکە شتێک بتوانێ بیکات ئەوەیە ئەوەی ناخی لەسەر کاغەزێک ئەنوسێت و ناشتوانێت بیداتێ، تۆیش لەبەر

چوار پێناسەی قۆڕ و دەرزێک ئامادەیت زیاتر دڵی ئەو کوڕە بشـكێنیت و لەناو تەلەبەکاندا بیشکێنیت، ئەو خۆی دڵی شکاوە.

که وام وت مامۆستا نەریمان بێدەنگ بوو و هیچی نەوت بەس دیاربوو کە قسەکانم کاریگەری لەسەر دروست کرد.

چوومەوە داخلــی و ئەو کــاغەزەم خوێنــدەوە کە مامۆســتا نەریمــان لە سامانی وەرگرتبوو، ئەمەی تیا نوسرابوو "**شەهیناز... سور دەزانم کە ناگەم بەوەی لە دڵمایە بەڵام حەزەکەم ئەو هەستەی بۆ تۆم هەبوو بۆت دەربڕم تا بەڵکو کەمێک ناخم ئاسودەبێت و باری سەرشانم سوک بێت، زۆرجار ئەچم بۆ ئیشی حەماڵی هیلاک ئەبم بەس بە جەستە، بەڵام ئەو هەستەی کە بۆ تۆ هەمە ناخی هیلاک کردووم ناخی سوتاندووم... شەهیناز بەهۆی تۆوە من ساڵێکی خوێندنم فەوتا و کەوتم بەڵام هەزار ساڵی تریش بکەوم باکم نییە چونکە لە پێناو تۆیە، شــەهیناز لەوانەیە ئەمە بە پێکەنیــنەوە بخوێنیتەوە چونکە قەت باوەڕ ناکەیت، زۆربەی ئەو نامانەی بە پێکەنینەوە ئەخوێنرێتەوە بە گریانەوە نوسراوە، خۆزگە یەک جــار لە چــاوی مــنەوە خۆتت دەبینی، خۆزگە جارێک لەو هەستەم تێدەگەشتیت، تــا ڕادەیەک ئاسودەم چونکە هەموو شــەوێک نامەیەکــت بــۆ ئەنوســم، بەڵام خــۆزگە ئەمتوانی بیدەمە دەستت و بیخوێنیتەوە بەوە زیاتر ئاسودە دەبووم، بەڵام نازانم چارەنوسی ئەم نامانەش بە کوێ دەگات، هەموو شەوێ نــامەیەک ئەنوسم و ئەیهێنم بۆ مەکــتەب لە نــاو کتێبێکــدا هەڵــی ئەگــرم، بەڵام بیرەکەمەوە من کرێکار و باوکم کرێکار، هەنــدێ جــاریش بیــرەکەمەوە**

**ئەڵێم ئەوەی نوسیومە تەواو هەستەکانمی تیا دەرنەکەوتووە نامەیەکی باشتر ئەنوسم، ئەو دوو هۆکارە وام لێ ئەکات جارێ تر شتێ تر بنوسم، نازانم تا کەی لەمە بەردەوام ئەبم نازانم کەی ئەتوانم ئەوەی نوسیومە بتدەمێ، نازانم لەوانەیە هەر نەتوانم، لەوانەشە ئەمە بگاتە دەستت چونکە ئیتر ناتوانم ئەو هەستە، ئەو ئاگرە لە ناخما بهێڵمەوە، شەهیناز خۆشمەوێی"**

کە نامەکەیم خوێندەوە، ئەمجارە دوو جار نامورتاح بووم، یەکەم هەستم کرد کە تەلەبەیەکی ترمان هەیە توانایەکی شارەوەی هەیە کە توانای نوسین و دەربڕینە ئاخر کەم کەس هەن بتوانن بەو ئەدەبیاتە بنوسن، تەنانەت مامۆستاش ئێمە چەند مامۆستا بووین بە هەموومان لەوانەیە نەمانتوانیبێ چوار لاپەڕە لەسەر بوارەکەی خۆمان بنوسین، دەی کەسێکی وەک سامان ئەوەی لە ناخی زۆر کەسدا بە ئەدەبیاتێکی بەرز بۆتەکات بە نوسین و ڕۆمان، ئەمە توانایەکی زۆرە لە تەلەبەیەکدا هەبێت، دووەم بەوە نامورتاح بووم کە لائیرادی نامەیەکم خوێندەوە کە ئەبوو نەیخوێنمەوە چونکە نهێنی بووە لە نێوان سامان و شەهیناز، بەڵام کاتێ سەیرم کرد نەمتوانی تا کۆتا وشە نەیخوێنمەوە.

بۆ بەیانیەکەی کە چوومەوە بۆ مەکتەب دوای دەرزی سێیەم سامانم بانگکرد، لەوکاتە کە هاتە ئیدارە سەرداریش وەک مووی لوت حازربوو، بۆیە نەئەکرا باسی کاغەزەکەی لەگەڵ بکەم، باسەکەم گۆڕی و **وتم:** سامان بۆ ماوەیەکە تۆزێ خاوبویتەتەوە وەک جاران نەماوی سەعی بکە.

**سامان:** وەڵا مامۆستا بەهۆی ئیشەوە بۆم ناکرێ بەس خۆ ئیمتیحانی ڕۆژانەش باشبووم!

**من:** نا وەک جاران نەماوی، ئێستا بڕۆ.

هەر کە ڕۆیشت خۆیشم دوای ڕۆیشتم و پێم وت بۆ شتێ تر ئەمەوێ قسەت لەگەڵکەم حەزم نەکرد لای مامۆستا سەردار پێت بڵێم شەو لە مزگەوت پێتەڵێم.

شەو دوای نوێژی عیشا سامان هات و **وتی:** مامۆستا چی بوو وتت لە مزگەوت پێتەڵێم؟

**من:** سامان ڕۆڵە لە پارەوە هەستم پێکردبووی لە پۆلا زۆر خەیاڵت ئەڕوا و دڵ لە پۆلا نییە، هەرچەن ئەو ساڵە تۆزێ لە پۆلا بوو بەس لای مامۆستا نەبوو، بەس ئەمساڵ مامۆستا نەریمان گلەی لێت هەبوو، من لە دەرزی خۆما هەموو کاتێکیش پێم وتوون تەلەبەیەک خەیاڵی بڕوا ئەگەر کاریگەری لەسەر تەلەبەکانی تر نەبێت و دەرز لەوان تێکنەدات خۆم کێشەم نییە چونکە لەوانەیە ئەو خەیاڵەی زۆر لە دەرزەکە گرنگتربێت، بەس مامۆستاکانی تر وا نین وا هەستەکەن تۆ دەرزەکە ئیهمال ئەکەیت.

**سامان:** مامۆستا هەر کەسەو ژیانی بە جۆرێکە لەوانەیە من لە تەلەبەکانی تر زیاتر مێشکم مەشغوڵ بێت و نەتوانم ٤٠ دەقە گوێ بگرم.

**من:** ڕۆڵە ئێستا من ئیشم هەیە ئەبێ بڕۆمەوە بۆیە بە کورتی و پوختی هەنێ شت پێ ئەڵێم بۆ قازانجی خۆت با ئەوەی کە من ئەیزانم نەگاتە دەمی مامۆستا سەردار ئەینا دوای بەس خۆت زەرەر ئەکەیت، من لێو تێئەگەم، ئەزانم هەمووتان گەشتوونەتە تەمەنێک حەز بە خۆدەرخستن و



خۆســەلماندن ئەکەن، تەمەنێکتــان هەیە حەزەکەن خۆتــان بســەلمێنن، هەســت بە بەرپرســیارێتی ئەکەن، گەشــتونەتە تەمەنێــک کە حەزەکەن خۆتان ژیانی خۆتان دیاری بکەن، ئیتر ئێوە مناڵ نین، هەنێکتــان دڵتــان لە پۆلا نییە، بۆ نمونە تۆ خــۆت کەوتویــت لە پــۆلی ١٠ مــاویتەتەوە بەس دڵت دەرچووە بۆ پۆلی ١١ (بەپێکەنینەوە)

که وام وت سامان پێکەنی و **وتی:** مامۆستا بەخــوا تەریقەبــمەوە بەس ئیتر ئەوە شتێکە بەدەست خۆت نییە.

**من:** نــا ڕۆڵە هیچکــات مــن لەســەر ئەوە سەرزەنشــت نــاکەم و ئەگەر خۆیشت داوای نەسیحەت نەکەیت قەت نەسیحەتت ناکەم بڵێم وا بــکە و وا مەکە، ژیانی خۆتە خۆت باشتر ئەزانی، بەڵام ئەوەی ئەمەوێ پێت بڵێم ئەوەیە، ئەوەی پەیوەنــدی بە ژیــانی خۆتــانەوە هەیە نەک مــن هــیچ مامۆستایەک و بە سەرداری مودیریشەوە ناتوانن تەداخولی ژیانتان بکەن، بە مەرجێک ئێوەش لە بەڕەکەی خۆتان زیاتر پــێ ڕانەکێشــن و ســنوری مەکــتەب نەشــکێنن، هەنــدێ شــت هەیە لە مەکــتەب مەیــکە، ســنوری مەکــتەب بــزانە، ئەوی تــر کەس نــاتوانێ تەداخــولی ژیانتــان بکــات، بــۆ وەرەقەکەش خەمت نەبێ لای منە و ناهێڵم دەس کەس بکەوێــت، بەس ئیتر با ئەوەش دوبارە نەبێتەوە، چونکە ئەمجارە گەیشتە دەس من سبەی بگاتە دەس مامۆستا سەردار خراپ ئەقەومێ، لە پۆلا تۆزێ خۆترێکبخەوە و با کەمتر خەیاڵ بتباتەوە.

**سامان:** بەسەرچاو مامۆستا.

قسەکانم لەگەڵ سامان کرد و چوومەوە بۆ داخلی و سامانیش هەر لە مزگەوت مایەوە.

ئەمزانی لەو کاتەیا کە ئینسان کەسێکی خۆشەوێ حەزەکا بە هەرجۆرێک بێت خۆی بسەلمێنێت بەتایبەت لەلای ئەو کەسەی کە خۆشیەوێ، منیش زۆر بەزەیم بە حاڵی سامان ئەهاتەوە، بۆیە هەندێ جار خۆم هەلی ئەوەم بۆ ئەڕەخسان کە خۆی بسەلمێنێ تا بەڵکو لەو ڕێگەوە تۆزێ دەروونی مورتاح بێت، هەندێ جاریش کە بمزانیایە لە بابەتێک زۆر باش تێگەشتووە ئەو ڕۆژە پۆلەکەی ئەوان و پۆلەکەی شەهینازم بەیەکەوە دەمج ئەکرد و بەیەکەوە دەرزم پێ ئەوتنەوە، سامانم هەڵەساند تا دەرزەکە شەرح بکات و دوای دەستخۆشیەکی زۆر وەسفێکی زۆرم ئەکرد، یان جار جار سیمیناری لەسەر فیزیا حازر ئەکرد و تەلەبەکانم کۆئەکردەوە سیمیناری بۆ ئەکردن، ئەو ماوەیە بە ڕادەیەک لە فیزیا شارەزا ببو وەک مامۆستا وابوو، بەقەدەر فیزیای پۆلەکەی خۆی لە فیزیای پۆلی ١١ و تەنانەت ١٢یش شارەزا بوو ئەیتوانی بیڵێتەوە.

لە بەختەکەی ئەو شەهینازیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گرنگی بە خۆی ئەدا و بە دەگمەن جلێکی دوبارەی لەبەر ئەکرد هەر ڕۆژە و جلێکی تازە و گرنگیدانێکی زۆر بەخۆی، لەناو هەموو قوتابیەکان دیاربوو.

تاقیکردنەوەی بیستەکە تەواو بوو، کات گەشتە ئیمتیحانی ٦٠ واتە کۆتایی وەرزی یەکەم، جەدۆلی ئیمتیحانات دانرا، پێشتر کەرتەکانمان جیاکردەوە و پۆلی ١٠ و ١١م بە یەک کەرت دانا، بۆ جەدۆلەکە بە سەردارم وت پۆلی ١٠ و ١١ ئیمتیحانی من لە یەک ڕۆژا دانێ، سێ

ئیمتیحان پێش کۆتـای ئیمتیحـانی فیزیـا پـۆلی ١٠ و ١١ لە ڕۆژی سـێ شەممە دانرا.

ڕۆژانە تاقیکردنەوەکان وەک ئەوەی دانرابوو بەڕێوەدەچوو، لەو کاتـانەی چـاودێری کەرتەکەبـووم ئاگـام لە سـامان بـوو، زۆر ئیهمـالانە جـوابی پرسیارەکانی ئەدایەوە و باکی بە دەرچوون نەبوو، لەکاتێکـا هەنـدێ جـار زۆر کەم شتی ئەنوسی، بەڵام هەر لە پۆل ئەمایەوە تـا شـەهیناز ئەچـووە دەرەوە، ئینجا ئەویش وەرەقەی تەسلیم ئەکرد و ئەچووە دەرەوە.

ڕۆژی سێ شەممە بـوو، تـاقیکردنەوە فیزیـا بـوو، دەفـتەر و پرسـیارم دابەشـکرد و نیـو سـەعاتێکی پێچـوو، ئەچـوومە لای سـامان وەرەقەی پرسیارەکانی ئەخستە سەر دەفتەرەکەی و وەک ئەوەی شتێکی نوسیبێ و حەز نەکـا مـن بیبیـنم، دوو سـێ جـار دیقەتمـدا هەر وای دەکـرد، کە ئەچوومە لای هیچی نەئەنوسی و پرسیارەکانی لەسەر دەفـتەرەکە دائەنـا، کە دورەکەوتـمەوە دەسـیەکردەوە بە نوسـین، سـێ چـارەکی کـاتەکە ڕۆشـتبوو، بـۆم دەرکەوت ئەوەی ئەینوسـێ پەیوەنـدی بە پرسـیارەکانەوە نییە، لە هەمان کاتـدا داوای وەرەقەی زیادەشـی کـرد، زۆرم لا سـەیربوو لەکاتێکا وەڵامی پرسیارەکان نـاداتەوە ئەبـێ وەرەقەی زیـادەی بـۆچیبێ؟ وەرەقەکەم بۆ برد و بە دەرزی دام لە دەفتەرەکەی.

جیـاواز لە تاقیکردنەوەکـانی تـر زۆر درەنـگ تەواو بـوو، دەفـتەرەکەی تەسلیم نەکـرد تـا شـەهیناز تەواو بـوو، بەس هەر دانیشـتبوو بە لا چـاو سەیری شاهینازی ئەکرد و چاوی پڕ فرمێسک ببوو.

نزیکی سەعات و نیوێکی پێچوو، شەهیناز تەواوبوو دەفتەرەکەی هێنا، لەوکاتەشدا سامان بەپەلە و بە شپرزەیی دەفتەرەکەی خۆی هێنا، هەردووکیان وەستابوون من خەریکبووم سەیری پرسیارەکان و دەفتەرەکەی شەهینازم ئەکرد بزانم پرسیاری بیرنەچووە، لەوکاتەیا سامان وەستابوو وەک بڵێی ئەیەوێ شتێک بڵێ سەیری شەهینازی ئەکرد و هەناسەی قوڵی هەڵەکێشا، جار جار ڕووی وەرەگێڕا و فرمێسک بە چاویا ئەهاتە خوارەوە.

کە سەیری دەفتەرەکەی شەهینازم کرد، هیچی بیرنەچووبوو، وتم شەهیناز تەواو دەستخۆشبێ بڕۆ، ئەدەی کاکە سامان تۆیش دەفتەرەکەت بێنە، دەفتەرەکەی پێدام و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و سەیری شەهینازی کرد و وتی مامۆستا خۆزگەم بە خۆت و بە تەلەبەکانی ئەم پۆلەش کە هیشتا ساڵێ تریان ماوە تا ڕوناکی ببینەوە، بۆ من ئیتر هەموو شت تەواو بوو، ئەمەی وت و چووە دەرەوە، چاوەڕێی نەکرد تا پێی بڵێم بڕۆ، ئەو ڕۆشتنە ڕۆشت نەمبینیەوە نە لە حەوشەی مەکتەب نە لە گوندەکە نە هیچ شوێنێک.

ویستم سەیری دەفتەرەکەی بکەم، بەڵام وتم با جارێ دەفتەرەکانی تر سەح بکەم ئینجا ئەوەی ئەو سەیرەکەم، چوومە ئیدارە و دەفتەرەکانم سەحکرد، گەشتمە دەفەترەکەی ئەو، چی نوسیبوو؟ ئەوەی چاو و دڵ بەرگەی نەئەگرت، زانیم کە ناخی لەسەر دەفتەرەکە خاڵی کردۆتەوە و جوابی ئیمتیحانی نەداوەتەوە بە موبایلەکە وێنەی لاپەڕەکانی دەفتەرەکەم گرت و وتم دوای لە ماڵەوە سەیری ئەکەم با مامۆستاکانی تر نەزانن کە

حاڵەکــاتی ئــاوایە، بیــرمکەوتەوە کە نــاکرێ ئەو دەفــتەرەی لە ئیــدارە بمێنێتەوە، خۆ ئەو هیچــی نەنوســیوە و کەوتــووە بــۆیە لە فرســەتێکا کە مامۆستا سەردار چووە دەرەوە بەپەلە وەرەقەکانم لە دەفتەرەکە کــردەوە و دوو وەرەقەی سپیم لێدا، دەفتەرەکەم کردەوە و زەرپێکم دا لە لاپەڕەکان و سفرم بۆ دانا، بەوە دەفتەرەکەی و ئەوەی نوســیبووی لە دەس ســەردار ڕزگارم کرد و نەمهێشت بیبینێ.

بانگی عەسری دا و چووم بۆ مزگەوت، دانیشتم تــا کــاتی نــوێژ هــات، شوێنی ســامانم بە بەتــاڵی بینــی، ئــاخر ســامان هەمــوو کــات و هەمــوو فەرزەکان تا بۆی بکرایە ئەهات بۆ مزگەوت و لە ڕیزی پێشەوە دائەنیشت، نوێژی عەسرمان کرد و سامان هەر دیار نەبوو، سەیری شوێنەکەیم کرد و خەیاڵ بــردمیەوە بــۆ ئەو ڕۆژانەی کە لە مــزگەوت ئەمبینــی دوای نــوێژ ئەمایەوە لێمەپرسی بۆ نــاچیتەوە ئەیــوت مامۆســتا حەزم بە تەنیــایە، ئەو تەنیایەش لێرە باشە، بچمەوە بۆ ماڵەوە هەموو شتێ دوبارەیە چیبکەم.

دوای نوێژ هاتمەوە بۆ مەکتەبەکە و دەفتەرەکانم سەح کرد و دامەوە بە مامۆستا سەردار، و چوومەوە بۆ داخلی و سەیری ئەو وەرەقــانەم کــرد کە سامان نوسیبووی، ئەوەشی بیرمابوو کە لە پۆلی ١٠ نوســیبووی بــاوەڕم بە یاساکانی فیزیا نییە.

نوسیبووی "**مامۆستا لەبەر ڕێزی تۆ ئەوەی کە تۆ وتت وتومە کێشکردن وایە کە تۆ فێــرت کــردین و وتــت بارســتایی یەکــێکە لە هۆکارەکــانی کێشکردن، بەڵام لای من کێشکردن یاسای نییە، هۆکاری کێشکردن دوو چاوی سەوزە، ددانێکی ڕێک و زەردەخەنەیەکە، کێشکردن نیگایەک بوو**

که له یەک چرکەدا بەبێ بەکارهێنانی هێز منی ڕوخاند، تۆ له فیزیا پێت وتــین ئەگەر هێــز بەکارنەهێــت ئــیش نــاکرێ، بەڵام بە نیگــایەک بە چرکەیەک بەبێ هیچ هێزێکی فیزیکی منی فێری هەزار ئیش کـرد تـا شـتێک پـارە کـۆبکەمەوە و لەڕووم بێـت بچـمە پێشـەوە و پێـی بڵـێم خۆشمەوێی، هەزار جۆر ئیشم تاقیکردەوە تا پـارەیەک پـێکەوە بنـێم و بتوانم خۆشەویستی خۆمی بۆ دەربڕم، ئیشی غەسل چێشتخانە چایچێتی ...

ئەو هێــزەی لەو نیگــایەدا بەکارهــات وەکـو کـات کەمبـوو لە فیزیـا پێناسەی نیە و نەبووە بەڵام تا نەکەویتە بەر ئەنجـامەکەی نـازانی نەک هەزار نیــوت یەک ملیــۆن نیــوتنیش هێــزت هەبــێ قەڵایەک بیــت ئەترۆخێنێ.

مامۆستا تۆ فەرمووت یاسای سێیەمی نیوتن وتی بـۆ هەمـوو کارێـک کاردانەوە هەیە کە لە بڕدا یەکسانە.

باشە ئەو بە هێزێکی کەم بۆ من چەن نیوتنم پێویستبوو تا کاردانەوەم هەبێ، کاردانەوەیەک کە یەکسان بێت بەوەی ئەو، نازانم بڵێـی ڕۆژێـک ئێمە یەکسان بین، نەخێر باوەڕ ناکەم.

یاسای سێیەمی نیوت ئەیوت بۆ هەموو کارێک کاردانەوەیەک هەیە لە بڕدا یەکسان، ئەی بۆ کارەکەی ئەو و کاردانەوەکەی من جیاوازیـان زۆر بوو، ئەو کارێکی کەمی کرد تەنها نیگـایەک بـوو، زەردەخەنەیەک بـوو، بەڵام کاردانەوەکەی من ٥ ساڵ بوو، ئەزموونکردنی هەزاران ئـیش بـوو، بەڵام هێشتا یەکسان نەبوو بە کارەکەی ئەو، ئەدی کەی یەکسان ئەبێ؟

مامۆستا تۆ فێرت کردین فیزیا وەڵامی هەموو شتێکی پێیە، ئەدی کوا وەڵامی ئەم پرسیارەی من؟

تۆ فێرت کردین کە دوو بارگەی جیاواز وەک سالب و موجەب یەکتری کێش دەکەن، باری کۆمەڵایەتی ئێمە و ئەو وەکو سالب و موجەب جیاواز بوو، ئەو لە خێزانێکی دەوڵەمەند و من لە خێزانێکی هەژار، ئەدی بۆ ڕۆژ بە ڕۆژ لەیەک دوورەکەوتینەوە؟

تۆ فێرت کردین ئێمە هەموو شتێک بەهۆی ڕوناکیەوە ئەبینین، بەڵام من ڕوناکیشم بەهۆی ئەوەوە ئەبینی، هەموو شتێکم بەهۆی ئەوەوە ئەبینی، کە ڕۆژێک ئەو نەبینم تیشکی خۆریش بە تاریکی ئەبینم.

مامۆستا تاکە شتێک کە فێرت کردین و تەواو لێی تێگەیشتم تیۆری ڕێژەیی تایبەت بوو، ئەو نمونەم هەرگیز بیرناچێتەوە کە دەتوت کات بۆ هەموومان یەکسانە و یەک کاتە، بەڵام بارودۆخەکە وای لێ ئەکات ڕێژەیی بێت بە نیسبەت کەسێکەوە زوو بڕوات و بەنیسبەت کەسێکی ترەوە درەنگ بڕوات، مامۆستا جوان لەوە تێگەیشتم چونکە کاتی وانەخوێندن لە پۆلی ١٠ هەرچەنە ٤٠ خولەک بوو، بەڵام چونکە لەگەڵ ئەو لە پۆلدا بووین بە چوار خولەک لێم ئەڕۆیشت، کاتی ئیسراحەت کە پێنج خولەک بوو بە پێنج سەعات لێم ئەڕۆیشت، ئەمە بۆ ئەمساڵ ڕێک پێچەوانەبوو، دەرزەکانم بە ساڵێک لێ ئەڕۆشت و پشووەکە بە چرکە.

مامۆستا ئەو وزە و هێزەی ئەو هەیبوو زۆر سەیربوو، زاڵبوو بەسەر هەموو هێز و وزەکان کە لە فیزیا هەیە، هەموو یاساکانی ڕەتکردەوە، بەڕاستی ئەو شایەنی خەڵاتی نۆبڵ بوو.

مامۆستا هەر بیر لەو دەکەمەوە ئەڵێم خۆزگە یاسای سێیەمی نیـوتن ڕاست بوایە، نەخێر یاسای سێیەمیش نەیتـوانی وەڵامـی ئەوە بـداتەوە، هێزەکەی ئەو چی بوو، زۆر کەم بوو بەس کاریگەریەکەی زۆر گەورە بوو.

مامۆستا ڕۆژێک پێت وتین ئینسان بە هەوڵدان ئەتوانێت بگات بەوەی کە ئەیەوێت، بەڵام نازانم بۆ ئەو قسەش بۆ من ڕاست نەبوو، ئەو هەوڵەی من بۆ ئەو ئەمدا زۆر بوو، بەس پێی نەگەشتم، بەڵام دڵنیام ئەو لە کۆتایی ئەبێتە هی کەسێک کە لەوانەیە یەک سەعات هەوڵی بەدەستهێنانیشـی نەدابێت، ئەبێ ئەو کەسە چەندە خۆشـبەخت بێـت، ئەو ئەبـێ بە هـی کەسێکی تر کە لەوانەیە ئەو کەسە هیچ هەوڵێکی بۆ نەدابێ بەڵام بۆ بە ئاسانی پێی ئەگات؟ تەبعەن نرخیشی زۆر نییە لەلای چونکە هەوڵی بـۆ نەداوە، ئاخر چ یاسایەک جوابی ئەوە ئەداتەوە؟ مامۆستا تۆ وتـت فیزیـا ژیانە، فیزیا وەڵامی هەموو شتێک ئەداتەوە، بەڵام مـن پـێم وایە فیزیـا لەگەڵ عەشقا هیچی پێ ناکرێ و وەڵامی هیچی پێ نییە.

مامۆستا ڕۆژێک باسی هۆڕمۆنی دۆپامینت بۆ کردین، وتت ئەو کاتەی شتێک بە هەوڵدانێکی زۆر بەدەسدەهێنیت چێژ و نرخی زیاترە چـونکە ئەو هەوڵە و ئەنجـامەکەی کە بەدەسـتتهێناوە وا ئەکـا ئەو هۆرمـۆنە دەربدرێت و هەس بە دڵخۆشی بکەیت، خۆزگە ئەگەشـتمە ئەو حـاڵەتە بزانم چ هەستێکە کە ئەنجامی هەوڵەکانـت بەدەسـدەهێنیت، مامۆسـتا پێناسە و نرخـی ئەو بەس لای مـن بـوو، نەک فیزیـا، تـۆ وتـت فیزیـا پێناسەی هەموو شتێک ئەکا، بەڵام نەیتوانی پێناسەی ئەو هێـزەی ئەو

**بکا، نەیتوانی پێناسەی ئەو شەپۆلە بکا کە لە چاوەکـانیەوە دەردەچـوو، فیزیا نەیتوانی وەڵامی پرسیارەکانی منیش بداتەوە.**

**مامۆستا بمبوورە عەشق لە فیزیا گەورەتربوو، ئێستاش دەڵێم کێشکردن یاسای نییە، ئەگەر نیـوتن چاوەکـانی شـەهینازی ببینـایە ئەیزانـی کە کێشکردن یاسای نییە.**

**مامۆستا شەهیناز بوو کە بەبێ دەنگی بۆی سوتام، غیـرەم لە هەمـوو کەسێک ئەکرد کە قسەی لەگەڵ ئەکەن، لە هاوڕێکانی، مامۆستا تەنانەت غیرەم لە تۆیش ئەکرد لە مامۆستاکانی تریش کاتێک لەبەر دوو دەرەجە ئەهات قسەی لەگەڵ ئەکردن، کاتێک ڕێزی بۆ دەرەبڕیتن، کاتێک داوای یارمەتی لێ ئەکردن، خۆزگە منیش مامۆستا ئەبووم، مامۆستا ئێســتاش بیرمە کاتێک لە پۆلی ١٠ داوای لە تۆ کرد کە دەرزەکەت بکەینە وەرزش.**

**مامۆستا ببورە ئەگەر ڕۆژێک لە پۆلا خەیاڵم ڕۆشـتبێت، ببـورە ئەگەر قسەیەکم کردبێت، ئیتـر نە مـن شـەهیناز ئەبیـنمەوە نە ئێـوەش مـن ئەبیننەوە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەمانەم نوسی تـا بەڵکـو تـۆزێ دەروونـم ئاسودەبێت و ئەوەی ناخم خاڵی بکەمەوە ئەینا لەڕووم نەئەهات ئەمانەت بۆ باس بکەم هەرچەنە عەشق عەیب نازانێ و عەیبیش نییە بەس قەت لەڕووم نەهاتووە ئەوەی لە ناخمایە بۆ کەسی دەربڕم".**

سامان ڕاستی کـرد دوای ئەو ڕۆژە کەس نەیبینـیەوە، تەنـانەت دواتـر زانیمان کە لە مەکتەب چۆتە دەرەوە نەچۆتەوە بۆ ماڵەوەش، دوای ئەوەی لە مەکتەب دەرچووە، نە لە لادێکە بینراوە نە شارۆچکەکە.

شەوێک لە مزگەوت بـووم دوای نـوێژ بـاوکی بینـایی هـات بـۆلام بـۆ هەواڵپرسینی ئەلەندی کوڕی کە بزانێ ئاستی چۆنە، هەر ئەو پیـاوەی کە چاوی کچەکەی کوێر کرد لەسـەر قسـەی مامۆسـتا نەخوێنەوارەکەمـان، هات و سەلامی کرد و **وتـی:** مامۆستا ئەلەند چۆنە؟

**من:** نازانم وەڵا ئەلەند لە دەوامەکەی ترە من دەرزیان پێ ناڵێم.

لەو کاتەیـا مەلای مـزگەوتەکە هـات، مەلای مـزگەوتەکە نـاوی مەلا ئیحسان بوو، ئەویش فکری وەک سەردار و باوکی بینایی وابوو بەتـایبەت لە مەسەلەی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن، هات و سەلامی کرد و **وتـی:** بەخوا مامۆستا فێریان بـکەن ئەم بەڵایە لەخۆیـان دورخەنەوە باشـەبن، هەمـوو فیتنەی ئەم سەردەمە ئەم موبایلە دروستی کردووە.

**مـن:** مامۆستا موبایل شتێکی بـێ گیـانە ئەوە خەڵـکە کە بە بـاش یـا خــراپ بەکــاریەهێنێ، ئــێمە لە مەکتەبەکــان کێشــەمان مامۆســتای نەخوێنەوارە، نەک موبایل، موبایل چەنـێ خـراپ بێـت ئەوەنەش باشـەی هەیە، بەس ئیتر چییە خەڵکی لای ئێمە مامۆسـتا و مەلاکـان ئەو قسـە کەوتۆتە سەردەمیان کە ئەڵێن موبایل خراپە.

**مەلا ئیحسان:** کورە مامۆستا بۆخاترخوا تۆ مامۆسـتای چـۆن ئەبـێ شتی وا بڵێی، وەڵا فیتـنەی ئەم سـەر عەرزە ئەم موبـایلەیە، فەرمـوو دە دەقە سەیریکە بزانە چی تیایە.

من و مەلا ئیحسان بەردەوام بووین لە قسـەکردن و کـاک ڕێبـواریش زوو زوو بۆ قسەکانی مەلا ئیحسان سەری ئەلەقاند و ئەیوت باوکم بەخـوا وایە.

جـا ئەو جـۆرە کەسـانە عادەتیـان وایە، لە هەر مەجلـیس و کـۆڕ و کۆبونەوەیەک بێت، یا بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆن ببینن، تەنها ئەو بەشـەی وەرەگرن و پشتگیری ئەکەن و لەبەری ئەکەن کە پشتگیری فکرەکانیـان ئەکەن و لەبەرژەوەندی خۆیـانە، برادەرێـک ئەیـوت زۆرجـار کە دایـک و باوکم لە مزگەوت یەنەوە، یەکسەر ئەڵێن مەلاکە باسی ئەوەی ئەکـرد کە ئەبێ مناڵ چۆن بێت لەگەڵ دایک و باوکیان، هەندێ جـار دایکـم ئەڵـێ باسی ئەوەی ئەکرد ئەبێ پیاو چۆن بێـت، باوکیشـم ئەڵـێ باسـی ئەوەی ئەکرد کە ژن ئەبـێ چـۆن بێـت، یـان ئەڵـێن باسـی زەرەر و زیانەکـانی موبایلی ئەکرد، تەبعەن باسی هەزار شتی تریشی کردبێت ئەمان هەر ئەو بەشەی باسەکەن کە لەبەرژەوەندی فکری خۆیانە، ئەمە سروشتی زۆربەی خەڵکە، بەڵام ئەو سیفەتە لە مامۆستای نەخـوێنەوار زۆر زۆرە، بەجۆرێـک مامۆســـتایەک لەو نەخـــوێنەوارانە دابنیشـــێ یەک ســـەعات ســـەیری بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆن بکات کە باسی تەکنەلۆژیا ئەکـات، لەو سـەعاتە تەنها ئەو چەند دەقەی وەرەگرن کە باسی خراپیەکانی ئەکات، جارێکیش بۆ عەمرە ئەچـووین لە پاسـەکەیا عـایلەیەکی تیـابوون ژن و مێردێـک و مناڵەکانیان، ژنەکە زوو زوو ئەیوت ئا بە مامۆستا بڵێن وتارێکمان بۆ بڵێت باسی ئەجری دایک و باوک بکات.

باوکی بینابییش لەم قسەکردنەی من و مەلا ئیحسان زوو زوو سەری بۆ مەلا ئیحســـان ئەلەقانـــد و پشـــتگیری لـــێ ئەکـــرد چـــونکە قســـەکانی لەبەرژەوەندی ئەو مێشکە وشکە بوو، مەلا ئیحسان لە قسەکردن بەردەوام بوو و **وتـی:** مامۆستا تۆ سەیری ئەم موبایلە چـی تیـایە هەمـووی جنێـو

فرۆش و گۆرانی و شتی هـیچ و پـوچ و ئەو خەڵـکەش هەمـووی بەدیـار ئەوەوە دانیشتوون.

**من:** مامۆستا تۆ لە ڕۆژی هەینـی کە نـوێژەکە لە مـزگەوت واجـبە و خەڵکی زیاتر لەبەر واجبەکە دێت، لەم مـزگەوتەش نـا لە قەرەبـاڵخترین مزگەوتی شار وتار و نوێژی هەینی بکەیت، چەند کەس دێنە مزگەوتەکە؟ ئەگاتە ١٠ هەزار کەسێک؟!

**مەلا ئیحسـان:** نەوەڵا ١٠ هەزاری چی ئەوپەڕی بگـاتە هەزار بەخـوا ناشگاتە هەزار هەر ٥٠٠ کەسێک ئەوپەڕی بگاتە ٨٠٠ کەس، ئەم پرسـیارە بۆچی؟ (بەپێکەنینەوە)

**من:** دەی مامۆستا تۆ هەفتانە کە بە ئیجباریش ٨٠٠ کەس گوێـت بـۆ ناگرێ، فەرموو لەو تیک تۆک و فەیسـبووکە مەلا هەیە هەمـوو شـەوێک هەزار بۆ پێنج شەش هەزار کەس کۆئەبنەوە گوێی بـۆ ئەگـرن، بـانگخواز هەیە لەوانەیە لە یەک شەو نزیکی یەک ملیۆن کەس لە هەموو جیهانەوە گوێی بۆ بگرن لەڕێی موبایلەکەیان، خراپی ئەمە لە کویایە؟!

**مەلا ئیحسـان:** مامۆسـتا ئەوە بەدەگـمەن وایە، تـۆ بچـۆ سـەیری یوتیوب و تیکتۆک بکە کابرا جنێو ئەدا یا گۆرانیەکی پڕ و پوچ ئەڵێ سەد هەزار کەس گوێی بـۆ ئەگـرن، دەی مـن وتارێـک بـڵاوکەمەوە دە کەس سەیری ناکات.

**من:** مامۆستا وەڵا ڕێـک ئەوە خەتـای خۆتـانە ئێـوە کە ئەو بەرنامـانە بڵاوەبێتەوە یەکسەر بێ ئەوەی شـارەزابن لە بـوارەکە لە خەڵکـی قەدەغە ئەکەن و لای خەڵکە باشەکە ناشرینی ئەکەن و بە فەسـادی و فیتنەیـی

ناوی ئەبەن و ئەڵێن با کەس بەکاری نەهێنێ، تەبعەن خـۆت لە خەڵـکە باشــەکەی قەدەغە ئەکەی، دوای کە لە عــالەم دواکەوتیــت و زانیــت کە هەموو خەڵک لەوێیە لەکۆتایـا تـۆیش ئەچیـتە ئەوێ، بەتاکیـد لەوێ تـۆ بینەرت کەم ئەبێ چونکە تۆ درۆت لەگەڵ خۆت و خەڵکا کردووە، ئەگەر خــراپە بــۆ خۆیشــت بەکــاری ئەهێنیــت، ئەگەر باشــە بــۆ لە خەڵکــت قەدەغەکرد، دواتـر جـۆرە بەغیلـیەک ئەتگـرێ کە ئەبینـی گۆرانیبێژێـک بینەری زۆرە تۆیش هیچ بینەرت نیـیە، لە ڕاسـتیا تـۆ پێشـتر خـۆت بە بینەرەکانت وتووە مەچنە ئەوێ چونکە خراپە، ئێستاش خۆت گلەی لەوە ئەکەیت بۆ خەڵک لەو شوێنە خراپە گوێت بۆ ناگرن، هەر بیریشـت بێـت تــازە ســەتەلایت هــاتبوو، مەلاکــان تەبــعەن بەشــێکیان وا لە خەڵکیــان گەیاندبوو کە شتێکی زۆر خراپە و پـڕە لە فەسـادی هەتـا وای لێهـاتبوو ماڵێک لەسەربانەکەیان سەتەلایت ببینرایە خەڵـک بە جۆرێـک سـەیریان ئەکرد، عەیبە بوو سەتەلایتت هەبێ وەکو ئەوە وابـوو بە ڕووتـی بگەڕێـی، فەرمـوو ئێسـتا ئەوەتـا مەلاکـان کەنـاڵی ئاسـامانیان هەیە و وتـاری لـێ پەخشـــەکەن، مامۆســـتا مـــن کاتیشـــم درەنـــگ کـــرد ئەبـــێ بـــڕۆم، بەس ان شـاء اللـە لەمەودوا هەوڵـدەن لەگەڵ سـەردەم بـڕۆن نەک هەر شتێک بوو یەکسەر قەدەغەی بکەن، هەموو شوێنێک باش و خراپی تیایە، هەموو شوێنێک کەوتۆتەوە سەر خـودی کەسـەکە کە چـۆن ئەیبینـێ و ئیسفادەی لێ ئەکا یا زەرەر، پێم وایە هەندێ جار ئەو شوێنەی کە تۆ بە خراپ ئەیبینی لەوانەیە ئەوە شوێنی بانگەواز و شوێنی ئێوە بێت، کاتێ تۆ ئەڵێی فلانە سۆشیال میدیا خراپە، بۆیە خراپە کە تۆی لێ نیت، ئەگەر تۆ

باشـــبیت، بـــۆیە خـــراپە کە خەڵکێکـــی خـــراپ شـــوێنێکی زۆریـــان تیـــا داگیرکردووە، تۆ ئەگەر خۆت و فکری خۆت بە باش دەزانیت، کەواتە ئەو شوێنە شوێنی تۆیە تا ئەسپی خۆتی تیا تاو بدەیت و کاریگەریـت لەسـەر خەڵکە خراپەکەی ئەوێ هەبێت.

تیکتۆک و سناپ و سۆشیال میدیاکانی تر لەبری ئەوەی بە لایڤچـی و ترفیهی جنێوفرۆش و بابەتی بێ سود پڕبکرێتەوە بـا بانگخوازەکـان پـڕی بکەنەوە، ئەوێ شوێنی بانگخوازەکانە، ئەو کەسەی دەچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ ئەچێ بـۆ دزی نـاچێ، بـانگخواز هەبـێ و نەبـێ ئەم کەسـە خـۆی بەشـێک لە عیباداتەکـان ئەزانـێ، بەڵام سۆشـیال میـدیاکان پـڕن لەو کەسـانەی کە پێویسـتیان بە کەسـە تێگەیشـتووەکان و بانگخوازەکـانە، کاریگەریش لەو شوێنانە زیاتر دروست دەبێت.

بەداخەوە بەشـێک لە مەلاکـان بەهـۆی نەزانـین کـوێرانە کەوتـونەتە دژایەتی پێشکەوتن و سۆشـیال میـدیاکان، لە هەمـان کاتیشـدا بەغیلـی ئەبەن بەو گوێگرە زۆرانەی لەوێ هەن.

خواحافیزبوونم لە مەلا ئیحسـان و کـاک ڕێبـوار کـرد و گەڕامەوە بـۆ داخلی.

شـەوێک لە داخلـی دانیشـتبووم لە فەیسـبووک ئەگەڕام، ڤیـدیۆیەکم کەوتە بەرچاو کەناڵێک موقـابەلەی ئەحـمەدی ئەکـرد، زۆرم لا سـەیربوو یەکەمجارە ببینم تەلەبەی ئەم مەکتەبە لە کامێرا دەرکەون و قسە بکەن، پەیامنێرەکە لەسەر کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر گەنجـان قسـەی لەگەڵ

ئەکـــرد، ئەویـــش زۆر بە جـــوانی و بـــاوەڕبەخۆبوونەوە وەڵامـــی دایەوە و کۆمەڵێک قسەی کاریگەر و جـوانی کـرد، بەرنـامەکە پـێ ئەچـوو پـێش مردنی باوکی ئەحمەد تۆمارکرابێ، چـونکە لەو ڤیـدیۆیە ئەحـمەد ڕیشـی نەهێشتبۆوە و بە تیشێرتێکی قۆڵ کورتیشەوە بوو، بەڵام بۆ ئێستا دابەزیوە نازانم، لەوانەیە پێشتر دابەزیبێ بەس ئێستا لە فەیســبووک و پەیجەکـان تازەکرابێتەوە، لەوکاتە کە لەلایەک بێتاقەت بووم بە بینینی نوسـینەکانی ســامان، لەلایەک بە مێشــک وشــکی بــاوکی بینــایی و قســەکانی مەلا ئیحســـان، لەنــاو ئەو هەمــوو بێتاقەتیەیــا ئەم ڤیــدیۆ تــا ڕادەیەک دڵــی خۆشکردم کە زانیم ئەحمەد توانای هەیە لەبەردەم کامێرا قســە بکـات و بتوانێت ئەوەی لە ناخیــایەتی بە جــوانی دەربڕێ و بە بــاوەڕبەخۆبونەوە قسە دەکات، پاش دوو سێ ڕۆژ ڤیدیۆکەی ئەحمەد بووە ترێندی سۆشیال میـــدیا و لە هەمـــوو شـــوێنێک لـــێ ئەدرایەوە و ئەکەوتە بەرچـــاو، لە مەکتەبیش هەر باسیان ئەکرد.

ئەحمەد خۆی حەزی بە بەشی ئایتی بوو، لە کۆمپیتەر و بەرنامەکـانی موبایـــل و صـــیانەکردن زۆر شـــارەزابوو، لە کـــۆمپیتەر داتابەیســـی زۆر پێشکەوتووی دروستەکرد بۆ نوسینیش دەسوپلی زۆر خێرابـوو لە مـاوەی چەند خولەکێک لاپەڕەیەکی ئەمدیو دیوی ئەنوسـی، لە چارەسـەرکردنی کێشەکانی سۆشـیال میـدیا و گەڕانەوەی ئەکـاونتی هـاککرا و پاراسـتنی ئەکاونتەکان و کێشەکانی موبایل زۆر شارەزا بوو.

مەکتەبەکە ئیتر تەواو بێدەنگی باڵی بەسەریا کێشابوو، ساڵانی پێشتر قەرەباڵغیەکی زۆری پێوە ئەبینرا و کاتی پشووی نێوان دەرزەکان دەنگی پێکەنین و ڕاکە ڕاکی تەلەبەکان و بەزمەکانی تەلەبە هاروهاجەکان، ئێستا هیچ یەکێک لەوانە نابینین، تەلەبەکانیش دەموچاوێکی مات و غەمبار، بێدەنگ، ئەڵێی بە زۆر ئەیانئێرن بۆ مەکتەب، هیچ کەسێک دڵی خۆش نییە، لەکاتێکا ساڵانی پێشوو هەموو کات لە هاوینەکەشا کە بە ڕێکەوت ئەهاتینەوە بۆ مەکتەب یەکسەر ئەهاتن و ئەیانوت مامۆستا کەی مەکتەب ئەکرێتەوە، بەڵام ئەمساڵ هەمووی ئەیەوێ دەقەیەک زووتر مەکتەب داخرێ، ناحەقیشیان نییە ئەمساڵ سەردار بەڕێوبەرە مەکتەبەکە هیچ خۆشیەکی تیا نەماوە، پڕبووە لە جددیات جددیاتێکی بێتام کە ئەوە جددیات نییە گێلێتییە، غەیری دەرز خوێندن دەرزێکی کرچ و کاڵ هیچی تری لێ نابینرێ، نە چالاکیەک نە وەرزشێک نە شانۆگەریەک، تەنانەت دەرزی وەرزشەکەش لەلایەن سەردارەوە کچەکان و کوڕەکان ئاگادارکراونەتەوە و هەڕەشەی فەسڵیان لێ کراوە و نابێ بەیەکەوە یاری بکەن، ئەبێ کوڕەکان بچنە دەرەوە و کچەکانیش هەر لە پۆلدا سێڕسکێن یان دامە یا یاری مار و پەیژە بکەن، ڕۆژێک شەهیناز ئەیوت کە مامۆستا سەردار ئەڵێ لە پۆلا سێڕسکێن و دامە بکەن، خۆمانم وەک حاجیەکانی بەردم مزگەوتەکە یەتە بەرچاو کە کۆئەبنەوە و دامە ئەکەن.

ڕۆژێک چوومە پۆل ئەمزانی ماوەیەکە ئاوا هەموویان بێتاقەتن کوڕەکان بیری سامان ئەکەن، کچەکان هێشتا بیری بینایی ئەکەن، ویستم جەوێکیان بۆ دروستکەم و هانیان بدەم **وتم:** بۆ وەک جاران نەماون ئەڵێی بەزۆر هاتوون بۆ مەکتەب بۆخۆتان لە پشووی نێوان دەرزەکان بچنە دەرەوە یاری بکەن و هەر کەسێکتان چالاکیەک شتێکی لە خەیاڵایە پێم بڵێ با چالاکیەک ڕێکخەین، ئەمساڵ تۆزێ مەجالتان هەیە، ساڵێ تر ئەچنە ١٢ ئیتر مەجالی هیچتان نابێ ئەبێ هەر سەعی بکەن.

**ئەحمەد:** مامۆستا من بەتەما نیم بچمە ١٢ ئەمساڵ کۆتا ساڵمە.

**شیراز:** مامۆستا منیش کۆتا ساڵمە ١٢ی چی خوا ئەکا ئەمساڵ نەجاتم ئەبێ.

**سارا:** مامۆستا منیش بە ناچاری ناچمە ١٢

نەمەزانی پرسیار لە کامیان بکەم هەمووی لە یەک کاتا قسەیان ئەکرد، **وتم:** بۆستن ڕۆڵە یەک یەک قسە بکەن، ئەحمەد ڕۆڵە خۆ من ئومێدم بە تۆ بوو دەرەجەیەکی بەرز بێنیت، یەعنی چی ناچیت؟

**ئەحمەد:** مامۆستا ئەمەوێ دوکانەکە گەورەبکەم و خۆم یەکلابکەمەوە ئیتر ئیشکەم دایکم و دوو خوشکی بچوکم هەیە ئیتر ئەو تەمەنەی کە ماومە ئەبێ لە خەمی ئەوانیشا بم نەک تەنها خۆم بمەوێ خوێندن تەواوکەم، ساڵێ تر خانویەک لە شار ئەگرین و دوکانێکی گەورەتریش دائەنێم و ئیتر خۆم بۆ ئیش یەکلا ئەکەمەوە.

ئەحمەد ئەمساڵ دوای مردنی باوکی دوکانێکی بچوکی لە شارۆچکەکە دانابوو تا خەرجی ماڵەوە و دوو خوشکە بچوکەکەی پەیا بکات، لە

دوکانەکەی ئیشی سۆشیال میدیا و چارەسەری کێشەکانی موبایل و نوسین و دروستکردنی داتابەیس و چەند کارێکی تری کۆمپیتەری ئەکرد، ئەو سێ ڕۆژەی کە دەوام بەیانیان بوو، دوانیوەڕۆکەی بە ماتۆڕەکەی ئەچوو بۆ دوکان و تا بانگی مەغریب لە دوکان بوو، ئەو سێ ڕۆژەشی کە دەوام دوانیوەڕوان بوو، بەیانیەکەی دوو سێ سەعاتێک دوکانی ئەکردەوە.

دوای ئەحمەد پرسیارم لە شیراز و سارا و سەرتیپ کرد ئەی ئێوە بەنیازی چین؟

**شیراز:** مامۆستا وەڵا دوای بینایی تاقەتی مەکتەبم نەماوە خۆیشم نازانم چۆن ئەم دوو ساڵە هاتومەتەوە بەس ئیتر ئەمساڵ نایەمەوە، چونکە مەکتەبەکە هیچ شتێکی تیا نەماوە دڵی پێ خۆشکەین.

**سارا:** مامۆستا من باوکم وتی ئەگەر ساڵێ تر کوڕەکەی جەمال لەو پۆلەبێت ناونێرمەوە بۆ مەکتەب چونکە هەردووکتان گەورەن.

**سەرتیپ:** دەی دەی دایکەکەم ئەم تۆزە پۆلەشمان پێ ڕەوا مەبینن، خەم نەبێ منیش ساڵێ تر نایەمەوە، ئەحمەد و سامان لێرە نەبن منیش وازەهێنم و ئەچم بۆ شار ئیش ئەکەم.

سارا لە قسەکردنا زۆر کەرتڕ بوو پێچ و پەنای نەبوو یەکسەر قسەی فڕێ ئەدا، لەگەڵ ئەوەشا دڵی پاک بوو، کە وتی باوکم وتویەتی کوڕەکەی جەمال مەبەستی سەرتیپ بوو، کاتی خۆی باپیری سارا و باپیری سەرتیپ لەسەر عەرز و ئاو کێشەیان بۆ دروستەبێ و ئیتر تا ئەمڕۆش ئەو ناکۆکیە بە مناڵەکانیانەوە دیارە و زۆر حەز بە چارەی یەک ناکەن.

سارا و شیراز و سەرتیپ و ئەحمەد بڕیاری خۆیان دابوو کە کۆتا ساڵیانە و ئیتر ناخوێنن، ئەوەی کە ئەیویست لە خوێندن بەردەوام بێت، تەنها شەهیناز بوو.

هەر ئەو ڕۆژە منیش بڕیارمدا ساڵێ تر نەقڵ بم و لەم مەکتەبە بڕۆم، لەو مەکتەبەی کە وەک بڵێی تەنها بۆ کوشتنی توانای تەلەبە دروستکرابوو، هەرچەن بڕیارێکی زۆر قورس بوو بۆ من، چونکە ئەوە ماوەی هەشت ساڵە لەم مەکتەبەم، هەرچەن ساڵانێکی پڕ لە نارەحەتیشمان تێپەڕاند، بەڵام هەر جێی هەزاران یادگارییە، تەواو لەگەڵ تەلەبەکان ڕاهاتبووین، تەلەبەکان لەگەڵ خۆم گەورەبوون، ئێستا و دوای هەشت ساڵ جێی بێڵم و بچمە ژینگەیەکی تازە، بچمە هەر مەکتەبێک یەکەم ڕۆژ کە ئەچمە پۆلەوە یەکسەر ئەم تەلەبانەی خۆمانم بیرەکەوێتەوە، لە هەموویشی ناخۆشتر ئەوەیە جێی بێڵم بۆ سەردار تا زیاتر فکری دواکەوتووی خۆی بسەپێنێت و تەلەبە بچەوسێنێتەوە بە بیانوی پەروەردەکردنەوە، بەڵام ناچارم ئەو کارە بکەم و منیش وەک ئەحمەد و سەرتیپ ئیتر کۆتا ساڵم بێت لێرە.

شەو قسەم لەگەڵ مامۆستا نەریمان کرد و **وتم:** سبەی بۆ نایەی پێش نیوەڕۆ بچین بۆ ئیشراف؟

**مامۆستا نەریمان:** کورە توخوا وازبێنە ئیشرافی چی و میشرافی چی من لە مەکتەبەکەش لە موشریف بێزارم جاوەرەوە بچم بۆ ئەوێش، بۆچی ئەچی؟

**من:** کورە خۆ منیش زۆر خۆشمناوێن، بۆ نەقڵ ئەچم.

**مامۆستا نەریمان:** نەقڵ! بۆ بەتەمای بڕۆی؟ دانیشتبووی.

**من:** دەی نێرەکەر مەیکە بە ڕابواردن ئێستا یەیت یان نا؟

**مامۆستا نەریمان:** کورە نەوەڵا سبەی نیوەڕوانین با بەیانیەکەی تۆزێ بۆخۆم بخەوم.

تەلەفونم بۆ مامۆستا ئارام کرد و **وتم:** سبەی ئەگەر ئیشت نییە وەرە با بێتاقەتی سەرێ لە ئیشراف بدەین، **وتی:** نەوەڵا ئیشم نییە بەیەکەوە ئەچین و من لەوێوە ئەڕۆمەوە تۆزێ ئیشم هەیە.

بەیانیەکەی سەعات ٨:٣٠ بەڕێکەوتین بۆ ئیشراف، نازانم هی ئەوەبوو کەیفم پێی نەئەهات یا چی بوو ئەچوومە هەر شوێنێک سەردار وەک مووی لوت حازر بوو، ئەو ڕۆژەش من و ئارام چووینە ئیشراف سەرداریش لەوێ بوو، تومەز ئەو ڕۆژە بەشێک لە مودیرەکان هاتوون پرسیارەکانی کۆتای وەرزی یەکەم تەسلیمی ئیشراف بکەن، وەلحاڵ بینای ئیشراف زۆر قەرەباڵخ بوو، مودیر و موشریفەکان و چەند مامۆستایەکی لێبوو، موشریفەکان دەوامی ئاسایی خۆیان لەوێ بوو، مودیرەکانیش هەریەکە و بۆ ئیشێک هاتبوو، زۆرینەیان بۆ تەسلیمکردنی پرسیارەکان هاتبوون، مامۆستاکانیش زۆریان بۆ داوای نەقڵ و دانانەوە هاتبوون، ئەوانەی کە پێشتر لادرابوون.

لەو قەرەباڵخیە کە کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک وەستابوون، لە سوچێکا مودیرێک و دوو موشریف وەستابوون، گوێم لە یەکێ لە موشریفەکان بوو ئەیوت، ما شاء الله بەو تەمەنە کەمەوە چەن قسەزانە، یەکێ تریان ئەیوت

بــرا بەخــوا ئەوەش زیــرەکییە کــورە جــورئەتێکی ئەویَ ئــاوا لەبەردەم تەلەفیزیۆنا قسە بکەیت و نەشڵەژێی.

لەوکاتەیا کە بە موبایلەکەیان سەیریان ئەکرد و باسـیان ئەکـرد زانـیم باسی موقابەلەکەی ئەحمەد ئەکەن، ئەوەنەم زانی سەردار ئەتـوت مێشـی لە کلۆرە دارا دۆزیوەتەوە خۆی کرد بە ناویانا و بەپەلە سەلامێکی کـرد و **وتی:** ئا ئەوە ئەحمەدە تەلەبەی منە.

هەر کە ئەو دیمەنەی سـەردارم بینـی چـۆن پـۆزی بە موقـابەلەکەی ئەحمەدەوە لیَ ئەیا، سـەیرێکی ئـارامم کـرد و **وتـم:** ئـارام سـەیرکە ئەو گوێرەکە چۆن شانازی بە ئەحمەدەوە ئەکا و خۆی بەوا هەڵەواسیَ، چونکە خۆی هیچی نییە تا شانازی پێـوە بکـات و لەنـاو کۆمەڵگـا جێـی خـۆی پێبکـاتەوە، خـۆی بە توانـای تەلەبەکەیـا هەڵەواسـیَ، لەکاتێکـا ڕۆژێـک ئەحـــمەدی دایە بەر شـــەق و زلە لەســـەر ئەوەی کتێبـــی خـــاریجی ئەخوێندەوە، خۆزگە ئەو ڕۆژە ئەوبینی چـۆن کورتـانی فڕێیـا و چـوو بـۆ ئەحمەد، ئێستاش ئەڵیَ تەلەبەی منە و پـۆزی پێـوە لـیَ ئەدا، لە کاتێکـا ئەحـمەد لە پـۆلی چـوارەوە مـن ئاگـادارم لە هەمـوو بوارەکـان کتێـب ئەخوێنێتەوە و گویَ بۆ ڤیدیۆی نوسەرەکان ئەگرێـت، دەی ئەم گـوێرەکە کە بەحســاب مامۆســتایە بڕوانــاکەم لە هەمــوو تەمەنــی چــوار کتێبــی خوێندبێتەوە غەیری مەنهەجی مەکتەب.

جــا لەوکــاتەی کە ســەردار وتــی ئەوە ئەحــمەدە تەلەبەی مــنە، بەسەرهاتێکی خۆمم بیـرکەوتەوە، کاتێـک کە لە پـۆلی دووی سـەرەتایی بووم، مامۆستای ئاین کە ئافرەتێکی سفور بوو، نـازانم خـۆی هەر نـوێژی

ئەکرد یان نا، چونکە ئەوکات و لایەزال ئێستاش وایە هەنـدێ دەرز هەیە لەلایەن مودیر و موشریف و سەرووتریش زۆر گرنگـی پـێ نادرێـت وەک ئاین و وەرزش و هونەر، نە هەڵسـەنگاندنی بـۆ ئەکـرێ نە لێکـۆڵینەوە لە مامۆستاکەی ئەکـرێ کە چـی ئەڵێـتەوە، وەلحـاڵ ئەوکـات ئەو مامۆسـتا ئافرەتە ئاینی بە ئێمە ئەوت، ڕۆژێک لەسەر دەرزێک کە دەرخم نەکردبوو، وتـی بچـۆرەوە بـۆ پـۆلی یەک ئەوکـاتە ئەوە بـاو بـوو مامۆسـتا ئەیـوت ئەونێرمەوە بۆ پۆلی یەک وەکو شـکاندنێک، مـاوەیەک دوای ئەو ڕۆژە، لە دەرزێکا ئەوەنەی بیرمبێ دەرزی کوردی بوو، مامۆستا زۆر وەسفی کردم و هێنامیە دەرەوە و زۆر وەسفی ئەکردم بۆ تەلەبەکان، لەوکاتەیا مامۆسـتای ئاین خۆی کرد بە ژورا، کە بینی مامۆسـتا وەسـفی مـن ئەکـا، یەکسـەر **وتی:** ئالان تەلەبەی خۆمە.

له ئیشراف عەریزەی نەقڵەکەم نوسی و دامنا و گەڕامەوە بۆ لادێکە.

بیرمەکردەوە من ئاخر ساڵمە لێرەم، باشـە ئەبـێ چەنـد مەکتەبـی تـر هەبێ کە تەلەبەی توانا شاراوەی تیابێ، ئەبێ چەند سەرداری تـر هەبـێ، ئەبێ چەند کەسی تر وەک بـاوکی بینـایی هەبێـت، بـۆیە پێویسـتە ئەم پەیامەی خۆم بگەیەنم بە دەرەوەی مەکەتەبەکە و مەکتەبەکـانی تـریش، باشترین ڕێگا ئەنجامدانی سیمینارێکە لە پەروەردە.

نزیکـی کۆتـایی سـاڵ بـوو چـووم بـۆ پەروەردە و داوام لە بەڕێـوبەری پەروەردە کـرد کە هاوکـاریم بـکەن لە ڕێکخسـتنی سـیمینارێک بـۆ مامۆستایان بە ناونیشانی (توانای خوێندکار لەنێوان فێربوون و فێرکردن)،

پەروەردە هۆڵ و پێداویستیان بۆ ئامادەکردم و ڕۆژێکیـان دیـاری کـرد و مامۆستاکانیان ئاگـادارکردەوە کە سـیمینارێک هەیە و ئەبـێ بەشـداربن، ئەوەی پێم خۆشبوو ئەوەبوو سـەرداریش بەشـدارەبوو، چـونکە ئەو جـۆرە کەسانە زۆر لە شەقی سەروو خۆیان ئەترسن هەرچیان پێ بڵێن ئەیکەن، بـۆیە پـێم خۆشـبوو چـونکە ئەو ڕۆژە بە ناڕاسـتەوخۆ فکـری سـەردارم باسەکرد و ئەموت کە ئەمەیە بۆتە موشکیلە بۆ قوتابخانەکان و پەروەردە و فێربوون.

ڕۆژی سـیمینارەکە هـات و چـوومە سـەر سـتەیج و سـەیرم کـرد مامۆستایەکی زۆر ئامـادەبوون چـاوم بـۆ سـەردار ئەگێـڕا بینـیم لە دواوە دانیشتووە و سەری شۆڕکردووە دیاربوو کە بە زۆر هاتبوو، لە دڵـی خۆمـا وتم ئەمە ڕۆژەکەیە، بەم قسە دەستم پێکرد.

## "هەشت ساڵە دەوام ئەکەم، بەڵام حەوت ساڵە مامۆستام"

سلام علیک من ئالان قەرەداغی ماوەی هەشت ساڵە لە قوتابخـانەیەک دەوام ئەکەم، بەڵام حەوت سـاڵە مامۆسـتام، چـونکە سـاڵی یەکەم تەنهـا ئیشێکم کرد و ئەوەم کرد کە سەروو خۆم داوایان لێکردووم و لەبەرامبەر ئەوە مەعاشێک وەرەگرم، هیچی زیادەم نەکرد وەک مامۆستا، بۆیە یەکەم ساڵی خۆم خۆم بە مامۆستا نازانم، چونکە مامۆسـتا ئەبـێ کارێـک بکـات زیاتر لە ئەرکی خۆی، ئەوەیان پەیامە، ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات ئەمە پیشەیە و هیچ پیرۆزی تیا نییە، چونکە لە بەرامبەریا مەعاش وەرەگـری، بەڵێ بۆیە هەموو کات دەڵێم مامۆسـتا ئەگەر ئەرکێکـی زیـاتر لە واجبـی خۆی جێبەجێ نەکات پەیامی مامۆستایەتی هەڵنەگرتـووە، بـۆیە منـیش

ئەڵــێم حەوت ســاڵە مامۆســتام، لە قوتابخــانەیەک کە هاوشــێوەی زۆر قوتابخانەی تر کۆمەڵێ تەلەبەی خاوەن بەهرە و توانـای شـاراوەی تیـایە، مامۆستای بکوژی تواناکانیشی تیایە، فکـری بکـوژی تواناکانیشـی تیـایە، ئەمڕۆ ئەمانەوێ باسێک دەربارەی پەروەردە و فێربوون بکەیـن بەشـێوازی سەردەمیانە و دوور لە دواکەوتووی ئەو دواکەوتـوویەی کە هۆکـاری بـێ ئیشی گەنجان و دابڕانی خوێندکارە لە قوتابخانە.

مامۆســتایان تــا ئێســتا ئەیــانوت "پەروەردە و فێرکــردن" بەڵام ئەوە کێشــەیەکی گەورەیە خــودی دروشــمەکە توانــای خوێنــدکار ئەکــوژێ، دروشــمەکە بەم جــۆرە ڕاســتە "کــردار و فێربــوون"، هەردوو وشــەکە ڕونەکەینەوە.

کــردار لەبــری وشــەی پەروەردە، لای ئــێمە مامۆســتا وا ئەزانــێ پەروەردەکردن هەر نەسیتحەتکردنە و قسەکردنە، باشە قەت ناپرسـن بـۆ ئەو هەمــوو نەســیحەتکردن و قســەکردنە کــاریگەری نەبــووە؟! هەرچــی مامۆســتایە بە تەلەبە ئەڵــێ درۆ مەکە ئەی بــۆ هەر ئەیکــا؟ هەرچــی مامۆستایە بە تەلەبە ئەڵێ قۆپی مەکە ئەی بۆ هەر ئەیکا؟! مامۆستاکان لە پۆلەکان باسی ڕەوشت و ئەخـلاق بـۆ تەلەبە ئەکەن ئەی بـۆ کـاریگەری نییە؟! ئەزانن بۆ؟ چونکە ئەوەی ئەیڵێ تەنها بە قسـە ئەیڵـێ بە کـردار لە خۆیا وجودی نییە، مامۆستا بە تەلەبە ئەڵـێ درۆ مەکەن، خـۆی ئەڵـێ لە ماڵەوە چۆلەکەم هەیە شتم بۆ ئەگێڕێتەوە، بە تەلەبە ئەڵێ قـۆپی مەکەن خـۆی بـابەتی دەرزەکـانی خـۆی بە کـۆپی کـراوی ئەهێنـێ پرسـیاری ئیمتیحان هی خەڵکی تـر ئەهێنــێ و نـاوی خـۆی لـێ ئەنوسـێ، باسـی

ڕەوشت جوانی بۆ تەلەبە ئەکا، بەڵام مناڵەکەی خۆی جنێو فرۆش و دەم پیسە، ئاخر تەلەبە ئەمانە ئەبینێ پێش ئەوەی قسەکان ببیستێت، هەموو کاتێکیش کاریگەری بینین لە بیستن زیاترە.

بینین بەهۆی ڕوناکیەوەیە، بەڵام بیستن بەهۆی دەنگەوەیە، لە فیزیادا خێرایی ڕوناکی زۆر زۆر زیاترە لە خێرای دەنگ، خێرای ڕوناکی ٣٠٠ هەزار کیلۆمەترە لە یەک چرکەدا، بەڵام خێرای دەنگ ٣٤٠ مەترە لە یەک چرکەدا، سەیری جیاوازیان چەند زۆرە، بۆیە ئەو پەیامەی کە بە وێنە ئەگاتە مێشکی کەسی بەرامبەر زۆر زۆر خێراتر و کاریگەرتر ئەگات وەک لە دەنگ، لەبەر ئەوە بزانن تەلەبەکانمان چاومان لێ ئەکەن، سەیرمان ئەکەن، نەک بەقسەمان بکەن و گوێمان لێ بگرن، پێم وایە مامۆستا ئەگەر ئەوەی ئەیڵێ لە خۆیا وجودی هەبێ ئیتر پێویست بە وتن ناکات تەلەبە خۆی جێبەجێی ئەکات، بەس ئەگەر لە خۆشیا وجودی نەبێ با هەموو ڕۆژێ دەرزی هونەریان بۆ بکات بە سیمینار و محازەرە و نەسیحەتکردن دەوری نییە.

سەبارەت بە وشەی "فێربوون" لەبری "فێرکردن"، وشەی فێربوونەکە ڕاستترە و داهێنەر و کەسایەتی کاریگەر بەرهەمەهێنێت.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان پرۆسەی فێربوون و فێرکردن، ئەوەی کە زۆرێک لە مامۆستاکان کاریان لەسەر دەکرد پرۆسەی فێرکردنە، بەڵام ڕێگا ڕاستەکە فێربوونە، با بزانین جیاوازی نێوان ئەو دوو وشە چییە؟!

فێرکردن پرۆسەیەکی ناچارییە، و پرۆسەیەکی سەپاندنە لەلایەن کەسێکەوە کە مامۆستایە(واعیز) بەسەر کەسێکی تردا کە خوێندکارە،

پرۆسەکە فرمانە بە خوێندکارەکەت ئەڵێیت فێرببە، من پێت ئەڵـێم، مـن فێــرت ئەکەم، هەمــوو پرۆســەکە ســەپاندنە لەلایەن مــنەوە بەســەر خوێنــدکارەکەدا، لەڕووی دەروونیشــەوە هــیچ کەس حەز ناکــات ئەمــر بەسەریا بکرێت و شتێک بەسەریا بسەپێنرێت تەنانەت ئەگەر خۆیشـی بیەوێت، بۆ نمونە تۆ بەنیازبیت هەستیت پەرداخێک ئاو بخـۆیتەوە، ئەگەر کەســێک وتــی ئــاو بخــۆرەوە مێشــکت ئەمە وەک ئەمــر وەرەگرێــت، قبوڵکردنیشی ناڕەحەتە، چونکە مرۆڤ وا دروست بووە کە حەزی بە ئەمر نییە، لە بەرامبەر ئەمەدا وشەی فێربوونمان هەیە.

فێربوون پرۆسەیەکە خوێنـدکارەکە خـۆی خاوەنـدارێتی ئەکـا، هەمـوو پرۆسەکە خۆی خاوەنیەتی بێگومان شتێکیش خۆی خـاوەنی بێـت زیـاتر لای گــرنگە و گرنگــی پــێ ئەدات، هەر لە ڕووی ڕێزمانیشــەوە ســەیری بکەیـن چـاوگی (بـوون) بە واتـای خاوەنـدارێتی دێـت، فێربـوون حەز و ویستی خوێندکارەکە خۆیەتی بۆ پرۆسەکە.

من با مامۆستایەکی زۆر لێهاتووش بم ناتوانم خوێندکارێک فێری فیزیا بکەم ئەگەر خۆی نەیەوێت فێربێت، خۆی نایەوێت فێربێـت ئەگەر حەزی بۆی نەبێت، کەواتە ئـێمە وەک مامۆســتا پێویســتە حەزی فێربــوون لای خوێنــدکار دروســتکەین نەک فێریــان بکەیــن، کە حەزی فێربــوونی لا دروست بوو خۆی بەدوای بابەتەکاندا دەچێت.

ســەردەمی زوو مامۆســتای چەقبەســتوو و واعیزەکــان چــۆن حەزی فێربوونیــان لا دروســت ئەکــردین؟ بە شــەق و زلە و لەســەر یەک قــاچ

وەستان و هەندێ جاریش بۆ شکاندنمان لە پۆلا لە تەنیشت تەلەبەیەکی ڕەگەزی بەرامبەر دایان ئەنایت.

ئێمەی پەروەردەی ژێردەستی ئەو واعیزانە ئەوەنەی خەمی ئەوەمان بوو کە سبەی مامۆستا لێمان نەدات، لەسەر یەک قاچ نەمان وەستێنێ، لە پۆلا نەمانشکێنێ ئەوەنە خەیاڵمان لای ئەوە نەبوو کە چی فێرەبین و بۆ فێرەبین بۆ ئەبێ فێربین؟ لەژێر دەستی ئەو واعیزانە ئەوەی گرنگی پێ نەئەدرا حەزی فێربوون بوو، بەڵکو لەبری ئەوە بە زەبری شەق و زلە و دار سوکایەتی بە زۆر فێری سرودی نیشتمان و زانستیان ئەکردین، تەنانەت وانەکانی ئاینیش هەر بە لێدان لێیان ئەپرسینەوە، ئەمە هۆکاربوو بۆ ئەوەی کە خوێندنیشمان تەواو کرد دەرەجەمان هێنا بەس هیچ فێرنەبووین، نەبووینە خاوەن کار ناچار خۆپیشاندان بکەین بۆ دامەزراندن.

لەوانەیە بینیبێتتان لە تەلەفیزیۆن یا سۆشیال میدیاکان ڤیدیۆ بڵاوەبێتەوە ئەڵێ فلان کەس شەهادەی هەیە و بێ کارە فلانە کەس ماستەری هەیە و بێ کارە، یا چەندین جار ئەڵێن دەرچووی بەشە پزیشکیەکان خۆپیشاندان ئەکەن بۆ دامەزراندن، هۆکاری ئەمانە چییە؟

هەموویان لە مەکتەب و زانکۆ خوێندیان دەرچوون دەرەجەی بەرزیشیان هێنا لە بەشی بەرزیش وەرگیران، بەس هیچیان فێری ئیش نەکران، فێری ئەوە نەکران ئەو زانستەی ئەیخوێنن و فێرەکرێن چۆن بەکاری بێنن لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵکو بەزۆر کۆمەڵێ شتیان پێ خوێندرا کە لەوانەیە لەگەڵ حەز و ویستی ئەوانا نەبووبێ، ئاخر من تێناگەم،

کەسێک حەزی بە بەشی کۆمپیتەر و ئایتی هەیە بۆ ئەبێ مێژوو جوگرافیا بخوێنێت؟!

ئەو مامۆستایانەشی کە پشتگیری لەو سیستەمە دواکەوتوویە ئەکەن کە تەلەبە بەزۆر فێربکرێت و دەرەجە بێنێت و دەرچێت، زۆریان شانازی بە پەروەردەی سەردەمی زوو ئەکەن و بەردەوام ئەڵێن ئەوکاتە ئاستی زانستی تەلەبە بەرزبووە کە وا نییە.

هەمووکات مامۆستا دواکەوتووەکان باسی دابەزینی ئاستی زانستی و ڕێز ئەکەن، وەک بڵێی جاران ئاستی زانستی جیلی واعیزەکان ئەوەنە بەرز بووە هەموو ڕۆژ درۆن و کەشتی ئاسمانیان دروستەکرد، وا ئەزانن ڕێزەکەش ڕێزێکی ڕاستەقینە بووە، بێ ئاگان لەوەی هەمووی ترس بووە.

لای واعیزەکان چونکە تەنها کاریان لەسەر فێرکردنی زۆرەملێ ئەکرد بۆیە تەنها فێرکردنێکی کاتی بوو بەبێ ئەوەی بزانین چی فێرەبین؟ بۆ ئەبێ فێربین؟ ئەگەر فێرنەبین عقوبەکەی چییە؟ بەڵێ ئەوەنە بیرمان لای سزا و ڕاوەستان لەسەر یەک قاچ بوو ئەوەنە خەیاڵمان لای فێربوون نەبوو.

جا واعیزەکان زوو زوو ئەڵێن ئێستا لێدان نەماوە بۆیە خوێندکار ئاستی دابەزیوە.

من نازانم واعیز و ئەو مامۆستایانەی کە شانازی بە لێدان و دار و سۆندەوە ئەکەن باسی کام ئاستی زانستی ئەکەن؟! زۆرێک لەو واعیزانەی کە باوەڕیان بە لێدان و تەعزیبی سالانی زوو هەیە و پەروەردەی ئەو سەردەمەن ئێستا تەنانەت نازانن پرسیاری تاقیکردنەوەکانی خۆشیان

بنوسن، جیلی ئێستا بۆیان ئەنوسن! نـازانم لێـدان و دارەکەی سـەردەمی زووی چـی و کێـی بەرهەمهێنـاوە؟! شـانازی بە کـام زانسـتەوە دەکەن لەکاتێکدا پێشکەوتن و زیرەکی جیلی ئێستا نەبێ بەشێک لە واعیزەکـانی زووی بێ ئیش دەبن، ئەمە جگە لەوەی لەڕووی زانستەکانی سەردەمەوە زۆر دواکەوتون بەچاو جیلی ئێستا.

زۆرێـک لەوانەی کە جیلـی ئێسـتان و نەکەوتـونەتە ژێـر کـاریگەری واعیزەکان و بەعەقڵێتی خۆیان ئەخوێنن زۆرینەی ڤلۆگەرەکان و گەنـجە تێگەشتووەکانی سۆشیال میدیاکان ئەوانەن کە لە دەرەوەی وڵات قبـوڵی خوێندنیان بۆ دێتەوە و سکۆلەرشیپی خۆڕایی و ئـۆفەری خوێنـدنیان بـۆ دێت بەهۆی زیرەکی و بەرزی ئاستیان لە زانسـتەکانی سـەردەم، ئەمـانە لای واعیزەکـان ئاسـتیان دابەزیـوە! بەجـددی سـەیرە لام، تـا واعیزێـک ئەبینیت وڵاتێکی گەورە ئۆفەری خوێندنی بداتێ، دەیـان گەنجـی جیلـی ئێستا ئۆفەری ئەدرێتێ، تا واعیزێک ئەبینیـت داهێنانێـک بکـات، دەیـان گەنجی ئێستا داهێنـان دەکـات، بەو حاڵەشـەوە، واعیزەکـان هەر دەڵـێن جیلی ئێستا ئاستیان دابەزیوە، چونکە لێدان لە مەکتەبەکاندا نەماوە.

مامۆستای دواکەوتوو ئەوەنە دەرجە هێنانیان لا مـوقەدەس کـردین تـا ئەنجامەکەیمان لە پۆلی ١٢ بینی، ساڵانە شەرمێک دامەگـرێ کە دەڵـێن لەکاتی تاقیکردنەوەکانی پـۆلی ١٢ بـۆ چەنـد کاتژمێرێـک ئینتەرنێـت لە کوردستان ڕادەگیرێت بۆ ڕێگریکـردن لە غەش، شـەرمێک دامەگـرێ کە مامۆستام، چونکە هۆکاری غەش بەشێکی مامۆستاکان بـوون ئەوانەی کە لێرە پێیان ئەڵێین واعیز، بەڵـێ واعیـز و مامۆسـتا چەق بەسـتووەکان، لە

منالْیەوە بە جۆرێک دەرەجەیان لا موقەدەس کردبووین کە هەموو کارێک بکەین بۆ دەرەجە، سەعی بۆ دەرەجە، بێدەنگ بین بۆ دەرەجە، دار بێنین مامۆستا لە هاوڕێکەمان بدات بۆ دەرەجە، جاسوسی بکەین بۆ دەرەجە، دەرەجەیان بە جۆرێک لا موقەدەس کردبووین هیچ گرنگی بۆ فێربوون نەمابۆوە، هەرچیمان ئەکرد یا بۆ بەدەستهێنانی دەرەجە بوو، یا ترس بوو لەوەی دەرەجە لەدەسبدەین، باش و خراپ، زیرەکی و هەوڵدانیان هەمووی بەستبۆوە بە دەرەجەوە، بۆیە ئەنجامەکەی بەو جۆرە بوو، کە خوێندکار بەو فکرەوە گەورە بوو دەرجە ئەوەنە موهیمە لە پۆلی ١٢ ئامادەیە غەش و قۆپی بۆ بکات، ئامادەیە پرسیار بکرێت، بۆیە بە ناچاری ئەبێ ئینتەرنێتی وڵاتەکەتی لەسەر دابخەیت، ئەمە پەروەردەی واعیزەکان بوو.

لە ژیانی مامۆستایەتیمدا یەکێک لەو کارانەی کە دڵم پێی خۆشە و کردوومە ئەوەیە کە دەرەجەم لای خوێندکار تەواو سوک کردووە، بە جۆرێک هیچ بۆ دەرەجە نەکات تەنها بۆ فێربوون و خودی کارەکە خۆی بیکات، ڕۆژێک خوێندکارێکم وتی مامۆستا بەیانی تاقیکردنەوەیەک بۆ ئەکەم، وتم باشە دەستخۆش بەس بۆ ئەیکەی خۆ دەرەجەو نادەمێ، وتی بۆ دەرەجە نایکەم هەر خۆم حەزم پێیەتی، وتی هاوڕێی ئێمە لە وڵاتان شت دروستەکات، ئەمە گەورەترین قسە بوو لەلام کە توانیم دەرەجە لای خوێندکار لەو موقەدەسیە دەرکەم و فێربوون جێگەی بگرێتەوە.

لە حوجرە ئەمخوێند، مامۆستاکەم بەسەرهاتێکی بۆ گێڕاینەوە زۆر سودم لێ وەرگرت بۆ پیشەی مامۆستایەتی، وتی کاتی خۆی ئێمە ئەگەر

ڕۆژێک دەرزمان تەحزیر نەکردایە و باش نەبووینایە، مامۆستا ئەیوت ڕۆڵە ئەمڕۆ هیچی تازە ناخوێنین چونکە ئەوەی ڕابردووتان باش نەبوون، واتە ئەمڕۆ هیچی تازە فێرنابن، جا ئەیوت ئەو قسەمان زۆر لا قورس بوو، واتە ڕۆژێک لە تەمەنمان تێپەڕدەبێت و هیچی تازە فێرنابین! بەڵێ لە حوجرەکان زوو ئاوا گرنگی بە فێربوون ئەدرا، سزا گرتنەوەی فێربوون بوو، پاداشتیش خوێندنی شتی تازەتر بوو، بەڵام لای واعیزەکانی قوتابخانەکان، پاداشت دەرەجەیە و سزایش دەرەجە شکاندنە، بۆیە حوجرەکان کەسانی وەک مەحوی و نالی و نامیان پێگەیاند، واعیزەکانیش کەسانێکیان دروست کرد کە جگە لە دەرەجە و دەرچوون هیچ نەزانێ، مامۆستایەکی دواکەوتوویان دروست کرد شانازی بە لێدان و ترس و تۆقاندنەوە ئەکات.

هەموو شانازیکردنی مامۆستا دواکەوتووەکان ئەوەیە کە ئەڵێن "لە هاوینیشا تەلەبە لە کۆڵان ئەمانبینێ ڕائەکاتە ژورەوە" بەحسابی خۆی ئەمە ڕێزە لە کاتێکا ترسە، نەک ڕێز، ئاخر تۆ ئاژەڵێکی دڕندە ببینی لێی ڕائەکەی ئەمە هی ڕێز نییە ئەمە هی ترسە لە ئاژەڵەکە هەرچەند لەوانەیە حاڵەتی دەگمەنیش هەبێت هی ڕێز بێت، بەڵام زۆربەی بەهۆی ترسەوە دروستبووە.

لەم ڕووەشەوە هەر جیلی ئێستا عاقڵتر بوون، ئەوان پردی تەبایی و خۆشەویستی و ڕێزیان لەگەڵ مامۆستا دروست کرد، جیلی ئێستا و خوێندکار وەڵامی شەق و زلە و پەروەردەی سەقەتی مامۆستایان بە نەستەلە و چکلێت و شیرینی دایەوە، لەم ماوەی پێشوو ترێندێک لە سۆشیال میدیا بڵاوبۆوە، کە ترێندەکە دەربڕینی خۆشەویستی و سوپاس

بوو بۆ مامۆستا لەلایەن خوێندکارانەوە، ترێندەکە بەم جۆرە بــوو (ڕۆژێــک کە مامۆستا دێتە پــۆل وەک ڕۆژانــی ئاســایی دەرســەکەی شــەرحەکات، یەکێ لە خوێندکارەکان بە مامۆســتا ئەڵــێ لە دەرس تێنــاگەم و ئەچــمە دەرەوە، بەمە هەســـتێکی نـــاخۆش لای مامۆســـتا دروســـتەکات، دواتـــر خوێندکارەکە دێتەوە پۆل و لەگەڵ خوێندکارەکانی تر نەستەلە و پسکیت و چکلێت ئەدەن بە مامۆستاکە ئەمەی بۆ ئەکەن بە سوپرایز).

ئەم کرانەوە و دەربڕینە جوانە لە جیلی ئێستا دروستبووە، جــوانترین و باشترین ڕێز و پێزانینە بەرامبەر مامۆستا، بەداخەوە لەم بابەتەشدا دیسان کۆمەڵێ واعیز ئاسا دژی دەوەستنەوە، وەک بڵێی ئەو واعیزانە بەس دڵیان بە لێدان و تەعزیبدان ئەکــرێتەوە هیچکــات لەگەڵ دروســتکردنی پــردی تەبای و ڕێزی ڕاستەقینە نین، ئەیــانەوێ خوێنــدکار لەترســا ڕێزیــان لــێ بگرێت.

وەک مامۆستایەک دەڵێم ئەو دەسپێشخەرییە جوانە کە جیلی ئێستا و خوێندکار عەقڵی پیا شکاوە، ئەبــوو مامۆســتا بیکــردایە، بەس بڵــێم چــی مامۆستای دواکەوتوو عەقڵی ئەو شتانەی نییە، ئاخر مامۆستای دواکەوتوو کەی ئەزانێ ترێند چییە، ئەو غەیری مەنــهەج و قســەی دوبــارە و ســواو هیچی لە هەگبەیا نییە، مامۆستا ئەبوو لانیکەم هەفتەی جارێک بە نوقــڵ و چکلێت و پســکیتەوە بچــوایەتە پــۆل، نەک دار و ســۆندە، بەڵام دیــارە جیلی ئێستا باشتر لە کــرانەوە تێگەشــتوون و عــاقڵتربوون، بە چکلێــت و نەستەلە و ڕێز وەڵامی شەق و زلە و داری واعیزەکانیان دایەوە.

مامۆستایان.. کێشـــەیەکی تـــر و بەربەســـتێکی تـــر لە بەردەم خوێندکارەکان، بوونی ئەو عەقڵێـتەیە کە موبایـل و ئینتەرنێـت لە تەلەبە قەدەغە دەکات، ئاخر کۆمەڵگاکەمان و مامۆستاکانمان کاتێ قسـەیان پـێ نەئەما بایان ئەدایەوە بۆلای موبایلە دامـاوەکە، کـاتێ میوانێکمـان ئەهـات ئەگەر مەوزوع نەمایە باس بکـرێ باسـی نەخۆشـیەک ئەکـرا ئیتـر ئەگەر نەخۆشیەکە سکچونیش بێ ئەیانوت خەتای ئەم موبایلەیە، لە مەکتەبیش کاتێ دەرسێکی فەراغمان هەبوایە و واعیزێک بێ ئـیش بـوایە زرم خـۆی ئەکرد بە ژوورا و ئەیوت دانیشن ئەمڕۆ باسی زیانەکانی ئەنتەرنێتتـان بـۆ ئەکەم.

ئێســتا کە تەکنەلۆژیــا بە ڕادەیەک پێشــکەوتووە زیرەکــی دەســتکرد زۆربەی کارەکان دەکات، زۆرجار کاتێ دایک و بـاوکی خوێنـدکارێک یـا واعیزێک لە تەلەفیزیۆن منداڵێکی ئەوروپی یا ئەمریکی ئەبینن کە داهێنان ئەکا یا شتێک دروستەکا، ئەمـان هەر ئەزانـن بڵـێن سـبحن اللـە بەخـوا زیرەکە، ئینجا دائەبەزنە سەر تەلەبەکـانی خۆمـان کە بـۆچی وەک ئەوان زیـرەک نـین، لەکاتێکـا ئەو منـاڵە ئەوروپـی و ئەمـریکییە ئینتەرنێـت و تەکنەلۆژیای لێ قەدەغە نەکراوە، بەڵکو پەروەردە کراوە، بۆیە گەشتۆتە ئەو ئاستە، تۆ لێرە لێت قەدەغە کردووە و داوای ئیبداعیشی لێ ئەکەی؟! ئەوە چ عەقڵێکە؟!

مامۆســتایان، پەروەردە داری ســیحری نیــیە کە بــدەی بە شــتێکا و یەکسەر ئەنجامەکەیت دەسکەوێ، سەلاجە و موجەمیدەش نییە ئەمشــەو دەبەیەک ئاوی تێبکەیت سبەی ببێ بە ســەهۆڵ، پەروەردە پرۆســەیەکی

گرنگ و کاریگەریەکەی دوور مەودایە، ڕەنگە قسەیەکی ئەمڕۆی تۆ دوای ١٠ یان ٢٠ ساڵ کاریگەریەکەی دەرکەوێت، بۆیە پەروەردە پیشەیەکی زۆر قورس و پڕ لە بەرپرسیاریەتییە، ئەگەر نەتوانی بە ڕاستی جێبەجێی بکەیت لەو بوارە قسە نەکەیت باشترە، منداڵ مێشکی پاکە بە ئاسانی پرۆگرام دەکرێت، بۆیە ئەگەر نەتتوانی قسەیەکی باش بکەیت دەمت داخەی باشترە.

ئەم پرسیارە لەو واعیزانە دەکەم کە هیوایەتیان باسی زیانەکانی موبایل و ئەیانەوێ لە تەلەبەی قەدەغە بکەن، ئایە ئەگەر دوای ١٠ یان ٢٠ ساڵی تر ئەو تەلەبەی کە بەهۆی نەسیحەتێکی کوێرانەی تۆوە موبایلی لە خۆی قەدەغەکردبوو، لە کۆمەڵگا دواکەوت، ویژدانت ئازارت نادات؟! ئەگەر زۆر نا ئەگەر یەک تۆز ویژدانت هەبێ ئەبێ لە حەسرەتا خەوت لێ نەکەوێ کە کەسێک بەهۆی قسەیەکی تۆوە لە داهاتوودا لە کۆمەڵگا و سەردەم و پێشکەوتن دوادەکەوێ، ڕەنگە بڵێی ئاخر موبایل و ئینتەرنێت شتی خراپی تیایە و زیانی لە قازانج زۆرترە بۆ ئەوەی یەکەم ڕاستەفەرمووی بەس بۆ ئەوەی دووەم نەوپێکا، زیان و قازانج تۆ دیاری دەکەیت نەک موبایل و ئینتەرنێت.

قەدەغەکردن زۆر ئاسانە، بەڵام پەروەردەکردن قورسە، ئێمەش وەک مامۆستا ئیشمان پەروەردەیە نەک قەدەغەکردن، قوتابخانەمان هەیە نەک زیندان.

جارێکی تر قسە و گلەی واعیزەکان ئەدەمەوە بەرگوێتان کە دەڵێن مامۆستا لە وڵاتی یابان موچەکەی بەقدەر موچەی وەزیرێکە، مامۆستا لە

فـلانە وڵات ئەوەنە مـوچەی هەیە، ڕاسـتە چـونکە ئەرکـی مامۆسـتا زۆر قورسە ئەگەر حەقی خۆی پێبدەیت، هەرکـات وتیـان مامۆسـتا لە یابـان ئەوەنە وەرەگرێت لێرەش ئەوەنە، بڵێ جیـاوازی مامۆسـتای ئێـرە و ئەوێ چییە، لەوێ مامۆستا خوێنـدکاریان فێرکـردووە یابانیـان بنیاتنـاوە، لێـرە مامۆستا خوێندکارێک ئەنێرێتە پۆلی ١٢ لەترسی دزی دەرەجە خەتی لێ ئەکـــوژێنێتەوە، کـــوا پەروەردە؟! مامۆســـتا ئیشـــی پەروەردەکـــردنە، پەروەردەکردنیش پرۆسەیەکی زۆر قـورس و پـڕ لە بەرپرسـیارێتییە، لای ئێمە هەندێک وادەزانـن مامۆسـتا ئیشـەکەی بەس ئەوەیە بە کتێبـێکەوە بچێـتە پـۆلەوە و بـڕێ قسـەی نـاو کتێـبەکە بنوسـێتەوە و تەواو، لای هەندێکی تریش پێی وایە کە تەنها نەسیحەت و ئیشی واعیزەکـانە، یـان قەدەغەکردنی هەموو شت.

زۆر ئاسانە من هەر هۆکارێک بێـت بە لێـدان بێـت یـا تورەبـون یـان تەنانەت بە قسەی خۆشیش قەناعەت بە خوێنکار بکەم تـا دەگـاتە زانکـۆ موبایل و ئینتەرنێت بەکارنەهێنێت و خۆی لێ بپاریزێ، ئەمە زۆر ئاسـانە، بەڵام زۆر قورسە تـۆ بتوانیـت خوێنـدکار وا فێربکەیـت کە ئینتەرنێـت و موبایلیش بەکاربێنێـت، بەڵام بە باشـە بەکـاری بێنێـت، زۆر قورسـە تـۆ بتوانیـت لەم سـەردەمە کە پـڕە لە لادان خوێنـدکارێک فێربکەیـت کە موبایـل بەکاربێنێـت بـۆ باشـە و فێربـوون، و خـۆی بەدوربگرێـت لە خراپەکـانی، لە ڕاسـتیا ئەمە پەروەردەیە نەک قەدەغەکـردن، چـونکە ئەمڕۆش بتوانی لێی قەدەغە بکەیت کە لەژێر چـاودێری خـۆت دەرچـوو ڕۆژێک ئەبێت هەر بەکاری بهێنێت، ئەوکات تـۆ وەک مامۆسـتا دوو جـار

ئەبێ ویژدانت ئـازارت بـدات، جارێـک لەبەر ئەوەی لە تەمەنــی خـۆی لە هاوڕێکــانی داتبڕانــد بەبیــانوی پەروەردەوە، جــارێکیش لەبەر ئەوەی لە نەبوونی چاودێری فێری خراپە بووە بەهۆی ئەوەی پەروەردەت نەکردبوو.

لە کاتێکـا کە لە زینـدان بووین(قوتابخــانە)، هەر ڕۆژێـک دەرسـێکی فەراغامان هەبوایە مامۆستایەک خۆی ئەکـرد بە ژورا و دەسـی ئەکـرد بە باسی زیانەکانی ئینتەرنێت بەبێ ئینصافی، بۆچی بێ ئینصـافی؟ مەعقـول نییە ئینتەرنێت بەس خـراپە و زیـانی هەبـێ، ئەی سـودەکەی بـۆ بـاس ناکەیت؟! وەلحاڵ، دەسی پێ ئەکرد تا جەرەس لێی ئەدا، ئەهـاتیتەوە بـۆ ماڵەوە میوانێک ئەهات باسی زیانەکانی موبایل بوو، ئەچوی بـۆ مـزگەوت باسی زیانەکانی تەکنەلۆژیا بوو، لەناو ئەو کۆمەڵگا وای لێهاتبوو هەر عەیب بوو موبایل بەکاربێنیت، زۆر قێزەون کرابوو، ناچار یا بە زۆر یا خۆت ئەبوو لە خۆتی قەدەغە بکەی بەتایبەت لە پۆلی ١٢، لە هەمان کاتیشـدا تەلەبە هەبوو لە تەمەنی خۆماندا لە خۆیانیان قەدەغە نەکرد، باشتر بڵـێم لێیـان قەدەغە نەکــردن، بەشــێکیان ئەوەی خوێنــدنیان تەواو کــرد بــۆ خوێندنەکەیان سودیان لێ وەرگـرت و لە کـۆلێژی زۆر بەرز وەرگیـران و فێری زمان بوون، ئەوانەشی کە خوێندنیان تەواو نەکرد ئێستا بەشـێکیان خــاوەن کۆمپانیــان چەنــدین موهەنــدیس و مامۆســتا لەبەردەســتیان کاردەکات، ئێمەش کە تەخەروجمان کرد، ئەبـێ لەسـەر جاددەکـان هەر خۆپیشاندان بکەین و هاوار بکەین بۆ دامەزراندن.

قسەکەم لەسەر ئەوەیە لەوانەیە بەهـۆی ئامۆژگـاریەکی تـۆوە کە پێـت وتووە موبایل بەس زیانی هەیە، موبایل لە خۆی قەدەغە بکات تا دەگـاتە

زانکۆ، لە زانکۆ جگە لەوەی لە کۆمەڵگا و سـەردەمی خـوای دواکەوتـووە، هاوکات کە ببینێ هاوڕێکانی کە موبایلیـان بە پەروەردەوە بەکارەهێنـا لە کۆلێژی بەرز وەرگیراون ئەو کاتە هەستی تۆ وەک مامۆستا چی ئەبێ کە داهاتووی خوێندکارێکت لەناو برد؟! ئەوەش نا، کاتێ دوای زانکۆ تەخەروج ئەکەن و ئەوانەی شارەزای تەکنەلۆژیا و زانستەکانی سەردەمن بە ئاسانی کاریان دەسدەکەوێت، خوێندکارەکەی تـۆیش کە هـیچ شـارەزاییەکی لە تەکنەلۆژیـا نیـیە و سـیڤیەکی باشـی نیـیە غەیـری دەرچـوون ئیشـی دەسناکەوێت، ئەو کاتە هەست چۆن دەبێت؟!

لەوانەیە بینیبێتـت لە تەلەفیزیـۆن جـار جـار کەناڵەکـان موقـابەلەی کەسێک دەکەن، ئەڵێ شـەهادەی لە فـلان بـواردا هەیە و زانکـۆی تەواو کردووە و ماستەری هەیە، بەڵام بێ ئیشە، چەنـدەها دەرچـووی زانکـۆ و پەیمانگاکان بە شەهادەکانیانەوە بەرەو هەندەران بەڕێکەوتن و هەندێکیان لەڕێگا تیاچوون و هەندێکیان گەیشتن، بەڵام لەوێش لە پسپۆری خۆیـان کار ناکەن.

هۆکاری ئەوانە بەشێکی لە ئەسـتۆی حکـومەتە، بەڵام بەشێکیشـی لە ئەستۆی واعیزەکانە، کە نەیانتوانیوە کەسێک پێبگەیەنن کار بکـات، نەک تەنها دەرچێت، گەنجێک زانکۆ تەواوکات و ئیشی دەسنەکەوێ، گەنجێک شەهادەی هەبێ و بـۆ ئـیش بچێـتە دەرەوەی وڵات، بەشـێکی هۆکـاری نەبـوونی پەروەردە و مامۆسـتایەکە کە نەیتـوانی خوێنـدکار بـۆ کـار پێبگەیەنێت، بەڵکو تەنها ئیشیان کرد بۆ دەرچوون.

واعیزەکان زۆر خوێندکاریان پێگەیاند کە دەرەجەیان لا موقەدەس بوو، خوێندنیان تەواوکرد، دەرەجەشیان هێنا، بەڵام کاریان دەسنەکەوت، چونکە بازاڕی کار و دەرەجە دوو شتی جیاوازن.

کۆمپانیا و بازاڕی کار کەسێکیان ناوێ کە لە مەکتەب و زانکۆ دەرەجەی بەرز بووبێ، کەسێکیان ئەوێ کە توانای کار و عەقڵێتی کارکردنی هەبێت، کە ئەمە دوو شتە واعیزەکان ئیهمالیان کردووە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تەلەبەیەکیان ناوێ کە بۆ دەستخۆشی و دەرەجە لە پۆلدا بە عاقڵی و بێدەنگی دانیشتبێت، ئەوان کەسێکیان ئەوێ کە توانای دەربڕین و ئەدای هەبێ، کۆمپانیاکان بۆ کاری ژمێریاری کەسێکیان ناوێ کە شەهادەی هەبێ، یەکێکیان ئەوێ کە بتوانێ بەرنامەی ئیکزڵ هەڵوەشێنێت، کە ئەمە لە قوتابخانەکان فێرناکرێن، بەس ئەخوێنرێن.

بۆیە زۆرینەی ئەو خاوەن شەهادە و دەرچوانەی زانکۆ کە ئەچنە دەرەوەی وڵات یا ئیشی غەسل ئەکەن یا دەلاکی، هیچیان لە پسپۆری خۆیان کار ناکەن، چونکە لێرە فێری کارکردن نەکراون، تەنها دەرەجەیان پێ کۆکردونەتەوە.

کاتێک خوێندکارەکات ئەچێتە کۆمپانیایەک دابمەزرێ خاوەن کۆمپانیا ئیشی بەوە نییە تۆ پێناسەی بەکتریا و دی ئێن ئەی لەبەرە یان نا، ئەو ئیشی بەوەیە بزانێ تۆ چ کارێک بۆ ئەو ئەکەیت، کاتێک خوێندکارێکی دەرچووی کۆمپیتەر ئەچێتە کۆمپانیایەک خاوەن کۆمپانیا ئیشی بەوە نییە بزانێ تۆ مەلزەمەی جاڤا یا سی پڵەس پڵەسی لەبەر یان نا، ئیشی بەوەیە

بزانێ تۆ چۆن کۆمپانیاکە پێش ئەخەی، کە ئەمانە هیچیان لە قوتابخانە و زانکۆ فێرنەکراین.

هەموو کات ئەو قسە دوبارە دەکەمەوە، **قەدەغەکردن زۆر ئاسانە، پەروەردەکردن زۆر قورسە، ئیشی مامۆستا گرنگیەکەی پەروەردەکردنە، نەک قەدەغەکردن، قەدەغەکردن ئیشی واعیزە نەخوێنەوارەکانە.**

بەشێک لە واعیزەکان تەنها لایەنە خراپیەکەی سۆشیال میدیا و موبایل ئەبینن چونکە لەوانەیە خۆیان بەشێک بن لەو خراپییە.

واعیزێک کە لە سۆشیال میدیا بەردەوام خەریکی چاتی خراپ، و سەیری فلمی خراپ بکا، ئەو سۆشیال میدیا تەنها لەو دوو شتە ئەبینێتەوە، وادەزانێ سۆشیال میدیا تەنها چاتی خراپ و فیلمی ڕووتە، چونکە خۆی بەشێکە لەو خراپییە و لەو خراپییە غەرق بووە، وادەزانێ سۆشیال میدیا و موبایل تەنها ئەو بەشەی هەیە، نازانێ کە بەرامبەر ئەوە چەندین سود و قازانجی هەیە بۆ هەموو تەمەنەکان.

ئاخر نازانم بەشێک لە واعیزەکان چۆن جورئەت ئەکەن باسی زیانەکانی سۆشیال میدیا بکەن لەکاتێکدا، خۆیان یان لە بازاڕ پرسیاری ئیمتیحان ئەنوسن یا منالەکانیان بۆیان ئەنوسن کە هەندێ جار تەلەبەی خۆیانن، تۆ خۆت ئێستاش لە موبایل و کۆمپیتەر نازانی کە سادەترین پێویستی پیشەکەتە، ئیتر چۆن ویژدانت قبوڵ ئەکا تەلەبەیەک پێبگەیەنیت وەک

خۆت لە داهاتوو نەزانێت ئیشەکانی خۆی بەڕێ بکا، موبایلی لـێ قەدەغە بکەیت بەبیانوی خراپیەوە، دایبڕی لە فێربوونی باشیەکانی.

ئێستا ساڵی ٢٠٢٥ جیهان بە زیرەکی دەستکرد بەڕێوە ئەبرێت، هەمـوو ئیشەکان کراون بە تەکنەلۆژیا، بە چ عەقڵێکەوە لەم سەردەمەیا تـۆ دێـی موبایـل لە تەلەبە قەدەغە ئەکەی بە نـاوی پەروەردەوە، کە حاشـا ئەوە پەروەردە ڕاستەکە نییە، ئەوەی تۆ ئەیکەی ئەو قەدەغە کردنە پەروەردەی ترسنۆکانەیە، ئەی ئەگەر ئەو تەلەبە بەهۆی قسەی تۆوە موبایلی لە خۆی قەدەغەکـرد دوای ١٠ سـاڵی تـر چـی وەڵام ئەدەیـتەوە، کـاتێ لە پێشکەوتنەکانی جیهان دواکەوت کاتێک وەک خۆت نەیزانی ئەلف و بێی موبایل و کـۆمپیتەر لێکجیاکـاتەوە؟ کـاتێ باسـی قەدەغەکردنـی موبایـل ئەکەیت، وا هەستناکەی گوناحباری؟ چونکە تەلەبەیەک دروستەکەیت لە داهاتوو لە سەردەمەکەی خۆی دوائەکەوێت.

لەکاتی نوسینی کتێبێکا بووم بیرمەکردەوە چـۆن دیزاینـی بەرگەکەی بکەم، چووم پرسـیارم لە زیرەکـی دەسـتکرد کـرد، لە ئێسـتایا زیرەکـی دەستکرد بەس پێی بڵێ لۆگۆیەکم ئەوێ بۆ فڵانە ئیش و برانـد یەکسـەر بۆت دروست دەکـات، لەکاتێکـا لۆگـۆ بە ٥٠٠ بـۆ ١٠٠٠ دۆلار و زیـاتریش دروسـتەکرێ، لە ئێسـتا زیرەکـی دەسـتکرد ئەو ئیشـەی لە دیـزاینەران قۆستۆتەوە، بۆ دیزاینی بەرگەکە پرسیارم لێکرد بە وردی بـۆی باسـکردم کە دیزاینی بەرگ چۆنەکرێ و پێویستە چۆن بابەتەکان ڕێکبخەم.

لێـرەدا مەبەسـتەکەم ئەوەیە تەکنەلۆژیـا و زانسـتی سـەردەم ئەوەنە پێشـکەوتبێت کە خەریـکە ئیتـر ئیشـەکان هەمـووی ببێـت بە زیرەکـی

دەستکرد و ئیش بۆ کەسانی ئاسایی نەمێنێتەوە، تۆ خوێندکارێکت پێگەیاندووە لە تەکنەلۆژیا و زانست دواکەوتووە، ئەوکات کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دواکەوتنی خوێندکارەکت لە زانستی سەردەم ئیشی دەسنەکەوت، چ هەستێکت ئەبێ کە قورت کردووە بەسەر خوێندکارەکەتا بە بیانوی پەروەردەوە؟!

جا هەنێ واعیزمان هەیە کاتێ دەرەجەی پۆلی ١٢ بڵاوەکرێتەوە و کەناڵەکان موقابەلەی تەلەبە یەکەمەکان ئەکەن، کاتێ تەلەبەکە ئەڵێ موبایلم بەکارنەهێناوە ئەو جۆرە واعیزانە ئەڵێی مژدەی بەهەشتیان پێ ئەدەن ئەوەنەیان پێخۆشە، هەموو تواناکانی تەلەبەکەیان بەستۆتەوە بەوەی کە موبایلەکەی لە خۆی قەدەغەکردووە

زۆرێک لە واعیزەکان کاتێک دایک و باوکی تەلەبە پرسیاری ئاستی مناڵەکانیان ئەکەن لە خوێندن ئەگەر ئاستیان خراپ بێت مامۆستا یەکسەر ئەم پرسیارە ئەکا (لە ماڵەوە موبایل بەکارەهێنێ؟) ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێ بێت، ئیتر قسەی دەسەکەوێ کەوکژی بۆی دائەنیشێ، ئەگەر نەخێریش بێت دەس و دەمی ئەبەسترێت.

ئەو جۆرە واعیزانەی کە دوژمنیان موبایل و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنە وا هەستەکەم جۆرە نەخۆشیەکیان لەگەڵ موبایل هەبێ لە موبایل بترسن، ئاخر ناکرێ تۆ هەرچی لایەنی خراپ و دابەزینی ئاستی تەلەبە ببەستیتەوە بە بەکارهێنانی موبایل، بەهەمان شێوە زیرەکی تەلەبەیەک بەوەوە ببەستیتەوە کە موبایلی بەکارنەهێناوە.

لەکاتێکدا ڕێژە زۆرینەکەی ڕێک بەپێچەوانەوەیە ئەوانەی بەکارهێنەری موبایل و سۆشیال میدیان لە زۆر بواردا ئاستیان بەرزتر و پێشکەوتوترە لەوانەی کە موبایل و سۆشیال میدیایان لێ قەدەغەکراوە.

هەستەکەم هەندێ واعیز عوقدەی دەروونی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دنیا هەیە، چونکە خۆی بە تەواوی لە سەردەمەکە دواکەوتووە، نایەوێ تەلەبەکانی بگەنە ئاستێک لە خۆی زیرەکتربن، ئەیەوێ تەلەبەکانیشی بە هەمان هەڵەی خۆیا تێپەڕبن.

پێتان سەیر نەبێ ئەگونجێ هەندێ مامۆستا هەبێ بەو جۆرە بیرکاتەوە، پێی ناخۆشبێ خوێندکارەکەی لەڕووی تەکنەلۆژیا و زانستی سەردەم لە مامۆستاکە باشتربێت.

مامۆستایان لە کۆتایدا دەڵێم

"ئەگەر ئەتانەوێ نەوەکانی داهاتوو تواناکانیان بخەنەگەڕ، تواناکانیان مەکوژن بەبیانوی ڕەگەز و مەنهەج و پەروەردەوە، حاشا ئەوە پەروەردە نییە، ئەگەر ئەتانەوێ پرۆسەی پەروەردە و فێربوون پێشکەوێت و ئێمەش وەک وڵاتانی پێشکەوتوو خاوەن بەرهەم و داهێنان و توانای خۆمان بین، ئەوا پێش ئەوەی پێمان بڵێن خوێندکار پەروەردە بکەن میکانیزمێک دانێن تا مامۆستا دواکەوتووەکان کە ڕێگرن لە پێشکەوتن پەروەردە بکرێنەوە، ئەوان زیاتر پێویستیان بە پەروەردە کردنە، کاتێک مامۆستا درۆ بۆ موشریف ئەکات لەبەر دەستخۆشیەک ئیتر چۆن باسی ڕاستگۆی بۆ تەلەبە ئەکات؟! یەکێک لەو کارانەی کە لە ژیانی مامۆستایەتیم کردم و تا مردن لێی پەشیمانم ئەوەیە کە منیش یەکەم ساڵ بەهۆی ئەوەی زۆر

ترسی موشریف و لیژنەیان خستبۆ مێشکمان لەکاتی هاتنی لیژنەی هەڵسەنگاندن نواندنم ئەکرد و دیوێکی خۆمم پیشاندا کە دوربوو لە واقع، من شەرمەکەم کە تەنانەت بیر لەو هەڵسوکەوتەی خۆم بکەمەوە، لەکاتێکدا مامۆستامان هەیە لەبەرچاو موشریفەکەیا درۆی ئەکرد و دوایش دەمی دائەچەقاند پێئەکەنی و شانازی پێوە ئەکرد وەک بڵێی موشریفەکەم هەڵخڵەتاند، لەبیرتان بێت خوێندکارەکانمان سەیرمان ئەکەن گوێمان لێ ناگرن، پێویست ناکا بچیتە پۆل و سەعاتێک دەسکەی بە نەسیحەت کردن، تەنها خۆت ڕاستگۆبە تەلەبە خۆی چاوت لێ دەکات، مامۆستایان ئێمە لە قوتابخانەکەمان چەند خوێندکارێکی زۆر بەتوانامان هەبوون لە بوارەکانی کۆمپیتەر وێنەکێشان یاری تۆپی پێ و بالە و نوسین، بەڵام بەهۆی ڕێگریکردنیان و نەڕەخساندنی هەل بۆیان، بە ناچاری هەندێکیان وازیان لە خوێندن هێنا و تواناکانیان کوژران بەشێکیان لەلایەن مامۆستای چەقبەستوو کوژران، ناویان ئەحمەد و سامان و بینایی بوو، ئەگەر بمانەوێ لە قوتابخانەکان ئەحمەد و سامان و بینابییەکان بەهرەکانیان پەرە پێبدەن، ئەگەر بمانەوێ بیناییەکان بەهۆی کچبوونەوە لە خوێندن دانەبڕێن و بێ بینایی نەبن، ئەوا پێویستە هەرکەسێک لای خۆیەوە هەوڵی پەروەردەکردنەوەی خاوەن ئەو بیرکردنەوە دواکەوتووانە بدات، مامۆستایان سەبارەت بە بێ ئیشی گەنجان، نەبوونی تەعینات حکومەت لێی بەرپرسە، بەڵام نەبوونی توانای کار لە خوێندکار و دەرچووەکان مامۆستاکان لێی بەرپرسن، ئاخر مەعقول

نییە تۆ بەلایەنی کەمەوە ١٤ ساڵ بخوێنیت بەشی ئەوە عیلم و مەعـریفە وەرنەگری کە بتوانی جگە لە تەعینات کاری پێ بکەیت"

بەو قسانە کۆتایم بە سیمینارەکە هێنـا و دواتـر ئاگـام لێبـوو مقۆمقـۆ دروستبوو، چونکە هەر سەردار نەبوو لە زۆربەی مەکتەبەکـانەوە چەنـدین مامۆستا کە هاتبوون فکریان وەک سـەردار وابـوو، مامۆسـتای دواکەوتـوو لەزۆر مەکتەب هەن، ئەحمەد و سامان و بیناییش لە زۆر مەکتەب هەن، ئەگەر بمـانەوێ وڵات پێشـکەوێ و داهـاتووی خوێنـدکارەکان نەفەوتـێ، پێویستە مامۆستا دابڕاوەکـان لە سـەردەم مامۆسـتا دواکەوتـووە مێشـک وشـکەکان پەروەردە بکـرێنەوە، پێویسـتە پەروەردەیەکـی سـەردەمیانە و دەروونی بکرێن.

سیمینارەکەم پێشکەش کرد و گەڕامەوە بۆ لادێکە و چووم بۆ داخلـی بەپەلە نـانێکم خـوارد و بەڕێکەوتـم بـۆ مەکـتەب، چـونکە درەنـگ گەشتبوومەوە دەرزی یەکەم و دووەمم ڕۆیشت، بۆ دەرزی سێیەم فریـای دەوام ئەکەوتم، گەشتمە بەردەم مەکـتەبەکە ئەحـمەدم بینـی لە بەردەم مەکتەبەکە دانیشـتبوو لە لادێـکەی ئەڕوانـی و مـاتیەکی پێـوە دیـاربوو، بێدەنگ بەس بە ڕوخساریا دیاربوو کە زۆر بێتاقەتە، ویستم تۆزێ جەوەکە بگۆڕم، بۆخۆشی **وتم:** ئەحمەد ڕۆڵە هەستە وەرە ژورەوە با ئیمتیحـانێکی بچوکتان بۆ بکەم بە سوپرایز.

**ئەحمەد:** مامۆسـتا چـاوەڕێی تـۆ بـووم، پـێش ئیمتیحـانەکە مـن هەواڵێک بۆ تۆ ئەکەمە سوپرایز.

تا ڕادەیەک دڵمخۆشبوو وتم لەوانەیە بڕیاریان دابێت کە نەچن بۆ شار و لە خوێندن بەردەوامبێت، ئاخر ئێمە تا ئێستا هەر وا تێگەشتووین کە سوپرایز بۆ هەواڵی خۆشە، بەڵام ئەوەی ئەحمەد سوپرایزەکەی جیاواز بوو، **وتم:** سوپرایزی چی ڕۆڵە؟

**ئەحمەد:** مامۆستا زۆر بیرمکردەوە کە من بەتەمای ئەوە نەبم ساڵێ تر بخوێنم ئیتر بۆ لە ئێستاوە واز نەهێنم ئەم ماوە کەمە فرسەتە خەریکی چاککردنی خانووەکەمان بین و دوکانەکە ڕێکخەم، خانووەیەکمان گرتووە بە کرێ لە نزیک خانووەکەش دوکانێکم دەسکەوتووە، کە من بڕیاربێت ساڵێ تر نەخوێنم لە ئێستاوە وازبێنم باشترە و زوو دەسکەم بە ئیش، ئەمڕۆ هەموو شتێکمان حازرکردووە کە ئیتر یا ئەمشەو یا سبەی ماڵەکەمان ئەگوازینەوە و ئیتر ئەڕۆین، ئێستاش بۆ ئەوە هاتمەوە کتێبەکانم هێناوەتەوە و خواحافیزیتان لێ بکەم، زۆر یارمەتیت داین زۆر هاوکاریت کردین، زۆر هانت داین کە دوای حەز و خولیاکانمان بکەوین، زۆر باش و خەمخۆر بووی بۆمان، قەت دڵسۆزی و چاکەت لەبیر ناکەین، بەس لە پۆلی ٢ تا ٤ مامۆستا سەردار چەنجار لێیدام یەک جاریان بەهۆی تۆوە بوو کە یەکەم ساڵ هاتیت کتێبەکەم خستەوە جانتاکەم دوای لە ئیدارە باست کرد، ئەو ڕۆژە زۆری لێدام، ئەشزانم تۆ نەتەزانی کە لێرە چۆن ئەخوێنین و ژیانمان چۆنە نەتەزانی ئاوا ئەکات ئەینا دڵنیام قەت شتێکی وات باس نەئەکرد، مامۆستا تا تۆ هاتی ئێرە ڕێک وەک سجن وابوو، خوێندنەوەی چی و کتێبی چی، بۆیە هەموو کاتێک لەکاتی پشووی نێوان دەرزەکان لە پۆل ئەمامەوە تەنها ئەوکاتە ئەمتوانی دوور لە چاوی

مامۆستا کتێب بخوێنمەوە، مامۆستا.. کاتی دەرزە با لەوە زیاتر کاتی تۆیش نەگرم، مامۆستا زۆر شت فێرکردین بەس ئەمەم قەت لەبیر ناچێ و منیش درێژەپێدەری ئەمە ئەبم کە بۆ منداڵەکانی ئەکەیت و دایمە دەس بە دیاری و خەڵاتی، لە پۆلی ٤ تا ئەمساڵیش هەموو ڕۆژ بە شیرینی و خواردنەوە ئەهاتیتە پۆل، هەموو کاتێ بۆ سوعبەت پێتەوتین ئەگەر ڕۆژێک خواردن و شیرینیم بۆ هێنان یا هەدێیەکم پێدان بزانن یا ڕۆژی پێشتر ئیشێکی باشتان کردووە، یا دەرزی ئەمڕۆمان زۆر قورسە و بەوە ئەتانخڵاتێنم، ئێمە ئەمانزانی کە زۆرجار هیچمان نەئەکرد، دەرزیشمان هیچ قورس نەبوو، بەڵام تۆ عادەتی خۆت وابوو هەموو کات دەرزەکەت لە وشکی و جددیات دەرەکرد و بە خواردن و شیرینیەوە ئەهاتیتە پۆل، خۆزگەم بەو کاتانە، مامۆستا با ئیتر من بڕۆم خواحافیز.

هیچم بۆ نەوترا خواحافیزبوونم لێکرد و چوومە ژورەوە، مەکتەبێکی مات و بێدەنگ، نە دەنگی پێکەنین ئەبیسترێ نە هەرا و هوریای یاریکردن، قوتابیەکان هەموویان مات و بێدەنگ، نە قوتابیەکان تاقەتی دەرزیان هەیە نە منیش جەوی دەرزم هەبوو، وام هەستەکرد بەبێ سود دەرزەڵێمەوە ئاوا بەربەرچاومەوە دانە دانە یا لە مەکتەب دەریانەکەن لەسەر قسەی بەڵاکە، یا خۆیان بە ناچاری وازەهێنن و دەسەکەن بە ئیش، ئیتر دەرز خوێندن سودی چییە؟! وەلحاڵ هەرچۆن بوو چوومەوە پۆل، ئەو چەند ڕۆژەی ماومانە ئەبوو دەرزەکان بخوێنین، پۆلەکە تەنها شەهیناز و سارا و شیراز و سەرتیپی لێ ماوە، عاقیبەتی سەرتیپ و شیراز

و ساراش ساڵێ تر وازهێنان بوو، شەهینازیش خوا ئەیزانی بەردەوام ئەبێ یا بە ناچاری نەقڵ ئەبێ بۆ مەکتەبێکی ناوشار.

ئەو چەند هەفتەی مابوو بـۆ ئیمتیحـان هەروا بەڕێمـان کـرد و بە ڕۆژ دەرزی خۆمان ئەخوێنـد و شـەو ئەگەڕایـنەوە بـۆ داخلـی و ژیـانێکی تـا ڕادەیەک دووبارە، ئەو شەوانەشـی کە ئەچـووم بـۆ مـزگەوت نە ئەحـمەد دیارە نە سامان، شەوێ لە مزگەوت دوای نوێژ یەک دوو پیـاوی بەتەمەن لە ڕیزی پێشەوە لەلای مەلا ئیحسـانەوە دانیشـتبوون گـوێم لێبـوو بـۆڵە بۆڵیان بوو و **ئەیانوت:** گەنجی ئاوایی بۆ گۆڵێن و تۆپێن ئازان نیوەشـەو ئەچن بۆ شار یا بۆ سەیری یاری و مۆنجی تـا نیوەشـەو دائەنیشـن بەس بزانە کەسیان ئەبینی بێن بۆ مزگەوت.

کە ئەیانوت مـۆنجی لەخـۆمەوە پێکەنیـنم ئەهـات مەبەسـتیان یـاری پۆبجی بوو نەیانئەزانی ناوەکەشی بڵـێن، لەوکـاتە حەزم ئەکـرد ئەوەی لە دڵمایە بچم و پێیان بڵێم بەس نەئەکرا هەموویان پیـاوی بەتەمەن بـوون، شتێک لەو مێشەکەیانا بوو ئیتر هەموو دنیـا پێیـان نـاگۆڕێ، حەزمەکـرد پێیان بڵێم ئەزانن گەنجەکان بۆ لە مزگەوت تۆراون و نایەن، ئاخر ئەبینن کـێ خـۆی کـردووە بە خـاوەنی مـزگەوت و ڕیـزی پێشـەویان گرتـووە، مامۆستای تیایە کوڵە فیتـنەی وەک خـۆی نیـیە هەر ڕۆژێ و درۆیەکـی ئەکرد و تەلەبەی ئەدا بە لێدان و دەرکردن، پیاوی تیایە لەسەر قسەیەکی درۆ چاوی کچەکەی کـوێر کـرد و لە مەکـتەب دەریکـرد، پیـاوی تیـایە ئامادەیە کچەکەی بکـوژێ لەسـەر ئەوەی کە بڵـێ کەسـێکم خۆشـەوێ،

وەکتر خۆشیان ئەو پیاوە بەتەمەنانە، یـا مامۆسـتا نەخوێنەوارەکـانی وەک سەردار، هەموو مەجلیس و قسەیەکیان باسی ژن هێنان و چوار ژنەیە.

ئیتر گەنـج چـۆن یەتە مـزگەوت کە ئەبینـێ ئەمـانە تەمسـیلی دیـن ئەکەن، کێشەکە خۆی ئەوەیە کە ئەوەی ئەیکەن بە ناوی دینەوە ئەیکەن، سەردار یاریکردن لە کچەکان قەدەغە ئەکـا ئەڵـێ لەبەر ئەوەی دروسـت نییە لەکاتێکا هیچ لە دین شارەزا نییە، کاک ڕێبوار چاوی کچەکەی کوێر کرد و لە مەکتەب دەریکرد بەحسابی خـۆی لەسـەر ئەوەی کە وتـویەتی ئەبم بە گۆرانیبێژ، بۆیە هەموو کات ئەڵێم تەلەبەکانمان زۆر لە بەشێک لە مامۆستاکان عاقڵترن کە ئەزانن ئەوەی ئەوان بەنـاوی پەروەردە و دیـنەوە ئەیکەن نە دین وا ئەڵێ نە پەروەردە.

ڕۆژێک بیرمکردەوە باشە خۆ من کۆتا ساڵمە لێرە و ئیتر ئەڕۆم، داخـی سەرداریشـم زۆر لە دڵایە کە هەمـوو سـاڵێ یـا تەلەبە بە لێـدان ئەدا یـا بەهـــۆی قســـەی ئەوەوە تەلەبە لە مەکـــتەب دەرەکەن، ئەو ڕۆژەم بیرنەچۆتەوە کە چوو بۆ ئەحمەد و بە دەنگی گریانی ئەحمەدەوە ڕامکردە پـۆلەکە، ئەو ڕۆژەم بیرنەچـۆتەوە کە بینـایی دەسـیکرد بە گریـان وتـی مامۆستا بۆ واتان کرد، ئەو ڕۆژەی کە لەسەر یاریکردن شەهینازی دانـابوو نەسیحەتی ئەکرد، هەموو ئەمانەم بیرماوە، بیرم مـاوە کە چ بەڵایەک بـوو بۆ گیانی ئەو تەلەبانە، بۆیە وتم با پێش ئەوەی بڕۆم بەزمێکی پـێ بـکەم، جـا ئەو نـوقتەی زوعفـی ئەوە بـوو زۆر جـددی بـوو جـدیيەکی گـێلانە، جددیات لە شوێنی خۆی و کاتی خۆیا زۆر باشە، بەس جددیاتی گـێلانە موشکیلەیە، ئەو لەگەڵ جددیبوونەکەشـی نـوقتەی زوعفـی ئەوەبـوو زۆر

موشریفی لا موقەدەس بوو و لێی ئەترسا، منــیش ئەوەم هــات بە خەیــاڵا لەگەڵ هەکار بەزمێکی تری پێ بکەین لای موشریفەکە، با فێر نەبێ لای موشریف درۆ بکات و تەمسیل بـۆ تەلەبە بکــات، ئەمزانــی ئەوەی منــیش ئەیکەم زۆر جوان نییە بەس هەنێ جار ناچار ئەبیت ئەو کەسانە بەو جۆرە سزا بدەیت کە لێی ئەترسن چـۆن ئەو تەلەبەکـانی بەو جـۆرە سـزا ئەدا، ئەبێ خۆیشی ئەوە بچێژێتەوە، ئەوەی کە ئێمە بەرامبەر سەردار ئەیکەیــن کاردانەوەیە نەک کار.

ڕۆژێ تەلەفونم کرد بۆ هەکار، **وتم:** هەکار پیاوی چاک بکە یــارمەتیم بدە دیسان ئیشم کەوتۆتە تۆ؟

**هەکار:** ئوستاز خێر چی بووە؟

**من:** هیچ نەبووە وەڵا بەس من ئەمساڵ خۆتەزانی کۆتا ساڵمە و لەسەر ئەو موشکیلانەی کە سەردار توشی تەلەبەکانی کرد حەزەکەم لەم کۆتای ساڵەیا بەزمێکی بۆ بکەم بە سوپرایز و تــۆیش ئەکــتەری ســەرەکی بیــت بەس توخوا مەڵێ نایکەم.

**هەکار:** ئوستاز توشی مەوقیفی ناخۆشم مەکە برا تۆ ساڵێ تر لێــرە نابی من هەر لێرەم ئەیبینمەوە عەیبە.

**من:** کورە تۆیش من و نەریمان لێرە نەبین کوا ئەچی بۆ مەکتەب خۆ ئەوەنەبێ لەگەڵ سەردار ڕەفیق بن، هەکار پیاوی چاکبە گیرە گیــرِ مەکە و ئەو ئیشــەم بەقســەکە، ئەزانــی لەبەرچــی ئەم بەزمــانەی پــێ ئەکەم لە ڕۆژانی ئاسایی دەرزی خۆی ناڵێتەوە و لەسەر کتێب خوێندنەوە لە تەلەبە

ئەدات و چەند تەلەبەی بەدەرکردن داوە، کاتێکیش موشریف یەت نواندن ئەکات و خۆی باش پیشان ئەدات بۆیە ئەمەوێ بەمە تۆڵەی لێ بکەمەوە.

**هەکار:** بەخوا ئوستاز بڵێم چی کورە دەی با بیکەین وەکو تۆ ئەڵێی ئیتر منیش دوو پێم ناچێتەوە بەو مەکتەبەیا، چی بکەین؟

**من:** سبەی نا دوو سبەی قەرارە موشریف بێت، هەر کە هات تەلەفونێکت بۆ ئەکەم وەک جارەکەی تر وەرە بەس ئەمجارە جلێکی ڕێک و پێک و داوای جگەرە لە سەردار بکە و قسەکەی سەرتیپ بۆ موشریفەکە بگێڕەوە بەس با سەردار نەزانێ کە سەرتیپ وای وتووە، ئیتر خۆو ئیشێ جوانمان بۆ بکە (بەپێکەنینەوە).

جوان هەکارم تێگەیاند کە ڕۆژی هاتنی موشریف چی بکات و خۆیشی لە وەزعەکە شارەزا بوو، بۆ سبەینێ دەوامی ئاسایی خۆمم کرد و بێدەنگ هاتمەوە، دوو سبەی کە قەرار بوو موشریف بێت، لە دەرزی دووەمدا بووم موشریف هات، کە بینیتم هاتمە دەرەوە و تەلەفونم بۆ هەکار کرد، و هاتم بۆ ئیدارە سەلامم لە مامۆستا نامیق کرد و سەرداریش لەوێ بوو، سەردار هەر منی بینی دەمولوتی یا بەیەکا، منیش لە دڵی خۆما وتم چاوەڕێکە خاڵۆ سوپرایز بەڕێوەیە، دە دەقەیەکی پێچوو، لەدەرگای ئیدارە درا و مامۆستا سەردار کردیەوە هەکار بوو، باوەڕکەن ئزرائیل بهاتایە مامۆستا سەردار هەر ئەوەنە خەمی بوو، کە بینیتی تەواو وڕەی ڕوخا ئەیزانی بەزمێک ها بەڕێوە، بە ناچاری بەخێرهاتنی کرد و هەکاریش هەر لە دەرگاکەوە بە مامۆستا سەرداری وت هەلاو قاید چۆنی، دوای هاتە لای مامۆستا نامیق وتی خاڵۆ گەورە تۆ چۆنی دەنگ و باس، و هاتە لای من و



وتی خاڵۆ تۆ چۆنی ئەوە بۆ لێمان نـاپرس، ئیتـر دەسـی کـرد بە قسـە و دەمەتەقێ، تاوناتاوێک ئەیوت بەخوا ئێستا جەوی دۆمینەیە چوار کەسـین بزانم شتێکم لێ نەئەبردنۆ، دواى تاوێک قسە کردن ڕووی کردە سەردار و **وتی:** مامۆستا ئەرێ جغارەو پێ نییە؟

**مامۆستا سەردار:** کورڕم عەیبە چەنجارمـان وت ئێـرە کەی شـوێنی ئەوەیە جگەرە چیەکا لە ئیدارە.

**هەکار:** کورە مامۆستا ئەوەنە جددی مەبن بۆ چیەکا لێرە ئا تۆ نـاو ئەو مێزەت بگەڕێ بەشکم پاکەتێکی تیابێ.

**مامۆستا سەردار:** کـورڕم ئـێمە کەسـمان جگـرە کـێش نـین لێـرە دەسـناکەوێ، هەشـبێ لە کـاتی دەوامـا جـوان نیـیە لە ئیـدارە جـگەرە بکێشرێ ئێرە مەکتەبە و تەلەبەی تیایە با شتێکی وا نەبینن.

هەکار دەسـی کـرد بە ڕابـواردن سـەرداریش هەر بە جـددی قسـەی ئەکرد، وەلحاڵ جـگەرەی لە سـەردار دەسـنەکەوت، سـەیرێکی مامۆسـتا نامیقی کرد و **وتی:** ئەی خاڵۆ گەورە بڵێی تۆ جغارەت پێ نەبێ؟

**موشریفەکە:** نەوەڵا کورڕم ئێمە جگەرە ناکێشین (بەپێکەنینەوە)

**هەکار:** ئەرێ ئەوە باشبوو بیرمکەوتەوە خـاڵە گەورە تـۆ موشـریفی وایە ئەمە تۆی تەلەبەکان ئەڵێن کە یەت بۆ مەکتەب مەکـتەبەکە جەوێ تر وەرەگرێ و مامۆستا هەر دەسەهێنێ بەسەرمانا و قسەی خۆشـمان بـۆ ئەکا؟

لەم قسـەکردنانە بـوو، هەکـار ئەیویسـت بڵـێ تەلەبەکـان وتویـانە کە موشریف یەت مامۆستا سەردار تەعامولی لەگەڵیان ئەگۆڕێ و نواندن ئەکا،



بەس نەیتوانی ڕاستەوخۆ بیڵێ، بەس هەر قسەکانی سەردار زۆر پێی تێکچوو بۆیە وتی با بچم جگەرەیەکی بۆ پەیاکەم بەشکم تۆزێ لە قسە بکەوێت، ئەو وەیەزانی بەڕاستیەتی داوای جگەرە ئەکات، هەر لەویا هاتە دەرەوە و چوو بۆ ماڵ کاک نەجات کە لە نزیک مەکتەبەکە بوو، داوای جگەرەی لە کاک نەجات کرد و هاتەوە و جگەرەکەی دا بە هەکار، چاری ناچار بوو بۆئەوەی دەمی هەکار بگرێت ناچار بەقسەی بکا، هەر جگەرەکەی داپێی هەکار **وتی:** ئاییی گونەکەو بخۆم خاڵە سەردار ئەی خۆ تۆ وتت لێی نییە!

کەی وای وت مامۆستا سەردار لە شەرما سور بۆوە و لەگەڵ ئەوەشدا تەواو پەست بوو، پەنجەت لێدایە ئەتەقیەوە، من و مامۆستا نامیقیش پێکەنینمان ئەهات، سەردار تەواو تێکچوو، هەکاریش جگەرەکەی کێشا و خواحافیزبوونی لێکردین و ڕۆشتەوە، کە ئەو ڕۆشت مامۆستا نامیق ڕوویکردە مامۆستا سەردار و **وتی:** مامۆستا بەڕاستی مەکتەب ئاوا نابێ ئەمە دوو جارە ئەم کوڕە یەتە ئێرە نە ئسلوبی قسەکردنی هەیە نە ئیشی هەیە، با ئیدارە و مەکتەب موقەدەساتی خۆی بمێنێ ناکرێ بەو جۆرە بەردەوام بن.

موشریف ڕۆیشت و دوای ئەویش منیش ڕۆیشتم و سەرداریش بە ناخێکی پڕ لە قسەوە ڕۆشتەوە بۆ ماڵەوە.

ساڵ تەواو بوو، من نەقڵ بوومەوە بۆ مەکتەبێکی ناو شار، وەک بیســتم دوای منــیش مامۆســتا ئیســراش نەقڵبــۆتەوە بــۆ شــارەکەی خــۆی، لەو مەکتەبە بەس مامۆستا نەریمان و سەردار ماونەتەوە کە لە هی وەجــبەی خۆمان بن، لە شوێنی ئێمەش مامۆستای تازە وەرگیراوە.

پێش ئەوەی لە مەکتەبە تــازەکە موباشــەرە بــکەم بەهــۆی چــالاکی و دانانی سیڤی کە پێشتر دامنابوو، لە چەند مەکتەبێکی ئەهلی و نمــونەیی پەیوەنــدیم پێــوەکرا کە لەوێ بــبمە مامۆســتا، یەکێــک لە مەکتەبەکــانم هەڵبــژارد لەبەر ئەوەی مــوچەکەی لە مــوچەی دەوامــی حــوکمی زۆر باشتربوو و مەکتەبەکەش لە شاری خۆم بوو نزیک ماڵمــان بــوو، بڕیارمــدا بچمە ئەو مەکتەبە ئەهلییە.

یەکەم ڕۆژ کە چوومە مەکتەبە ئەهلیەکە وەکو شارێکی ئەوروپی وابوو، مەکتەبێکی خۆش و دیزاینێکی سەردەمیانە، چەند مەترێک پــێش ئەوەی بگەیتە حەوشەی مەکتەبەکە چەند فوارەیەکی ئاو و گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنــگ دانرابوون، بە بینی ئەو دیمەنە کارەکانی ئامانج و خەندەم بیرهاتەوە، دواتر چەند مەترێک لەولای ئەو دیــمەنەوە یاریگــایەکی بچــوکی سەرداپۆشــراو هەبوو، کە عەرزەکەی چیمەنی دەستکردبوو، لە تەنیشت ئەو یاریگــایەش یاریگایەکی تری باسکە هەبوو، دوای ئەوە چەند مەترێک ئەڕۆیشتی ئینجا ئەگەشتی بە حەوشەی مەکتەبەکە، چوومە ژورەوە و لە بەشــی پێشــوازی کارمەندێکی قوتابخانەکە بەخێرهاتنی کردم و **وتی:** لێرە دانیشە بەڕێوبەر ئاگادار دەکەمەوە کە هاتووی و ئێستا دەگەڕێمەوە.

دانیشـــتم و کەمێکـــی پێچـــوو تـــا بەڕێـــوبەری ئاگـــادارکردەوە نـــازانم کۆبونەوەی هەبوو یا چی بوو بەس دوو سێ دەقەیەکی پێچوو، لەوکاتە تا گەڕایەوە دیســــان لەفکراڕۆچــــووم و بیرمەکــــردەوە، لە سیســــتەمی سەرمایەداری و مەکتەبی ئەهلی چ ژینگەیەک بۆ خوێندکار ئەخـولقێنن! یاریگـای تـۆپی پـێ و یاریگـای باسـکە جیـاوازە، لای ئـێمەش سـاحەی مەکتەبەکە خۆڵ و قوڕ بوو، تۆپی باسکە و بالە و پێ و تێـنس هەمـووی تۆپێکی دڕاو بوو ئەویش سەردار بە هەزار دەردیسەری ئینجـا ئەیهێشـت پۆلێک یاری پێ بکا، ئەویش چۆن یاریکردنێک تەنها کوڕەکان، یاریکردنی لە کچەکان قەدەغە کردبوو، دەی سـەیری تەلەبەی ئێـرەش لە چ نـاز و نیعمەتێکا ئەژین.

کارمەندەکە گەڕایەوە و **وتی:** بەڕێوەبر ئەڵێ بـا بێـتە ژوورەوە، چـوومە ژورەوە و سەلامم کرد و ئەویش بەخێرهـاتنی کـردم، بەڕێـوبەرەکە نـاوی مامۆستا ڕەنجدەر بوو، پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵان دیاربوو، قات و ڕیباتێکی لەبەر بوو، زۆر شیک پۆش و لێهاتوو دیاربوو، کە چووم دوای بەخێرهـاتن و ئەحواڵ پرسین **وتی:** مامۆستا موقابەلەکانتم لە تەلەفیزیـۆن دیـوە و لە فەیسبووکیش زۆر لە چالاکیەکانت ئەبیـنم، زۆر خۆشـحاڵەبم کە ئێـرەت هەڵبژاردووە و هیوادارم لەگەڵ ئێمە ئەزموونێکی زیـاتر و چـالاکی زیـاتر بکەیت و بە هەموومان بتوانین جیلێکی عاقڵ و داهێنەر پێبگەیەنین.

**من:** ئوســتاز زۆر ســوپاس بــۆ ئەو متمــانەیە، خۆیشــم زۆر حەزم بە چالاکی و ئەو جۆرە فێربوونەیە کە تەلەبە خۆی ببێتە خـاوەن پرۆسـەکە، ان شاء الله ساڵێکی جیاواز و پڕ چالاکی بەڕێ ئەکەین.

**مامۆستا ڕەنجدەر:** ان شاء الله هەروادەبێت مامۆستا گیان، ئێستاش ئەگەر ئیشت نییە، لەگەڵ مامۆستا سۆزیار بچۆ با بەشەکانی قوتابخانەت پێ بناسێنێ.

قوتابخانەکە زۆر پێشکەوتوو بوو، بە جۆرێک بۆ هەر پسپۆڕیەک مامۆستایەک و کارمەندی تایبەتی هەبوو، ئەو مامۆستا سۆزیارەش کە باسی کرد کارمەندی پێشوازی و ڕیکلام بوو، کاری ئەوەبوو کە ڕیکلامی ڤیدیۆی ئەکرد و هەر کەسێکی تازە ئەهاتە قوتابخانەکە بەشەکانی قوتابخانەکەی بۆ باسەکرد و شوێنەکانی قوتابخانەی پیشان ئەدا و بە قوتابیەکانی ئەناساند، مامۆستا سۆزیار کچێکی مناڵکار بوو، بە تەمەن لە ٢٠ ساڵان ئەچوو، باڵایەکی مام ناوەندی و قژێکی لول و چاوێکی ڕەشی تۆخی هەبوو، کەسێکی زۆر ڕووخۆش و دەم بە خەندە بوو.

لەگەڵ مامۆستا سۆزیار ڕۆیشتین و بەشەکانی قوتابخانەکەی پێناساندنم، تۆزێک ئەولای ژوری بەڕێوبەر گەنجینەیەک هەبوو، بەس نەک وەک گەنجینی مەکتەبەکەی خۆمان کە پڕبوو لە کورسی شکاو و ڕەحلەی بێ تەختە و تۆپە دڕاوەکەی سەردار، نا گەنجینەکەی ئێرە پێداویستی تاقیگە و کۆمەڵێ کەرەستەی تایبەت بە وانەکانی هونەر و وەرزشی لێبوو، ژووری تەنیشت گەنجینەکە ژورێکی گەورەبوو، کاتێ گەشتینە لای ئەو ژورە دەنگی مۆسیقا ئەهات، مامۆستا سۆزیار وتی مامۆستا ئەمە ژوری چالاکیەکانی وانەی هونەرە، مامۆستا سەوسەن مامۆستای هونەرە هی بەشی مناڵان مامۆستا خورشیدیش مامۆستای هونەرە بەشی ئامادەییەکان، لە دەرگای دا و مامۆستا سەوسەن دەرگای

کردەوە و ئێمەی بە یەکتر ناساند، لەوکاتەی دەرگای کردەوە تەلەبەکانم بینی کە هەموویان ئامێری مۆسیقایان پێبوو، ژورێکی زۆر تەرتیب بوو، دوای تۆزێ ڕۆشتین، **وتی:** مامۆستا ئەمەش ژوری وەرزشە.

**من:** ژوری وەرزش چییە؟ ئەی ئەوە نییە لە دەرەوە ساحەی باسکە و تۆپی پێی لێیە؟ یەعنی جگە لەوەش وەرزش ژوری هەیە؟

**مامۆستا سۆزیار:** بەڵێ ئەی چۆن! ئێ خۆ وەرزش هەر دوگۆڵی و باسکە نییە، هەندێ چالاکیمان هەیە پێویستی بە ژوری وەرزشیە لێرە زانیاری دەربارەی پێکان و چارەسەرەکانی ئەخوێنرێ بە کرداری، بۆیە هەندێ پێویستی و کەل و پەلی تایبەت بەو بوارەی تیایە، بۆ کەسێک کە بیەوێ لەو بوارەدا قوڵبێتەوە.

کەمێکی تر ڕۆشتین ژورێکی ترمان بەرچاو کەوت مامۆستا سۆزیار **وتی:** ئەمەش ژوری وێنەکێشان و کاتی پشووە.

**من:** واتە وێنەکێشان جیاوازە لە وانەی هونەر؟ ئەی کاتی پشوو مەگەر ساحەی مەکتەب و حەوشەکە چییە تەلەبەکان ناتوانن بچنە ئەوێ؟

**مامۆستا سۆزیار:** با ئەوێش هەیە، بەس خۆ کاتی پشوو هەر ئەو پێنج خولەکەی نێوان وانەکان نییە، بۆ نمونە لە ڕۆژێکا وانەیەک کاتی پشوویان هەیە یا لە هەفتەیەکدا دوو وانەیان هەیە بۆ پشوو، کاتەکەی لەوانەیە نیو سەعات یا زیاتریش بێت، لەوکاتە خوێندکارەکان ئەتوانن بچنە ئەو ژورە خۆیان بە وێنەکێشان و کاری دەستڕەنگینیەوە خەریک بکەن، یان لە کاتی وانەی هونەر هەندێ جار پێویستەکات وانەکە لێرە بخوێنرێت چونکە کەرەستەی وێنەکێشان هەمووی لێرەیە.

بەدەم قسەکردنەوە چووینە ژوری وێنەکێشان، ژورەکە ڕووبەرەکەی وەک پۆلێکی ئاسایی وابوو، چەند ستاندێک و کورسی ڕەنگاوڕەنگی لێبوو، دیواری ژورەکە بە نەخش و نیگار و وێنەی جۆراوجۆر ڕازێنرابۆوە، لە کۆتای ژورەکە چەند ڕەفەیەک هەبوون کە کەرەستەکانی لەسەر دانرابوون، وەک قەڵەم بۆیە قوڕی سەناعی، دڕیلی بچوک بۆ هەڵکۆڵین لەسەر بەرد و تەختە، جۆرەها بۆیە و موادی دروستکردنی وێنەی لێبوو، لە بەشێکی تری ژورەکە لەناو مەعرەزێک چەند وێنەیەک و ملوانکە و دەسبەنی لە بەرد دروستکراو دانرابوون، وێنەکان زۆر سادە بوون، وتم مامۆستا ئەی ئەم مەعرەزە چییە؟

**مامۆستا سۆزیار:** ئەمە کاری دەستی و ئەو وێنانەن کە تەلەبەکانمان کردوویانە، لێرە دایەنێین و ساڵانە لە فیستیڤاڵەکان نمایشی ئەکەین بۆ فرۆشتن و داهاتەکەی ئەدرێتەوە بە تەلەبەکان و فێری فرۆشتنیان ئەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا توانای خوێندکارەکانمان پیشان ئەدەین.

**من:** ئەی هیچتان لێ فرۆشتووە؟ هەموو ساڵێک ئەمە دەکەن؟

**مامۆستا سۆزیار:** بەڵێ هەموو ساڵێ ڕۆژێک دائەنێین بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵ یا بەشداریکردن لەو فیستیڤاڵانەی کە ئەکرێت، لەگەڵ چەندین کۆمپانیا و سەرمایەدار قسە ئەکەین کە سپۆنسەرمان بکەن بۆ فیستیڤاڵەکان، بەڵێ هەموو ساڵێک بەشێک لە کارەکان ئەفرۆشین کە خوێندکار خۆی نمایشی ئەکات و ئەیفرۆشێ، ئەگەر هەر ساڵێکیش بینەر و کڕیار کەم بێت لەڕێی خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدارەکانەوە بەرهەمەکان ئەفرۆشین واتە ئەوان ئەیکڕن، ئەمەش بۆ ئەوەیە خوێندکار

فێری کار و فرۆشتن بکەین، هاندانێکیشە بۆ خۆیان تا بزانن جێدەستیان دیارە و ئەتوانن ئەوەی فێریبوون بیکەنە سەرچاوەی داهات بۆ خۆیان.

دیسان لەفکراڕۆچووم و بیرمەکردەوە، ئێمە بینابیمان هەبوو بە سادەترین کەرەستە کە قەڵەم ڕەساسێک بوو، یا هەندێ جار یەک دوو قەڵەم بۆیە و سلە بۆیە، جوانترین وێنەی ئەکێشا کە لەگەڵ ڕاستەقینە جیاوازیەکی وای نەبوو، خەندە و ئامانجمان هەبوو لە کاری دەستڕەنگینی زۆر لێهاتوو بوون کاری زۆر جوان و سەرنجڕاکێشیان ئەکرد، شەهیناز و ژیارمان هەبوو کە بەبێ بوونی یاریگایەکی چیمەن و تۆپێکی باش جوانترین یاری و نمایشیان بە تۆپ ئەکرد، ئەحمەدمان هەبوو بەبێ ئەوەی کۆمپیتەرێکی باشی هەبێ تەنها بە لاپتۆپێک کە بە ترە ترِ ئیشی ئەکرد خۆی فێری چەندین بەرنامەی کۆمپیتەر کرد، کەچی ئەبینم لێرە سەرەڕای ئەوەی تەلەبەکانیان لەم ناز و نیعمەتەدا ئەژین، بەڵام چەند ڕەسمێک و کارێکی سادەیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستاکانیان بەوجۆرە هانیان ئەدەن و ئیشەکانیان بە گرنگ وەسفەکان و بازاڕیان بۆ ئەدۆزنەوە، لێرە یاریگای باسکە و تۆپی پێ جیایە، لای ئێمەش تەلەبە لە دەرزی وەرزش کە حەقی خۆی بوو سەردار بە هەزار ترِ و منەت ئینجا تۆپێکی دڕاوی پێ ئەدان یاری پێ بکەن ئەویش بەس کوڕەکان، کچەکان ئەبوو سێڕسکێن و دامە بکەن و نەیەنە دەرەوە، لێرە ئەنواع کەرەستەی وێنەکێشان و ژینگەی لەبار ڕەخساوە بۆ تەلەبە و دواتریش وێنەکانیان بۆ ئەفرۆشن، لای ئێمەش بینایی وێنەیەکی کێشا چاوی خۆی لەسەر دانا و لە مەکتەب دەرکرا، لای ئێمە دەرزی وەرزش و هونەر و ڕەسم و هەمووی

یەک شت بوو هەمووی زۆر گرنگی بە دەرزەکە بدرایە هەر ئەو تۆپە دراوە بوو، لێرە تەنانەت لە دەرزی وەرزشەکەش یاری تۆپی پێ و باسکە جیایە، لە هونەر مۆسیقا و وێنەکێشان جیاوازە و شوێنی تـایبەتی هەیە، لێـرە لە ژوری کـۆمپیتەر و ئەو هەمـوو کـۆمپیتەرە مواسـەفات بەرزە بە هەمـوو تەلەبەکـان دوو بەرنامەیـان دروسـت نەکـردووە، لای ئـێمە ئەحـمەد بە لاپتۆپێکی مواسـەفات نـزم چەنـدین داتابەیسـی دروسـتەکرد، سـەرەڕای هەموویشـی لای ئـێمە تەلەبە لەکـاتی پشـووی خـۆی ئەبـوو بە دزیەوە کتێبێکی غەیری مەنهەج بخوێنێتەوە، لێـرە ژوری کتێـب خوێنـدنەوەیان هەیە، لێرە ئاوا گرنگی بە فێربوون و خوێندکار ئەدرێت بەو جـۆرە فێـری کارکردن و بازاڕسازیان ئەکەن، لای ئێمەش بەس تواناکانیـان ئەکوشـتن بەبیانوی جیاوازەوە.

کەمێکی تر ڕۆشتین مامۆستا سۆزیار **وتـی:** ئەمەش ژوری پۆدکاست و ڕاگەیانـدنی قوتابخـانەیە، ئەمەی تەنیشتیشـی ژورێکـی بچـوکە مامۆسـتا ڕەنجدەر وتی ئەگەر مامۆسـتا ئـالان هـات ئەو ژورە چـاکەکەین هەنـدێ ئەشـیای ئەلکترۆنـی ئەکـڕین و پێـی ئەڵـێم مەنهەجێکـی بـۆ دانێـت و ئەلکترۆنیات و پرۆگرامکردن بخوێنێت.

هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و **وتم:** وەڵا ئوسـتاز واز لە ژورەکەی مـن بێنە چونکە جـارێ دڵنیـانیم لێـرە ئەمێـنمەوە یـان نـا، بەس ئەم ژوری پۆدکاست و ڕاگەیاندنە بۆچییە؟

**مامۆسـتا سـۆزیار:** ئەمە وەکـو سـتۆدیۆیەک وایە ئیشـی ڕیکلامـی قوتابخانە و ڕاگەیندنی هەر پرۆژە و ئۆفەر و شـتێک بێـت لێـرە ڤیـدیۆی

ئەکەیــن، پۆدکاستیشــمان هەیە هەفتــانە یــا مانگــانە پۆدکاســت لەگەڵ یەکێــک لە تەلەبە خــاوەن تواناکانمــان ئەکەیــن، هەر تەلەبەیکمــان لە بوارێکدا خاوەن توانا و لێهاتوون، لێرەوە بەرنامەیان لەگەڵ تۆمــارەکەین و موقابەلەیان ئەکەین، ئەمە هەم بۆ پیشــاندانی تواناکانیــانە هەم بــۆ ئەوەیە خۆشیان لەبەردەم کامێرا بکرێنەوە و هەستی باوەڕبەخۆبونیان زیاد بکــات و لە داهاتوو لە کامێرا و چــاوپێکەوتن نەترســن، خۆمــان دوای مۆنتــاژی بەرنامەکە ڤیدیۆکان لە سۆشــیال میــدیاکانی خۆمــان پۆســتەکەین، بەمە زیاتر خوێنــدکارەکان هــانەدەین کە بتــوانن قســە بــکەن و ڕا و بۆچــونی خۆیان هەبێت.

کاتێک ئەمانەم بینــی بێتــاقەتییەکی زۆر دایگــرتم بیرمەکــردەوە لێــرە تەلەبەکان کەسانی ئاسایین بەس مامۆستا و کارگێڕی قوتابخانە بەجۆرێک گرنگیان پێ ئەدەن و هانیان ئەدەن بۆ دەرکەوتن و برەودان بە تواناکانیان کە هەموو کەس حەزەکات تەلەبەی ئێرەبێت، لای ئێمەش تەلەبەکانمــان بەتوانا و خاوەن بەهرە و لێهاتوون بەس بە جۆرێک ئیهمالکراون جــگە لە دەرز و سەعی هیچیان پێنــاڵێن، هەناســەیەکی قــوڵم هەڵکێشــا و لەژێــر لێوەوە **وتم:** ئاییی خەجاڵەت بی سەردار.

**مامۆستا سۆزیار:** بۆچی ئوستاز؟ سەردار کێیە؟

من: هیچ مامۆستا لێیگەڕێ، مامۆستایەکە لای ئێمەبوو بەس باسکردنی دورودرێژە لێیگەڕێ باشترە.

کە وتــم خەجــاڵەت بێــت ســەردار، مامۆســـتا ســۆزیار بە نۆعێــک سەیریکردم، دوای زانیتم ئەویش برایەکی هەیە ناوی سەردارە، مــن ئەمە لەکوێوە بزانم.

وەلحاڵ خواحافیزبوونم لە مامۆستا سۆزیار و مامۆستا ڕەنجـدەر کـرد و هاتمەوە بۆ ماڵەوە، هەرچەن مامۆستا ڕەنجدەر **وتــی:** مامۆستا سـیڤی تـر وەرنـــاگرم چـــاوەڕێم تـــۆ جـــوابم لـــێ بگێـــڕیتەوە و وا ژورێکیشـــت بـــۆ ئامادەئەکەین و دەرزی ئەلکترۆنیک زیادەکەین بـۆ خوێنـدکارەکان، بەڵام من **وتم:** وەڵا ئوستاز لەوەناچێ بگونجێت.

ئەو ڕۆژە هەر بیرم لەوە ئەکردەوە تەلەبەی مەکتەبە ئەهلییەکـان لە چ ناز و نیعمەتێکا ئەژین، ژینگەیەکی گونجاو، مامۆستای لێهـاتوو و دڵسـۆز، ڕەخاسندنی کەشـی فێربـوون، فێربـوونی کـارکردن و بازاڕسـازی، دەرزی هــونەر و وەرزش کە لە مەکــتەبە حوکمیەکــان لاوەکیــیە، لە مەکــتەبە ئەهلییەکـــان زیـــاد لە یەک مامۆســـتای هەیە، تەلەبەی مەکـــتەبە حوکمیەکانیش چۆنن بەتایبەت لادێکان، لە مەکتەبی حوکمی بەتـایبەت لادێکان دەرزی کیمیا و ئەحیا کە سەرەکیشە هەندێ جار یەک مامۆستا هەردوو دەرزەکە ئەڵێتەوە، نە پسـپۆڕی هەیە، نە خەمخـۆر، لە مەکـتەبە ئەهلییەکان مامۆستایان ساڵانە خول و دەورەی تایبەتی ئەبینن بـۆ زیـاتر خۆ پێگەیاندن، لە مەکـتەبە حوکمیەکـانیش مەگەر بە فشـاری تەربـێ و موشریف ئەینا مامۆستا ئامادە نییە دەورەیەک ببینێ.

لە مەکتەبە ئەهلییەکـان کـار لەسـەر حەزی خوێنـدکار و فێربـوون و بـاوەڕبەخۆبوون و دەرکەوتـن لە سۆشـیال میـدیا ئەکەن، لە مەکـتەبە حوکمیەکانیش هەر باس باسی سەعی و خراپیەکانی موبایلە، لە مەکتەبە ئەهلییەکان لە ساڵێکا چەندین جار گەشتی زانستی و چوون بۆ سینەما و شاری یاری بۆ خوێندکاران ڕێکەخرێت، لای ئـێمەش هەمـوو گەشـتەکە ئەوەبوو تەلەبەیان ئەبردە پشتی مەکتەبەکەوە، ئەویـش بە هەزار ڕێکـاری ئەمنی سەردار سێ چوار مامۆسـتای ڕائەسـپارد کە بە دەوری تەلەبەکانـا پشتێنێک دروستبکەن و نەهێڵن تەلەبە لەوێ تێـپەڕ بکـات، نـازانم ئەمە سەیران بوو یا پیتاندنی یۆرانیۆم.

زۆرینەی مامۆستاش کاتێک باسی ژیـان و گـوزەران ئەکـرێ یەکسـەر خۆیان بەراورد ئەکەن بە مامۆستای یابـان و ئەم قسـە ئەکەن "**مامۆستا لە یابان مەعاشی وەزیرێکی هەیە**" زۆرێک لە مامۆستا هەر باس ببێـتە باسی مامۆستا و مەعاش و گـوزەران ئەم قسـە فـڕێ ئەدەن، مامۆسـتا لە فڵانە وڵات بەقەدەر وەزیرێـک مەعاشـی هەیە، لێـرە مامۆسـتا زۆر خـۆی مەزڵوم پیشـان دەدات، وا خـۆی پیشـان دەدات کە وەک مامۆسـتایەکی یابانی وایە بەس مافی کەمتر پێدراوە، بەڵام با لێرەدا بە ویـژدانەوە بڕیـار بـدەین، بـزانین ئەم واعیـزانەی ئێـرە حەقـی ئەوەیـان هەیە وەک یابـان مەعاشاین بدرێتێ؟

من بەو واعیزانە ئەڵێم مامۆستایەک لە یابان پـۆلێکی پێگەیانـدووە کە یابانی دروستکردووە، جیلێکی دروستکردووە کە لە یـاری وڵاتەکەیـان لە یاریگـای تیپـی بەرامـبەر سـەرەڕای ئەوەی تیپەکەشـیان دۆڕاوە کەچـی

هاندەرەکان یاریگاکە پاک دەکەنەوە، بەڵام لێرە تۆ کێت پێگەیاندووە؟! سەیری یاریگاکانی کوردستان بکە کە دوای تیپی خاوەن یاریگا ئەدۆڕێت و گوێ بۆ جنێوەکان بگرە! ئەوانە هەموویان تەلەبەی مامۆستان تەلەبەی تۆن کە داوا ئەکەیت مەعاشەکەت وەک مامۆستایەکی یابان وابێت.

مامۆستای یابان پۆلێکی دروستکردووە و وڵاتێکی دروستکردووە کە پێی ئەوترێت هەسارەی یابان، لە هەموو ڕوویەکەوە داهێنەر و تێگەیشتوو، ئەی تۆ لێرە کێت پێگەیاندووە غەیری شەرحکردنی مەنهەجێکی کرچ و کاڵ؟!

لە یابان مامۆستایان بەردەوام هەوڵی خۆپێگەیاندن و بەرەودان بە تواناکانیان ئەدەن و هەوڵی فێربوونی زمان ئەدەن جگە لە بینینی چەندین خولی جۆراوجۆر، لێرەش بە زەبری موشریف و غیابات نەبێ بە دەگمەن مامۆستایەک ئەبینی هەوڵی خۆپێگەیاندن بدات، بۆیە هەر پێش ئەوەی باسی مەعاشی مامۆستای یابان و مامۆستای خۆمان بکەن، سەیری خۆت و مامۆستای مەکتەبێکی نمونەیی بکە، بزانە ئەو چۆن هەوڵی خۆپێگەیاندن دەدات، تۆیش جگە لە ئەمری موشریف و تەربیە تەنانەت هەوڵ نادەیت فێری پرسیار نوسینیش ببیت، ئەچی لە بازاڕ ئەینوسی.

لە یابان مامۆستا بە خوێندکارەکانی دەڵێت "**سەرکەوتنی تۆ سەرکەوتنی یابانە**"، بەڵام لێرە مامۆستاکان پێیان ئەوتین "**تۆ دەرچیت و دەرنەچیت من مەعاشی خۆم هەر وەرەگرم**"، سەیرکەن لە یابان چۆن خوێندکار هان دەدەن چۆن تموحی سەرکەوتن و داهێنانیان تیا دروست دەکەن چۆن باوەڕبەخۆبونیان بۆ دروست دەکەن سەرکەوتنی

وڵاتەکە ئەبەستەنەوە بە سەرکەوتنی خوێندکارێکەوە، لێرەش جگە لەوەی کە واعیز خوێندکاری هان نەدەدا، بەڵکو ئەیڕوخانی بێ منەتـی ئەکـردی کە ئەیـوت دەرچـی و دەرنەچـی هـیچ لە مەوزوع نـاگۆڕێ، تەبـعەن ئەم قسەیە لە مێشکی خوێندکارا ئەچەسپێ و ئەبێ بە باوەڕ لەلای کە بـوونی ئەو هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ نەبوونی.

دوای چەنـدین سـاڵ وەڵامـی ئەم قسـەم بینـیەوە هەر لە منـاڵیەوە واعیزەکان ئەم قسەیان ئەکرد بە مێشکامانا (تـۆ دەرچیـت و دەرنەچیـت من مەعاشی خۆم هەر وەرەگرم) جگە لە لێدان و سوکایەتی و تەعزیبـی دەروونی ڕاوەستان لەسـەر یەک قـاچ تـا کۆتـایی وانەکە، ئەمە ئەخلاقـی بەشێک لە مامۆستاکان بوو.

دوای چەنـدین سـاڵ خـۆم بـوومەوە مامۆسـتا، لە چەنـدین چـالاکی پەروەردە و فێربوون بەشدارەبووم، لە نارەزایەتییەکـان و خۆپیشـاندانەکان بەشداربووم، لە خۆپیشاندانەکان چەند جارێک وەڵامی ئەو قسەم بیستەوە کە بە مناڵی مامۆستا واعیزەکان پێیان ئەوتین ئێوە دەرچـن و دەرنەچـن مـن مەعاشـی خـۆم هەر وەرەگـرم، بەڵـێ لە خۆپیشـاندانەکان و لەسـەر شاشـەی تەلەفیزیۆنەکـان قەدەر ئەو ڕۆژەی پیشـانی بەشـێک لەو کـۆنە واعیزانە دایەوە کە ٢٥٠ دیناریـان بەرز ئەکـردەوە و بە گریـانەوە ئەیـانوت تەنها ئەوەمان پارە پێیە.

هەنـدێ جـار ئەبـێ بیـربکەینەوە بـزانین ئەوەی کە غەدر لە مامۆسـتا ئەکرێ بەشێکی غەدرە بەشێکیشـی لەوانەیە تـۆڵە بێـت و خـوای گەورە

دوعای تەلەبەیەکی قبوڵ کردبێت کە غەدری لێکراوە، لەوانەیە پیشاندانی بێدەسەڵاتی مامۆستابێت تا کەمێک لە غروریەت دورکەونەوە.

دوای ئەوەی لە مەکتەبە ئەهلیەکە هاتمەوە هەر ئەو ڕۆژە بیرمەکردەوە من بەتەمای چیم؟! یەعنی بچم لەو مەکتەبە ئەهلیانە دەوام بکەم؟! ئەی خۆ چەند بابەتم لەسەر سیستەمی سەرمایەداری نوسیوە، ئێستا خۆم بچمەوە خزمەت بەو سیستەمە بکەم؟! بۆ من خزمەتکردن لەو مەکتەبانە وا هەستەکەم خزمەتکردنە بە سەرمایەداری، ئاخر سەرمایەداری سیستەمێکە هەموو جیهان ئەخاتە خزمەت سەرمایەدارەکان و ئەوانەی کە هەبوون، لێرەش خۆ شتێکی وای فەرق نییە، مەکتەبەکە بۆیە سیڤی من قبوڵکردووە ئەڵێ لەبەر ئەوەی چالاکیت و لە بواری خۆت شارەزایت و ئەتوانی تەلەبە پێبگەیەنیت، دەی ئەگەر وایە من ئەو توانام هەیە بۆ بچم بیخەمە خزمەت منالی دەوڵەمەند و مەسول، نا ناچم، ئەگەر قەراربێت سودێکم هەبێت، لە ئێستایە نەک مەکتەبێکی ئەهلی یا مەکتەبێکی حوکمی ناوشار، مەکتەبی لادێیەک لەوانەیە پێویستی بە من هەبێت، چونکە لادێکان بەتەواوی ئیهمال کراون، مەکتەبی ناوشار یا ئەهلی منیش نەبم یەکێکی تر هەر هەیە دەرزی تیا بڵێتەوە، ناهێڵن پەکی بکەوێت، بەس مەکتەبی لادێکان لایان ئاساییە دەرزی کیمیا و فیزیا بدەنە مامۆستای کۆمەڵایەتی بیڵێتەوە، نە پسپۆڕی هەیە نە هیچ تەنها بۆئەوەی بەڕێی بکەن، بۆیە بڕیارمدا هەر لە ناوشار دەوام ناکەم، ئەچمەوە بۆ مەکتەبی لادێیەکی تر، ئەگەر نزیکی لادێکەی پێشتریش بێت ئەوە باشترە.

کات نزیکی بانگی ئێوارەبوو، ماسنجەری موبایلەکەم دەنگی نامەی هات، سەیرم کرد نامەیەکم بۆ هاتبوو، پەیجێک بوو بەناوی (خەندەی ناچاری)، نوسیبووی: مامۆستا سڵاو هیوادارم باشبیت نازانم ئەمناسی یان نا، وەڵامی پرسیارەکەم جارێ تر وەرگرت.

نەمناسی کێیە وتم لەوانەیە پەیجێکی ئاسایی بێت هەر بۆ لایک و کۆمێنت بەم ناوەوە داینابێ و پۆستی وتە و ئەو شتانەی تیا بکات، سەیرێکی پەیجەکەم کرد چەند وتەیەک و بەسەرهاتی پۆستکردبوو زۆریان دەربارەی کچ بوو، جوابی نامەکەیم دایەوە و **وتم:** سڵاو فەرموو کێی بەرێزت؟

**پەیجەکە:** مامۆستا من خەندەم تەلەبەی خۆت بووم ئەوەی کە لە پۆلی پێنج نەیانهێشت بێمەوە بۆ مەکتەب.

**من:** ئێ ئێ دەی هەر سەلامەتبیت ڕۆڵە گیان، ئەی ئەم ناوە چییە بۆ ئەم پەیجەت داناوە؟

**خەندە:** مامۆستا خۆم ناوم خەندەیە، پەیجەکەش بەناوی خۆمەوەیە بەس هاوڕێ نزیکەکانم ئەزانن کە منم، ناچاریەکە مەبەستم لەوەیە بە ناچاری خەندەیەکم کرد تەنها بۆ ڕەسمێک، ئەوە دواتر پێتەڵێم، بەس ئەمەوێ ئێستا ئەوەت پێبڵێم کە جوابی پرسیارەکەمم وەرگرت، کە لە پۆل پرسیم مامۆستا سزای کچبوون یەعنی چی؟ تۆ وتت ڕۆڵە خۆتان بەو شتانەوە سەرقاڵ مەکەن، من ئەوکات نەمەزانی وەڵامی ئەو پرسیارەش ئەبێ وەک دەرزە زانستیەکان بە کرداری ئەزموونی بکەین ئینجا لێی

تێدەگەین، مامۆستا من ئەزموونم کرد، ئێستا من هاوسەرگیریم کردووە و لە ماڵی خۆمدام.

لەکۆتـای نـامەکە ئیمـۆجیەکی گریـانی دانـابوو، جـوابم دایەوە **وتـم:** پیرۆزتبێت و بەخـتەوەربن ان شـاء اللـە، تەواو ئیتـر کە قۆنـاغێکی تـری ژیانت دەسپێکردووە بیر لەو شتانە مەکەرەوە.

لەبەر ئەوەی بەیانی زوو لەخەو هەستابووم، زۆر هـیلاک بـووم، ئێـوارە دوای نوێژ نانیشم نەخوارد یەکسەر خەوم لێکەوت، نزیکی سەعات هەشت و نیوی شەو خەبەرم بۆوە، سەیرم کرد خەندە نامەیەکی تـری نـاردووە و نامەیەکی دورودرێژ بە تەفاسیل هەموو شتێکی نوسیبوو نامەکە زۆر بـوو، بە دوو سێ بەش هاتبوو، نوسیبووی "**مامۆستا قۆناغی تری چـی، نـازانی ئیستا لە چ حاڵێکدام، ئێستا ئەمەوێ ئەوەت پێ بڵـێم کە جـارێکی تـر سزای کچبوونم وەرگرت، لەسەر ئەوەی کە کچ بووم و بەتەنیا هاتمەوە بۆ قوتابخانە نەیانهێشت ئیتر بێمەوە ئەوە سزای یەکەمم بـوو، ئەمسـاڵیش سزای دووەمی کچبوونم وەرگرت، وا دوو هەفتە ئەبێ گواستراومەتەوە لە ماڵێ خۆمدام بەڵام چ ماڵێک چ هاوسەرێک، بە زۆر هاوسەرگیریم لەگەڵ پیاوێک پێکرا کە تەمەنی ٦٩ساڵە، ئەزانی چۆن؟ با بۆت باسکەم، ئەمساڵ لەسەر کێشەی ئاو و زەرعات باوکم و مامم لەگەڵ ماڵ کاک فەرەج بوو بە دەنگە دەنگیان و دوو ڕۆژ بەو کێشەوە تلاینەوە و کێشەکە گەورەبوو و دەسیان دایە دەمانچە لە یەکتر و لەو نێوانە مـامم دوو سـێ فیشـەکی تەقاند یەکیان بەر دڵی کاک فەرەج کەوت و بە سەختی بریندار بوو، دوو ڕۆژ لە خەسخانە مایەوە و گیانی سپارد، پاش ئەوە دە ڕۆژێک لە لادێکە**

ڕۆشتین و دوژمنداربووین، دواتر سوڵحکرا، و من بوومە قوربانی سوڵحەکە، بەو مەرجە سـوڵحکرا کە لە بنەمـاڵەی ئـێمە کچێـک بـدەن بە کـاک ڕەحیمی برای کاک فەرەج، کچەکەش من بووم، کـاک ڕەحیمـی بـرای کاک فەرەج تەمەنی ٦٩ ساڵە ژنـی هەبـووە و تەلاقـی داوە، بڕیـاردرا و هەردوو بنەماڵە بەوە ڕازی بوون، تەنها ئەوەی کە ناڕازی بوو من بـووم، بەس ئیتر منیش مناڵێکم کێ گوێم بۆ ئەگرێت، کاتێ پێیان وتم سبەی ئەودەین بە ڕەحیمی برای فەرەج، شۆک بووم، ئاخر ئەمە چ خەبەرێـک بوو، منێک کە تەمەنم هێشتا نەبۆتە هەژدە ساڵ زەواج لەگەڵ کەسێکدا بکەم کە ٦٩ ساڵە و ژنی هەبووە، ئاخر بەوە ئیتر ژیانی من بۆ هەتا هەتایە کۆتای پێ ئەهات، کێ ناڵێ من خۆشەویستم هەبووە، کـێ نـاڵێ لەگەڵ کەسێک بەتەمای یەک بووین، ئاخر ئەم بڕیارە چی بوو، بۆیە بە باوکمم وت باوکە من جارێ مناڵم و بەتەما نیم شوو بکەم ئینجا ئەو پیـاوە زۆر بەتەمەنە کەی لە ئاسـتی یەکـاین، بـۆ کێشـەی خۆتـان ژیـانی مـن مەفەوتێنن، هەر وام وت و مامەم کە لە ماڵمان بوو، یەک زلەی لێدام و هاواری کرد بەسەرما چەتیو خەریکە فێری زمان درێژی ئەبی ئەی ئەوەت پێ باشە سبەی بێن و یەکێکمـان لـێ بکـوژنەوە ئەی ئەتەوێ سـبەی باوکت بکوژنەوە گوێم لە یەک قسەی تر نەبێ، باوکیشم وتی یا ئەچیتە ماڵ ڕەحیم یا تا ئەمری لەم ماڵە نـاچیتە دەرەوە، بە ناچـاری و بە زۆر منیان دا بە پیاوێکی ٦٩ ساڵ، ڕەحیم کە ئێستا هاوسەرمە وتـی ئەبـێ حەفلەشـی بـۆ بـکەم و قەوم و عەشـرەت بـانگەکەم، هەر لە گونـدەکە شاییەکی بچوکیان بۆ کردین، لەو کاتەیا سارا و شیراز و بانووم بینیەوە،

نازانم باوەڕەکەی یان نا، بەڵام دوای ئەوەی لە مەکتەب دەریانکردم، من ئەو کچانەم نەبینیوەتەوە، لە ڕۆژی شایییەکەم بینیمنەوە هەندێکیان زۆر گۆڕابوون، نازانم بڵێم چ هەستێکم هەبوو کاتێک هاوڕێکانم ئەیـانبینیتم منێکی منداڵ لە دەستی پیاوێکی بەتەمەن کە لە باوکم گەورەترە وەستاوم و قەرارە ئەم پیاوە ببێتە هاوسەرم، لەوکاتە زۆر زۆر بێتاقەت و بێزاربووم، زوو زوو خوشکێکی ڕەحیم ئەهاتە لام و ئەیوت پێبکەنە با لە ڕەسمەکانا جوان دەرچێت، منیش زۆر بە ناچاری پێکەنینێکم ئەکرد، خەنـدەیەکم ئەکرد، بەڵام خەندەیەکی ناچاری بوو، دوای گواستنەوەم لەم شـەوانەی ڕابردوو شەهیناز نامەی بۆ ناردم و وتی کە دوای تۆ بانووش لە مەکتەب دەرکرا، بینابیش لە پۆلی نۆ لە مەکتەب دەرکراو و چاوێکیشی لەدەستدا، مامۆستا ئێمە سزای کچبوونمان وەرگرت، نازانم ئەوانی تریش ئەو سزایە چاوەڕێیان ئەکات یا ئیتر بەسەرهاتی من و بینایی و بانوو ئەبێتە دەرزێک و کۆتای دێت، کێشەکە ئەوەیە زۆرێـک لەوانەی کە لەبەر کچبوونمـان سزامان ئەدەن بەناوی پەروەردە و دیـنەوە سـزامان ئەدەن بـۆیە کەس ناتوانێ بڵێ بۆ وا ئەکەن؟ مامۆستا بەناوی پەروەردەوە نەیەهێشت ئێمە لە دەرەوە یاری بکەین، بـاوکی بینـایش بەحسـاب بـۆ پاراسـتنی حەیـا و حورمەتی چاوی بینایی کوێر کرد، مامۆستا ئێمە تێگەشـتین کە ئەوەی ئەوان ئەیکەن نە دین وا ئەڵێ نە پەروەردە، بەس ئەوان خۆیـان ئەدەنە پاڵ پەروەردە و دین، دەی خۆ دین ئەڵێ دروست نیـیە لە دەموچـاوی منداڵ بدرێت، ئەی بۆ مامم زلەی لێـدام؟ ئەی بـۆ کـاک ڕێبـوار چـاوی کچەکەی کوێر کرد؟ ئەمـانە لە دینـا نیـیە بەس بڵێـین چـی ئەوان وا

ئەکەن، مامۆستا خۆ ئێمە هەر بە دەرکردن لە مەکتەب سزا نەدراین، بە زۆر شێوە سزا دراین تەنانەت حەلکردنــی کێشــەکانیش هەر دواجــار بە سزادان و کوشتنی ئێمە چارەسەر ئەکەن، کاتێک کوڕێک لەدایک دەبێت حەفلەی بۆ ئەکەن و جاڕ ئەدەن بەگوێی خەڵکا کوڕێــک لەدایــک بــوو، بەڵام کاتێک ئێمە لەدایک دەبــین، ئەیشــارنەوە و پێیــان عەیــبە بڵــێن کچمان بووە، زۆرجار پێمان ئەڵێن خزمەتکار، بەڵام کە گەورەش ئەبــین کوڕەکان کێشە دروستەکەن، بۆ حەلەکەی ئێمە بەکارەهێنن یا ژیانمان ئەفەوتێنن یا بەحساب بــۆ پاراســتنی حەیــا و حورمەتیــان ئەمــانکوژن، مامۆستا ئێستا زۆر بە باشی تێگەشتم سزای کچبوون چیــیە، زۆر بــاش لەوەش تێگەشتم کە ئەو کاتەی پرسیارم کرد وەڵامت نەدامەوە ویستت لەو واقعە تاڵە دورمان بخەیتەوە، بەڵام ئیتر ئەوە بۆ ئێمە واقع بوو، ئێمە سزای کچبوونمان وەرگرت، من دوو جار، جارێک لە مەکتەب دەرکرام، جارێک هەموو ژیانم لەناوبرا، بینایی هەروا بانوو هەروا، ســزا لەوە زیــاتر چییە کە من لە مەکتەب دەرکرام تا ڕۆژی حەفلە ناچاریەکەم هاوڕێکانم نەبینیوە؟ مامۆستا هەمووکات وانەکانت بە تــاقیکردنەوە بــۆ باســەکردین ئەتوت هەندێ وانە هەیە نەزەری تێناگەن ئەبێ یا ئەزموونی بکەن یا بە تاقیکردنەوە ببینن، منیش ئەو کاتەی گوێم لەو ڤیدیۆ گــرت کە وتــی سزای کچبوون هەیە، هیچ لێی تێنەگەشتم هیچ کاریشی لــێ نەکــردم، بەس هەر وتم بزانم یەعنی چی، بەڵام ئێستا خــۆم لەنــاو ئەو ڤیــدیۆیە ئەژیم، ئێستا ئەزموونم کردووە و باش تێگەشتووم، مامۆستا با لەوە زیاتر کاتت نەگرم، خوات لەگەڵ".

دوای ئەوەی نامەکەیم خوێندەوە جارێکی تر سەیری پەیجەکەیم کرد چەندین پۆست و نوسینی لەسەر ژیانی خۆی و هاوڕێکانی دانابوو، بەڵام بەناوی خوازراو و ناوی جیاواز، زانیتم هەموو ناڕەحەتی و هەستەکانی خۆی لە فەیسبووک خاڵی ئەکاتەوە.

بەیانی زوو چوومەوە بۆ شارۆچکەکە و چووم بۆ پەروەردە و داواکاریم نوسی کە نەقڵەکەم بۆ بکەن بۆ لادێیەکی هەمان پەروەردە، هەر لادێیەک بێت کێشەم نییە تەنها شار نەبێت، ئەمزانی لادێکان تەلەبەی خاوەن توانای تیایە بەس ئیهمال کراون، ئەگەر قەراربێت جێدەستمان دیاربێ لەوێ دیارەبێ و ئیسفادەی ئەبێت، هەر ئەو ساڵە نەقڵ کرام بۆ لادێیەکی نزیکتر لە شارۆچکەکە.

چەند ساڵێک لە لادێ تازەکە دەوامم کرد و کۆمەڵێ تەلەبەی تازەم ناسی، کۆمەڵێ دەموچاوی تازە، کۆمەڵێ مامۆستای تر، هەردوو جۆر مامۆستاکە هەم خوێنەوار هەم نەخوێنەوار، لە هەموو قوتابخانەیەک مامۆستای نەخوێنەوار هەر هەیە.

کاتێ هاتمە ئێرەش شتێ سیرم بینی، دووەم ڕۆژی دەوامم بوو بەیانی کە چوومە مەکتەبەکە، چوومە پۆلی دوو، چوار تەلەبە بوون، دوانیان ڕاستەیان پێدام، دانەیەکیشیان دارێکی پێدام، وتم ئەوە چییە؟ وتیان مامۆستا ئەوە ڕاستە با پێت بێت بۆ تەلەبەکان کە سەعیان نەکردبوو بەوە لێیان بدە.



منــاڵی ئەم گونــدە عاشــقی تەعزیــب و لێــدان کرابــوون، پــێش مــن مامۆســتایەک وانەی زانســتی پــێ ئەوتــن کە ئێســتا نەقــڵ بــووە و مــن هاتومەتە شوێنی ئەو، ئەو مامۆستا ناوی پشتیوان بوو، بە تەلەبەکـانم وت نا بۆچی لێتان بدەم نابێ بە لێدان سـەعی بـکەن، ئەوان وتیـان مامۆسـتا پشتیوان هەموو کات لێی ئەداین و بە خۆشمانی ئەوت ڕاستە و دار بێنن و هەر بەوە لێی ئەداین.

ئەوەی کە لام سەیربوو ئەوەبوو، سەرەڕای تەعزیبی دەروونی و لێـدان، بەڵام ئەو چوار تەلەبە هەمووکات وەسفی مامۆسـتا پشـتیوانیان ئەکـرد و ئەیانوت دەرزی خۆشبووە، کە وایان ئەوت قسەی بـرادەرێکم بیـرکەوتەوە کە ئەیـــــــــوت "**هەنـدێ جـار ئینسـان ئەگـاتە حاڵەتێـک عاشـقی جەلادەکەی ئەبێت**" واتە ئەوەندە بە توندوتیژی لەگەڵتا ئەجوڵێنەوە ئەو تونـدوتیژیە ئەبێـتە بەشـێک لە ژیـانی تـۆ تـا وات لێـیەت ئەوکەسـەت خۆشەوێ کە توندوتیژە لەگەڵتا، چونکە بووە بە بەشیک لە تۆ، ڕێـک وایە هەرکەســێ بە تــرس و تەعزیــب پەروەردە کرابێــت، لە خۆشەویســتی ئەترسێ، ئەو بەس تەعزیب و ترسی لا پیرۆز ئەبێت، تەنانەت ئەو دارەش کە تێهەڵدانی پێ خواردووە بۆ یادگاری لای خۆی هەڵیەگرێت.

دوو سێ ڕۆژ دەوامم ئەکـرد چـونکە شـوێنی مـانەوەی مامۆسـتا تەواو چاک نەکرابـوو، بـۆیە ئەو دوو سـێ ڕۆژە هـاتوچۆم ئەکـرد، تـا یەک دوو کەسی لادێکە خانویەکی بچکۆلەیان بۆ چاککردم، پێشتر خانوو بـوو بەس چـونکە بەکارنەئەهـات تێکچووبـوو بە مـل یەکـا، دوو گەنجـی لادێـکە خەریکبوون کە چاکیان ئەکرد، پێش ئەوەی بچمە ئەوێ ئەوان خەریکـی

ئەو خانووە بوون بەس کاری زۆری ئەویست بۆیە درەنـگ تەواو بـوو، ئەو گەنجەی کە زۆر خەریکی خانووەکە ئەبوو و بە دەوروخولیا ئەهات کوڕێک بوو نـاوی سـیروان بـوو، خەڵکـی گونـدەکە پێیـان ئەوت دکتـۆر، پیـاوە بەتەمەنەکانیش ئەیانوت دختۆر، نازانم هەر بە ڕاست دکتۆر بوو یـا نازنـاو بوو یا وەک تەعلیق وایان پێ ئەوت، وەلحاڵ من ئەو کوڕەم هەر نەبینـی تا خانووەکە تەواو چاککرا، چونکە ئەو هەر شەو مەجـالی ئەبـوو ئـیش لە خانووەکە بکات، شەویش من ئەهاتمەوە بۆ شارەکەی خۆم.

نزیکەی دە ڕۆژێک ئەبوو هاتوچۆم ئەکرد، بەیانیەک پێش ئەوەی بگەمە مەکتەبەکە پیاوێکی بە تەمەن پەنجا ساڵان ئەبـوو لە بەردەم مەکـتەبەکە وەستابوو، پێم وابێ باوکی یەکێ لە تەلەبەکانمان بوو، **وتی:** مامۆستا ئەوە خانووەکەشت تەواو چاککراوە تەلەفون بۆ دختـۆر بـکە کلیـل و شـتەکان لای ئەوە با ئێوارە بۆو بێنێتەوە، وتم باشە.

نیوەڕۆ دوای دەوام نەچوومەوە بۆ شارەکەی خۆم، هەر لەوێ مـامەوە و ڕەقەمی دکتۆرم لە گەنجێکی گوندەکە وەرگرت و تەلەفونم بۆ کرد، دوای دەستخۆشـی و پێـزانین بـۆ هەوڵ و مانـدووبوونی پـێم وت کە ئەمـڕۆ کلیلەکەم بداتێ و شتەکانم ڕێکبخەم.

**دکتـۆر:** بەسـەرچاو اوسـتاز بەس حـالیەن لە شـوانیم مەگەر چاوەڕێکەی تا ئێوارە یەمەوە، کەسیشم لێوە دیار نییە تـا بە یەکێکـا بـۆو بنێرم.

**من:** کێشە نییە برا چاوەڕێ ئەکەم.

هەر لەخۆوە بیرم ئەکردەوە باشە دکتۆر ئەبێ عەیادەی هەبێ ئەم کوڕە بۆ پێی ئەڵێن دکتۆر و شوانی ئەکات؟! تا کاتی نوێژی عەسر هەر لە مەکتەبەکە مامەوە، دوای نوێژ چووم بۆ دوکانی ناوی گوندەکە تا بۆ ئێوارە هەندێک شت بکڕم خواردنی ئێوارە حازربکەم، چونکە ئەمزانی دکتۆر بێتەوە ئەویش هیلاکە بۆیە پێم باشبوو لێرە بەیەکەوە نان بخۆین و دوای بڕواتەوە، شوشەیەک زەیتوون و دوو قتو گۆشتی ماسی و پارچەیەک جگەر و چەند پسکیت و پەرداخی سەفەری و جبس و ساردیم کڕی و چووم لای خانووەکە وەستام و چاوەڕێم ئەکرد تا دکتۆر بێتەوە و کلیلەکانم بداتێ و نانی ئێوارە بخۆین و دوای شەو زوو بخەوم چونکە بەیانی زوو لە خەو هەستابووم سەروچاوم ترشابوو بەسەر یەکا، خۆم بەزەیم بە حاڵی خۆما ئەهاتەوە بە دوو عەلاگەوە وەستابووم.

پێنج دەقەیەکی مابوو بۆ بانگ، کوڕێکی چوارشانە دەرکەوت و هات و سەلامی کرد و **وتی:** مامۆستا بەخێربێی.

کوڕێکی باڵا بەرز و چاو سەوز و قژلول و کەمێک ئەسمەر بوو، کوڕێکی ڕووخۆش بە ماریفەت بوو، بە جلەکان و سەروقژە ئاڵۆسکاوەکەی دیاربوو کە ئەمە دکتۆرە و لە شوانی هاتۆتەوە، جوابی سەلامەکەیم دایەوە و کلیلەکەی داپێم و ویستی بڕوات، نەمهێشت و پێم وت: برا باشە بۆ وا بەپەلە فەرموو خۆیشت وەرە ژورەوە نانێک ئەخۆین و دوای بڕۆ.

**دکتۆر:** بەخوا اوستاز جلەکانم بەکەڵکی ژورەوە نایەت ان شاء الله لە کاتێکی تر یەمە خزمەتان و سەردانتان ئەکەم خۆ ساڵێکی دورودرێژ لەبەردەستە.

**من:** باشە برا بەس هیچ نەبێ ئێستا ئیسـراحەتێ بـکە و تـیکەیە نـان ئەخۆین و ئینجا بڕۆ.

ئێوارە نانمان خوارد و چونکە تازە یەکمان ناسیبوو هیچ شـتێک نەبـوو قسەی لەسەرکەین ئەویش کەسـێکی بێـدەنگ بـوو، بـۆیە بەبـێ دەنگـی نانمــان خــوارد و دوو پەرداخــم دەرکــرد و ســاردیم تێکــرد و لەگەڵ خواردنەوەی ساردیەکەیا وردە وردە دەسمان کرد بە قسە.

**من:** دکتۆر گیان لەشـتان سـاغبێت، وابـزانم دە ڕۆژێـکە بەم خـانووەوە خەریکــن خــۆی ئەمە ئیشــی پەروەردە بــوو بیکــا و خەمــی مامۆســتا و مەکتەبی لێبێـت، بەس ئیتـر وەزعەکە ئـاوایە، کەس خەمـی مەکـتەب و خوێندنی نییە بەس ب=ئیش بەڕێ ئەکەن، زوو زوو لەناو لادێکە ئەیانوت هەر کاک لوقمان و دکتۆر زۆر بەدەم مەکتەبەوەن و ئەوانـیش خەریکـی خانووەکە بوون، بەس دکتۆر نەمزانی ناوی تۆ چییە چـونکە هەر ئـاینوت دکتۆر، ئەم لەقەبە هەر وا بۆو دانـراوە یـا خوێنــدن تەواو کـردووە؟ ئەگەر تەواو کردووە چۆنە دانەمەزراوی؟

**دکتۆر:** لەخزمەتام مامۆسـتا گیـان، ئێـوە بـۆ خزمەتـی ئەم لادێـیە هاتوون خۆ ئەبێ ئێمەش ئەوەی پێمان ئەکرێ بۆتان بکەین، ئەمە ئەرکی خۆمانە، وەڵا اوستاز ناوم سیروانە، بۆ پێمەڵێن دکتۆر؟! هەندێ جار وەکـو تەعلیق وا بڕاوە بەسەرما، بەڵام بەشێک لە خەڵـکەکەش وەک پیشـەکەم وام پێ ئەڵێن بەناوی پیشەکەمەوە بانگم ئەکەن، چونکە لەڕاستیا دکتۆرم، سێ سـاڵ پـێش ئێسـتا بەشـی پزیشـکی ددانـم تەواو کـردووە، لەوانەیە لایشت سەیربێ بە دەرەجەیەکی زۆر بەرزیـش تەواوم کـردووە، جـگە لە

شەهادەکەم و بەشەکەم کە پزیشکی ددانە، جگە لە کوردی خۆمان چوار زمانیش ئەزانم ئینگلیزی و عەرەبی و کۆری و فارسی ئەزانم.

**من:** وەڵام نەک سەیر زۆریش لام سەیرە! چـۆن دکتۆریـت و ئـیش و کارت نییە؟! ئەی بـۆ بە تەعلـیقەوە پێتەڵـێن دکتـۆر؟! ئەی ئەم زمانـانە لەکوێوە فێربووی؟ چۆنە ما شاء الله بەو هەموو زیـرەکیەتەوە هێشـتا بـێ کاریت؟!

**دکتـۆر:** وەڵا ئوستاز نازانم لە کوێـوە بـۆت باسـکەم، مـن بەحسـاب زیرەکترین تەلەبەی مەکتەبەکە بووم، لە زانکۆیش تـا قۆنـاغی پێنجـیش ناوم لە لیستی دە یەکەمەکەیا بوو، زمانەکانیش بەشێکی لە سەیری دراما و ئەفلامکارتۆن و ئەوانەوە فێربووم، بەشێکیشی لە کتێبی کورتە چیرۆک، ئەوەتا ئێستاش بێ ئیشم و کەس کەرم پێ نابەسێتەوە (بەپێکەنینەوە).

**من:** وەڵا سەیرە باشە بۆ خۆ بەشی پزیشکی وەک بەشەکانی تر نییە تا بڵێی چاوەڕێی تەعینـات ئەکەم، چـونکە ئەو بەشـە مەجـالی ئیشـی زۆرە خۆت ئەتوانی ئیش بکەیـت، بەتـایبەت بـۆ تـۆ کە ئینگلیـزی و عەرەبـی ئەزانی ئەبێ ئاسانتر ئیشت دەسکەوێ.

**دکتـۆر:** مامۆستا من دوای مەکتەب پێنج سـاڵ زانکـۆم خوێنـد، لە کۆتاییەکانی ساڵی پێنجەم بـۆم دەرکەوت کە زانینـی زمـان و دەرەجەی بەرز و شەهادە سەدا سەد پێوەر نییە بۆ ئەوەی ئیشت دەسکەوێ یان نـا، خـۆ بەحسـاب مـن زیرەکتـرین تەلەبەی مەکتەبەکەمـان بـووم، بەس زیرەکییەکە چۆن بوو؟ زیرەکییەک بە پێوەری مامۆستا پشتیوان، لای ئەو جۆرە مامۆستایانە زیرەکی ئەوەبـوو تـۆ پێناسـە لەبەر بکەیـت و چـوویتە

ماڵەوە بینوسیتەوە و سبەی هاتیتەوە مەکتەب وەک بولبول پێناسـەکەی بۆ بڵێیت، ئەوان بەمەیـان ئەوت زیرەکـی، ئیتـر ئەم پێناسـە لەبەرکـردنە پێوەربوو بۆ زۆر شت لای ئەوان، بۆ نمونە بەهۆی ئەوەوە منیان کردبوو بە مراقیبی پۆل، بەهۆی ئەوەوە هەرکات یاریمـان دەکـرد منیـان ئەکـرد بە سەرۆکی تیمەکە، بەهۆی ئەوەوە هەرشتێک بـوایە پێویسـتبێت ڕاوێـژ بە تەلەبە بکرێت بە منیان ئەوت، دور لە ڕووی تۆ منیان کردبوو بە کەڵەگـا بەسـەر تەلەبەکـانی تـرەوە بەس لەبەر ئەوەی کە بە پێـوەری ئەوان مـن زیرەک بووم، یەعنی عەقڵێ زۆر سـەیریان هەبـوو، بەس لەبەر ئەوەی کە دوو پێناسە زیاترم لە هاوڕێکانم لەبەر ئەکرد و دەسوخەتم جوانتربـوو بـۆ نوسینەوە ئیتر مەرج نییە لە هەموو بوارێکـدا باشـبم، دەی ئەوان منیـان ئەکرد بە سەرۆکی تیمی یاری تۆپی پـێ و مـن یـاریزانم دیـاری ئەکـرد لەکاتێکا خۆم یاریم نەئەزانی، خۆ مامۆستا پشتیوان و ئەوانـی تـریش زۆر گرنگیـان بە مـن ئەدا چـونکە بە قسـەی خۆیـان زیـرەک بـووم، ئەو زیرەکییەی ئەوان ئەیانویست، بەس کە چوومە زانکۆ و زانکـۆم تەواوکـرد ئینجا زانیتم ئەو زیرەکیەی ئەوان ئەیانوسیت قوڕی کرد بە سەرما.

**من:** وەڵا سەیرە! کە ئاوا بە ڕاستی قسە دەکەیت، خۆت ئەڵێـی یـاریم نە ئەزانی بەس ئەیانکردم بە سـەرۆکی تـیم، چـونکە ئەو جـۆرە تەلەبـانە بەشێکیان مەبەستم ئەوائیل و بەناو زیرەکەکانە دایمەن خۆیان لە مامۆستا نزیکەکەنەوە و حەزناکەن کەس لە خۆیـان زیرەکتربێـت و حەزەکەن بـۆ هەموو شتێک خۆیان یەکەم بن، ئێستا تۆ کە گلەی لەوە دەکەیت کە بۆ

هەموو شتێک تۆیان کردووە بە یەکەم، ئەمەم زۆر لا سەیرە و پێشم خۆشە چونکە ئەوە دەری ئەخات کە تێگەشتوویت.

**دکتۆر:** ئوستاز وەڵا منیش کە لە مەکتەب بووم وانەبووم، ئەو بیرکردنەوەی ئێستام نەبوو، بەداخەوە ئەو بەناو زیرەکییە منیشی وا لێکردبوو بۆ هەموو شت حەزم ئەکرد خۆم بم، زیرەکیەکەم زۆر لا خۆشبوو، بەڵام گەشتمە زانکۆ و دوای زانکۆ کە دەسم دایە کتێب خوێندنەوە ئینجا بیرکردنەوەم گۆڕا، منیش لە مەکتەبە لەو تەلەبانە بووم کە حەزمەکرد هەر خۆم بم و کەس لە خۆم زیرەکتر نەبێت.

**من:** ئەی چۆن بوو وا بیرکردنەوەت گۆڕا، وتت کتێب، بۆ لە کەیەکەوە کتێب ئەخوێنیتەوە؟

**دکتۆر:** لە مەرحەلە دوو سێی زانکۆوە دەسم پێکرد و ئیتر کە زانکۆم تەواو کرد زیاتر کاتی بەتاڵم هەبوو، زیاترم ئەخوێندەوە ئێستاش کە شوانی ئەکەم، هەفتانە کە ئەچم بۆ شار بۆ فرۆشتنی ماست و دۆ و بەرهەمەکانمان، کتێب ئەکڕم و ئەیهێنمەوە، ئەو کاتانەی ئەچم بۆ شوانی کتێبێک لەگەڵ خۆما ئەبەم جاری وا هەیە بە سێ چوار ڕۆژ کتێبێک تەواوەکەم، من کتێبخانە و قاوە و شتم لا نییە، هەر تەماتە و خەیارێک و کۆلێرە و دەبەیەک دۆ و چایە حەیاتەکە ئەبەم و بەدەم چا خواردنەوە کتێب ئەخوێنمەوە.

**من:** لەشت ساغبێت یاخوا، ئەرێ وتت ئەو زیرەکیەی ئەوان ئەیانویست قوڕی کرد بەسەرما، بۆچی؟

**دکتـۆر:** بە هانـدانمان بـۆ سـەعی کـردن تەنـانەت لە زانکـۆش نەیانهێشت بە کـامی دڵـی خۆمـان چێـژ لەو تەمەنە وەرگـرین و چەنـد ڕۆژێک کاتی خۆش بەسەربەرین، دوایش کە تەواو بووین وەک پێم وتـی کەس ئیشی پێنەدام، کوڕێکی کاک فەتاح هەبـوو، هەر بەیەکەوە چـوینە زانکۆ ئەو ساڵێ پێش من تەواو بوو، بەشی ژمێریاری تەواو کرد، ئێستا لە کۆمپانیایەک ئیشی سەرپەرشـتی پـرۆژە ئەکـات کە هـیچ پەیوەنـدی بە بـوارەکەی خۆشـیەوە نیـیە بەس لەبەر ئەوەی شـارەزایە لە کـۆمپیتەر و بەرنامە ئەندازیارییەکان و زمـانی قسەکردنیشـی لە مـن باشـترە، منـیش ئەچـوومە هەر شـوێنێک ڕاسـتە چـوار زمـانم ئەزانـی شـەهادەکەم هـی پزیشکی بوو، بەس تەنانەت بۆ سـکرتێریش وەریـان نەئەگەرتـم، چـونکە زمـانی قسـەکردنم نەبـوو، نەمەتـوانی قسـە بـکەم و لێهـاتوو نەبـووم لە قسەکردن و تەعامولکردنا، شەرمم ئەکرد، ئێ بەخوا هیچ شوێنێکیش ئـاوا ئیشی پێ نەدەدام، مامۆستا پشتیوان خوا ماڵی ئاواکات، هەر لە منـاڵیەوە لە مەکتەب هانی ئەداین بۆ ئەوەی بێدەنگ بین و شەرمن بـین چەنجـار دەرەجەی بە من داوە لەسەر ئەوەی کە بێدەنگم، ئەوەنەی هان ئەداین تا وام لێهاتبوو وام ئەزانی ئەم بێدەنگیەم شتێکی زۆر باشە، کە زانکۆم تەواو کرد تێگەشتم بەشێکی ئەو بێدەنگییە شەرمکردنی ئاسایی نەبوو، چـونکە شەرم لە حەدی خۆی باشە، بەڵام زیاد لە حەدی خۆی بێت پێویستی بە چارەسـەر هەیە، وەک نەخۆشـی وایە، زۆرجـار کە هاوڕێکـانم ئەیـانوت سیروان زۆر شەرمنە بۆ قسە ناکات مامۆستا پشتیوان ئەیوت ئـافەرین بـۆ سیروان ئەوە باشە ئەوە خۆی دروستەکا، هەردی ڕەفیقم زۆرجـار لەسـەر

قسەکردن و زۆربڵێی لە پۆل ئەکرایە دەرەوە، ئێستا ئەویش خاوەن کاری خۆیەتی و ژن و مناڵی هەیە، ئەو ڕۆژەم قەت بیرناچێتەوە کە چووم بۆ شار ماست و دۆ ببەم بۆ دوکانەکان، سەیارەیەک لەم ئاخر مۆدێلانە دای بەلاما هەردی بوو، چاک و چۆنی کردم و وتی ئەرێ دکتۆر هەر خۆت دروست نەکرد! لەم ڕۆژانەشدا کە خۆپیشاندنی مامۆستایان بوو، شەوێک مامۆستا پشتیوان لە فەیسبووک نامەی بۆ ناردم و وتی دکتۆر سبەی وەرە بۆ شار و هەر شەرواڵێک و کراسێک بکە عەیبی نییە ئیشم پێتە بەس دوانەکەوی، منیش وتم ئەبێ چیبێ! بەقسەم کرد و سبەی چووم بۆ شار، خۆپیشاندانی مامۆستایان بوو، مامۆستا پشتیوانم بینی، وتی دکتۆر وەرە ئەو کەناڵانە ئەهێنم قسەیان بۆ بکە بڵێ من چوار زمان ئەزانم و بەشی پزیشکیم تەواو کردووە و دانەمزراوم ئێستا شوانی ئەکەم، منیش پێم وت شتی وا ناکەم کوروزانەوە ئیشی من نییە، کە من بێ ئیشم بەشێک لە هۆکارەکەی تۆیت.

**من:** دکتۆر فکری ئەو جۆرە مامۆستایانە لە زۆر مەکتەب هەیە بەتایبەت لادێکان، ئاوا توانای تەلەبە ئەکوژن، تۆ کە چوار زمانت ئەزانی ئیشی مامۆستا بوو هانت بدات لەسەر ئەو زانینە و ڕێگای بەکارهێنانی و کارکردنت فێربکا، بەس ئیتر ئەڵێی چی ئەو مامۆستایانە ئاوان.

**دکتۆر:** کورە مامۆستا کارکردنی چی یەک مامۆستامان هەبوو هەوڵی ئەدا فێری کارکردنمان بکات مودیرەکەمان شکاتی لێکرد، ڕۆژێک باسی ئەوەی بۆ ئەکردین کە چۆن تواناکانی خۆمان بەکاربێنین، هەفتەیەک دوای ئەوە بەڕێوبەرەکەمان کە ناوی مامۆستا نەوزاد بوو، پێی

وت تۆ درۆ و خەیاڵات فێری تەلەبە ئەکەیت و وایان لـێ ئەکەی سـەعی نەکەن.

**من:** باشە شکور ئێستا نە نەوزاد لێرەیە نە پشتیوان ئەینـا مـن لەگەڵ ئەم جۆرە مامۆستایانە هەڵناکەم.

کات گەشتە نزیک بانگی عیشا و خواحافیزبوونم لە دکتۆر سیروان کرد و ڕۆشتەوە منیش لەو شەوە بەدواوە لەو خانووە مامەوە.

بیرمەکردەوە کە ئێمەی مامۆستا چەنێ بەرپرسین لە بێکاری گەنجـان، چونکە نەمانتوانی خوێندکار هان بدەین لەسەر حەز و خولیاکانیان ئەگەر هانیشمان بدانایە چوار مامۆستای وەک سەردار بەزمێکی ئەنایەوە و قوڕی ئەکرد بەسەریانا، هەر تەلەبەیەکیش خـۆی بیویسـتایە بـرەو بە تواناکـانی بـدات ئـێمەی بەنـاو مامۆسـتا لەبەر چـوار پێناسـەی قـوڕ تواناکانیانمـان ئەکوشت، زۆرجار مامۆسـتا بە هەڕەشـەی دەرەجە و لێـدان بەزۆر فێـری پێناسـە لەبەرکـردن و زانسـتێکیان ئەکـات کە لەگەڵ تواناکانیـان یەک ناگرێتەوە، بەڵێ ئێمەی بەناو مامۆستا ئەوەنەی گرنگیمان دا بە پێناسـە و مەنهەج و موشریف ڕازیکـردن ئەوەنە بیرمـان لای داهـاتووی خوێنـدکار نەبوو کە بۆ چ سەردەمێک پێئەگات.

لە قسـەکانی دکتـۆر بـۆم دەرکەوت کە لەم مەکـتەبەش دوو کەسـی تیابووە وەک سەردارەکەی لای خۆمان، یەکیان ناوی مامۆستا نەوزاد بووە کە بەڕێوبەر بوو، ئەوی تریش مامۆستا پشتیوان کە مامۆستای زانست بوو و ئێستا من لە شوێنی ئەو دانراوم، ئەم دوو مامۆسـتا بەردەوام تەلەبەیـان بە مەنهەجەوە بەستۆتەوە و ڕێگەیان نەداوە تەلەبە توانا و لێهاتووی خۆی

بەکاربێنێت، تا ئێستاش کـاریگەری ئەو پەروەردە بە تەلەبەکـانەوە دیـارە بەجۆرێک ئەگەر مامۆستا یەک تـۆز لە مەنـهەج لابـدات و بـیەوێ شـتێ زیاتر فێری تەلەبە بکات یا تەلەبە لەگەڵ سـەردەم بگونجێنێـت تەلەبە وا ئەزانێت کە مامۆستا شتێکی فێرەکات زەرەری بـۆی هەیە، چـونکە ئەوان تەنها ئەوە خراوەتە مێشکیان کە بەس ئیسفادە لە پێناسـە لەبەرکـردن و مەنهەج ئەکەن، بۆیە گۆڕینی بیرکـردنەوەی تەلەبەکـان لە سـەرەتاوە زۆر قورس بوو.

ڕۆژێک لە قوتابخانە تازەکە لە ئیدارە دانیشتبووم پۆلی سێ وەرزشـیان هەبوو، هاتبوونە دەرەوە یاریان ئەکرد، منیش هاتمە دەرەوە لە سـوچێکی ساحەکەیا وەستام سەیرم ئەکردن، بێتـاقەتیەکی زۆر دایگـرتم بیـری ئەو ڕۆژانەم ئەکەوتەوە کە تەلەبەکـانی خـۆم هەر ڕۆژێ وەرزشـیان هەبـوایە دوعایان ئەکرد سەردار لە مەکتەب نەبێ تا بە دڵی خۆیـان یـاری بـکەن، لەم کاتەیا کە وەستابووم بیرمەکردەوە، مامۆستا زانـا و مامۆسـتا لەیـلا لە نزیک ژوری پۆلی ٤ وەستابوون کە نزیکبوو لە سـاحەکەوە، گـوێم لێبـوو ئەیانوت: ئەی هاوار چ کارەساتێکە ئیتر چۆن دایک و بـاوکی مەکتەبیـان لەبەرچاو ناکەوێت، هەر یەک لەحـزەیە فریـای نەکەوی ئەمرێـت، ئەڵـێن هەر ئەو کوڕەشیان هەبووە.

نەمزانی مەسەلە چییە چووم **وتم:** مامۆستا زانا چی بووە؟

**مامۆستا زانا:** وەڵا ئوسـتاز لە فەیسـبووک بڵاوکـراوەتەوە ئەڵـێ تەلەبەیەک هی ئەم دێیەی سەروو خۆمان لە مەکتەب لەکاتی یـاریکردن زمانی هەڵگەڕاوەتەوە و مردووە.

ئەو دێیەی کە مامۆستا زانا باسی کـرد ئەو گونـدە بـوو کە یەکەمجـار لەوێ بووم، یەکسەر تەلەفونم کرد بۆ هەکار وتـم بـزانم کێـیە، دوای دوو سێ جار ئینجا جـوابی دایەوە **وتـم:** هەکـار ئەوە کێـیە ئەڵـێن لەوێ لە مەکتەب مردووە؟

**هەکار:** ئوستاز وەڵا کوڕەکەی کاک ڕێبوارە براکەی بینایی.

ئەمە چ هەواڵێک بوو! براکەی بینایی کە ناوی ئەلەند بوو، ئەو منـاڵەی کە من ئەو ساڵە بانگم کرد بۆ ئیدارە وتی باوکم لە بینـایی داوە، بینـایی ئەلەندی زۆر خۆشەویست چونکە تاقانە بـوو، بەدوای هەواڵەکەیـا چـووم، وەک باسیان ئەکرد، لە ساحەی مەکتەبەکە کاتێ ئەو پۆلە یاریان کردووە ئەلەنـد لەگەڵ تەلەبەیەکـی تـرا سـەریان بەر سـەری یەک ئەکەوێ و یەکسەر ئەکەوێت بە عەرزا و توشی زمان قوتدانەوە ئەبێـت، لەوکاتەشـدا سەردار ئەیخاتە سەیارەکەوە تا بیبات بۆ خەسخانە بـێ ئاگـایە لەوەی ئەو حـاڵەتە چەنـد چـرکەیەک ئەخایەنێـت زوو فریـای کەسـەکە نەکەویـت ئەمرێت، پێویستە لەو شوێنەیا خێرا فریاگوزاری سەرەتایی بۆ بکەیت.

ئەو ڕۆژانەم بیـــــرکەوتەوە کە لەو مەکـــــتەبە دانـــــرام ســـــەرەتای یەکترناسینمان بوو لەگەڵ سەردار ئەوکات وامئەزانی لە قسـە تێئەگـات، زۆرجار مناقەشەمان ئەکرد، ئەموت ڕاستە موچەکەمان ئاوایە و دوائەکەوێ بەس ئەگەر حکومەت زوڵممان لێ بکات تەلەبە گوناحی نییە، بۆ بهێڵـین کاریگەری لەسەر تەمەن و خوێندنی ئەوان دابنێـت، یـا بـا بە یەکجـاری دەوام نەکەین، یا کە کردمان با حەقی خۆی پـێ بـدەین، حەقـی خـۆی



وەک بەشـداریکردن لە خـولی خۆپێگەیانـدن و فێربـوونی زیـاتر تـا لەو ڕێگەوە خزمەت بکەین.

سـەردار کە بەحسـاب وەرزشیشـی ئەوتەوە، هـیچ لە فریـاگوزاری سەرەتایی نەئەزانی، چەنجار پێمەوت مامۆستا خـولی خـۆڕایی هەیە هـی ئەو شـتانە لە یوتیـوب سـەیری بـکە زەڕورە بـۆ تـۆ چـونکە مامۆسـتای وەرزشیت هەم وەک زانیاری هەم وەک ئەوەی حاڵەتێک ڕوودات ئەتوانی فریا بکەویـت، بەڵام ئەو گـاڵتەی بە قسـەکانم ئەکـرد و ئەیـوت لەم بـێ مەعاشیا من بچم وەحدە بکەم ئینتەرنێت و سەیری خولی طـوبی بـکەم؟ کەی گوزەرانمان باشبوو بیرێکی لێ ئەکەمەوە، ئەموت مامۆستا خۆ خەتی مەکتەبەکە هەیە ئەو کاتە بەتاڵانەی هەتە، زەڕورە ئەو شتانە بزانی، ئەیوت هەرکاتێ مەعاشەکەمان باشبوو منیش خول ئەبینم، گاڵتەی بە قسـەکانم ئەهات.

هەر ئەو ڕۆژە بە فەیسبووکێکی نەناسراو نامەیەکم بـۆ نـارد، لای خـۆم بلۆکم کردبوو حەزم نەئەکرد هـیچ شـتێکی ببیـنم، بـۆیە بە فەیسـبوکی نەناسراویش نامەم بۆ نارد وتم با تۆزێ بیخەمە بیرکـردنەوە و خەوی لـێ نەکەوێ بیر لە خاوەنی فەیسبووکەکە بکاتەوە.

لە نـامەکە نوسـیتم: **بەرپرسـیاریت لە مردنـی ئەلەنـد! وەک چـۆن مامۆستایەکی زانست و بیرکاری ئەگەر حەقی خۆی نەدات بە دەرزەکەی و نەیڵێتەوە گوناحبارە، مامۆسـتای وەرزشـیش هەروایە بەوە نابێـت تـۆ وەرزشەکەت ئیهمال کردبوو، وەرزش جگە لە یاریکردن مەنهەجی خۆی هەیە و پێویستە وەک زانست و بیرکاری بخوێنرێت، جگە لەوەش وەک**

**مامۆستای وەرزش پێویست بوو تەلەبەکان فێری فریاگوزاری سەرەتایی و پێکان و کۆمەڵێ شت بکەیت، بەڵام من بڵێم چی کە خۆیشت هیچی لێ نازانی، مەترسە خەڵکی لادێکە کەسیان ناڵێن ئەلەند بۆیە مـرد چـونکە مامۆستاکەی نەیتوانی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ بکات، هەموویان ئەڵـێن قەزا و قەدەر بوو، بێ ئاگان لەوەی هۆکاریش بوونی هەیە، عەوامی باوکی بینایی و نەخوێنەواری بەشـیکی خەڵکـی لادێ لەم کاتەیـا فریـای تـۆ ئەکەوێ، کەسیان نازانن فریاگوزاری سەرەتایی چییە و مامۆستای وەرزش چۆن لە فێرکردنی مناڵەکان بەرپرسیارە، هەموویـان ئەڵـێن ڕۆژی تەواو ببوو، قەزا و قەدەر بوو، خۆزگە خولی فریاگوزاری سەرەتای ئیجباری بوایە تا بە شەقی موشریف و پەروەردە پێیان بکردیتایە.**

ئەو نامەم بۆ نارد و فەیسبووکەکەم داخست.

ئەو دێڕەی کۆتای کە نوسیبووم "**خۆزگە خولی فریاگوزاری سـەرەتای ئیجباری بوایە تا بە شەقی موشـریف و پەروەردە پێیـان بکردیتـایە**" بـۆ ئەوەبوو کۆبونەوەکـانی بیـرکەوێتەوە کە پێـی ئەکـردین و دەسـیەکرد بە کۆمەڵێ قسەی درۆ و بریق و باق، هەموو کاتێک کۆبونەوەکانی بەم قسـە دەسپێئەکرد "**مامۆستاین خۆتان ئەزانن ئێمە هەموو شتێک لەبەر خاتری تەلەبە ئەکەین، هەموو شـتێک کە ئەیکەیـن بـۆ تەلەبەیە**" تەبـعەن ئەو قسەی درۆیەکی دوبـارە بـوو، چـونکە ئەوەی بیناسـیایە ئەیزانـی کە ئەو هەموو هەوڵدانێک و خول و سیمینارێک کە بەشـداری ئەکـرد لە ترسـی غیابات و موشریف و پەروەردە بوو، گرنگترین خول ئەگەر ئیجابری نەبوایە و موشریف پێی نەکردایە ئامادەنەبوو بیبینێ.

لە قوتابخـانە تـازەکە ڕۆژانە دەوامـی خـۆمم ئەکـرد، لەوێ چەنـد مامۆستایەک بووین، هەموومان گەنج بووین و تەمەنمان لەیەکەوە نزیـک بوو، تا ڕادەیەکی باش هاوبیر بـووین، واتە هەمووـمان کۆکبـووین لەسـەر پەروەردەی نـوێ و بەڵام عـادەتەن مامۆسـتاش بەپێـی میزاجـی خـۆی ئەگونجێ لە ساڵێکا جارێ دوو جـار هەر تـوڕە ببـێ، یـا تەلەبەی لاسـار جەوی بگرێ.

ڕۆژێـک مامۆسـتا هاونـاز بە تـوڕەیەوە لە پـۆل هـاتە دەرەوە **وتـی:** گیرم خواردووە بەدەسـت هێمـنەوە ئەڵێـی بە زۆر ناردویـانە بـۆ مەکتەب هەر لەکۆڵ خۆیانیان کردۆتەوە.

**من:** مامۆستا چی قەوماوە؟

**مامۆستا هاونـاز:** ئوستاز وەڵا هێمنی پـۆلی حەوت گیـرم خـواردووە بەدەستیەوە ڕۆژ نیـیە ئەو تەلەبـانە نەداتە بەر تـۆپەڵە کـاغەز، مـن شـت ئەنوسم کاتێ ئاوڕەدەمەوە لە پۆلا بووە شەڕە کاغەز و شت ئەگـرنە یەک، هەمووشی هێمن دایەمەزرێنێت.

**من:** ئوستاز ئەم دەرزە دەرزی ئەوانم هەیە، بزانم حەلی ناکەم.

چوومە پۆلەوە مامۆستا هاوناز ڕاسـتی ئەکـرد، هێمـنم بینـی کـاغەزی تۆپەڵ تۆپەڵ کردبوو حازری ئەکرد تا ڕووبکەمە تەختەکە و شت بنوسـم ئەویش بیگرێتە تەلەبەکان، منیش بـۆ ئەوەی دەس بکـاتەوە ڕووم کـردە تەختەکە بوو بە حەرب، کاتێ ئاوڕم دایەوە خۆیان کۆئەکردەوە و بێدەنگ ئەبوون، سەیرێکی هێمنم کرد و تۆزێ بێدەنگ بوون هیچم نەوت، جارێ تر چوومەوە سەر تەختەکە شت بنوسم، یەکسەر ئاوڕمدایەوە، وتم: هێمن

زۆر باستان ئەکەن ئەڵێن یـاری جـوان ئەزانـێ و لە نیشـانە شـکاندنیش دەستی ڕاستە، ئێستاش ئەتویست یاری بکەیت؟! بۆ شـتێک نەکەیـن، بـا ڕێکەوتنێک بکەین بزانم بەقەدەر من دەست ڕاستە، ئەو تـۆپەڵە کـاغەزانە لە ژێر تەختەکەی دواوە هەڵگرە ئێسـتا خۆتـانی پێـوە مەشـغوڵ مەکەن، دەرزەکەمان ئەخـوێنین، دوای لە دەرزێکـی تـرا ئەبـین بە دوو گـروپ و لەباتی بەفر بەو تۆپەڵە کاغەزانە یاری ئەکەین بزانین کاممان ئەیبەیـنەوە، ئەگەر ئێوە بردتانەوە ئەوە ڕۆژێک وەرزشێکی خۆشتان بۆ ڕێکەخەم، ئەگەر منیش بردمەوە گلەی مەکەن ئەبێ دەرزێکی وەرزش بکەیـن بە زانسـت، ڕێکەوتین؟ هەموویان وتیان باش، ئەو دەرزە بێـدەنگ دانیشـتن و دەرزی خۆمان خوێند.

بۆ دەرزی دواتر وتم با لای تەلەبەکانیش درۆزن دەرنەچم و وەعدەکەی خۆم ببەمەسەر و ئامانجەکەشم بپێکم، داوای دەرزی پێـنجەمم کـرد کە دەرزی مامۆسـتا لەیـلا بـوو، وتـم ئەم دەرزە دەرزەکەی خـۆتم بـدەرێ، دەرزەکەی پێدام و چوومە پۆل هێمن و دوو تەلەبەی ترم کرد بە گروپی ئەی، من و دوو تەلەبەی تریش بووین بە گروپی بی، لە پـۆلەکە دە دەقە چـارەکێ یـاریم لەگەڵ کـردن، دواتـر بەبـێ ئەوەی پێیـان بڵـێم، خـۆم کاغەزەکانم کۆکردەوە، لەگەڵ خۆما ئەوانیش کاغەزەکانیـان کـۆکردەوە و پۆلەکەشیان پاکردەوە.

ڕۆژی دواتر مامۆستا هاوناز **وتـی:** ئەمرۆ هێمن تۆزێ باش بـووە، بەس مامۆستا خۆ تۆ وتت خۆم حەلی ئەکەم، کەچی خۆیشت چووی دەسـکرد بە شەڕە کاغەز (بەپێکەنینەوە).



**من:** ئوستاز هەندێ تەلەبە هەیە ئەگونجێ حاڵەتی تایبەت بێت، بەشێکی خەڵک بەو جۆرەن کە ئەڵێی شتێک مەکە، ئەو زیاتر حەزی کردنی بۆ دروستەبێ، کە شتێک لێ قەدەغە ئەکەن، زیاتر حەز بە کردنی ئەکەیت، ئەوە بابەتێکی دەروونیە با زۆر لەسەری نەڕۆین، بەڵام گرنگە بزانیت، هەندێ شت نە بە نەسیحەت ئەبێت، نە بە قەدەغەکردن، ئێستا ناکرێ کەلە وشکێکی وەک هێمن نەسیحەت بکەیت، ناشکرێ لێی قەدەغە بکەیت، ئەم دوو ڕێگا لەگەڵ ئەو دەوری نییە، سەرەتای تەمەنی هەرزەکاریشیەتی سەوتێ گڕ و ناخۆشی هەیە، هەر بەوەیا ئەبێ بزانێ هەرزەکار تەعامولی چۆنە، لەو تەمەنەیا حەز بە خۆنواندن و وەڵامدانەوە و کۆمەڵێ هەڵسوکەوت ئەکەن، عەلاساس ئەیانەوێ بیسەلمێنن کە بوونیان هەیە، جا لەو حاڵەتە بۆ ئەوەی نەیخەیتە بەرەی دژی خۆت بە پێچەوانەوە بیکەیتە بەرەی خۆت ئەبێ ستایشی بکەیت، بەو ستایشکردنە کۆنترۆڵی ئەکەیت، من چووم وتم هێمن ئەڵێن لە نیشانە شکاندن زۆر زیرەکیت و یاری جوان ئەکات و ئەمانە، کابراش ئەمانەی پێخۆشە دوای ئەوەی بەجۆرێک لە جۆرەکان بەنج ئەبێ چی پێ بڵێی بەقسەت ئەکا، ئەی ئەگەر بە تورەی پێی بڵێم ئەوە دوبارە مەکەرەوە بۆ ڕقی تۆیش بێت دوبارەی ئەکاتەوە، چونکە لەوکاتە حەزی بە بەرپەرچدانەوەیە، ئینجا ئەو یاریەی کە ئەو حەزی پێی بوو، ئەگەر لێی قەدەغە بکەیت زیاتر هەوڵی بۆ ئەدا بۆیە من لام ئاسایی کردەوە، بەو جۆرە هەم حەزەکەی دامرکایەوە هەم ئیتر زۆر هەوڵی بۆ نادات.

**مامۆستا هاوناز:** ئێ ئێ، باشە مامۆستا ئەی شتێ تر، دەرەجەیان بۆ لە زانست ئاوا بەرزە لای من وا نییە خۆ کوردی لە زانست ئاسانترە، وابزانم بۆ ئەمەش ئەڵێن فێڵ و تەکنیک بەکارەهێنیت؟

**من:** بەڵێ ئەویش تەکنیکێکی دەرونییە، وا ئەکات تەلەبە ئاڵودەی دەرزەکەت بێت، من ناوم ناوە تەکنیکی <<برسیکردن بە هاندان>>، واتە ئەو تەلەبە برسی ئەکەیت بە شتێک کە لەدەست خۆتایە ئەویش هاندانیەتی وای لێ ئەکەیت بەو هاندانەی تۆ تێر ببێت، بەڵام تۆیش نایدەیتێ، ئەم تەکنیکە بەم جۆرەیە: سەرەتا هاندانێکی زۆر و دەستخۆشیەکی زۆر ئەدەیتە تەلەبەکان، دواتر ئەو هاندان و دەستخۆشیەیان لێ ئەگریتەوە، لەم کاتە تەلەبەکان بۆ دەستکەوتنی ئەو هاندان و دەستخۆشییە هەموو هەوڵێک ئەدەن، چونکە برسی بوون، من ساڵانە ئاوا جێبەجێی ئەکەم، سەرەتای دەوام پرسیارێکی زۆر ئاسان ئەدەم بە تەلەبەکان کە لەماڵەوە شیکاری بکەن، تەبعەن ئەوەنە ئاسانە ئەیزانن، سبەی کە هێنایانەوە وا خۆم پیشان ئەدەم کە ئەو پرسیارە زۆر قورس بووە و چۆن توانیویانە حەلی بکەن و زۆر سەرسامی خۆمیان بۆ دەرەبڕم و دەستخۆشیان لێ ئەکەم، بەمە هەستێکی خۆشم لا دروستکردن و هانمدان، ئینجا لێرە بەدواوە ئەو هاندان و دەستخۆشیە بەو ڕێژە زۆرە نامێنێ، تەنانەت قورسترین پرسیاریش حەلکەن هەر دەستخۆشیەکی سادەیان لێ ئەکەم، نەک زۆر، بەمەش تەلەبەکە زیاتر هەوڵەدات تا کارێک بکات ئەو دەستخۆشیەی سەرەتای دەوامی دەسکەوێتەوە بۆیە هەموو هەوڵێک ئەدات تا وای لێیەت ئاڵودەی وانەکە دەبێت.

لە قوتابخانە تازەکە چەند ساڵێک دەوامم کرد لێرەش بە هەمان شـێوە چەنـــدین خوێنـــدکاری لێهـــاتوو هەبـــوون، بەس بەداخەوە نە کەس پشتگیریان ئەکا، نە هەلیان بۆ ئەڕەخسێ تا تواناکانیان پیشان بدەن.

دوای دوو ساڵ بیستم کە لە قوتابخانەکەی یەکەمجارم تەنها شـەهیناز لە خوێندن بەردەوام بووە و لە پۆلی ١٢ دەرچووە و لە بەشـی ژمێریـاری وەرگیـراوە، هەر لە مەرحەلە یەکـی زانکـۆ لەگەڵ خوێنـدکارێکی بەشـی دەرمانسازی هاوسەرگیری کـردووە، کە ئەوەم بیسـت قسـەکەی سـامانم بیرکەوتەوە، وتی ئەو بـۆ کەسـێک ئەبێـت کە لەوانەیە هـیچ هەوڵـی بـۆ نەدابێت، مامۆستا سەردار تەقاوت بووە، سامان لە دەرەوەی وڵاتە، ئەحمەد هەر لە شارە و خەریکی بەڕێوەبردنی دوکانەکەیەتی.

دوای چەند ساڵێک زوو زوو سـەردانی دوکـانەکەی ئەحـمەدم ئەکـرد، دوکـانەکەی کردبـوو بە کۆمپانیـایەکی بچـوک، نـۆ کارمەنـدی هەبـوو، ئێشەکانی فراوان کردبوو و تا ڕادەیەک ئیشی بۆ شوێنە گەورەکان ئەکرد، باری دارایی زۆر باشبوو، خۆی خەرجی دوو خوشکەکەی و دایکی دابـین ئەکرد، جارێک وەک گەنجێکـی سـەرکەوتوو لەبـواری کـار و تەکنەلۆژیـا بانگێشتی ئیمارات کرا و بەشداری پێشبڕکێیەکی تەکنەلۆژی کـرد، دوای ئەو کاتە ئەحمەد چەنـدین جـار تەلەفـونی بـۆ ئەکـردم پێـی ئەوتـم کە ئەیەوێ پێویسـتی خوێنـدن بـۆ منـاڵانی هەژار دابـین بکـات، سـاڵانە پێداویستی بۆ ئەو خوێندکارانە ئەکڕی کە پێویستیانە و توانـای کڕینیـان نییە.

لە قوتابخانەکەی پێشووم چەند قوتابییەکی خاوەن توانای شاراوە هەبوو، زۆر لێهاتووبون، نەک هەر هەلیان بۆ نەڕەخسێنرا، بەڵکو تواناکانیان ئەکوژرا، غەیری مەنهەجی کرچ و کاڵی خوێندن بە هەرچیەکەوە خەریک بوونایە دژایەتی ئەکران، هەندێکیان کچبوون، بەهۆی کچبوونیانەوە سزا ئەدران، وەک خۆیان ئەیانوت سزای کچبوونمان وەرگرت، هەندێکیان زوو خۆی لە پەروەردەی سەقەت ڕزگار کرد و وازی لە خوێندن هێنا و بووە خاوەن کار وەک ئەحمەد، هەندێکیان بە ناچاری و بە درۆ و دەلەسە و بوختانی مامۆستا مەکتەبیان پێ تەرککرا، ئەمانیش لەوانە بوون کە باجی کچبوونیان دا.

تا عەقڵێتی دواکەوتوو و مێشک بەستووی وەک سەردار پێیان بوترێت مامۆستا و پێشەنگی کۆمەڵگا، ئەم بەسەرهاتانە دوبارە ئەبنەوە، تا درۆ بەناوی پەروەردە و دینەوە بکرێت و مامۆستای نەخوێنەوار خەڵکی عەوام هانبدات بۆ سزادانی کچەکان، ئەم بەسەرهاتانە هەر دوبارە ئەبنەوە.

ئەگەر بەناو مامۆستا و پێشەنگەکان عەقڵێتی دواکەوتوویان نەگۆڕن، ئەم بەسەرهاتانە نەک هەر کۆتایی نایەت، بەڵکو لێرەوە دەسپێدەکات.

کۆتای بەرگی یەک

**٢٠٢٥/٦/٢٩**

سلێمانی

وێنەی بەشێک لە کارەکتەرەکان کە سەرجەمیان بە ژیـری دەسـتکرد دروستکراوە

مامۆستا سەردار



شەهیناز



ئەحمەد



بینایی



خەندە



سارا



حاجی حەسەن



مامۆستا ئیسرا



هەکار



بەرهەمەکانی نوسەر

ئەزموونێک لەپێناو بیرکردنەوەیەکی دروستدا (دووجار چاپکراوە)

وەڵامدانەوەی گومانەکان دەربارەی خودا

دەربارەی مێشک و خەواندنی موگناتیسی

خواناسی عاشقان (ئامادەیە بۆ چاپ)

فیزیا لە ژیانی ڕۆژانەدا (ئامادەیە بۆ چاپ)

فیزیا ئەلکترۆنی تا ئاردوینۆ (ئامادەیە بۆ چاپ)

بۆچی وایە (ئامادەیە بۆ چاپ)

ڕۆڵی مامۆستا و کاریگەرییە دەرونیەکان لە فێربوندا

چەند بەرهەمێکی تر دەربارەی ئاین، کۆمپیتەر و ئینتەرنێت کە بە شێوەی ئەلکترۆنی بڵاوکراونەتەوە.

ئالان قەرەداغی

- لەدایکبووی ساڵی **١٩٩٦** لە سلێمانی
- دەرچووی بەشی فیزیا لە زانکۆی هەڵەبجە
- دامەزرێنەری براندی ئاسان ژیان
- براوەی پرۆژەی کتێبی ڕوانگە ساڵی **٢٠٢٠**
- براوەی بەشی داهێنانی زانستی خەڵاتەکانی ڕوانگە **٢٠٢٠**
- یەکەم لەسەر ئاستی عێراق لە پێشانگای هایتێکس **٢٠٢٣** بۆ پرۆژە و بزنسی بچوک
- براوەی فیستیڤاڵی تێک فێست ساڵی **٢٠١٩** بۆ تەکنەلۆژیا
- نوسەری ٢٠ کتێب و نامیلکە لە بوارەکانی (ئاین، پەروەردە، فیزیا، کۆمپیتەر و ئینتەرنێت، گەشەپێدان)
- مامۆستای فیزیا